مۆریس فۆنبۆرگ

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

دەستەی هەڵمەت

و: خالید ڕەسوول نیا

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

دەستەی هەڵمەت

مۆریس فۆنبۆر

و: خالید رەسووڵ نیا

● دەستەی هەڵمەت

● نووسینی: مۆریس فۆنبۆر

● وەرگێڕانی: خالید ڕەسووڵ نیا

● نەخشەسازی ناوەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی (باران)

● بەرگ: جێگر عەبدولجەبار

● چاپی یەکەم: ٢٠١١

● تیراژ: ١٠٠٠

● نرخ: ٣٠٠٠

● چاپخانە: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦٨٥)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٥٠٨)

کاتێک بەرپرسی دابەش کردنی چێشتی بەندیخانە، چوارچەرخەی تایبەت بە مەنجەڵە چێشتی بەرامبەر بە بەندی ژمارە ١٠ ڕاگرت، گرووبانی ئەڵمانی کە ناوی هێنریخ بوو گوتی:

- ناین. . . ناین١ . . . ئەم زیندانییە ئەمشەو پێویستی بە نانخواردن نییە.

پاشان لەحاڵێکدا کە قامکەکانی لە ژێر کەمەربەندە عەسکەرییەکەی خۆی نابوو، قاقاییکی کێشا. بەو پێکەنینە، زگە زەلامەکەی وەجووڵەجووڵ کەوت و دیسان بە کارکەری زیندانەکەی گوت:

ئاناتوول . . . دیلی ژمارە ١٠ ئەمشەو پێویستی بە نان نییە. . . بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم تەنانەت بۆ خواردنی سووپیش ناتوانێ زاری بکاتەوە.

ئاناتوول کارکەری زیندانەکە، کە بۆخۆشی یەکێ لە زیندانییەکان بوو و لەوێ ئەرکی چێشتلێنان و دابەشکردنی چێشتی بەڕێوە دەبرد، چاوە چکۆلە و نەخۆشەکانی کە هەمووکات ئاویان لێدەتکا بڕییە دەموچاوی گرووبانە باڵابەرزەکە، بەڵام هیچی نەگوت و دوایە سەری داخست.

ئاناتوول لاوێکی کز و لاواز بوو کە بێ سێ‌ودوو فەرمانەکانی هێنریخی جێبەجێ دەکرد. لەودەمیدا دەسکی چوارچەرخەکەی گرتبوو چاوی بڕیبووە مەنجەڵە سووپەکە.

هێنریخ دیسان پێکەنی و گوتی:

ئەی ئاناتوولی فێڵباز، دەزانم بیر لەچی دەکەیەوە؟ تۆ بیر دەکەیەوە چونکە دیلی ژمارە١٠ ئەمشەو نان ناخوا، دەتوانی بەشەکەی وی بە ژمارە ١٥ کە قەت تێر ناخوا بفرۆشی و لە باتی چێشتەکە دوو دانە جگەرەی لێ وەرگری.

ئاناتوول بە بیستنی ئەم قسەیە بزەیەکی هاتێ . . . چونکە بە ڕاستی لەو بیرەدا بوو و دەیویست بەشە زیادەکە بە بەندیی ژمارە١٥ بفرۆشێ و دوو دانە جگەرەی لێ وەرگرێ چونکە لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە سیغاری نەکێشابوو.

---

١ - بە زمانی ئاڵمانی واتە : نا. . . نا. . .

ڕۆژانی پێشوو، کاتێک هۆدەکەی هێنریخی خاوێن دەکردەوە قوونچکە سیغارەکانی خڕ دەکردنەوە کە بۆ ڕۆژانی تەنگانە کەڵکیان لێ وەرگرێ، بەڵام قوونچکە سیغارەکان دوێنێ تەواو ببوون و دەمار و ڕەگەکانی ئاناتوول بە تام و چێژەوە داوای (نیکۆتین) سیغاریان دەکرد.

هێنریخ لەودەمیدا کە کەیفخۆش ببوو گوتی:

ئاناتوول باشت دەناسم، تۆ کەسێکی کە دایک و باوکت بۆ پاکەتە سیغارێک دەکووژی. هەر بەم جۆرەی کە بۆ پاکەتە سیغارێکی بەرگ خوشکەکەت ناچار کرد ببێتە قەرەواشی من. هەر بە ڕاست تەواوی جگەرەکانت کێشان؟ ئەگە ئەو سیغارانەم بدەیەوە، منیش خوشکەکەت دەدەمەوە، بۆیە ئەو مامەڵەت لەگەڵ دەکەم چونکە دەزانم قەت ناتوانی سیغارە بەرگەکانم بدەیەوە. سەرەڕای وەش خوشکەکەت کچێکی خراپ نییە و تۆشی خۆشدەوێ و دەزانێ کە هێنریخی وی توانیویێتی لەو زیندانەدا ئیشێکی باش و ئاسوودە بۆ براکەی بدۆزێتەوە و براکەی هەموو ڕۆژێ جەمێک گۆشت دەخوا. ئەویش گۆشتی تازە و بەتام کە ئەمڕۆ وەک کیمیا وایە.

ئاناتوول سەری داخست و هیچی نەگوت. چونکە دەیزانی هەر کات گرووبانە ئەڵمانییەکە کەیفخۆش دەبێ ئەو قسانە دەکا و ئەویش ناعیلاج دەبێ قسەکانی ببیستێ و دەنگنەکا دەنا بچووکترین مەترسی ئەوەیە کە لەو کارە باش و ئاسوودەیەی ئێستاکە هەیەتی، لای دەبا.

هێنریخ گوتی: هەر بە ڕاستی لەبیرم چوو پێت بڵێم وێنەیەکی جوانم لە خوشکەکەت هەڵگرتۆتەوە دڵنیام هەتا ئێستا ئاوا جوانت نەدیوە! تۆ دەزانی وێنەگەریم پێخۆشە، لەو دونیایەدا هەر کەس حەزی لە شتێکە. تۆ حەزت لە توتن و سیغارە و منیش دووربینی وێنەگری "کۆداک"م خۆش دەوێ، پێمخۆشە وێنەی ژنە ژیکەڵانەکان بگرم چونکە هەرچی بێ لە وێنەی کۆتەڵەکان باشترە. ئێستا وەرە وێنەی خوشکە ژیکەڵەکەت ببینە و هیچ نارەحەت و زویر مەبە. لەبەر ئەوەی بۆخۆم شتوومەتەوە و نەمداوە بە کارگەی وێنەگری کە لە پشت شاشەی دابنێ.

دوای ئەم قسانە گرووبانی ئەڵمانی دەستی لە گیرفانی نا و نامیلکەدانی

هێنادەرێ و وێنەیەکی لێ دەرهێنا، دایە دەستی ئاناتوول و ئەویش خوشکەکەی دی کە لە سەر کورسییەکی ڕەحەت بە ڕووییەکی ناخۆشەوە دەستی لە ژێر چەنەگەی ناوە و بە خەمبارییەوە دەڕوانێتە دووربینەکە.

هێنریخ گوتی:

- باشە بڵێ بزانم ئەرێ قەت وێنەیەکی وات لە خوشکەکەت دیتبوو. خوشکەکەت ژنێکی جوان و ژیکەڵەیە، بەڵام بێئەوەی بمهەوێ بترەنجێنم دەڵێم خوشکی تۆ ناگاتەوە ئەو قەرەواشەی کە پێشتر (بەر لە شەڕ) هەمبوو چونکە ئەو دۆستەی من حەفتا و سێ کیلۆگرام گۆشتی پتەو و بەهێزی هەبوو، کەچی خوشکەکەی تۆ لاوازە، بەڵام چونکە لاوە و دواتر قەڵەو دەبێ و هەروەها خوشکی تۆ لە سازکردنی قاوەدا شارەزایە و ئەو قاوانەی بۆم دروست دەکا زۆرم پێخۆشە. . .

قسەکانی گرووبانی ئەڵمانی کە گەیشتە ئێرە کەمێک ڕاوەستا و دوایە بە دەنگێکی جیددییەوە گوتی:

- ئەمشۆ، شەوی جێژنی نۆئێلە و ناتوانم لە زیندان بچمە دەرێ. لە بەر ئەوەی کە تەکووزی سەربازی، ئیزنی چوونە دەرەوەم نادا و تەکووزیش بۆ گاڵتەپێکردن نابێ، بەڵام خوشکت ئەمشۆ قاوەی تایبەتیم بو دینێتە زیندان و کەسیش پێشی پێ ناگرێ.

لەودەمەدا، لەناکاو دەنگی یەکێ لە دیلەکان لە پشت دەرگای داخراوی ژوورەکان قسەی گرووبانی ئەڵمانی بڕی، یەکێ لەوان هاواری کرد: ئەی بێ ئابڕوو!

هێنریخ وێنەی کچەکەی لە نامیلکەدانەکە خستەوە کەچی دەستی لە بەر تووڕەیی زۆر دەلەرزین، نامیلکەدانەکەی لە گیرفانی خستەوە و ڕوومەتە سوورهوولەکەی، ڕەش هەڵگەڕا و لەناو بێدەنگیی زیندانەکەدا گوڕاندی:

کێبوو ئەم قسەیەی کرد؟ هەر کەسێک بوو خۆی بناسێنێ.

گرووبانی ئەڵمانی دوای ئەم قسە هەنگاوێکی بەرەو پێش هەڵێنا و گوێقولاغ وێستا وچاوەڕێی وەڵام ما، بەڵام بێدەنگی بەسەر بەندیخانەدا زاڵ بوو، ئەوەندە قووڵ و بەهەست بوو کە گۆیا وەک کەرستەیەک دەیانتوانی دەستی

لێدەن.

ئاناتوول سەری بەرز کردەوە و چاوێکی لە نێو شانە پانەکەی و ملە ئەستوورەکەی گرووبانە ئەڵمانییەکە کرد کە بەرامبەری ڕاوەستابوو. سەر لە نوێ سەری داخستەوە چونکە لەم پیاوە دەترسا و لە تووڕەیی وی نیگەران بوو.

لە دوورەوە دەنگی زەنگێک بیسرا و ئاناتوول زانیی کە ئەوە دەنگی گەڕناڵی کلیسای پەنایانە کە بە بۆنەی ئاوابوونی ڕۆژەوە لێدەدرێ.

بەڵام بە هۆی ترسی زۆرەوە، جۆرێک ئەم دەنگەی بە گوێ دەگەیشت وەک ئەوەی لە جێگایەکی پڕ لە ئاو تێپەڕ دەبێ.

جارێکیتر دەنگی گرووبانی ئەڵمانی بەرز بۆوە و گوڕاندی: هەر کەس بوو خۆی بناسێنێ.

بەڵام ئەوجارەش کەس وەڵامی نەداوە، تەنیا دەنگێکی کزەڵۆکە لە میچی زیندان بیسترا و دیار بوو کە مشکێک لە میچی زیندان خەریکی تەڕاتێنە.

ئەودەم گرووبانی ئەڵمانی ڕووی کردە ئاناتوول و گوتی:

- زانیت کام یەک لەوانە ئەو قسەی کرد؟

ئاناتوول بەترسەوە چاوە نەخۆشەکانی بڕییە دەموچاوی هێنریخ و سەری لەقاند، بەڵام هیچی نەگوت چونکە لە تۆڵەسەندنەوەی زیندانییەکان دەترسا.

ئاناتوول هەر کە دەنگەکەی بیست، خاوەن دەنگەکەی ناسیبوو و دەیزانی دیلی ژمارە"١٥"یە، بەڵام لە ترسی دیلەکان و تۆڵە سەندنەوەیان و هەروەها بە سۆنگەی ئەوەی کە جاروبارە جگەرەی لە دیلی ژمارە١٥ وەردەگرت، نەیدەویست خاوەن دەنگەکە بناسێنێ و لە قاوی بدا.

ئاناتوول دەیزانی هەموو کات گرووبانی ئەڵمانی دەگەڵ نییە هەتا لە تووڕەیی و تۆڵەی دیلەکان بیپارێزێ، لەوانەیە بەیانیان وەختێک بۆ خاوێنکردنەوە دەچێتە ناو ژووری زیندانییەکان هێرش بکەنە سەری.

هەموو ڕۆژێک بەیانی، ئاناتوول دەچووە ناو ژووری دیلەکان و دەفری پیساییەکانی لەسەتڵێکدا بەتاڵ دەکرد و سەتڵەکەی هەر بەو چوارچەرخە کە ئێستا مەنجەڵی شۆرباوگۆشتەکەی لە سەر دانابوو دەبردە دەرێ، ئاگادار بوو

کە لەوانەیە وەختێک دەچێتە ناو ژووری دیلەکان، بە توندی بکەوێتە ژێر لێدان و جنێودان. بۆیە سەری داخست و بێدەنگ بوو. کەچی بەرامبەر دیلەکان، هیچ بەزەیی و خۆشەویستییەکی نەبوو چونکە دەیزانی کە تەواوی زیندانییەکان رقیان لێیەتی. گرووبانی ئەڵمانیش بۆیە لێی رازییە، چونکە رازی بووە خوشکەکەی لەلای کلفەتی بکا دەنا ئەویش لێی بێزارە و ئەگەر دیلەکان بریندار و سەقەتی بکەن لەوانەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زەرەرە هیچ کارێک نەکا.

هێنریخ کە بێدەنگی ئاناتوولی دیت، گوتی:

- بۆچی بێدەنگی و بۆخاوەن دەنگەکە ناناسێنی؟ داخۆ تۆش لەگەڵ وان هاودەستی؟

چونکە ئاناتوول هەروا بێدەنگ بوو، شەپلاخەیەکی توندی لێدا و گوتی:

- برۆ خۆشحاڵبە کە خوشکەکەت . . .

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد رووی لە چاوەکانی بەندییەکە کرد و گوڕاندی:

- ئێوە هەمووتان گوێ بگرن، یەک خولەکتان دەرفەت دەدەمێ، تا خاوەنی ئەم دەنگە ئاشکرا بکەن. ئەگەر دوای خولەکێک خۆی نەناسێنێ، ئەمشۆ هەمووتان بێخۆراک دەمێننەوە و دەبێ بە برسێتی بخەون.

دەنگێک لەناو ژوورە ئینفرادییەکان و لە هاوڕێیانی وی بەرز بۆوە و گوتی:

- گوو بە چێشتی تۆ! هەتا هێنریخ ئاوڕی داوە کە بزانێ ئەم دەنگە لەکام چاوەوە بووە، دەنگێکیتر لەو لای ڕاڕەوەکە بیسرا کە دەیگوت: ئێمە پێویستیمان بە خواردەمەنی تۆ نییە. چونکە خواردەمەنی تۆ شتێک نییە بێجگە لە پیسایی.

هێنریخ لە داخان خەریکبوو شێت بێ. بۆ لای ئەو چاوەیە چوو، بەڵام هەراوزەنا لە ژوورەکانی دیکە بەرز بۆوە، هەر یەکەی بەجۆرێک سووکایەتیان بە هێنریخ دەکرد.

دەنگی گڕ و ناسک تێکەڵ بە یەکتر ببوون هێنریخ وەک شێتان لەولا بۆ ئەولا هەڵدەهات هەتا ساحێب دەنگەکان لە پشت دەرگاکان بناسێتەوە و بزانێ کام یەک لە زیندانییەکان جوێنی پێدەدەن.

ئەم هەڵاتهەڵاتە ئەوەندە پێکەنینی بوو کە ئاناتوول نەیتوانی بەری

پێکەنینەکەی بگرێ، بەڵام زوو پێشی خۆی گرت. چونکە دەیزانی ئەگەر هێنریخ پێکەنینی وی ببینێ بە نرخی گیانی و هەروەها بە بەهای ئیش و خۆراک و سیغارەکەی تەواو دەبێ.

هێنریخ دەستی لە هەڵاتن هەڵگرت، بە توندی گوڕاندی و گوتی:

ئەی زۆڵانە، ئێوە پێتان وایە گاڵتە بە من دەکەن؟ ئێستا لێتان حاڵی دەبێ چ بەڵایەکتان بەسەردێنم دوایە بە جووڵەیەک، عەرابەی مەنجەڵە چێشتەکەی تەکاندا و شۆرباوە ڕەش و پیسەکەی لە سەر ڕارەوکە ڕشت.

هێنریخ دیسان گوڕاندی و گوتی:

– نەکە هەر ئەمشەو، بەڵکو هەموو شەوێ ئەو بەڵایەتان بەسەر دێنم و زیادە لەوەش تەواوی ئەو بەستە و دیارییەی کە بەبۆنەی جێژن بۆیان هێناون لێتان داگیر دەکەم. قوڕتان بەسەر! ئێوە پێتان وایە دەتوانن لە بەرامبەر مندا خۆڕاگرن و نازانن کەسانێکم ناچار بە کڕنۆش و پاڕانەوە کردووە کە دە هێندەی ئێوە بەهێزتر و ئازاتر بوون؟ لەوە بەدوا هەر کەس برسی بێ دەبێ لە پێش من بپاڕێتەوە و بلاڵێتەوە و لێرە وەک سەگ کلکەسووتەم لە پێش بکا و ئەو شۆرباوەی هەموو شەوێک دەیرێژمە سەر زەوی بیلێسێتەوە.

ئەو دەمی ڕووی وەگەڕاند و بە ئاناتوولی گوت:

ئاو و گەسکی بێنە و تەواوی ئەو پیسایانە (ئاماژە بە عەرز دەکا) خاوێن کەوە.

بەڵام ئێستا ئاناتوول دوو هەنگاوی هەڵنەهێنابووە کە هێنریخ گوتی:

– پێویست ناکا ئەمانە خاوێن کەیەوە. لێیگەڕێ با هەروا بمێنێتەوە کە ئەو زۆڵانە، هەتا بەیانی وەک سەگی برسی بۆنی چێشتەکەیان بکەن و لیکاویان لە زاری بێ.

کاتێک هێنریخ لە دالان گەڕاوە، ئاناتوولیش مەنجەڵە سەراوبنەکەی هەڵگرتەوە و لە سەر عەرابەکەی دانا کە بگەڕێتەوە؛ لە ژووری ژمارە ١٠ دەنگی ناڵەناڵ و زنجیر هات، هێنریخ بە ئاناتوولی گوت:

– پێم وایە گیراوی ژمارە١٠، کە بوورابۆوە وەهۆش هاتۆتەوە.

***

ئەم زیندانە، کە لە یەکێک لە شارە چکۆلەکانی فەرەنسا دابوو، بەر لە شەڕ. بێجگە لە وەرزی زستان، لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا بەتاڵ بوو.

هەموو ساڵێ، لە وەرزی زستانێدا، دەستەیەک تاوانباری بچووک، تەنیا بۆ وەی لە وەرزی سەرما و سۆڵدا، جێگایەکی گەرم و خۆراکی باشیان هەبێ، هێندێ وردە تاوانیان دەکرد بۆ ئەوەی بیانهێننە ئەو زیندانەوە.

بۆ چاوەدێریی ئەم زیندانیانە، تەنیا زیندانەوانێک بەس بوو و زیندانەوانەکەش بە ماڵ و منداڵەوە لەوێ نیشتەجێ دەبوو.

زیندانەوان و زیندانییەکان، لە وەرزی زستاندا، دەتگوت ژیانێکی هاوبەش و کۆمەڵایەتییان هەیە، ژنی زیندانەوانەکە، هەموو ڕۆژێک چێشتی بۆ لێدەنان، زیندانییەکان لە کاروباری ماڵێدا یارمەتییان دەدا، ئاگایان لە منداڵەکانی دەبوو یان کایەیان لەگەڵ دەکردن هەتا بیانخافڵێنن.

یەکێک قاپوقاچاخەکانی دەشۆرد یەکێدی داری دەشکاند ئەوی دیکە لە ڕۆژە تاو و ساوەکاندا بە پێمەڕە، باخچەکانی بۆ سەوزە چاندنی وەرزی بەهاریێ خۆش دەکرد، یەکێک جلەکانی دەشووشت.

هەر بەهار دەگەیشتێ و هەوا خۆش دەبوو زیندانەکە کەسی تێدا نەدەما، بۆ نموونەش دیلێکی تێدا نەدەما. منداڵەکانی زیندانەوان ڕوژانە لە چاوە بە تاڵەکان قەرە ـ قەرێنیان دەکرد.

بەرلە مانگی سێپتامبری ساڵی ۱۹۳۹ی زایینی، واتە پێش دەسپێکردنی شەڕی پێشوو، ژنی زیندانەوانەکە هەشتەمین منداڵی لە زیندانێ بوو، تەواوی دیلەکان و گشت خەڵکی ئەو شارە بچووکە، دەیانزانی کە ژنی زیندانەوانەکە لە زاو و زێ زۆر ئازایە.

هەرچی خەڵک بیرەوەرییەکانی پێشوویان وەبیر دەهاتەوە و هەرچی لە پێشینەی ژیانی زیندانەوان و هاوسەرەکەی ورد دەبوونەوە، دەیاندیت کە ژنی زیندانەوانەکە، هەمیشە منداڵێکی لە باوەشدا و یەکی لە زگدا بووە.

یەکێ لەو بەسەرهاتانەی کە ئەم ژن و پیاوە بۆ دۆست و ناسیاوەکانیان دەگێڕاوە ئەمە بوو کە شەوی لەدایکبوونی هەوەڵین منداڵی وان، لەو زیندانە ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی دا، بڕیار بوو دیلێکی مەحکووم بەسێدارە، لە دار

بدەن.

ئەم دیلە، لاوێکی دێهاتی بوو کە لەلای یەکێ لە ئاغاوەتەکانی ناوچە کاری دەکرد، تەمەنی هەر بیست ساڵ دەبوو و ئێستا کاتی ئیجبارییەکەی نەهاتبوو.

ئاغا خوشکێکی هەبوو کە نزیک بە سی ساڵی لە تەمەنی تێپەڕیبوو و هێشتا شووی نەکردبوو. چونکە لاوە گوندیەکە لە جوانی ڕوخسار بێبەش نەبوو و بەهێز و بەخۆوە بوو کچە پیر و ترشاوەکە دڵی گرتی.

بە هەڵکەوت، یەکەم ڕۆژ کە ئەو دوو کەسە جێگایەکی چۆڵیان دۆزیبۆوە و کچە ترشاوەکە خۆشەویستیی خۆی بۆ لاوی گوندی دەردەبڕی ئاغا بەسەریاندا هات و ئەوەی کە نەدەبوو گوێی لێبێ، گوێی لێبوو. هەتا لاوەکە ویستی دەرباز بێ ئاغاکەی چەند گۆچانی لە نێوچاوانی دا.

لاوەکە کە لەبەر تووڕەیی و شەرم ئاگای لەخۆ بڕابوو هێرشی کردە سەر ئاغاکەی و خنکاندی. خوشکی ئاغا و گراوە ناڵەبارەکەی لاوەکەش کە هاواری دەکرد، گۆپاڵێکی لە سەریدا و لەپێی خست، بەڵام دوای چەند سەعاتی دی خوشکی ئاغا وەهۆش هاتەوە.

گومانی تێدا نەبوو کە چون ئەم قەتڵە بەئانقەست نەبوو و لاوە دێهاتییەکە هەر بە ڕێکەوت تووشی پیاوکوشتن ببوو، دادوەرەکانی دادگەی مەڵبەندەکە کە هەموویان لە دێهاتی بوون، واتا لە بنەماڵەکانی گوند بوون سزاکەیان زۆر کەم دەکردەوە، بەڵام ئەم لاوە دوای ئەو قەتڵە لە ڕووی نەزانییەوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکەی ماڵەکەی ئاگر تێبەردا و ئاور ماڵەکانی هاوسێی گرتەوە.

ئەمە بوو کە دادوەرەکان ئامادە نەبوون سزاکەی کەم کەنەوە، چونکە لە ئاوەدانی و دێهاتەکانی فەڕەنسادا، تاوانی سووتمان هەرگیز شیاوی بەخشین نییە و هەر کەس ئاگر لە شوێنان بەربدات و سووتمان بکات و خانووبەرەی دێهات ئاگرتێبەردا و ئاژەڵەکانی وان لە ئاوردا لەناو بەرێ شایانی توندترین سزایە.

زیندانەوانەکە کە ناوی پرۆسپێر بوو هەرکات بەسەرهاتی ئەو لاوەی دەگێڕاوە، کە دەگەیشتە قۆناغی دوایی، بەهۆی نارەحەتیی زۆر دەنگی دەگیرا و دەیگوت:

نازانن ئەم لاوە چەندە هێدی و بەشەرم و لەسەرەخۆ و بەئیمان بوو! کاتێک کە بەرەو لای گیۆتینەکە دەڕۆی پەیتا - پەیتا وتەکانی قەشەی کە پێی تەلقین‌دەکرد، دووپات دەکردەوە. لەهەمان کاتدا کە دەیانویست سەری لە ژێر ساتۆری گیۆتین دانێن لە ژوورەکەی ئێمەوە دەنگی قیژەیەک بیسترا، دیار بوو کە منداڵی نۆبەرەمان لە دایک بوو. مامانەکەی دەیگوت کێشی ئەم منداڵە چوارکیلۆگرام و نیوە. ناوی کوڕەکەمان بە بۆنەی ناوی ئەم لاوە شەرمێون و بێ ئازارە کە ئەوێ ڕۆژێ ئیعدام کرا، تێئۆدۆر نا.

•••

ڕۆژی بیستی مانگی ژۆئێنی ساڵی ۱۹٤۰ زایینی کە شکستی فەڕەنسا مسۆگەر ببوو دەستەیەک سەربازی ئەڵمانی بە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا هاتنە ناو شارەدێیەکەوە. ئێستا سەربازە ئەڵمانییەکان نەگەیشتبوونە ناو شارۆچکەکە کە"پرۆسپێر"ی زیندانەوان ۳ کەسی لە دیلەکان لە گرتووخانە وەدەرنا و گوتی:

– بڕۆن بۆ هەر جێیەکی پێتان خۆشە.

یەکێ لەو سێ کەسە، لەو دیلانە بوو کە تەنانەت لە وەرزە خۆشەکانی ساڵیش‌دا، زۆر بە کەمی دەیتوانی کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆیە پێی‌خۆش نەبوو بڕواتە دەرێ. وای لێ‌دەهات پرۆسپێر ناچار دەبوو بەزۆر لە زیندان وەدەری بنێ.

دیلی دووهەم، پیاوێکی بێ‌ئازار بوو کە بێ‌ڕێزی بە سەرۆک ژەندرمەی ناوچە کردبوو و بە بەرد شووشەی دەرکی ژوورەکەی شکاندبوو، چونکە کاتێک کە هەواڵیان پێدا کوڕەکەی لە شەڕێکدا کوژراوە بێ‌دەرەتان بوو و وایزانی ئەگەر سەرۆک ژەندرمە زوو گەیشتبایەتە شەڕگەکە، کوڕەکەی نەدەکوژرا.

دیلی سێیەم دەست‌فرۆشێک بوو کە پێناسەی نەبوو بۆیە مانگێکی زیندان بۆ بڕابۆوە.

ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە، واتا وەدەرنانی ئەم سێ دیلە، دوو پیاوی کەڵەگەت، کە بەو هەوا گەرمە، قەمسەڵەی بارانییان لەبەردا بوو و پەڕێکی بچووکیان لە کڵاوەکانیان دابوو، لە دەرگای زیندانیان دا.

پرۆسپێر دەرگای زیندانەکەی کردەوە و هاتنە ژوورێ، کارتی پێناسی خۆیان

کە بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوو نیشان دا، بەڵام پرۆسپێر زمانی ئەڵمانیی نەدەزانی، هەر ئەوەندەی دیت کە کاغەزەکان جۆرە تەمر و مۆرێکیان پێوەیە و نیشانەی هەڵۆی لە سەرە و خاچێکی چەماوەی بەچنگەوەیە.

یەکێ لە ئاغاکان بە زمانی فەرەنسی گوتی ئێمە ئەندامی پۆلیسی ئەڵمانیاین هاتووین ئەم زیندانە ببینین و ژوورەکانمان نیشان بدەی.

پرۆسپێر دەستە کلیلەکەی خۆی هەڵگرت چووە راڕەو و چاوەکانی زیندانی کردەوە.

لەو گرتووخانەیەدا، لە دوو بەری داڵانەکەیدا، زیاتر لە دوو ریزە ژووری تێدا نەبوو. کاتێک ئەڵمانییەکان چاویان پێی کەوت گوتیان: یانی ئێستا هیچ دیلێکی لێ نییە؟

بە بیستنی ئەم قسەیە پرۆسپێر ترسا چونکە ئەو سێ رۆژ پێشتر، بەبێ ئیزن، سێ دیلی ئازاد کردبوو. دەترسا لەوەی نەوەک ئالمانییەکان لێپرسینەوەی لێبکەن، بەڵام ئالمانییەکان لەم بابەتە ئاگادار نەبوون و ئیرادێکیان لێ نەگرت و گوتیان زۆرباشە، لەورۆ بە دواوە دەبێ گوێڕایەڵی ئەمر و فەرمانەکانی ئالمانییەکان بی.

پرۆسپێر کە لە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکە بە سلامەتی دەرچوو و زانیی هیچ کەس لێپرسینەوەی لێ ناکا، هاتەوە سەرەخۆ و گوتی، بەڵام ئێستا لە لایەن باڵادەستەکانی منەوە، فەرمانێکم پێ نەدراوە.

یەکێک لە ئالمانییەکان بە دەنگێکی جیددی گوتی باڵادەستەکانی تۆش گوێگری فەرمانی ئالمانییەکانن.

پرۆسپێر گوتی:

-بەو حاڵەش ئەمن دەبێ باڵادەستەکانی خۆم ئاگادار بکەم و پرس‌وڕایان لەگەڵ بکەم.

پیاوی ئەڵمانی وەڵامی داوە:

قەیناکا، هەر چەندی پێت‌خۆشە باڵادەستەکانی خۆت ئاگادار بکەوە، بەڵام ئێستا پرسیارێکت لێ دەکەم و چاوەڕێم بە بێ‌ڕەواڵەت سازی وەڵامم بدەیەوە. ئەو ئیشەی ئێستا هەتە لێی‌ڕازیت یان نا؟

پرۆسپێر چاوێکی لە باخچەکەی خۆی کرد و دیتی هەمو جۆرە سەوزییەکی خواردەمەنیی تێدایە و بیری کردەوە کە لێرە شوێنی دانیشتنی باشی هەیە و هەشت منداڵەکەی بە خۆشی دەژین و عەمبارەکەی پڕە لە دار (بۆ وەرزی زستان) و ژنەکەشی دووگیانە و دەبێ هەتا سێ مانگی دیکە منداڵی ببێ. لەو بارودۆخەدا چۆن دەتوانێ دەست لەو ئیشە بکێشێتەوە؟ ئەگە دەستی لەو کارە کێشاوە دەتوانێ بۆ کوێ بڕوا و لە کوێ ڕێی پێدەدەن کە هەشت منداڵی خۆی نیشتەجێ بکا و زگیان تێر بکا؟ ئەوە بوو کە ناچار دەنگی نەکرد و سەری داخست. پیاوی ئەڵمانی گوتی:

- هەست دەکەم دەتوانین پێک بێین. ئێستا یەکێ لە ژوورەکانی ئێرە بۆ دانیشتنی گرووبانێکی ئەڵمانی کە دەبێتە بەرپرسی زیندان، ئامادە بکە و کاروباری زیندانییەکان بە تەنیا دەکەوێتە دەست ئەو گرووبانە. تۆش بێجگە لە دەرکەوانی و کردنەوە و داخستنی دەرکی زیندان کارێکی دیکەت نابێ.

پرۆسپێر بە منگەمنگ گوتی:

بەڵام ئێمە لێرە دیوی بەتاڵمان نییە.

پیاوی ئەڵمانی گوتی:

کاتێک هاتمە نێو زیندان دیتم لەلای چەپ دیوێکی بەتاڵی لێیە.

پرۆسپێر گوتی:

-ئەو ژوورەی کە باسی دەکەی (پارلۆوارە) واتا جێی چاوپێکەوتنی زیندانییەکان لەگەڵ بنەماڵە و خزمەکانیانە کە حەفتەی جارێک بۆ دیتنی زیندانییەکانی خۆیان دێن، هەر لەو دیوە دایە کە پارێزەرانی مافی مرۆڤ پەیوەندی بە زیندانەوانەوە دەگرن و قسەی لەگەڵ دەکەن.

پیاوی ئەڵمانی گوتی:

- ئەم زیندانە، لەوەبەدوا، پێویستی بە پارلۆوار و دیوی دیمانە نییە. چونکە ئەو دیلانەی لەو زیندانە رادەگیرێن هەموو زیندانیی سیاسین کە دژی بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەڵمان پیلانیان گێڕاوە و بە هیچ شێوەیەک نابێ لەگەڵ خزموکەسیان دیداریان هەبێ و پارێزەر هەر ڕێی نییە ئەوان ببینێ. کەوابوو تۆش نابێ بە هیچ جۆرێک قسە لەگەڵ زیندانییەکان بکەی.

پرۆسپێر قسەی کۆتایی پێخۆش نەبوو چونکە لەو زیندانەدا خۆی بە سەرۆک و فەرماندە دەزانی و هەمووکات بە ئازادی قسەی لەگەڵ زیندانییەکان دەکرد؛ هەروەها زیندانییەکان هەمیشە لە کاروباری ماڵ و شووشتنی جلوبەرگ، چێشتلێنان، حاواندنەوەی منداڵ، کشتوکاڵی باخچە و شکاندنی دار یارمەتییان دەدا؛ بە دەرکردنی ئەو دەستوورە لە یارمەتی وان بێبەش دەبوو. بۆیە لە ژێر لێوەوە کەمێکی بۆڵەبۆڵ کرد و بیری کردەوە کە ئەڵمانییەکان زۆرتر لە دووسێ مانگ لە فەرەنسا نامێننەوە و لە زووترین کاتدا لێرە دەڕۆن، ئەو دووسێ مانگەش هەر جۆرێک بێ دەبێ لەگەڵیان بسازێ.

پیاوی ئەڵمانی گوتی:

– ئەم بۆڵەبۆڵەت لەچییە؟

پرۆسپێرگوتی:

– بمبورە، بۆڵەبۆڵم نەدەکرد تەنیا لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد.

پیاوی ئەڵمانی گوتی:

– ئەم دیوە (پارلۆار) خاوێن دەکەیەوە و تەختێکی نووستن، مێزێک، کورسییەکی ڕەحەت و کورسییەکی ئاسایی و سندووقێک و دەستشۆریەکی لێ دادەنێی کە بۆ ژیانی گرووبانی ئەڵمانی ئامادە بێ.

پرۆسپێر گوتی:

بەڵام من ئەو شتانە لەکوێ بێنم؟

پیاوی ئەڵمانی گوتی:

لەم بابەتەوە نیگەران مەبە چون کامیۆنێکی ورماخت[1] زۆر زوو و ڕەنگە سبەی کەلوپەلەکان بێنێ. ژنەکەت هەموو ڕۆژێ ژووری گرووبانی ئەڵمانی پاک وخاوێن دەکاتەوە، بەڵام ئیدی نابێ بۆ ئەو زیندانیانەی کە دوایە دێنە ئێرە چێشت سازبکا. گرووبانەکەی ئێمە، کەسێک لە خوودی زیندانییەکان بە ناوی (کالفاکتۆر) هەڵدەبژێرێ کە بۆ زیندانییەکان چێشت لێدەنێ. دەزانی (کالفاکتۆر) مانای چیە؟

پرۆسپێر گوتی:

---

[1] -نەرتەشی ئاڵمان

- نا، من زمانی ئەڵمانی نازانم.
پیاوی ئەڵمانی گوتی:
-ئەگەر هەتا ئێستا زمانی ئەڵمانیت نەدەزانی، دەبێ لەوەبەدوا ئەم زمانە، کە زمانی فەرمی قارەی ئەورووپایە فێر بی. (کالفاکتۆر) بە زمانی ئەڵمانی بریتیە لە دیلێک کە لەناو دیلەکان بۆ چێشتلێنان و دابەشکردنی لە ناو زیندانییەکان هەڵدەبژێردرێ و دیوی زیندانییەکان خاوێن دەکاتەوە. وڵاتی ئێوە بە هۆی نەبوونی رێکوپێکی و تێکەڵپێکەڵی و دەسەڵاتی جوولەکەکان و نیژادی نارەسەن، لەو شەڕەدا شکستی خوارد، بەڵام ئێمە لە وڵاتی ئێوەدا رێکوپێکی و تەکووزی پێکدێنین و بوونی ئێمە لەو وڵاتەدا سەداسەد بە قازانجی ئێوەیە.
قسەی پیاوی ئەڵمانی کە گەیشتە ئێرە، گوتی:
- ئێستا کلیلەکانی زیندانم بدەیە.
پرۆسپێر خۆی گنخاند، نەیدەویست کلیلەکانی زیندانی پێبدا، بەڵام پیاوی ئەڵمانی بەجیددی و توورەییەوە گوتی:
- کلیلەکانم بدەیە و سپاسم لێبکە کە تۆم لێرە وەدەرنەنا چونکە هەشت منداڵت هەیە و بە زووترین کات دەبنە نۆ منداڵ.
پرۆسپێر کاتێک کلیلەکانی ڕادەستی دەکرد، گوتی:
- سپاست دەکەم.
چونکە زانی ئەگەر ئەم پیاوە ئەڵمانییە هەڕەشەی خۆی بە وەخت جێبەجێ بکا ژیانی لێ تاڵ دەبێ.
پیاوی ئەڵمانی گوتی:
- دەوڵەتی ئەڵمان منداڵانی خۆش دەوێ و حەزی لە بنەماڵەی پڕ حەشیمەتە و یارمەتی دەکا بە تەواوی ئەو کەسانەی کەخزمەتکاری ڕاستەقینەی بن. دڵنیام کە تۆش دەبی بە خزمەتکارێکی ڕاستەقینەی ئەڵمان.
ئەوکاتە پیاوی ئەڵمانی باسەکەی گۆڕی و گوتی:
ئەرکی تۆ تەنیا کردنەوە و داخستنی دەرگای زیندانە و نابێ هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ زیندانییەکان هەبێ. سبەی نیوەڕۆیەش گرووبانی ئێمە، کە بەرپرسی ئیدارەی ئەم زیندانەیە، دێت.

بەم جۆرە هێنریخ، گرووبانی ئەڵمانی هاتە زیندانەکە و لەوێ نیشتەجێ بوو.
هەر شەوی یەکەم بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ (خاوەن ماڵ) واتا زیندانەوان، چووە ژوورەکەی.

لەودەمیدا پرۆسپێر و ژن و منداڵەکەی قاوەیان دەخواردەوە، پرۆسپێر ئەگەرچی ڕقی لە گرووبانی ئەڵمانی بوو، بەڵام لەخۆی ڕانەدیت پیاڵەیەک قاوەی نەداتێ.

منداڵەچکۆلەکانی زیندانەوان خەوتبوون و منداڵە گەورەکان کتێب و دەفتەرەکانیان لە جانتای قوتابخانە دەرهێنابوو و خەریکی مەشق بوون و دەرسەکانیان لەبەر رووناکایی چرا نەوتییەکەدا ئامادە دەکرد. چونکە ئەو زیندانە بە جۆرێک بچووک و بێبایەخ بوو کە دەوڵەت و وەزارتی داد بە پێویستیان نەزانیبوو کارەبای بۆ بکێشن.

گرووبانی ئەڵمانی کە زمانی فەرەنسی دەزانی، دەستی بە سەری یەکێک لەمنداڵەکانداهێنا و گوتی:

- بە ڕاستی ژیانی بنەماڵەیی زۆر جوانە، بەڵام، بەداخەوە ئێستا لێی بێبەشم.
دوایە کورتەیەک لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی گێراوە و گوتی لە ساڵانی پێشوودا ماوەیەک لە فەرەنسا بووم و لە سپای بەناوبانگی لیژیۆندا خزمەتم دەکرد. دواتر گەڕامەوە بۆ ئەڵمان و دوو ساڵ بەر لە شەڕ زەماوەندم کرد و ئێستا منداڵێکی ساوام هەیە کە هێشتا زمانی نەگرتووە.

پاشان ئامیلکەدانەکەی کردەوە و وێنەیەکی لێ دەرهێنا و نیشانی پرۆسپێریدا و گوتی:

ئەمە منداڵە ساواکەی منە و ئەو ژنەی لە پشتی ڕاوەستاوە دایکێتی کە ناوی "گێرترۆد"ە کە زۆری لێ ڕازیم و ئەم وێنەیە بۆخۆم گرتوومە، چونکە وێنەگریم زۆر پێخۆشە. ئێستاش خۆشحاڵم کە لەناو بنەماڵەیەکی فەرەنسی، لە بنەماڵەیەکی ڕاستەقینەی فەرەنسیدا دەژیم. دڵنیا بن پێوەندیی من لەگەڵ ئێوە، پەیوەندییەکی سەرکەوتوویە و شکست خواردوو نییە.

ناوی من "هێنریخ ئەشتۆگۆل"ە، بەڵام ئیزنتان پێ دەدەم کە بە زمانی خۆمانە، پێم بڵێن هێنریخ. ئێستاش حەز دەکەم کە لە بنەماڵەی ئێوەدا بەشێوەی

پانسیۆن بژیم.

پرۆسپێر کە نەیدەویست ئەو گرووبانە ئەڵمانییە لە پشت مێزەکەی خۆی دانیشێنێ، گوتی:

- دەترسم نەوەک ناخۆشت لێبگووزەرێ، بەڵام لەو نزیکانە میوانخانەیەکی باشی لێیە کە چێشتی باش و خاوێن لێدەنێ. دڵنیام کە بە دڵت دەبێ.

هێنریخ گوتی:

ئەگەر چێشتی من لە میوانخانە بێنن لە ڕێگا سارد دەبێتەوە.

پرۆسپێر گوتی:

- بۆچی خۆراکی تۆ بێننە ئێرە !! مەودای ئێرە هەتا میوانخانە زیاتر لە سەد مەتر نابێ، دەتوانی بێزەحمەت بچیە میوانخانە و لەوێ فراوێن و شێو بخۆی.

هێنریخ گوتی:

ئاخر ئیزنم نییە لە زیندان بچمەدەرێ و تەنیا حەوتووی ڕۆژێک دەتوانم لە نیوەڕۆیە هەتا نیوەشەو بچمە دەرێ، بۆیە ناتوانم بۆ خواردنی چێشت بچمە میوانخانە، سەرەڕای ئەوەش، چێشتی رستووران و میوانخانەم پێخۆش نییە. چونکە هەم گرانە و هەمیش خاوێن نییە و بە تەمام کەمێک دەست پێوە بگرم هەتا بتوانم شتێک بنێرمەوە بۆ هاوسەرەکەم لە ئەڵمان. بۆیە بڕیارم داوە بە شێوەی پانسیۆن لە ماڵی ئێوە نان بخۆم و پارەی خواردەمەنیش بەپێی دابودەستوور دەدەم.

لەودەمی ڕا هێنریخ بوو بە خاوەندەسەڵاتی زیندان و ئاناتوول کە لاوێکی نقووستان و یەکێک لە دیلەکان بوو بۆ کاری (کالفاکتۆر) واتا کاربەدەستی خواردەمەنی زیندانییەکان و دابەشکردنی چێشت و پاکوخاوێنکردنەوەی ژوورەکان هەڵبژێردرا، لەو کاتەوە ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بوو.

لەو ڕۆژەدا کە شەوەکەی جێژنی نۆئێل بوو، ئاناتوول دوای ئەوەی مەنجەڵە بەتاڵەکەی بە سواری چوارچەرخەکە گەڕاندەوە بۆ چێشتخانە و ئیشەکانی تەواو کرد هاتە ژووری پرۆسپێر، واتا زیندانەوانەکە.

هەموو ڕۆژێک ئاناتوول لەجیاتی ژنی زیندانەوانەکە، بەناوی ژانت، دیوی گرووبانی ئەڵمانی خاوێن دەکردەوە و لەبری ئەوە ژنی زیندانەوانەکە

پیاڵەیەک شیری دەدایە.

لەوڕۆژەدا کاتێک ئاناتوول هاتە ژووری زیندانەوان، دیتی بە بۆنەی شەوی جێژنی نۆئێل پرۆسپێر خەریکی سازکردنی ئاخوڕی بەیتوللەحمە[1].

کەرەسەی سازکردنی ئاخوڕی بەیتوللەحم لە قوتوویەکی بچووکدا بوو کە پرۆسپێر، چەند ساڵ پێش لە دوکانێکی وردەواڵەفرۆشی کڕیبووی و تا ئەوکاتە ڕایگرتبوو. هەموو ساڵێ لە شەوی جێژنی نۆئێلدا بۆ خافڵاندنی منداڵان، دەستی دەکرد بە سازکردنی ئاخوڕی بەیتوللەحم.

کاتێک ئاناتوول هاتە ژوورەکە، پرۆسپێر خەریکی سازکردنی ئاخوڕەکە بوو، بێ ئەوەی ڕووی وەربسووڕێنێ گوتی:

– ئێمە ئەمشۆ بۆ خواردنی شێو چاوەڕێی هێنریخ بووین، بەڵام نیو سەعات چاوەڕوان بووین و شۆرباوەکە سارد بۆوە، کەچی ئەو هەر نەهات.

ئاناتوول گوتی:

– پێموانییە هێنریخ ئەمشۆ لە دیوی خۆی بێتەدەرێ، دیتم کەمێکی شەراب، ئاوجۆ، کۆنیاک، پەنیر و شتی دیکەی بردە ژوورەکە و دەرکەی داخست. بە خاترجەمی ئەوەندە مەی دەخواتەوە هەتا سەرخۆش بێ، چونکە زۆر ناڕەحەت بوو.

پرۆسپێر گوتی:

– داخوا بە تەمایە هەموو ئەم شتانە بە تاقیتەنیا بخوا؟

ئاناتوول کەمێک دوودڵ بوو، دوایی گوتی:

– نا، ئەمشۆ ژنێک دێت و دەچێتە ژوورەکەی، ئەتۆ دەبێ دەرکەی زیندانی بۆ بکەیەوە.

پرۆسپێر چاوێکی لە بەژنی ئاناتوول کرد و بە کەمێک سەرسووڕمانەوە پرسی:

– ئەمشۆ ژنێک دێتە ئێرە؟

---

[1] - چونکەحەزرەتی مەسیح لە ئاخوڕی بەیتوللەحمدا هاتۆتە دونیا، لە شەوی جەژنی نۆئێل کە شەوی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە، مەسیحییەکان بۆ پیرۆزبایی، لەناو ماڵەکانی خۆیاندا بە دار، کاغەز، گەچ و کەرەسەی دیکە شتێکی وەک ئاخوڕی بیت اللحم ساز دەکەن.

ئاناتوول بوئەوەی باسەکە بگۆڕێ و ناچار نەبێ لەو بارەوە شتێکی زۆرتر بڵێ، گوتی:

بە ڕاستی ئەم ئاخوڕەی تۆ زۆر جوانە.

پرۆسپێر گوتی:

-جیاوازیکی لەگەڵ سالانی پێشێ نییە، ئەرێ گوتت ئەوشۆ ژنێک دیتە ئێرە، لەحالێکدا هیچ کەس ناتوانێ بێتە ناو زیندان. ئێستا پێم بڵێ کە ئەو ژنە کەی دێ؟

ئاناتوول گوتی:

- بەر لە نیوەشەو دێتە ناو زیندان.

پرۆسپێر گوتی:

- ئەو ژنەی دەناسی؟

ئاناتوول گوتی:

- بەڵێ، بە بڕوای من زۆر باشە کە ئەم ژنە بێت، چونکە ئەو ئەڵمانییە زۆر بێتاقەتە.

پاشان بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی بۆ پرۆسپێر گێڕاوە و گوتی کە چۆن زیندانییەکان قسەی سووکیان بە هێنریخ دەگوت و ئەویش بە هۆی توورەیی زۆرەوە چۆن چێشتی زیندانییەکانی سەراوبن کرد و لە شەوی جێژنی نۆئێل ئەوانی لە خواردن بێبەش کرد و چلۆن دەنگی ناڵەناڵ لە ژووری ژمارە ١٠ دەهات. دوای ئەوەی قسەکەی تەواو بوو نیسکە شیرەکەی، کە لە بنی پیاڵەکەدا مابۆوە، خواردەوە و بێدەنگ بوو.

ژانت هاوسەری زیندانەوان، کە قاپەکانی دەشۆرد دەستی ڕاگرتبوو. دەستی لە سەر بەرکۆشی دانابوو و بە حەپەساوی و ترسەوە قسەکانی ئاناتوولی گوێ دەدایە. پرۆسپێر لە وەلامی ئاناتوولدا گوتی:

- زۆر خۆشحاڵم کە لە ئاکامدا دیلە چارەڕەشەکان داخی دڵی خۆیان ڕشت و ئەوەی شایانی ئەم پیاوە بوو پێیان گوت.

بە ڕاستی من لە دەستی ئەو ئەڵمانییە قۆڕدەماخ و خۆبین و بێئەمەگە بێزار بووم. ڕۆژی هەوەڵ کە ئەم پیاوە هاتە ئێرە، پێموابوو زۆرتر لە چوارمانگ

لیره نامێنێتەوە، ئیستا دوو ساڵ و نیوی بەسەردا تێپەڕ بووە و ئێمە لە شەوی جێژنی نۆئێلی ساڵی ١٩٤٢ داین. نازانم هاوپەیمانەکان خەریکی چن. بۆچی هێزی خۆیان لە فەرەنسا دانابەزێنن.

ئاناتوول تێزەبزەیەکی هاتێ و گوتی:

- رەحمەت لە باوکت بۆ ئەو هەموو ساف و ساویلکەییەت. مەگەر هاوپەیمانەکان زگیان بە حاڵی من و تۆ دەسووتێ کە بێن و لەگەڵ زلهێزێکی وەک هێزی ئەڵمان بەربەرەکانی بکەن. خاترجەمت کەم هەتا من و تۆ زیندووین ڕوخساری سەربازێکی هاوپەیمانەکان نابینین و ئەو کەسانەی کە بەخۆیان دەڵێن نیشتمانپەروەر و بزووتنەوەی خۆڕاگرییان ساز داوە کارەکەیان زۆرتر وەک گاڵتەیە.

پرۆسپێر بە توندی چاوی لە ئاناتوول کرد و زاری کردەوە هەتا وەڵامێکی رەقی بداتەوە، بەڵام زاری بەست و هیچی نەگوت و ئاناتوول کە زمانی کرابۆوە درێژەی پێدا:

- نازانم چ بەڵایەکی بەسەر دیلی ژمارە ١٠ دێنن کە ئاوا دەناڵێنێ. ئەورۆ دە رۆژە هەموو بەیانیان دێن و دەیبەن و کاتێک دەیهێننەوە بەتەواوی بێهۆشە و لە ژووریشدا کەلەپچە و سندمی ناکەنەوە.

ژانت ژنی زیندانەوانەکە گوتی:

- ئەورۆ کە دەیانگەڕاندەوە ئێرە دیتم، کاتێک لە ئۆتۆمبێل دادەبەزی هیچ هێزی رۆیشتنی نەبوو، دوو کەس لە سەر دەستیان دانابوو و سەری بەملا و بەولادا دەکەوت و تەواوی کراسەکەی خوێناوی بوو. دوو رۆژە ئەو منداڵەی لەزگم دایە پەیتاپەیتا دەجووڵێتەوە، بەڵام ئەورۆ لەو کاتەوە ئەم چارەڕەشەم بەم جۆرەوە دیوە ئیدی منداڵەکەم ترساوە و ناجووڵێتەوە.

ژنی زیندانەوانەکە، دوای ئەو قسانە دەستی بە گریان کرد و بۆ حاڵی گیراوی ژمارە دە و هەروەها بۆ حاڵی ئەو منداڵەی کە لەناو زگیدا بوو فرمێسکی ڕشت و چاوەکانی بە لۆی بەرکۆشەکەی خاوێن کردەوە.

پرۆسپێر دوای کەمێک بێدەنگی گوتی:

- ئەمشۆ، شەوی جێژنی نۆئێلە و نابێ بێڵین زیندانییە بێچارەکان برسی

بمێننەوە.

دوایە ڕووی لە ئاناتوول کرد و گوتی ئەرێ کلیلی چاوەکانی زیندان لەلای تۆیە؟

بە بیستنی ئەم قسەیە ئاناتوول لەرزی و گوتی:

- نا، کلیلی ژوورەکانم پێنییە.

پرۆسپێر گوتی:

- درۆ مەکە، ئەوەنییە کلیلەکان گیرفانتی هەڵمساندووە.

ئاناتوول گوتی:

- بەڵێ کلیلەکان لە گیرفانی من دان، بەڵام ناوێرم بێئیزنی هێنریخ دەرکەی دیوەکانی زیندان بکەمەوە دەنا ئەو ئەڵمانییە دەمکوژێ.

پرۆسپێر بەقینەوە چاوێکی لە سەرتاپێی ئاناتوول کرد و گوتی:

- گریمان هێنریخ تۆ بکوژێ، خاترجەم بە هەرگیز لە سەر گۆڕی تۆ ناگریم. بەڵکو شادمان دەبم کە کەسێکی خوێڕیی وەک تۆ لەناو چووە.

ژانت ژنی زیندانەوان بە مێردەکەی گوت:

- پرۆسپێر تۆ نابێ ئەو قسانە بە ئاناتوول بڵێی، چونکە ئەگەر خوشکی لەگەڵ ئەو ناڵمانییە پەیوەندیی هەیە تاوانی ئاناتوول نییە.

پرۆسپێر گوتی:

- بەهیچ شێوەیەک گوێم لەوەنییە خوشکەکەی لەگەڵ ئەم ئەڵمانییە تێکەڵاوی هەیە. چونکە ژنێک بەرەڵا و ناچیزە بێ شیاوی سەرنج و تێبینی نییە و هەرچی پێیخۆشە با بیکا. هۆی قینی من لە ئاناتوول لە بەر شتێکی دیکەیە و خۆی دەزانێ کە دەڵێم چی.

ئاناتوول سەری داخستبوو و بێدەنگ بوو. پرۆسپێر قسەی خۆی دووپات کردەوە و گوتی:

- بەڵێ. . . بۆخۆی دەزانێ کە دەمهەوێ چ بڵێم.

دوایە ڕاستەوخۆ ڕووی لە ئاناتوول کرد و گوتی: خوێری. . . بێ ئابروو. . . هەر ئەتۆ نەبووی دیلی ژمارە دوو و سێت پێوە کرد؟ ئەتۆ نەبووی نهێنی ئەوانت ئاشکرا کرد و هۆکاری لەناوچوونی دوو فەڕەنسیت ساز کرد کە

هاوولاتیی تۆ بوون؟
ئاناتوول سەری بەرز کردەوە و بە چاوە نەخۆشەکانی تەماشای پرۆسپێری دەکرد، بەلاّم هیچی نەدەگوت. پرۆسپێر گوتی:
– ئەوان متمانەیان بە تۆ بوو و پێیانوابوو کە خەیانەتیان لێ ناکەی، بۆیە کاغەزەکانی خۆیان دەدا بە تۆ کە بیانگەیەنییە جێ، بەلاّم هەر لە داو کەوتی نهێنی ئەوانت ئاشکرا کرد. کەچی ئێستا ئەشکەنجەیان نەکردبووی و بەرلەوەی بچووکترین ئازارت پێبگەیێنن، هەرچی دەتزانی گوتت.
ئاناتوول بە چاوە نەخۆشەکانی نیگایەکی پڕ مانای لە زیندانەوانەکە کرد و گوتی:
تۆ دەزانی ئەشکەنجە چییە؟ ئەرێ قەت جەزرەبەیان داوی؟
پرۆسپێر گوتی:
– نا، بەلاّم دەزانم ئەگەر ئازاریشم بدەن قەت نهێنیی ئەو کەسانەی وا باوەڕیان پێمە نادرکێنم.
ئاناتوول گوتی:
– تۆ لە کوێوە دەزانی کە بە هۆی ئەشکەنجە، دەتوانی خۆڕاگری بکەی و نهێنی خەلّکی نەدرکێنی؟
پرۆسپێر گوتی:
– ئەو بابەتە دەزانم و هەر ئەوەندە بەسە کە بزانم و پێویستیم بە هۆکار هێنانەوە نییە.
ئاناتوول گوتی:
نا، تۆ نازانی، چونکە ئێستا بە سەرت نەهاتووە و نازانی ئەشکەنجە چییە.
پرۆسپێر تووڕە بوو و گوتی:
– گریمان من بە هۆی ئەشکەنجە دەمردم، بەلاّم هەرگیز دەمم بۆ نەدەکردەوە و ئەوەنــدەم غــیرەت هــەبوو کــە بــۆ وەدەستهــێنانی تــووتن و ســیغار. . . خوشـکەکەم بـەو خوێـڕیلکە ئەلّمانییـە نەفرۆشـم کـە نـەیاری هـەموو شتـێکی ئێمەیە.
ئاناتوول دەستی لە گیرفانی نا و قوتوویەکی تەنەکەی لێ دەرهێنا، قوتووکەی

کردەوە بەستە کاغەزێکی سیغاری تێدابوو، بەڵام توتنی تێدا نەبوو.
ئاناتوول بە پرۆسپێری گوت:
- ئێستا کەمێکم توتن بدەیە هەتا جگەرەیەک بکێشم دوایی بۆت باس دەکەم، چونکە لە دوێنێ شەوێوە جگەرەم نەکێشاوە.
ژانت بەستەیەک توتنی ڕەشی لە خەڵوەتی دەرهێنا و لە بەردەم ئاناتوولی دانا، ئەویش بڕێکی توتن هەڵگرت و سیغارێکی پێچاوە، دوایە سیغارەکەی بە لێویەوە گرت، بەڵام هەڵینەکرد هەتا بتوانێ سیغارەکە بمژێ و تامی توتنەکە بچێژێ. لەحاڵێکدا کە سیغارەکەی بە لێویەوە بوو بە زیندانەوانەکەی گوت:
-تۆ دەڵێی من بێغیرەتم؛ بە پێچەوانە خۆت بە پیاوێکی بەناموس دەزانی. ئەی بۆچی کاتێک ئەڵمانییەکان ئەو زیندانەیان داگیرکرد لێرە نەڕۆیشتی؟ هەرچەند کە دەزانی نیشتمانپەروەران لێرە زیندانی دەکەن. بۆچی دەستت لەو کارە هەڵنەگرت؟ دەزانم بۆچی لێرە نەڕویشتی چونکە دەترسای مووچە و شوێنی دانیشتن و کەرەسەی بژیوی خۆت لە دەست بدەی، بەڵام ئێستا لێرە ئاسوودەی و هیچ پەرۆشی و نیگەرانیت نییە، کەوایە لە بەینی من و تۆدا جیاوازییەک نییە.
پرۆسپێر دیسان تووڕە بوو و گوتی:
-، بەڵام نیشتمانپەروەرانم لە داوی ئەڵمانییەکان نەخستووە و هۆی لەناوچوونی هاووڵاتییەکانم دابین نەکردووە.
ئاناتوول گوتی:
هەتا ئێستا هیچ کەس داوای لێنەکردووی کە کەسێک ئاشکرا بکەی و ئەگەر داوایان لێ کردبای و پێیان دەگوتی ئەگەر ئاشکرای نەکەی ماڵ و ئیش و مووچەت لە نێو دەبەین، ئەودەم دیاری دەکا کە دەتوانی خۆ ڕابگری یان نا؟ جیا لەوەش، ئەوانەی ئاشکرام کردوون هاوڕێی من نەبوون، تەنیا مووچەیان دەدامێ و منیش کاغەزەکانی ئەوانم وەردەگرت و دەمگەیاندنە جێ. دەزانی کە بۆ گەیاندنی هەر نامەیەک، زیاتر لە بیست"فرانک"یان نەدەدامێ، کەچی هەمیشە لە لەندەنێڕا بە فڕۆکە جەواڵە پووڵیان بۆ دەناردن؛ ئەوەی کە دەڵێم جەواڵە پارەیان بۆ دەناردرا، بەهیچ شێوەیەک زێدەڕۆیی نییە. ڕۆژێک یەکێ

لەو جەوالانەم دیت کە لە فڕۆکە بەربۆوە ؛ دیتم کە بەستەی گەورەی پارەی هەزار فرانکیان تێدا جێ کردبۆوە و لە سەر هەر بەستەیان نووسیبوو یەک ملیۆن فرانک! ئەوانە، جیا لە جەواڵە پوولەکان، پەیتاپەیتا لە ڕێی ئاسمانەوە قەند، چای، قاوە، توتن، سیغار، پارچە، کەوش و شتی دیکەیان بەدەست دەگەیشت. لەو ماوەیدا کە هەلاتهەلاتم بۆ دەکردن، تەنانەت جگەرەیەک، یان دە گرام قاوەشیان نەدامێ. مووچەی من بۆ گەیاندنی هەر کاغەزێک، بیست فرانک بوو. ئەوان ساحێب کارێک بوون کە بەزەییان بە مندا نەدەهات، هەرچەندە کرێکاریشیان بووم. بۆ من چ جیاوازییەکی بوو کە ئەوان- بە ڕای تۆ- نیشتمانپەروەر بن یان بێ ولات. مەگەر وەبیرت نایە، هەر ئەو کەسانەی کە ناوت ناون نیشتمانپەروەر، بوونە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری بێتاوان.

پرۆسپێر بە سەرسوورمانەوە گوتی:

- چۆن؟

ئاناتوول گوتی:

- چەند مانگ لەمەوبەر، کاتێک دوو نەفەر لە نیشتمانپەروەرەکان ـ بەڕای تۆ ـ پردی هێڵی ئاسنی (ترامبلاد)یان تەقاندەوە، ئەڵمانییەکان کە نەیانتوانی ئەو دوو کەسە بدۆزنەوە، دە کەسیان لە خەڵکی ناوچەکە، کە هەموویان خاوەن ژن و منداڵ بوون و هیچ تاوانێکیان نەبوو. وەک بارمتە گرتیانن و دوایی ڕایانگەیاند و لە تەواوی دار و دیواریان دا و لە ڕادیۆ دووپاتیان کردەوە کە ئەگەر لە ماوەی دوو ڕۆژاندا خۆیان ڕادەست نەکەن، ئەو دە کەسە ئیعدام دەکەن، بەلام ئەو دوو کەسە، هەرچەند ئاگایان لە بێتاوانیی ئەو چارەڕەشانە بوو خۆیان نەناساند و هێشتیان ئەڵمانییەکان ئەو دە کەسە کە هەموویان باوک و کاسپکاری بنەماڵەیەک بوون بکوژن، چونکە گیانی خۆیان خۆش دەویست و ئامادە نەبوون گیانی خۆیان فیدای ڕزگاریی ئەوانی دی بکەن. لەو حاڵەدا چۆن من دڵخۆش دەبووم کە بۆ بیست فرانک گیانی خۆم فیدای گیانی خەڵکانی دیکە بکەم کە ملیۆن ملیۆن بەهرەیان وەردەگرت؟ هەشت ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە، واتا دوای گوللەبارانی ئەو دە بارمتەیە، ڕۆژێک لەحاڵێکدا کە نامەی یەکێ لە نیشتمانپەروەرانم پێبوو، بەرامبەر ماڵێک کە دەمهەویست بچم،

لە پاسکیل دابەزیم و دەسبەجێ ئەڵمانییەکان دەستیان بە پشکنینی من کرد و کاغەزێکی کە پێمبوو لێیان گرتم . پێیان گوتم ئەم کاغەزە بۆ کوێ دەبەی؟

ماڵەکەم نیشان دان و ئەوانیش چوونە ناو ماڵەکە، دوو کەس لە ناو ماڵەکەدا بوون کە من قەت نەمدیتبوون و نەمدەناسین، بەڵام دەمزانی کەسانێک کە لەو ماڵە دان بە نۆرەی خۆیان ئاڵقەی پەیوەندیی لەگەڵ دەستەیەکی دیکەن و زۆرتر پووڵ و بەستەی خواردەمەنی و جلوبەرگیان دەدەنێ.

ئەڵمانییەکان ئەو دوو کەسەیان گرت، بەڵام پێت وایە ئەوانی دیکە حەولیان دا هاورێکانی خۆیان رزگار بکەن؟

نا بە هیچ شێوەیەک! ئەوانی دی هەموو هەڵاتن و ئێستاش لە هەڵاتن دان، بەڵام ئەو دوو کەسەی کە تۆ دەڵێی من ئاشکرام کردوون، جیا لەوەی نەمدەناسین، دۆستایەتیشم لەگەڵیان نەبوو. خۆیان بە ویستی خۆیان داخوازی ئەم چارەنووسە بوون، چونکە کەسێک ئامادە بێ لەگەڵ هێزێکی گەورەی وەک ئەڵماندا بەربەرەکانی بکا، لانی کەم ئەوەندەی ئەقڵ هەیە بزانێ لە بەرامبەر ئەو هێزە گەورەیەدا لەوانەیە لە ناو بچێ، قۆڵبەست و تیربارانی بکەن.

پرۆسپێر گوتی:

– لەهەر حاڵێکدا من بە پیاوێکی بێغیرەتت دەزانم.

ئاناتوول گوتی:

هەرچی پێتخۆشە بیڵێ، بەڵام تۆ نازانی ئەگەر ئەڵمانییەکان تۆیان وەک من رووت دەکردەوە لەو دەمیدا هەستت دەکرد کە بێ غیرەتی.

ئەورۆژە کاتێک کاغەزەکەیان لێگرتم و قۆڵبەستیان کردم، بردیانمە ژوورێک کە سێ ئەفسەری ئەڵمانی لەپشت مێز دانیشتبوون و ئاوجۆیان دەخواردەوە، سەربازێک بە قامچیەوە لە قەراخێک راوەستابوو. ئەو رۆژە کەمەربەندی منیان کردەوە و تەواوی جلەکانیان لەبەر داکەندم، زیاتر لە شاڵواریەکیان لە بەردا نەهێشتم، ناچار بووم شەڵوارەکەم بە دوو دەستم بگرم نەوەکوو لەبەرم داکەندرێ. لەناکاو زەربەیەکی قامچی شەق وەپشتم کەوت کە لە زۆری دەرد و ژان دەستم لە شەڵوارەکەم بەردا، شەڵوار لە پێم داکەندرا و رووتوقووت و

زگماک بووم، لە بەرامبەری ئەڵمانییەکان کە قاقا پێدەکەنین. ئەودەمی داهاتمەوە هەتا شاڵوارەکەم هەڵکێشمەوە، بەڵام زەربە قەمچییەکی دیکەم وەپشتی کەوت و یەکێ لە ئەفسەرەکان گوڕاندی ئاختونک!

نەمدەزانی کە مانای وشەی (ئاختونک) چیە، بەڵام بۆیان وەرگێڕامەوە کە دەبێ قیت ڕاوەستم. ئەودەمی کە شەڵوارەکەم کەوتبووە سەرقاچەکانم، قیت ڕاوەستام و یەکێ لە ئەڵمانییەکان لەو بارودۆخەدا وێنەی لێ هەڵگرتمەوە و دوایە هاتە پێش و شەپلاخەیەکی لێدام و گوتی:

– ئێستا بڵێ کێ ئەو کاغەزانەی دەدایەی کە بیگەیێنێ ئەو ماڵە؟

ژانت، ژنی زیندانەوانەکە، کە ئەو قسانەی گوێلێبوو وەگریان کەوت و گوتی:

– خوایە، مەگەر ئەم کەسانە بەزەییان لەدڵدا نییە کە لەگەڵ مەسیحیەک ئاوا هەڵسوکەوت دەکەن؟

ئاناتوول بێ ئەوەی گوێ بداتە گریانی ژانت درێژەی بە باسەکە دا و گوتی:

–دەمویست ددان لەسەر یەک دانێم و دەنگم دەرنەیێ، بەڵام نەک بۆ ئەوەی کە لە گوتنی ناوی دیتران خۆ بپارێزم، چونکە حەزم لەو بابەتە نەبوو کە نهێنیی ئەوان ڕاگرم، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو دەمویست بێدەنگ بم کە ڕق و تووڕەیی خۆم دامرکێنمەوە. چونکە زۆر تووڕە بووم کە ئەو جەلادانە ئەمنیان ئاوا لێکردووە. دەمهەویست بە بێدەنگی خۆم تۆڵەیان لێ بکەمەوە، بەڵام دیسان یەکێک لە ئەڵمانییەکان ئامازەی بەو پیاوە کرد کە قامچی بەدەستەوە بوو. ئەویش زەربەیەکی توندی لە سمتم دا. تۆ قەت هێشی قەمچی تێلت لەسەر سمتت چەشتووە؟

پرۆسپێر گوتی:

– کاتێک منداڵ بووم بابم لەسەر پشت ڕایدەکێشام و بە مستی لە کاسیلەی دەدام هەتا تەمبێم بکا.

ئاناتوول گوتی:

–مستی بابی تۆ. . . کە دڵنیام بەئارامی لێی دەدای لەگەڵ قامچی تێل زۆر جیاوازە وێڕای ئەوەی ڕووت و قووتت کەنەوە و کەسێک وەک دێوێکی دوومەتری لەبەردەم هێندێک کە دەخۆن و پێدەکەنن قامچیت لێ بدات.

لەودەمیدا دەمویست بیانکوژم ئەگەرچی دەسبەجێ منیان کووشتباوە، بەڵام زەربەکانی قامچی کە بەدوای یەکدا ویمدەکەوتن هەر جۆرە ورە و قەستی لێ ستاندبووم و لە ئاکامدا هەرچی لێیان ویستم وەڵامم دانەوە.

قسە و باسی ئاناتوول کە گەیشتە ئێرە چاوە نەخۆشەکانی بە ئامادەبووان‌دا گێرا و گوتی:

- من نەتەنیا ڕقم لە ئەڵمانییەکان و لەو هێنریخە نییە کە خوشکەکەمی کردۆتە کلفەتێکی بەدناو، بەڵکو ڕقم لە هەموو کەسێکە و لە تۆش پرۆسپێر، کە بە کەسێکی بێ غیرەتم دەزانی و لە تۆش (ژانت) کە بەزەییت بە چارەڕەشی مندا دێ. و ئەگەر دەبینن بۆ کوشتنی ئێوە کارێک ناکەم لە بەر ئەوەیە ئینسانێکی لاواز و بێتاقەت و بێ ورە و بەدبەختم و ئەوەندە چارەڕەشم کە تەنانەت ژنە بەرەڵا و خەراپەکانیش کە بۆ وەرگرتنی پارە ئامادەن لەگەڵ هەموو کەس هاونشین بن، ئامادە نین لەگەڵ من قسان بکەن. ڕۆژێک کە کەمێکم پارە هەبوو بە یەکێ لەو ژنانەم گوت کە پێکەوە سەیران بکەین، بەڵام داخوازییەکەمی ڕەدکردەوە، خۆزگە وەڵامێکی نەرێنی دەدامەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی وەڵامی ڕەد بداتەوە بە بێزەوە چاوێکی لە سەرتاپێی کردم ئەو کات بۆم دەرکەوت کە من تەنانەت لەبەر چاوی ژنێکی بەرەڵا و خەراپەشدا لە سەگ گڵاوترم.

ئەگەر ئاوام لێهاتووە . . . تاوانی من نییە. . . چونکە هیچکەس نەبووە کە بمخاتە ژێر چاوەدێری و پەروەردەوە. هیچ کەس نەبوو پێم‌بڵێ دەبێ چ بکەم. . . هەتا وەک ئەوانی تر بە هێز و بە ورە بم. .

ئاناتوول بێدەنگ بوو و سیغارەکەی کە هەروا بە لێویەوە بوو، بەڵام هەڵی نەکردبوو فڕێ دا و ڕوخسار و ناوچاوانی سیس و خەمبار بوو. زیندانەوان و هاوسەرەکەی وەیانزانی کە ئەم لاوە چارەڕەشە نزیکە دەست بکا بە گریان.

بەڵام ئاناتوول سەری بەرز کردەوە و گوتی: من هەر چەند بێغیرەت بم لەلای ئێوە ناگریم هەتا بەزییتان پێمدا بێ. پێویستیم بە بەزەیی تۆ و ژنەکەت نییە و ڕقم لە هەمووتانە.

ئەودەم ڕووی سووڕاندەوە و ڕووی لە دیوار کرد. ژانت قاوە کوڵاوەکەی کە

لەسەر سۆبە بوو هەلگرت پیالەیەکی قاوەی دەستکرد (چون ئەودەمی لەفەرەنسا قاوەی سروشتی نەبوو) لە پیالە کرد و دوو کلۆقەندی تێهاویشت و لێکی دا و دای بە ئاناتوول و گوتی:

- وەرە ئەم قاوەیە بخۆوە با بێیتەوە سەرخۆ.

ئاناتوول چاوە نەخۆشەکانی (کە پێلۆکانی سوور ببوون) لە ژانت کرد و کووپەکەی لە دەستی وەرگرت و بە خۆشی و ئیشتیاوە نۆشی. دوایە ژانت گوتی:

- ئەمشۆ، شەوی جێژنی نۆئێلە و نابێ بێلێن ئەو زیندانییە لێقەوماوانە کە هیچ تاوانێکیان جگە لە نیشتمانپەروەری نییە برسی بمێننەوە. دوێنێ براکەم بە بۆنەی جێژنی نۆئێل گوێلکێکی سەربڕیوە، کەمێکی لە گۆشتەکەی کردە پاتە[1] و نەختێکیشی دا بە ئێمە. بۆ هەر دیلەی هێندێک پەتاتە و نان دێنم تۆش لەگەڵ پرۆسپێر دەچی بۆ ژوورەکان و ئەو پەتاتەیە لە نێو ئەم چارەڕەشانە دابەش دەکەی.

ئاناتوول دوای کەمێک دوودڵی وەلامی گوتی باشە و پرۆسپێر بەستەیەک توتنی ڕەشی لە خەلوەتی دەرهێنا و بە ئاناتوولی گوت:

- وەرە ئەو توتنە بگرە با ئەمشۆ و سبەی بێجگەرە نەبی.

لەو دەمەدا دەنگی زەنگی دەرگای زیندان هات، هەرسێک بێدەنگ بوون تا کاتێک دەنگەکە تەواو بوو.

- ئەوە هەر ئەو ژنەیە کە دەبێ ئەمشۆ بێتە لای هێنریخ. ئەو دەمی کلیلی دەرکی دەرێیدا بە ئاناتوول و گوتی:

- برۆ دەرکەی بکەوە ئەو ژنەی بۆ دیوی هێنریخ بەڕێبکە و دوایە دەرگاکە داخەوە. من لێرە چاوەڕێی گەڕانەوەتم.

ئاناتوول دوای ئەوەی دەرکەی کردەوە خوشکەکەی بۆ ژووری هێنریخ ڕێنوێنی کرد و گەڕاوە ژووری زیندانەوان و چێشتەکەیان لە نێوان زیندانییەکاندا دابەش کرد. ئەودەمی ئاناتوول چووە سووچێک کە جێخەوی بوو و خەوت. زیندان وەک شەوەکانی دیکە نوقمی بێدەنگی بوو و جگە لە

---

[1] - پاتە یەکێک لە خواردەمەنییەکانی فەرانسەوییەکانە کە هەڵکەو گۆشت تێکەڵەیە دەشێلن کە بە جۆری کوڕکی دەردەخەن.

چرایەکی کەمشوق، کە بۆ پێشگرتن لە ترسی بوردومان لەسەر فانۆسەکە کاغەزی شینیان دانابوو، هیچ شتێکی ئەو زیندانە سەرنجی ڕێبوارانی بۆ لای خۆی ڕانەدەکێشا.

هێنریخ، گرووبانی ئەڵمانی، لە ژوورەکەی خۆیدا بە جلەوە لە سەر تەختەکە ڕاکشابوو و خەوی لێکەوتبوو و ئێستا شووشە کۆنیاکەکەی کە سێبەشی لێخواردبۆوە بەدەستەوە بوو.

لە دەوروبەری هێندێک خۆراکی جۆراوجۆر، لەناو ئەو کاغەزانەی کە لە دووکانەکان پێچرابوونەوە، لەسەر مێز و تەختەکە دەبیندران و خوشکی ئاناتوول هەرچەند برسی بوو و دەیویست لەم خواردەمەنیانە بخوا، بەڵام لە خۆی ڕانەدەدیت و چاوەڕێ بوو کە هێنریخ لە خەو هەستێ.

خوشکی ئاناتوول دوای چوونە ژور، قەمسەڵە تەنکەکەی کە بەرۆکی لە پێستی کەروێشک بوو دانا و بەسەر کورسییەکەی دادا ، بەڵام دوایی لەبەر تەزووی سەرما، قەمسەڵەکەی بە شانی دادا، سەری گرتە نێو هەر دوو دەستی و چاوەڕێ بوو کەنگێ نیوەشەو[1] دادێ و هێنریخ لە خەو هەڵدەستێ.

زیندانەوان لە دیوی خۆی لە سەر تەخت نووستبوو و ژانت لە قەراخی ڕاکشابوو و سێ منداڵی زیندانەوان هەر لەو دیوەدا نووستبوون و دایکان گوێی لە دەنگی هەناسەی ڕێکوپێکیان دەبوو.

ژنی زیندانەوان کە خەوی لێ نەدەکەوت ئاخێکی هەڵکێشا دەستە زبرەکانی کە بە کاری ماڵێ هەڵماسیبوون (ئەستوور ببوون) لە سەر زگی دانا. ئەودەمە منداڵێک کە لەزگیدا بوو جووڵاوە. بە جووڵانەوەی ئەو بوونەوەرە چکۆلە، هاوسەری زیندانەوانەکە کەیفخۆش بوو، بەڵام لەناکاو لە ژووری ژمارە دەوە دەنگی هاواروناڵەی قووڵ و بەسۆز هەستا و تێکەڵ بە بێدەنگی شەو بوو ئەو دەنگە ئەوەندە ترسناک و ناخۆش بوو کە ژانت موچڕکی پێداهات و گوتی: خوایە بە فریای ئەو داماوە بگە.

ئەو داماوە کە ژانت بۆی دەپاڕاوە لەدیوی ژمارە ١٠ زیندانی بوو کە ناوی دوکتور سامۆئێل بوو. هەتا ئەودەمە سامۆئێل بێهۆش بوو هەر کە وەهۆش

---

[1] -نورووپاییەکان لە شەوی جەژنی نۆئێل دا، (جەژنی لەدایکبوون) لە نیوەشەودا شەو دەخۆن.

هاتەوە لە نەکاو تەواوی برینەکانی کزانەوە.

لەو دە ڕۆژەدا، سەرتاپێی ئەو دیلە داماوە، بە برین داپۆشرابوو و کاتێک کە هەستا یەکەم شتێک کە بە بیری داهات ئەوەبوو کراسەکەی بە لەشییەوە نووساوە .

(سامۆئێل) زۆر دەترسا کراسەکەی بە لەشیەوە بنووسێ، چونکە دەیزانی سبەی کاتێک کە دەیبەن بۆ پرسینەوە (والتێر) سەربازی ئەڵمانی کە لە فەرمانبەرانی "گێشتاپۆ"یە، بەر لە هەموو شتێک کراسەکەی لەبەر دادەکەنێ و ئەو کراسە کە بە برینەکانەوە نووساوە کاتێک لە ناکاو لە لەشی دێتەدەر وەک ئەوەیە کە تەواوی پێستی لەشی لێدەکەنەوە. ئەو دەم لە برینە تازەکانی کە دوێنێ دروست بوون خوێنی سوور و گەش دێتە خوار و لە زامە کۆنەکانی خوێنی ڕەشتر کە تێکەڵاو بە چڵکوکێمە دێتەدەر. ئەو کارە، هەموو ڕۆژێ بەیانیان لە نووسینگەی ئەفسەرێکی ئەڵمانی دووپات دەبێتەوە.

لێپرسینەوە هەمیشە بە لێدانی قامچی تێل دەستی پێدەکرد ئەرنێست ئەفسەری ئەڵمانی دوای ئەوەی مەودای خۆی و زیندانییەکەی بە چاو دەپێوا، قامچی تێلی وەکار دەخست، قامچی وەک ئەفعی لای سەرەوەی قاچی و بەشێک لە زگ و پشتی سامۆئێلی دادەگرت. ئەو زەربە قامچییە، دوکتور سامۆئێلی بە تەواوی لە خەوی شەوی ڕابردوو، واتە لە بێهۆشی و بێوازی دوێنێشەوێ وەخەبەر دێنا. ئەرنێست، ئەفسەری ئەڵمانی، کاتێک کە دەیدیت دوکتور سامۆئێل هەستاوە، پێدەکەنی و ددانە سپێکانی وەدەر دەکەوتن. ئەو ئەفسەرە ئەڵمانییە لە کاری خۆیدا زۆر شارەزا بوو و زۆری پێخۆش بوو شارەزایی و لێزانی خۆی لە ئەشکەنجەدا هەموو ڕۆژێ تاقیی بکاتەوە.

ئەرنێست ئەفسەری ئەڵمانی، پیاوێکی باڵابەرز بوو کە بەرزایی باڵای دەگەیشتە مەترێک و هەشتا سەنتیم و شانازیی دەکرد کە یەکێ لە ئەندامانی "دەستەی هەڵمەت"ە. چونکە لە دەستەی هەڵمەتی حیزبی نازیدا ئەوی باڵابەرز نەبوایە، وەریاننەدەگرت.

کاتێک ئەرنێست هاتە ناو دەستەی هەڵمەت، هێشتا تەمەنی لە هەژدەی تێنەپەڕاندبوو و فێرکاریی سەرەتایی لەژێر دەستی" ویلهێلم " ئەفسەری

بەناوبانگی دەستەی هەڵمەت کە پلەی "ئونتراشتۆرم فوڕ"ی هەبوو، کە ئێمە بەو پلەیە دەڵێین مولازم، فێر ببوو.
دوایی قۆناخە جۆراوجۆرەکانی سەربازیی لەناو دەستەی هەڵمەتی حیزبی نازیدا تێپەڕاند. سەرەتا بوو بە(ئۆنترشارفوڕ) دوایە (ئۆبرشارفوڕ) و دواتر (هۆپت شارفوڕ) . ئەگەر بمانهەوێ بە زمانی ئاسایی وەریگێرینەوە دەبێ بڵێین سەرەتا بوو بە سەرجووخە دوایی گرووبان و دواتر سەرگرووبان*.
حیزبی نازی بۆیە ئەو وشە ڕەق وتەقانەی بۆ پلە سەربازییەکانی خۆی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی لە لاوەکاندا کاریگەر بێ. کاتێک ئەرنێست گوێی لێدەبوو کە ژێردەستەکانی بە ناوی (هۆپت شارفوڕ) بانگی دەکەن جۆرێک لە خۆبایی دەبوو و وەها بەفیز و لووت بەرز دەبوو، دەتگوت بۆتە پادشای سەر زەوی.
بەڵام ویلهێلم کە سەرۆک و باڵادەستی ئەرنێست بوو، ئەوەندە دڕندە و بێبەزەیی بوو کە ئەندامانی دەستەی هەڵمەت کاتێک پێکەوە باسی ئەویان دەکرد . دەیانگوت تەواوی بوونەوەرەکانی دونیا خودا سازی کردوون، تەنیا ئەو کەسە نەبێ (واتا ویلهێلم) کە هەڵاواردەیە.
کاتێک هاتە ناو دەستەی هەڵمەت و لە ژێر چاوەدێری ویلهێلم دەستی بە کار کرد ویلهێلم خەریکی فێرکردن و ڕاهێنانی ئەم لاوە هەژدە ساڵە بوو و یەکەمین دەرسی کە فێری کرد ئەوە بوو چۆن دەبێ بە دەرزی یان سنجاخ چاوی چۆلەکەیەک یان بۆقێک کوێر بکەین.
دەرسی دووهەم ئەوە بوو چۆن دەتوانین بە مەقاش و گازی نەشتەرگەری (پەنس) زمانی چۆلەکەیەک دەربێنین.
کاتێک بە ئەمری ویلهێلم لاوی هەژدە ساڵە خەریکی دەرهێنانی زمانی باڵندە بوو ویلهێلم لە سەر کورسی دانیشتبوو بەو قامچیە کە لەدەستیدا بوو لە چەکمەکانی دەدا و هەستی ڕاگرتبوو کە داخۆ ئەرنێست دوودڵ دەبێ؟
بەڵام ئەرنێست لە ترسی ئەوەی نەکا ناشیاو و نافەرمان بنوێنێ دەستووری ویلهێلمی بە تەواوی بەرێوە برد و تەنیا دوای تەواوبوونی کارەکەی ئیزنی

---

* گرووبان: عەریف ــ سەرجووخە: نایب عەریف

وەرگرت تاوێک لە ژوورەکە بچێتە دەرێ و دوای چونەدەر لە ژوورەکە خۆی گەیاندە دەستشۆیی و کەمێک تالآو و زەرداوی هێناوە.
بەلآم دوای گەرانەوەی ئەرنێست، ویلهێلم کە پێدەکەنی و بە قامچییەکەی لە چەکمەکانی دەدا دەستووری بە قوتابیە لاوەکەی خۆیدا کە ئەو کارە دووپات بکاتەوە و دیسان زمانی چوێلەکەیەکی دیکە لە زاری دەربێنێ؛ لە ئوردووگای دەستەی هەلمەت بالندە و بوونەوەری دیکە خڕکرابونەوە کە هەمیشە بەوشێوەیە تاقیکارییان لە سەر بکرێ.
کاتێک پلەی زانیاری ئەرنێست گەیشتە جێگایەک کە توانی پەروپۆی بالندەیەکی زیندوو یەکەیەکە وەک پەلکی گولی سوور لە بنەوەڕا دەربێنێ و هیچ هەست بە ناخۆشی و بەزەیی نەکا، ئەوکات ویلهێلم سەگێکی ڕەش و چکۆلە و بەوەفای پێشکەشی ئەرنێست کرد.
ئەرنێست ناوی سەگە چکۆلە و مێهرەبانەکەی "نیکی" نا، و بۆ هەر شوێنێک دەرۆیشت نیکی بە دوایەوە بوو و هەرکات دادەنیشت، نیکی بە سەد جۆر کایەی بۆ دەکرد. ئەرنێست ئەوەندە ئەو حەیوانە کەشخە و چکۆلەی خۆشدەویست کە نەیدەتوانی ڕۆژێک لێی دوور بێ.
کاتێک ویلهێلم زانی قوتابییەکەی بەڕاستی سەگەکەی خۆشدەوێ، دەستووری پێدا کە نیکی بە شێوەیەکی تایبەت بکوژێ.
ئەرنێست کە ئەو حوکمەی گوێ لێبوو پانیی چەکمە کانی لێکدا و خەبەردار ڕاوەستا، گوتی:
-ئاغای (ئۆنتراشتووریم فوڕ)دەکرێ داوات لێبکەم ئەم تاقیکاریە لەسەر سەگێکی دیکە بەڕێوەبەرم.
ویلهێلم کە قەمچییەکەی بە ئارامی لە چەکمەکانی دەدا پێکەنی و گوتی:
(ناین - لیەبر - ئەرنێست) واتە نا ئەی ئەرنێستی خۆشەویست، دەستوورم دا نیکی بکوژی.
ئەرنێست سەگە بەوەفاکەی گرت و قەپۆزی ماچ کرد دوایی لە سەر تەخت ڕایکێشا و دەست و پاشووی بە تێل بەست، سەگەکە وەیزانی ئەوەش گەمەیەکی تازەیە، هیچ نارەزایی دەرنەبڕی، بە تەواوی خۆی بەدەستەوە دابوو کە هەر

کارێک پێی خۆشە بیکا.
ئەرنێست هەرگیز ئەو نیگا سەرسوورهێنەرەی سەگەکەی لەبیر ناکا، کاتێک بەپێی دەستووری ویلهێلم خەریکی جوداکردنی ئەندامەکانی ئەو گیانەوەرە بوو. کاتێک ئەو گیانەوەرە بەستەزمانەی جەزرەبە دەدا فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتەخوارێ.
دوای تەواوبوونی کارەکە، ئەرنێست چووە ژوورەکەی خۆی و ئەوەندەی شەراب خواردەوە کە بە تەواوی بێهۆش بوو. بەیانی کە لەخەو هەستا و لەسەر خزمەت حازر بوو، ویلهێلم مزگێنی پێدا کە بە پلەی (ئەشتراب شارفۆر) گەیشتووە. پاشان گوتی:
- ئێستا کاتی نزیکبوونەوە لە دەرەجەی ئەفسەری خۆتە و ئەگەر دەتهەوێ بە پلە و پایەی سەرتر بگەی قەت ئەو دەستوورانە لەبیر مەکە . لە دونیادا کەست خۆش نەوێ، لە بەرامبەر ئەفسەرانی بالادەست چووک و گوێڕایەڵ بە، لەگەڵ هاوڕێز و هاوپلەی خۆت بسازێ. لە هەمبەر ژێردەستان توندوتیژی بە.
کاتێک خولی فێرکاریی سەرەتایی ئەرنێست تەواو بوو، بالادەستەکانی، بۆ گرتووخانەی"بادسولز"یان نارد و لەوێ ئەو شتانەی فێریان ببوو تەنیا لە هەمبەر جوولەکان و کۆمۆنیستەکان بە کاری دێنا.
خودی ئەرنێست دەیگوت کە ئەشکەنجە و ئازاری جوولەکان و کۆمۆنیستەکان زۆر ئاسانترە لە ئازار و ئەشکەنجەی سەگێک؛ بەتایبەت ئەگەر سەگەکە وەک نیکی جوان و میهرەبان بێ. شتێکی تازە کە ئەرنێست لەو زیندانە فێریبوو، ئەوە بوو کە جیا لە ئەرکی ئاسایی، جاری وابوو لەگەڵ دیلەکان گەمەی دەکرد.
بۆ وێنە کاتێک کە گرووپێکی پازدە نەفەری لە زیندانییەکان، لە ریزێکدا و لەسەر دوو کاریتەداری بڵێند کە لەسەر کەندەلانێکی قووڵ دانرابوون، دانیشتبوون و شەڵواریان داکێشابوو و خەریکی کاری سەرئاوێ بوون، لەناکاو ئەرنێست وەک شەیتانۆکە کە لە قوتووی یاری منالان دەردەپەرێ لە گۆشەیەک سەری دەردێنا و زیندانییەکان کە لەناکاو دەیاندی دەتۆقان و لەجێ هەڵدەستان و شالوار بەدەست هەڵدەهاتن و چون قاچیان بە زنجیر بەسترابۆوە، دەکەوتن، دیسان هەڵدەستانەوە و هەڵدەهاتن. بەهەڵکەوت، لە

ناو زیندانییەکان کەسانێک هەبوون کە تازە هاتبوونە گرتووخانە و ئاگایان لە گەمەکانی نەبوو و ئەوان لەجێی خۆیان دادەنیشتن، سەریان سوڕ دەبوو نەیاندەزانی چبکەن.

ئەودەمی ئەرنێست بە زەربەی قامچی وەریاندەگەرایە، هێندێک خۆیان بۆ رانەدەگیرا و سەراوبن لە قووڵکەکەی دەکەوتن، چونکە دیواری قووڵکەکە بڵێند بوو نەیاندەتوانی بێنەوەسەرێ. لەناو پیسایدا دەست و قاچیان لێدەدا و ئەرنێست قاقا پێدەکەنی. ئەو وەختە دەچوو بۆ لای ژوورەکەی خۆی، کە لە حەساری گرتووخانەکە بوو. لەژێر ئاوەکە لەشی خۆی دەشۆرد تاکوو ئاسەواری بۆگەن و بۆسار کە کاتی سەیرکردن لە هەوادا بڵاوببۆوە لەنێو ببات.

لە مانگی ژوئیەی سالّی ١٩٣٧ی زایینیدا ئەرنێست لەگەڵ دەستەیەکی هێزەکانی هەڵمەت ڕاسپێردرا کە لە نزیکی (ویمار) گرتووخانەی (بوخن والد) دروست بکا. دواتر لە سالّی ١٩٣٩ زایینی بۆ گرتووخانەی (داخو) کە کۆنترین گرتووخانەی ئەڵمان بوو گوێزراوە و چونکە ئامۆژگاری ویلهێڵمی بۆ سەرنجی باڵادەستەکان لەبیر بوو، هێندێک لە جوولەکەی گرتووخانەکان کە هەموویان ژەنیار بوون خڕ کردەوە و شاندیکی ئۆرکێستێری پێکهێنا.
ئەو دەستە ژەنیارە جۆرێک بوونە جێ سەرنجی باڵادەستەکان، کە خزمەتی گەورە و سەرنجڕاکێشی ئەرنێست لە پەروەندەی ئەندامەتی ئەودا تۆمار کرا و بەتایبەت ئەم شاندە رۆژێک کە دەیانویست ژن و پیاوێک لە زیندان ئیعدام بکەن زۆر سەرنجراکیش بوو.

ئەو ژنە کچێکی ئەڵمانی بوو کە لە جلشۆریی زیندان کاری دەکرد و لەگەڵ یەکێ لە جوولەکەکان کە لە زینداندا بوو پەیوەندی خۆشەویستی پەیدا کردبوو و هەرچەند کە پەیوەندیی ئەو دوو کەسە هیچ هۆیێکی سیاسی نەبوو و تەنیا پەیوەندیی مرۆڤانە و دۆستانە بوو، بەلاّم هەردووکیان خستە ژێر ئەشکەنجە هەتا ئیقراریان لێبیستن.

ڕۆژێک کە کچە ئەڵمانیکەیان ئەشکەنجە دەکرد و لە لەگەنی حەمامێیان هەڵکێشابوو کە پڕبوو لە سەهۆڵاو. ئەرنێست لە دیتنی بارودۆخی ئەو ژنە حاڵێکی سەیری پەیداکرد کە خۆشییەکەی هەتا چەند ساڵ لەبیر بوو. باش

وەبیری دەهاتەوە کە کاتێک سەری ئەو ژنەیان لە سەهۆڵاو هەڵدەکێشا یەکێ لە پاسەوانەکان دەیگوت ئاگاتان لە ژێری بێ، هەردەم لەوێ بلّقێک هاتە دەر نیشانەی ئەوەیە خەریکە بخنکێ، دەبێ زوو سەری لە ئاو بێننە دەرێ.
دوایی ئەو ژن و پیاوەیان پشتبەپشتی یەکەوە و بە ڕووت و قووتی لە سێدارە دا.
هەرکە پەتی سێدارە هەڵکێشرا، ئۆرکێستێری زیندان یەکێ لە ئاهەنگەکانی (شۆپەن) مۆسیقازانی بەناوبانگ، بەناوی (مۆسیقای شینگێڕی) لێدا و دواتر لەحاڵێکدا کە یەکێ لە سروودەکانی ئەڵمان دەخوێندرایەوە، تەواوی دیلەکانی زیندان لە بەرامبەری ئەو دوو لەسێدارەدراوە ڕێزە ڕۆیشتن هەتا بۆ هەموان بێتە ئامۆژگاری.
هەر ئەوشەوە فەرماندەی گرتووخانە لە بەردەم تەواوی ئەفسەرانی ئامادەبوودا بەهۆی پێکهێنانی ئەو شاندە ئۆرکێستێرە سپاسی لە خزمەتەکانی ئەرنێست کرد و هەشت ڕۆژی دیکە پلەی ئەرنێست چووە سەرێ و بوو بە ئەندامی (گهیم ئێشتات پۆلیت زی) کە دوایە ئەم ئیدارەیە لە تەواوی دونیا بە گێشتاپۆ ناوی دەرکرد.
بەڵام چونکە مرۆڤ لە هەموو گەمەیەک وەڕەز دەبێ . بە تێپەر بوونی زەمەن ئیدی ئەرنێست لە ئەشکەنجە کردنی خەڵک کەیف خۆش نەدەبوو و تەنانەت لەکاتی جەزرەبەشدا سەرنجی نەدەدا بە بارودۆخی زیندانییەکان. بۆ وێنە ئەگەر کەسێکی لاوازی ئەشکەنجە دەکرد بە خۆی دەگوت ئەو پیاوە لەجیاتی ئەوەیکە خۆی لە ڕووداوە سیاسییەکاندا هەڵ قوتاندبا، باشتر وابوو کەمێک ئاگای لە حاڵی خۆی با. یان ئەگەر یەکێ لە نیشتمانپەروەران چاوی هەڵماسی*بایە، ئەرنێست بە خۆی دەگوت ئەو پیاوە لە جیاتی ئەوەی لە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەراندا کاربکا باشوابوو بچێ و نەخۆشی گورچیلە و جەرگی چارەسەر بکا کە پێڵووی چاوەکانی ئاوا نەماسن، بەڵام لەو چەند ڕۆژەدا کە دوکتور سامۆئێلی جەزرەبە دەدا هەستی دەکرد وەک جاران لەو کارە خۆشحال دەبێ. چونکە دوکتور سامۆئێلی جوولەکە لە نیشتمانپەروەرانی فەرەنسا بوو کە لەبەرامبەر تەواوی ئەشکەنجەکاندا

* هەڵماسین، هەڵمسان: حاڵەتێکی وەك هەوکردنی دەموچاو و بە گشتی باکردنی شوێنەکانی لەش

خۆراگری دەکرد و قەت قسەی نەدەکرد، کەچی ئەوانی دیکە هەر بە یەکەمین ئەشکەنجەدا ورەیان لەدەستدەدا و هەرچی لێیان دەویستن و زۆرشت کە نەیاندەویست، وەڵامیان دەداوە.

لەو ڕۆژەدا، کاتێک بۆ جارێکی دیکە دوکتور سامۆئێلیان لە زیندان هێنا لای، ئەرنێست کە لە ژوور قەدەمی لێدەدا و قەمچیی لەدەست دابوو، بە دەنگێکی بە ڕواڵەت بە ئەدەبانە و سەنگین بوو گوتی:

– ئاغای دوکتور سامۆئێل بەیانیت باش. فەرموو دانیشە.

ژوورێک کە هەموو ڕۆژێ دوکتور سامۆئێل دەهاتە وێ، واتا ژووری ئیشوکاری ئەرنێست، دوو پەنجەرەی گەورەی هەبوو کە ڕوو بە باخ دەکرانەوە و هەموو ڕۆژێ دوکتور سامۆئێل لەو دوو پەنجەرەیە دیمەنی باخەکەی لە وەرزی زستاندا دەدیت و هەموو ڕۆژێک کلکهەڵتەکێنەیەک دەهات لە قەراخی پەنجەرەکە دەنیشتەوە و دیسان هەڵدەفڕی و دووبارە لە قەراخی پەنجەرەکە دەنیشتەوە. هاتوچۆی ئەوکلکهەڵتەکێنە کە سەمبولی ئازادی بوو بە جۆرێک دوکتور سامۆئێلی نارەحەت دەکرد کە هەر ڕۆژی یەکەم فرمێسکی لەچاوان گەڕا.

هەر لەو ڕۆژەوە دوکتور سامۆئێلیان گرت و هێنایانە بەردەمی ئەرنێست، ئەو پیاوە بڕیاری خۆیدا و سووربوو کە قەت قسان نەکا. دوکتور سامۆئێل دەیزانی کە زۆر لە ئەشکەنجە دەترسێ. ئەگەر لە ژێر ئەشکەنجەدا، وشەیەک، تەنیا وشەیەکی لە زار بێتەدەر، ئەودەم وەک دەڵێن، قسە قسەی دێنێ، ناچار دەبێ شتی دیکە بڵێ و چونکە ئەو ڕێکخراوەی دوکتور سامۆئێل سەرۆکی بوو و لە بیست و پێنج نیشتمانپەروەر پێکهاتبوو نەتەنیا ئەو بیست و پێنج کەسە قۆڵبەست دەکران و لەناو دەچوون بەڵکو بە گیرانی ئەوان، دەستەیەکی سەد کەسی و دووسەد کەسیی دیکەش دەگیران و بە تەواوی ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەران لێک بڵاو دەبوو.

دوکتور سامۆئێل دەیزانی تەواوی ئەو کەسانەی دەکەوتنە بەر لێپرسینەوە، هەر لەبەرئەوە ناچار دەبن تەواوی نهێنی خۆیان بڵێن کە لە پێشدا تەنیا وشەیەکیان بە سەر زار دادێ و پێیان وایە ئەو تاقە قسەیەی وان بێ مانا و بێ

مەترسیە.

ئەودەم کە بازپرس ئەو قسەی گوێ لێ دەبێ پرسیارێکی دیکە دەکا کە ئەویش بەلای گومانلێکراوەکە بێ بایەخ دەنوێنێ. وەلامی دیکە دەداتەوە وادەزانێ بێبایەخە. بەمجۆرە قۆناخبەقۆناخ بە هۆی وەرگرتنی ئەم وەلامە بێبایەخانە بازپرس بەشێک لە نهێنییەکان دەزانێ و ئیدی گومانلێکراوە نازانێ بۆئەوەی بازپرس لەو وەلامانە بە مەبەست بگا، هەر بەو شێوەی دەسکێشان ئەم دیو ئەو دیو دەکەن، ئەویش وەلامەکانی گومانلێکراوەکە پێچەوانە دەکاتەوە هەتا لە زۆر نهێنی تێبگا.

لیپێچەرە ئەلمانییەکە هەموو شەوێ دوای ئەوی دیلەکە دەگەڕاوە زیندان، ئەو وشە بێمانایانەی لەوێ بیستبوونی لە سەر کاغەزێک تۆماری دەکرد دواتر بە قەلەمی خۆی وشەی لە مێشک دەردینا و لە جێ بەتالەکانی دادەنا. بەم جۆرە هەر ڕۆژێک کە تێپەر دەبوو ڕاستی تازەی بۆ وەدەر دەکەوت. کەچی زیندانییەکە دلخۆش بوو کە هیچ کام لە نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا نەکردووە.

بۆیە سامۆئیل لە ڕۆژی یەکەمەوە کە کەوتەژێر ئەشکەنجە، سوور بوو لە سەر ئەوەی بە هیچشێوەیەک زاری نەکاتەوە تەنانەت بۆ هاوارکردنیش. چونکە بیری دەکردەوە ئەگەر بۆ هاوارکردنیش زاری بکاتەوە لەوانەیە ئەم هاوارە بەپێچەوانەی ورە و بریاری وی، بەشێوەی وتەی مانادار لە زاری بێتەدەر. و ڕەنگە لەوەختی هاوارکردندا بێ ئەوەی بیهەوێ ناوێک بە زمانیدا بێ و ناوی یەکێ لە هاوکارەکانی ئاشکرا بکا.

هەموو ڕۆژێ کاتێک سامۆئێلیان دەهێنا ژوورەکەی ئەرنێست، لەپێشدا کراسەکەیان لەبەر دادەکەند و دوایە لە سەر کورسییەک دایاندەنیشاند و دەستیان لە پشتەوە بە کورسییەکەوە دەبەستەوە.

کورسییەکە لە جێگایەک داندرابوو کە لە پشتەوە سۆبەی لێبوو. بەتایبەت ئاگری سۆبەکەیان زیاد دەکرد تا سۆبەکە سوور دەبۆوە. ئەو کات بە هۆی تینی ئاورەکە برینەکانی سامۆئێل دەکزانەوە و ئارەقە لە تەواوی کونەکانی پێستییەوە دەهاتەدەر و ئەرنێست کە چەند شەقاو دورتر لە سەر کورسی دانیشتبوو و پانکەیەک فینکی دەکردەوە، چاوەڕێی وەلامی سامۆئێل دەبوو.

سامۆئـێل بـە لەشـی ڕووتی لەسـەر کورسـییەکە، بارودۆخـێکی فەقیرانـە و بـێزارکەری هـەبوو و "فریـدا" ژنـە پیتـچنەکە، کـە لـەو دیـوە بـوو ڕقـی خـۆی نەدەشاردەوە.

لـە دە ڕۆژ بـەولاوە (فریـدا) کـە لەگـەڵ ئەرنێـست پەیوەنـدیی نـاڕەوا و دژە ئـەخلاقی هـەبوو لـە پـشت مەکینـەی تایپەکـەی دادەنیـشت و چـاوەڕێ بـوو دانپێدانانی سامۆئێل تایپ بکا، بەڵام لە سێ دێڕ پتری نەنووسیبوو و ئەو سێ خەتەش ئەو ناوەڕۆکەی هەبوو:

"ئانفراگە- دسـس سـوگناتن - گلوکشتین - سامۆئێل - ژۆد دکتـراین مـدیت زیـن - گبورن - ایم پاریس - دن ٢٣ سێپتامبر١٩٠١ - کازیمیر پریە - اشتراسە ٨"

مانای ئەو وشە ئەڵمانیانە بەم شێوەیە:

"لێپێـچەری گلوکشتێن سامۆئێل - جوولەکـە - دوکتـور لـە پزیـشکیدا - لـە دایـک بووی شاری پاریس - لە ڕێکەوتی ٢٣ی سێپتامبری ١٩٠١ نیشتەجێ لـە خـانووی ژمارە هەشت شەقامی کازمیمیرپریە".

ڕۆژی یەکەم کە سامۆئێل ڕووت و قووت لـەو ژوورە جـێگر بـوو پـێی نـاخۆش بوو ئەو ژنە قەڵـەوە ئەڵمانییـە لـەوێ بـوو و بـۆ ئـەوەی شـەرمی خـۆی داپۆشـێ قاچەکانی خستە سەریەک.

ئەرنێست پێیزانی کە بۆچی سامۆئێل قاچـەکانی لـە سـەریەک دانـاوە. لـە پـشت مـێز هەسـتا و بـە قەمـچیەوە، لـە پـشت کورسـی سامۆئـێل، دەسـتی کـرد بـە پیاسەکردن. پاشان، لەناکاو قەمچیەکەی بە توندی لە قاچەکانی سامۆئێل دا.

سامۆئێل لەتاوان، ناچـار لاقـەکانی بـڵاو کـرد و شـەرمی وەدیـار کـەوت. پاشـان ئەرنێست بە زمانی ئەڵمانی چەن قسەی لەگەڵ ژنە تایپیستەکە کرد کە سامۆئێل تێی نەگەیشت، بەڵام دیار بوو قسەیەکی پێکەنینییە، چون فریـدا قـاقـا پـێدەکەنی و هـەتا ماوەیـەک لەبـەر پـێکەنین سـینگی لـە ژێـر بلـووزە پەشمینەکەیـەوە دەجووڵایەوە.

لەو ڕۆژە بە دواوە، ئیدی سامۆئێل پێداگر نەبوو کە لەبەردەم ئەو ژنە شـەرمی خـۆی بـە لاق خـستنە سـەر لاق بـشارێتەوە و حـەولی دەدا کـە بـوونی ئـەو ژن و پیاوە ئەڵمانییە کە لێپێچەر و چەوسێنەری ئـەو بـوون لـەو ژوورەدا هـەر لـەبیر

بکا و بیری دەکردەوە باشترین شت بۆ فەرامۆشکردنیان ئەوەیە کە بیر و فکری خۆی لە سەر بابەتێکی تایبەت وەک بەرد و دار و ئاو و شتی دیکە کۆ بکاتەوە. هەتا بتوانێ بەم شێوەیە فەرامۆش بکا لەو ژوورەدا دوو کەسی دیکەی لێیە.

لە ڕۆژی یەکەمەوە کە سامۆئێل هاتە ناو ڕێکخراوی نیشتمانپەروەرانی فەڕەنسی، دەیزانی ڕەنگە ڕۆژێک دابێ قۆڵبەستی بکەن و لە زیندانی توندبکەن.

سامۆئێل لە زیندان و بەتایبەت ئینفرادی زۆر دەترسا و بیری دەکردەوە ئەگەر ئەم ڕووداوە بێتە پێش، ساتەکانی زیندان، لە ژووردا، بۆ وی زۆر دوورودرێژ و دوور لە تاقەت دەنوێنێ.

بەڵام ئیدی نەیدەزانی ڕۆژێک دادێ هەر ئەو ژوورە ئینفرادیە کە بە ڕای وی زۆر ترسناکە، بۆ ئەو دەبێتە باشترین جێگای تەناهی و ئاسوودەیی، چونکە کاتێک دەیانهێناوە ژوورەکە، خاترجەم دەبوو کە تا سبەینێ بەیانی جەزرەبەی نادەنەوە.

دوکتور سامۆئێل منداڵ نەبوو و دەیزانی ئەڵمانییەکان جەزرەبەی دەدەن، بەڵام پیی وابوو لە ژێر ئەشکەنجەدا دەمرێ ؛ ئیدی نەیدەزانی ئەفسەرەکانی حیزبی نازی و پۆلیسی سیاسیی ئەڵمان زۆر وریاتر و شارەزاترن لەوەی لە ژێر ئەشکەنجەدا بیکوژن.

جیا لەوەش دوکتور سامۆئێل هەمیشە شووشەیەکی پڕ لە (سیانۆردۆپۆتاسیۆمی) پێبوو کە ژەهرێکی بەهێزە. بیری دەکردوە هەرکە ئەڵمانییەکان هاتن شووشەکەی قووت دەدا و دەسبەجێ گیان دەدا و ئیدی پۆلیسی سیاسیی ئەڵمان ناتوانێ لە ژێر ئەشکەنجەدا ناچاری بکا ڕاستییەکان بڵێ.

دوکتور سامۆئێل یەکێ لە ئەندامانی سەرەکیی ڕێکخراوی نیشتمانپەروەران بوو کە لە ماڵە خۆیان دەزگایەکی بێتەل بنێر و وەرگری هەبوو کە هەموو ڕۆژێ لە کاتێکی دیاری کراودا لەگەڵ لەندەن خەریکی ناردن و وەرگرتنی هەواڵ بوو و فەرمانی لەوێ وەردەگرت.

ئەو دەزگا بێتەلە لە سندوقێکدا بوو و بەتایبەت جۆرێکیان ساز کردبوو کاتێک ئەڵمانییەکان بێن، دوکتور بتوانێ هەڵیگرێ و لە پەنجەرەی ژوورەکەرا فرێی

بداته دەرێ و دەزگاکە تێکبشکێنێ.
ئانتێنی ئەو بێتەلە لە پلووسکی ماڵێ تێدەپەڕی و هەرساتێک دوکتور سامۆئێل دەیویست دەست بەکار بکا، گڕی سۆبەی ژوورەکەی هەتا ئەو جێگایەی دەیتوانی زیاد دەکرد و مەبەستی لەو کارە ئەوەبوو کە دەسبەجێ دوای هاتنە ژووری ئەڵمانییەکان بتوانێ کتێبی کۆدەکان، لە سۆبەکە بهاوێ و بیسووتێنێ.
چونکە دوکتور سامۆئێل لە ڕووی ئەم کتێبە و ڕەمزەکانی لەگەڵ لەندەن کاری ناردن و وەرگرتنی هەواڵی دەکرد و ئەو دەستوورانەی لە لەندەنی وەردەگرت لەگەڵ ڕەمزەکانی ئەو کتێبە پێکی دەگرتن.
دوکتور سامۆئێل لەرۆژێدا، پتر لە کاتژمێرێک خەریکی کار نەدەبوو. واتا زۆرتر لە کاتژمێرێک دوکتور لە پشت دەزگای بێتەل دانەدەنیشت و دوای تەواوبوونی کارەکە، سندۆقی بێتەل و کتێبی ڕەمزی لە گەنجەی دیواردا جێدەکردەوە و بە دوای ئەرک و ئیشی ئاسایی خۆیدا دەڕۆی.
لە ماوەی ئەم شێست خولەکەدا کوڕی یەکێ لە نیشتمانپەروەرەکان، لە نزیک دەرکەی ماڵ و لە دەرێ کێشکی دەکێشا و بەڕەواڵەت خەریکی تۆپێن و کایەی دیکە دەبوو، بەڵام لەڕاستیدا کاری ئەوە بوو ئاگای لە دوو لای کۆڵانەکە بێ. هەرکەس هات، ئەڵمانی بێ یان فەڕەنسی، دەسبەجێ دووجار لە زەنگی دەرکە بدا.
هەرکە زەنگی یەکەم و دووهەم دەزرینگاوە دوکتور بە خێرایی کارەبا، سندۆقی دەزگای بێتەل و کتێبی کلیلی ڕەمزەکانی لە حەشارگەکەی خۆی دادەنا، هەرکەس دەهاتە ژوورەکە دەیدی کە دوکتور بەتانییەکی لەخۆ پێچاوە لەکن سۆبە بەتینەکە دانیشتووە وەک ئەوەی نەخۆش بێ و هەست بە سەرما بکا.
هەرچەند هەتا ئێستا ئەو شتە ڕووی نەدابوو کەچی، دوکتور سامۆئێل هەموو ڕۆژێ جارێک ئەو کارەی دووپات دەکردەوە، واتە دەزگای بێتەل و کتێبی کلیلی ڕەمزەکانی لە حەشارگەکەی دادەنا، کە لە کاتی مەترسیدا دەستی بەو کارە ڕاهاتبێ.
بەڵام دوایی سۆبەی بە زەینیدا هات، واتا بیری کردەوە لەوانەیە ئەڵمانییەکان ماڵێ بپشکنن، هەر بۆیە بڕیاری دا لەکاتی ڕوودانی مەترسیدا لانیکەم کتێبی ڕەمزەکەی لە کوورە بهاوێ و لە ناوی بەرێ، هەربۆیە لەوەختی کاردا هەمیشە

کوورەکەی زۆر زیاد دەکرد. تەنانەت بەرگی کتێبی ڕەمزی لێکردبۆوە کە نەکا بەرگە ئەستوورەکەی کتێبەکە نەهێڵێ ئاگرەکە خێرا لەناوی بەرێ.

کوڕە جێمەتمانەکەی کە لە دەرێ کێشکی دەکێشا ئەرکی ئەوەبوو کە بەتایبەت وشیاری چەندجۆرە کەسان بێ.

یەکێ ئەوانەی بیستۆکی چکۆلەیان بەگوێ وەنابێ وەک ئەوەی کە کەڕن و جوان گوێیان لێ نابێ. ئەوانە کەسانێک بوون کە بە دەزگای بچووک (رادیۆگۆنیۆمیتر) لە کۆڵانەکان دەگەڕان هەتا بزانن لە کام ماڵ شەپۆلی بێتەل دێتەدەرێ.

هەروەها کەسانێکی کە دەبوو کوڕە ئەرکناسەکە پارێزیان لێ بکا، پۆلیسەکانی فەڕەنسی و ئەڵمانی بەگشتی و لە ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس بە تایبەت ئۆتۆمبێلە بێتەلدارەکان بوو.

ئەڵمانییەکان چەند ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەڵگرتنی دەزگای گەورەی رادیۆگۆنیۆمیتریان بەکاردێنا کە هەمووکات لە شەقامەکان بگەڕێن و شەپۆلەکانی سەر شار کۆنترۆڵ بکەن و بزانن لە کوێ شەپۆلەکانی بێتەل بەرز دەبنەوە.

کوڕەکە چاوەدێریی هەموو جێگایەکی دەکرد لەو حاڵەشدا خەریکی کایەش بوو، لەناکاو چاوی بە یەکێ لەو سەیارانە کەوت و بە دیتنی ئەو ئۆتۆمبێلە وا سەریسووڕما کە بە قەرای چرکەیەک نەیزانی دەبێ چ بکا. دوایی تۆپەکەی لە ناوەڕاستی کووچە بەجێ هێشت و بۆ لای دەرکەکە هەڵات، بەڵام پێش ئەوەی قامکی لە سەر زەنگ دانێ، یەکێ لە تیرهاوێژە ئەڵمانییەکان کە لەناو ئۆتۆمبێلەکە و لەتەنیشت شۆفیرەکەوە دانیشتبوو بە گوللەیەک کە لە شەشلوولێکی بێدەنگەوە هاویشتی، ژانی لە پێ خست و گوللەکە مێشکی پێکا و دەسبەجێ گیانی دا.

ئەڵمانییەکان لە سۆنگەی سیخووڕەکانیانەوە زانیبوویان کە ژان بە دوو زەنگی کورت، دوکتور سامۆئێل لە هاتنی دوژمن ئاگادار دەکا، هەر بۆیەش بە شەشلوولێکی بێدەنگ ئەویان لەناوبرد و دواتر ئەرنێست ئەفسەری پۆلیسی ئەڵمان، قامکی لە سەر زەنگی دەرگاکە دانا و زەنگێکی درێژ لێدرا.

خزمەتکاری ماڵی دوکتورسامۆئێل هات و دەرکەی کردەوە و ئەرنێست خێرا دەستی لە سەر زاری خزمەتکارەکە دانا، و لەگەڵ دوو هاوڕێی چوونە ناوماڵەکە. زوو کەلاکی ژانە چکۆلەیان لە کووچە هێناوە ژووریَ و دەرگایان داخست و چونکە کووچە چۆل بوو کەس کوشتنی ژانی نەدیت.

ئەرنێست بە دەنگێکی ئارام لە خزمەتکارەکەی پرسی کە هەرچی لێتدەپرسم دەبێ وەڵام بدەیەوە دەنا دەتخنکێنم. دوایە دەستی لە سەر زاری خزمەتکارەکە هەڵگرت و خزمەتکارەکە لە ناخەوە هەناسەیەکی کێشا، ئەرنێست پرسی:

– ئێرە ماڵی کێیە؟

خزمەتکارەکە کە زۆر تۆقابوو، گوتی:

– خاوەنی ئەو ماڵە ئاغای دوکتورە.

ئەرنێست پرسی:

– ناوی چیە؟

خزمەتکارەکە گوتی:

– ناوی ئاغای من دوکتۆر سامۆئێلە.

ئەرنێست گوتی:

دیارە یەکێک لە جوولەکە پیس و گڵاوەکانە.

قەرەواشەکە گوتی:

– گەورەی من کەسێکی بەڕێزە و لە سوپای فەرەنسادا خاوەن پلەی ئەفسەرییە.

ئەرنێست گوتی فەرەنسییەکان نەتەوەیەکن کە لە جوولەکەکان و کۆمۆنیستەکان پێک هاتوون، ئێستا پێم بڵێ ئەو پیاوە یەهوودیە لەکوێیە.

– ئەگەر دەتهەوێ ئاغای من ببینی دەڕۆم ئاگاداری دەکەمەوە.

ئەرنێست گوتی:

– پێویست نییە بڕۆی و پێی بڵێی، بەڵکو دەبێ ڕێنومای ئێمە بی و بۆ ژووری ئەومان ڕێنوێنی بکەی. بەڕاشکاوی پێت دەڵێم ئەگەر بچووکترین هاوار بکەی دەسبەجێ دەتکوژم.

خزمەتکاری دوکتور سامۆئێل کە لە ترسان ئەژنۆکانی دەلەرزین، وەپێش کەوت و سێ نەفەر ئەڵمانی کە پێڵاوی جیل و بێدەنگیان دەپێ دابوو بە دوایدا وەڕێکەوتن. کاتێک لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوتن ئەرنێست بە خۆی گوت زۆر سەیرە، خاوەنی ئەو ماڵە جوولەکە بووە و بەو حاڵەش نە دووریان خستۆتەوە نە ناردویانە بۆ گرتووخانە.

دوکتور سامۆئێل دەنگی زەنگی دوور و درێژی گوێ لێبوو، لە دڵیخۆیدا گوتی ئەوە کێیە لەو ساتەدا هاتۆتە دیتنی.

دوای ئەوەی دەنگی کردنەوە و داخستنی دەرگای گوێ لێبوو بە خۆی گوت بەخاترجەمی خزمەتکارەکەی وەڵامی داوەتەوە و گوتویەتی دوکتور سامۆئێل لە ماڵێ نییە.

دوکتور دوای داخستنی دەرگاکە خاترجەم بوو و درێژەی بە کاری خۆیدا و بە بێتەلەکە هێندێک وشەی ڕەمزیی بۆ لەندەنێ نارد و شادمان بووکە لەندەن لە وەڵامی ئەودا نووسیویە هەمووشتێکم بەباشی وەرگرت.

دوایە چونکە کاری تەواو بوو هەستا دەرکی سندوقەکەی داخست هەتا لە حەشارگەی خۆی داینێ کە لەناکاو گوێی لە دەنگی پێی قەڕەواشەکەی لە سەر دواین پلیکانی ماڵ بوو.

خزمەتکاری دوکتور سامۆئێل دەستووری پێ درابوو کە بە هیچ هۆیەک و بە هیچ شێوەیەک زەحمەتی ئاغای خۆی نەدا. هەر کە دەنگی پێی قەڕەواشەکەی گوێ لێبوو زانی ڕووداوێکی مەترسیدار یان چاوەڕواننەکراو ڕووی داوە و دەستەکانی کە ماوەیەکی زۆر مەشقی کردبوو فێر ببوو، بەخێرایی برووسکەیەک کتێبی ڕەمز و تەواوی بەڵگەکانی لە سۆبە هاویشت. هەر لەو ساتەشدا دەستەکەی دیکەی سندوقی دەزگای بێتەلی گرت و لە پەنجەرەڕا فرێیدا، لەودەمەدا سێ نەفەر هاتنە ژوورەکە و هێرشیان کردەسەر، دوکتور سامۆئێل و کەوت بە عەرزدا.

پێش ئەوەی دوکتور سامۆئێل بزانێ چی بەسەر هاتووە دەستیان لە پشتەوە بە کەلەپچە بەستەوە و ئەرنێست هاواری کرد:

– کاغەزەکان دەربێننەوە. سۆبەکە بکوژێننەوە.

بەلام تەواوی کاغەزەکان لە چرکەیەکدا بوون بە خەلووز. ئەرنیست لە ئەوپەری تووڕەییدا شەقێکی توندی لەخالیگەی سامۆئیلدا و گوتی:

- جووی گلاو، کاغەزەکانت لە ناو بردن. تۆڵەت لێ دەکەمەوە.

خزمەتکاری داماو دەستی کرد بە گریان و لە بەرامبەر ئاغای خۆی ئەژنۆی دادان و گوتی:

- گەورەم بمبوورە. هیچ چارەم نەبوو.

سامۆئیل ڕووی خۆی وەرسووڕاند و گوتی:

- مەگری. تۆ هیچ تاوانێکت نییە چونکە دەزانم زاریان گرتبووی و نەیاندەهێشت هاوار بکەی.

ئەرنیست قژی قەرەواشەکەی گرت و بە تەکانێک لە بەرزی کردەوە و گوتی:

- لە تەویلەت دەکەم، چون ئەگەر دەنگی پێی تۆ بەرز نەدەبۆوە نەیدەتوانی کاغەزەکان لە ناو بەرێ. لەمەوبەدوا ئیزنت نییە لەو ماڵە بچیتە دەرێ و حەقت نییە وەڵامی تەلەفۆنەکان بدەیەوە و ئەگەر کەسێک لە دەرگای ماڵێ بدا لەگەڵت دێم و دەبێ بڵێی دوکتور لەماڵە و دەیهێنییە ژوورێ.

دوایە ئەرنیست بە زمانی ئەڵمانی چەند قسەی بە یەکێک لە هاوڕێیانی گوت و ئەویش دەستی خزمەتکارەکەی گرت و لە ژوورەکەی بردە دەرێ.

پاشان ئەرنیست ڕووی لە سامۆئیل کرد و گوتی:

- کتێبی ڕەمزەکانت لە ناو برد؟

سامۆئیل وەلامی نەداوە.

ئەرنیست گوتی:

- بەڕای من ئیتر زمانی فەڕەنسا نازانی، بەلام من ئەو زمانەت وەبیر دێنمەوە.

دواتر حوکمی کرد کە سامۆئیل هەستێ، بەلام سامۆئیل کە بە عەرزدا کەوتبوو و دەستەکانی لە پشتەوەڕا بسترابوونەوە، نەیدەتوانی هەستێ و هەرچی دەیکرد پشتیوانێک بدۆزێتەوە و هەستێ نەیدەتوانی، ناچار بەپێی دەستووری ئەرنیست هەڵیانستاند و ئەرنیست بەو کەسەی کە لەگەڵی بوو گوت:

- گیرفانەکانی بگەڕێ.

سامۆئیل هەر کە نزیک بوونەوەی ئەو پیاوەی دیت، بە پێلاقە زەربەیەکی

توندی لێدا و هەڵات.

ساموئیل دەیزانی ناتوانێ لە چنگ ئەوانە بە سلامەتی ڕزگار بێ، بەڵام دەیویست بە تەکانێک خۆی بگەیێنێتە پلیکانەکان و بەڕوو بکەوێتە سەر پلیکانەکان بەڵکو شووشە چکۆلەکەی کە لە گیرفانی پەستەکەکەی دایە و ژەهری (سیانۆردۆپۆتاسیۆم) تێدایە، دەربێت.

ساموئیل لە بابەتێکی دیکەدا بیستبووی کە یەکێ لە سەرۆکەکانی ناوچەی نیشتمانپەروەران، بەو شێوەیە توانیبووی شووشە ژەهرەکە لە گیرفانی دەرهێنێ، بە زەربەی چەنەگە بیشکێنێ و لەسەر زەوی بلێسێتەوە. ئەڵمانییەکان هەرچی کردبوویان کە ڕزگاری بکەن هەتا بتوانن قسەی لێدەرکێشن، بەڵام سەرنەکەوتبوون.

بەڵام بەداخەوە کاتێک ساموئیل بەڕوو خۆی بەسەر پلیکانەکان دادا شووشە ژەهرەکە لەجیاتی ئەوەی کە لە گیرفانی بێتەدەر، لە گیرفانیدا شکا و ئەرنێست لە پشتەوە قاچەکانی گرت و هێنایەوە ژوورەکە و گوتی:

– جوولەکەی پیس، دەتهەویست لە دەستم هەڵێی.

پاشان چەند شەقەزللەی توندی لێدا، بەڵام لەناو زللە لێدانەکەدا لەناکاو دەستی ڕاگرت و بۆنی کرد و بە هاوڕێیەکەی خۆی گوت :

– واڵتێر. . . ئەرێ بۆن ناکەی؟ دەزانی بۆنی چییە؟

کورتەکەکەی دوکتور ساموئیل لە قوماشێک بوو کە ڕەنگێکی ڕوونی هەبوو و پەڵەیەکی ڕەشی لە ئاست گیرفانی کورتەکەکە دەبینرا و ئەرنێست بۆنی بەو پەڵەیەوە کرد و گوتی:

ئەرێ. . . ئێستا زانیم. . . ئەمە بۆنی"سیانۆردۆپۆتاسیۆم"ە. پاشان بە واڵتێری وت:

– ئەرێ دەزانی ئەم جوولەکەیە دەیویست خۆی بکوژێ؟ دوایە ڕووی لە واڵتێر کرد و گوتی (پەلە مەکە، تۆ بەم زووانە دەمری، بەڵام دەسەڵاتی مردنی تۆ لە دەستی من دایە. هەرکات بمهەوێ ئەو دونیایە بەجێ دێڵی. باشە واڵتێر حەز ناکەی وەڵامی ئەو شەقەی بدەیەوە کە لێی دای؟) .

واڵتێر کە چاوەکانی لەبەر تووڕەیی، خوێنیان تێگەڕابوو هاتە پێش و

کورسییەکی هەڵگرت و بە دەوری سەریدا سووڕاندی و بە هێزی خۆی لەلا چاوی سامۆئیلی دا. سامۆئیل لە تاوان ئەژنۆی دادان. ئەرنیست کە دیتی هاوڕێیەکەی زەربەیەکی دیکەی لە تەپڵەسەری سامۆئیلدا، دەستی گرت و گوتی:
– ئەوەندە بەسە. حەز ناکەم زۆر شپرزەی بکەی، چونکە دەبێ هێندێک پرسیاری لێ بکەم. جیا لەوەش نابینی چۆکی داداوە و داوای لێبووردنت لێ دەکا. کەوایە جارێ لێی گەڕێ و دوای ئەوەی کاری من تەواو بوو بە تۆی دەسپێرم، ئیتر ئازادی هەرچی پێت خۆشە لەگەڵی بکەی.
سامۆئیل لەبەر ئێشی زۆر و داماوی دەلەرزی و زاری پڕ ببوو لە خوێن. زانیی شتێک لە زاریدا دەجووڵێتەوە. دوایی زانی ئەوە ددانەکانێتی کە بەو کورسییەی پێیاندا درا، شکاون.
کاتێک خوێناوی زاری ڕشت، ددانە شکاوەکانی کەوتنە تەختی ژوورەکە.
ئەرنیست گوتی:
– دەزانم کتێبی ڕەمزەکانت لە کووره هاویشتووە و سووتاندوتن و ئاگاداریشم ئەم کتێبە دوو بەرگە، بەرگێک لێرەیە و ئەوی تریان لە لەندەنە. تۆ لە ڕووی ئەم کتێبەوە، چەند ڕستە هەڵدەبژێری و بەڕێیان دەکەی؛ لە لەندەنیش وەڵامەکەی لە ڕووی بەرگی دووهەم دەدۆزنەوە. ئێمە بە سونگەی وێستگەکانی بێتەلی خۆمان تەواوی ئەو تەلگرافانە تۆمار دەکەین؛ ئەگەرچی لە ئەڵمانێ ڕەمزناسی گەورە هەن کە بتوانن ئەو ڕەمزانە بدۆزنەوە بەوحاڵەش نامهەوێ ئەوان زەحمەت بدەم. چونکە دۆزینەوەی هەر تەلگرافێکی ڕەمزی پێویستی بە چەند کاتژمێر ماندووبوونە. تۆ دەبێ پێم بڵێی ئەمرۆ چ خەبەرێکت بۆ لەندەن بەڕێ کرد و چ وەڵامێکت وەرگرتووە؟ هەروەها پێم بڵێی بابەتی ناردن و وەرگرتنی هەواڵی ڕۆژانی پێشووت چ بووە؟
سامۆئیل سەری زمانی لە ددانەکانی کەوت و زانی بە لێدانی توندی کورسییەکە، سێ ددانی خلێنەی شکاون؛ بەڵام بەختەوەرانە ددانەکانی پێشیی ساخ ماونەوە و دەتوانێ لە کاتی پێویست بە داگرتنی ددانەکان زمانی خۆی لەت بکا و نەهێڵێ قسەیەکی لە زاری بێتەدەر.
سامۆئیل کەدڵنیا بوو ددانەکانی پێشیی بۆ لەتکردنی زمانی ماونەتەوە، "ژان"

کوڕە بێتاوانەکەی وەبیر هاتەوە و بیری کردەوە کە بە خاترجەمی کوڕە چکۆلەکە توانیویەتی هەڵێ، چونکە ئەگەر ئەڵمانییەکان قۆڵبەستیان کردبا دەیانزانی چونکە دوکتور لە هاتنی وان ئاگادار دەکاتەوە بە دڵنیاییەوە لەو کاتەدا لەگەڵ ژانە بچکۆلە بەرەوڕوو دەبۆوە و لەگەڵ یەک لێپرسینەوەیان لێ دەکردن، بە هەڵاتنی ژانە بچکۆلە، بەخاترجەمی ئێستا تەواوی نیشتمانپەروەران لە گیرانی وی ئاگادار دەبوون و کەسانێک کە لە مەترسی دابوون هەڵاتوون.

ئەو بیرە کەمێکی دڵخۆش کرد و بۆ یەکەمجار سەری بەرز کردەوە و چاوێکی لە سەرتاپێی ئەرنێست کرد، ئەرنێست گوتی:

– ئاخری بیری خۆت کردەوە یان نا؟ دەمهەوێ بزانم ئەو خەبەرانەی بۆ لەندەنت ناردوون و ئەو وەڵامانەی وەرتگرتوونەوە چ بوون؟ هەروەها دەمهەوێ بزانم چکەسێک ئەو تەلگرافانەی بۆ دەهێنای کە بۆ لەندەنت دەنارد؟

سامۆئێل لەجیاتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ و ئەرنێست کە ئەم زەردەخەنەی دیت، گوتی:

–ئەی جوولەکەی گڵاو، پێتوایە دەتوانی گەمەم پێ بکەی. کاتێک تۆم لێرە بۆ نووسینگەی خۆم برد، پێت دەڵێم چۆن دەتوانم قسەت لێ دەرکێشم و خاترجەم بە سەبر و تاقەتی من زۆر زۆرە.

ئەودەمی ئەرنێست و واڵتێری هاورێی دەستیان بە پشکنینی ژوورەکە کرد و ئەو کاغەز و کتێبانەی کە لەوێ بوون سەروژێریان کردن و ئەرنێست بە چەقۆکەی تەقەڵی جانتای و نێو بەرگی کتێبەکانی هەڵدەپچڕین تاکوو بزانێ داخۆ شتێکیان لەنێو دایە یان نا؟

پاشان سامۆئێلیان وەپێش خۆیان‌دا و بردیانە بەشەکانی دیکەیماڵەکە هەتا دیوەکانی دیکەش بگەڕێن.

لە دیوی سامۆئێل تەواوی کەل و پەلیان سەروژێر و لێک‌وپێک‌دا . واڵتێر بەو کێردە تایبەتەی پێی بوو دۆشەک و لێفە و باڵنجە بچووکەکانی هەڵدڕهەڵدڕ کرد و ناخی کورسییەکانی پشکنی و تەواوی کراس و ژێرکراس و گورێ و دەسماڵی سامۆئێلی لە سەر یەک دانا.

لە گەنجە چاوی بە قوتوویەکی چکۆلەی عابنووسی کەوت کە زۆر بە جوانی سازیان کردبوو، ویستی بە کێردەکەی دەرکی قوتووکە بشکێنێ.
ئەرنێست پێش دەسکەکەی گرت و گوتی:
- ئەم قوتوویە خەراپ مەکە. چون دەمهەوێ وەک دیاری بیدەم بە"فرێدا".
دوایە لە سامۆئێلی پرسی: کلیلی ئەم قوتوویە لە کوێیە؟
لەناکاو وەک ئەوەی شتێکی وەبیر هاتبێتەوە گوتی:
- زۆر سەیرە، ئێستا گیرفانەکانی تۆ نەگەڕاوم.
دوایە هاتە پێشێ و شتەکانی نێو گیرفانەکانی سامۆئێل کە دەفتەرچەیەکی یادداشت، خودنووسێک، دەسماڵێک، بڕێک پارە و دەستە کلیلێک بوو؛ دەرهێنا و دستە کلیلەکەی بە قوتووە ئابنووسەکە تاقی کردەوە ئاخری دەرکی قوتوو کراوە و بەستە کاغەزێک کە پەتێکی ڕەشی لە دەور هاڵابوو وەدیار کەوت.
ئەرنێست لە سامۆئێلی پرسی:
- ئەو کاغەزانە چن؟
سامۆئێل وەڵامی نەداوە، بەڵام لە ڕوخساریدا کەسەر و ناهۆمێدییەکی گەورە وەدیار کەوت بەشێوەیەک کە ئەرنێست بە سەر سووڕمانەوە گوتی:
- لەوانەیە ئەو کاغەزانە بن کە بە دوایاندا دەگەڕێین.
بەڵام دوایە دوودڵ بوو و گوتی:
ئەو کاغەزانە بۆنی عەتریان لێ دێ، باو نییە کاغەزی سیاسی عەتراژن بکەن، لەوانەیە کاغەزەکانی ژنەکەی بن.
سامۆئێل سەری داخست و هیچی نەگوت. واڵتێر دەستی لەسەر شانی ئەرنێست دانا و تابڵۆیەکی شێوەکاری نیشان دا کە لە دیواریان دابوو.
هەتا ئەودەمی ژوورەکە تاریکوڕوون بوو؛ ئەرنێست کلیلی کارەباکەی لێدا و ژوورەکە ڕووناک بوو و بە هۆی ڕووناکایی تابلۆکە بە جوانی وەدەرکەوت.
ئەرنێست نەیتوانی پێشی دەربڕینی سەرسووڕمان و پێهەڵگوتنی خۆی بگرێ.
تابلۆکە وێنەی ژنێکی بیست ساڵانە بوو کە بزەیەکی ئارامی لەسەر لێو بوو.
هێڵەکانی ڕوخساری شابەدیی ڕەسەنایەتی تۆرەمەی بوو. ئەرنێست هەرچەند بێرەحم و درندە بوو هەتا ماوەیەک خەریکی تەماشای ئەو تابلۆیە بوو و

نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگری.

ئەرنیست دوای ئەوی تیرتیر سەیری کرد، گوتی:

- ئەوە ژنی تۆیە؟

سامۆئیل سەری داخست و هیچی نەوت. ئەرنیست بە بێشەرمی گوتی:

واڵتیر چاولێکە و ببینە ئەو ژنە چەندە جوانە، چۆن ئیزنیان داوە وەها ژنێکی ئاریایی و ڕەسەن لەگەڵ ئەو یەهوودیە زەماوەند بکا، پاشان ڕووی لە سامۆئیل کرد و گوتی:

- ئەو ژنە لە کوێیە و بۆچی لەو ماڵە نییە؟

سامۆئیل کە سەری بەردابۆوە وەڵامی نەداوە، ئەرنیست بە هاوکارەکەی گوت:

- بڕۆ خزمەتکارەکە بێنە ئێرە.

دوای ماوەیەک خزمەتکارەکەیان هێنا. ئەرنیست لێی پرسی:

- ئەو ژنە کێیە و لە کوێیە؟

خزمەتکارەکە گوتی:

ئەوە هاوسەری ئاغای دوکتور بوو و کۆچی کردووە.

ئەرنیست گوتی:

بۆ تۆ و ئەو ژنەش زۆر باش کەوت کە مردووە دەنا بە خزمەتی دەگەیشتین کە چۆن ئامادە بووە ببێتە ژنی جوولەکەیەکی پیس و گڵاوی وەک تۆ.

پاشان ڕووی لە سامۆئیل وەرگێڕاوە و بە هاوکارەکەی گوت:

- واڵتیر. ئێستا وا باشە ئەم کاغەزانە بخوێنینەوە، با بزانین جوولەکەیەک چۆن خۆشەویستی دەردەبڕێ.

سامۆئیل بە دەنگێک کە لەبەر ناڕەحەتی و داماوی دەلەرزی، هاواری کرد ئێوە حەقتان نییە کاغەزە تایبەتییەکانی من بخوێننەوە.

ئەرنیست گوتی:

- ئای . . . ئای. . . چۆن بوو زمانت وەکار کەوت و وەقسە هاتی؟ ڕاستە دەڵێن ئەشق لە هەموو شتێک بە هێزترە. ئێستا ئەگەر تۆ زۆرت ئەم کاغەزانە خۆشدەوێ، ئامادەم لە خوێندنەوەیان چاوپۆشی بکەم بە مەرجێک تۆش پێم بڵێی چیت بۆ لەندەن بەڕێ دەکرد؟

فرمێسکی حەسرەت و لیقەوماوی لە چاوەکانی سامۆئێل هاتە خوار، چونکە سوێندی خواردبوو هیچ قسەیەک نەکا، بەڵام تێگەیشت لەمەودوا ئەو پیاوە ئەڵمانییە دەزانێ بە شتێکی خاترجەم دەتوانێ وەقسەی بێنێ. ئەوە بوو ددانەکانی دەچیرەوە برد هەتا دەنگی دەرنەیەت. بەهۆی لێکدانی ددانەکانی، ریشەی ددانەکان کە شکابوون زۆر دەهێشان و ئەم ژانە وەخۆی هێناوە و زانی ئێش و جەزرەبە کە لە پێشدا ئەوەندەی لێدەترسا، لەوانەیە یەکێ لە باشترین یارمەتیدەرەکانی ئەو بێ بۆ بەستنی زار و زمانی.

ئەرنێست گوتی:

– چاوەڕێی وەڵامی تۆم. زوو کلیلی ڕەمزەکانم پێ بڵێ و بۆم ڕوون کەوە چیت بۆ لەندەن بەرێ کردووە؟

سامۆئێل لەجیاتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە سەری بۆ لای پەنجەرە وەرسووڕاند. ڕۆژی زستان خەریکبوو ئاوا دەبوو لە ماڵەکەی هاوسێ چراکان هەڵ کرابوون، لە دەرێ بەفر دەباری و ڕێبوارەکان بەرۆکی قەمسەڵەکەیان هەڵ دابۆوە و بەخێرایی تێدەپەڕین.

ئەرنێست کە لە وەڵامی سامۆئێل ناهومێد بوو گوتی:

– زۆر باشە. . . من ئەو کاغەزانە دەبەمە ماڵە خۆم و لەگەڵ فرێدا دەیانخوێنینەوە و کەمێک سەرقاڵدەبین.

لەودەمەدا ئەرنێست چاوی بە دەرکەیەک کەوت کە دەتگوت بە سەر دیوێکی دیکەدا دەکراوە، کاتێک پاڵی پێوەنا دەرکە کراوە، لە خزمەتکارەکەی پرسی: ئەو دەرکەیە چییە؟

خزمەتکارەکە گوتی:

– ئێرە دیوی مادمازێلە.

ئەرنێست گوتی:

کەوایە دیارە ئەو جوولەکە کچێکیشی هەیە و هەڵبەت کچەکەشی وەک دایکی شۆخ و شەنگە.

خزمەتکارەکە بەخێرایی چاوێکی لە دوکتور سامۆئێل کرد و بێدەنگ بوو.

ئەرنێست گوتی:

-تکات لێدەکەم تۆش وەک ئاغاکەت خۆت کەڕولاڵ مەکە دەنا خێرا دەزیندانت دەکەم، زوو پێم بڵێ بزانم ئەو مادمازێلە ئێستا لە کوێیە؟

قەرەواشەکە گوتی:

مادمازێل لە ماڵێ چۆتە دەرێ.

ئەرنێست گوتی:

- بۆ کوێ چووە؟

قەرەواشەکە گوتی:

- چونکە شەوی جێژنی نۆئێل نزیکە مادمازێل رۆیشتووە لە بازار بڕێک کەلوپەل بکڕێ.

ئەرنێست درێژەی پێدا:

- کەی دەگەڕێتەوە؟

قەرەواشەکە گوتی:

- نازانم .

ئەرنێست گوتی:

- هەڵبەت بۆ شێوخواردن دەگەڕێتەوە؟

خزمەتکارەکە گوتی:

- بەڵێ .

ئەرنێست پرسی :

- تەمەنی چەندە؟

خزمەتکارەکە گوتی:

- هەژدە ساڵ.

ئەرنێست ئاشیرەی بەو تابلۆیە کرد کە لە دیوار درابوو و گوتی:

- بەدڵنیایەوە دەبێ وەک دایکی ژیکەڵە بێ.

خزمەتکارەکە وەڵامی نەداوە و سەری داخست.

ئەرنێست گوتی:

- زۆرم پێخۆشە لەگەڵی ئاشنابم و بزانم چۆن کچێکە؟ خاترجەم تۆ کە خاوەنی وەها کچێکی جوانی، خۆت بۆ بێغیرەتی و بێناموسی ئامادە

کـردووه. ئێـستا بـڵێ کلیلـی ژووری ئـەم مادمازێلـە جوانـە لـە کوێـیە بـا ئـێمە ژوورەکەی ببینین و کەلوپەل و کەرەسەکانی بپشکنین.

لەودەمـەدا دەنگی زەنگی تەلـەفۆنی مـاڵ بـەرز بـووە و قەرەواشـەکە لـە جـێی خۆی بزووت، ئەرنێست بەو کەسەی کە لە نزیک تەلەفۆنەکە ڕاوەستابوو گـوتی وەڵام مەدەوە، ڕاوەستە با ئەو ژنە وەڵام بداتەوە.

واڵتێر لە ژوورەکە لە پەنا سامۆئێل ڕاوەستا و ئەرنێـست ژنـە خزمەتکارەکـەی وەپـێش خـست و بـۆلای تەلەفۆنەکـەی بـرد و خـۆی بیـستۆکی هـەڵگرت و بـە گوێیەوەنا دەنگی ژنێک لە بیستۆکەکەدا گوتی:

- ئەلۆ!

ئەرنێست بە ئاشیرەی چاو لە قەرەواشەکەی پرسی:

- ئەو ژنە کێیە؟

قەرەواشەکە گوتی:

- ئەوە مادمازێلە، کچی ئاغاکەمە.

ئەرنێـست بیـستۆکی دا بـە ژنـە خزمـەتکارەکـە. ئـەویش بـە دەنگـێکی کـە لەبـەر هەیەجان و ترس دەلەرزی گوتی:

- ئەلۆ... مادمازێل بۆخۆتی؟

مادمازێـل لـەو بـەرەوە وەڵامـی داوە بۆخـۆتی... بۆچـی تـا ئێـستا وەڵامـت نەدەداوە... لە زمان منەوە بە پاپا بڵێ چونکە هەوا باش نییە من بۆ خـواردنی شێو لە ماڵە...

خزمەتکارەکە لەناکاو قسەی کچی ئاغاکەی خۆی بڕی و هەر بەو دەنگە تۆقاوە گوتی:

- مادمازێل...

هۆی ئەوەی ژنە قەرەواشەکە قسەی مادمازێلی بـڕی، ئـەوە بـوو کـە چـاوی بـە دوکتور سامۆئێل کـەوت. چـونکە جۆرێـک بەرامبـەری تەلەفۆنەکـە ڕاوەسـتابوو کە لە ژوورەکەی دیکە چاوەکانی دوکتـور سامۆئـێلی دەدیـت و لـە چـاوەکانیڕا وەها نیشانەی گریان و پاڕانەوەی پێوە دیـاربـوو کـە ژنـە خزمـەتکارەکـە لـەدڵی خۆیدا گوتی هەرچی دەبێ بابێ. بڕیاری خۆیدا و قسەی کچی خـاوەن ماڵەکـەی

بڕی.
مادمازێل کە لەولای سیمەکەوە دەنگی گیراو و خەمباری خزمەتکارەکەی گوێ لێبوو گوتی:
- چ بووە ؟ نەخۆشی؟
ژنە خزمەتکارەکە بە دەنگێکی بەرزتر گوتی :
- مادمازێل. . . ئەڵمانییەکان باوکتیان گرتووە. . . هەڵێ.
بەڵام زەربەی توندی مستێک، قسەکەی بڕی بەوحاڵەش ژنە خزمەتکارەکە گووشییەکەی بەرنەدەدا و پەیتاپەیتا هاواری دەکرد:
- مادمازێل هەڵێ. . . هەڵێ. . . ئەڵمانییەکان لە ماڵی ئێوەن.
ئەرنێست بە مست و شەق گووشێکەی لە دەستی خزمەتکارەکە ئەستاند و لە گووشیدا گوڕاندی:
- ئەلۆ. . .من ئەندامی پۆلیسی ئەڵمانم. مادمازێل ئەمرت پێدەکەم هەرچی زووتر بێیەوە ماڵێ.
هیچ دەنگێک لەو لاوە وەڵامی نەدەداوە، بەڵام دیار بوو کە ئێستا پەیوەندییەکە بەردەوامە و نەپچڕاوە و دەنگی ویزەویزی گەڕیانی کارەبا دەبیسترا.
ئەرنێست گوتی:
- ئەلۆ مادمازێل، دەزانم لە پشت تەلەفۆنەکەی و گوێت لە دەنگی من دەبێ. باش گوێبگرێ؛ بزانە کە بابت بە تاوانی خەیانەت بە ئەڵمان دەسبەسەر کراوە و تەنیا شانسی ڕزگاری بابت ئەمەیە تۆ بێیە ئێرە و لەگەڵت قسان بکەم . ئەگەر بابت خۆشدەوێ و پێت خۆشنییە گوللەبارانی بکەن دەبێ دەستووری من بەڕێوەبەری و ئەگەر کەرەسەی گواستنەوەت پێ نییە هەرئێستا بە ئۆتۆمبێلی خۆم لەدوات دەنێرم بتهێنن.
لەو لای سیمەوە وەڵامێک نەدەبیسترا و گەڕیانی کارەبا هەروا ویزەویزی دەکرد.
ئەرنێست گوتی:
- مادمازێل ئاگاداربە کە نابێ فریوم بدەی، دەبێ بزانی کە پۆلیسی ئەڵمان لە

هـەموو شوێنـێکن. دەسـتوورم داوە تـەواوی شـەقام و ڕێـگاکان بخەنـە ژێـر چاوەدێـری. ئەگـەر بتهـەوێ هەڵـێی بـێگومـان قۆڵبەسـت دەکرێـی و لـە زینـدا دەکرێی و بابێشت تیرەباران دەکرێ.
لەناکاو دەنگی ویزەویز برا، دیاربوو کە لەولا بیستۆکەکەیان لە جێگای خۆی داناوەتەوە.
ئەرنێست بەزمانی ئەڵمانی جوێنێکیدا و گووشی لەجێی خۆی داناوە، دیسان تەلەفۆنی هەڵگرتەوە و ئەوجارە ناوەندی تەلەفۆنی گرت و گوتی:
- . . . ئێرە ئیدارەی پۆلیسی ئەڵمانە. . . دەمهەوێ بزانم ئەو ژنەی هەرئێستا تەلەفۆنی بۆ ماڵی دوکتور سامۆئێل کرد بە چ ژمارەیەک تەلەفۆنی کردبوو.
تەلەفۆنچی کە پیاو بوو گوتی:
- ئاغا ئەرێ دەکرێ بفەرمووی بەڕێزتان کێن؟
ئەرنێست گوتی:
- من ئەندامی ئیدارەی پۆلیسی ئەڵمانم و دەمهەوێ زوو بزانم ژنێک کە ئێستا تەلەفۆنی بۆ ماڵی دوکتور سامۆئێل کرد لە کوێڕا تەلەفۆنی دەکرد؟
کاربەدەستی تەلەفۆن گوتی:
- ئاغـا زۆر ببـورە، بـەڵام ئـێمە لـە دەورێـکدا دەژیـن کـە خـەڵک بـە پـێناسەی کەسـێکی دیکـەوە دەگەڕێـن. کەوایـە مـن نـاتوانم خاتـرجـەم بم کـە بەڕێـزتان ئەندامی ئیدارەی پۆلیسی ئەڵمان بن.
ئەرنێست گوڕاندی:
- ئەگەر زۆر حەز دەکەی بمناسی دێم بۆلات، ئەودەمی بە باشی دەمناسی.
کاربەدەستی تەلەفۆن بە شێوەیەکی بە ئەدەبانەوە گوتی:
- ئاغا تکا دەکەم هێندێک ئارامتر قسان بکە، چون بـە باشـی نـاتوانم گوێـم لـە قسەکانت بێ؛ جیا لەوەش، ئێمە فەرمانبەری یاسایەکین کە ناچارین گوێڕایەڵی بین. بەهۆی ئەو یاسایە ئەگەر کەسێک لە ماڵێکڕا تەلەفۆن بکا ئێزنمان نییە کە ئەو ژمارە تەلەفۆنە بێجگە لە کاربەدەستێک یان شوێنێکی یاسـایی، بـە کەسـێکی دیکـە بڵـێین؛، بـەڵام ئەگـەر لـە ناوەنـدی تەلـەفۆنی گـشتیەوە زەنـگ لـێدرابێ، دەتوانین ژمارە تەلەفۆنەکە بڵێین، بێجگە لەوەش کەسێک کە تەلەفۆنی بۆ ماڵە

دوکتور سامۆئێل کردووە لە ناوەندی تەلەفۆنی گشتی پۆستخانەوە بووە.
ئەرنێست گوتی:
– ئەو ژنەی لە ناوەندی پۆستخانە تەلەفۆنی کردووە ئێستا لەکوێیە؟
کاربەدەستی تەلەفۆن گوتی:
– ئیزن بدە با پرسیار بکەم.
دوای تاوێک وەڵامی داوە: ئەو ژنە حەقی زەنگلێدانەکەی داوە و لە پۆستخانە چۆتە دەرێ.
ئەرنێست جارێکی دیکە جوێنێکیدا و گووشی لە جێگای خۆی داناوە و گوتی تەواوی خەڵکی فەرەنسا خائینن و هەموو پێکەوە هاودەستن و دژی ئێمە پیلان دەگێڕن. نازانم کە فۆر[1] بۆچی دوودڵە و ئەو نەتەوە خائینە قەڵتوبڕ ناکا کەچی سەربازەکانی ئەڵمانی ئێستا لە بەرەی شەڕی رووسیا دەکوژرێن هەتا ئەورووپا ڕزگار بکەن.
بۆ جارێکی دیکە، ئەرنێست بیستۆکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ئەو جارە بە کاربەدەستی تەلەفۆنی گوت:
– تەلەفۆنەکەی بە ئیدارەی ژەندرمە وەسڵ بکا.
کاتێک پەیوەندی دەگیرا، ئەرنێست دەستووری بە واڵتێری هاوڕێیدا کەلەبچە لە دەستی خزمەتکارەکە بدەن.
دوای ئەوەی پەیوەندی سازبوو ئەرنێست، بەزمانی ئەڵمانی هێندێک دەستووری بۆ دۆزینەوەی کچی سامۆئێل بە ژەندرمە (کە لەژێر چاوەدێری ئەفسەرانی ئەڵمان بوو) دا؛ دوایە سیغارێکی هەڵکرد و بە هاوکارەکەی گوت:
– تەلەفۆن بۆ ئیدارەکەمان بکە بێن ئەو کەلاکەی خوارێ بەرن، بەڵام پێش هەڵگرتنی کەلاکەکە سەرەتا بە باشی بیپشکنن.
ئەڵمانییەکان ئەو شەوە تەواوی کاغەز و دۆسیەکانی ئەو ماڵەیان پشکنی. نزیک کاتژمێر یازدە ئەرنێست هەستی کرد برسیەتی. کەلەپچەی دەستی خزمەتکارەکەیان کردەوە و ناچاریان کرد بۆ ئەو سێ کەسە شێو سازکا. دوای شێویش گەڕان و پشکنینی خۆیان درێژە پێدا؛ نزیکەی کاتژمێر چواری

---

[1] - پێشەوا

نیوەشەو دوکتور سامۆئیل و خزمەتکارەکەیان گواستنەوە بۆ زیندان. کەلاکی ژانەچکۆلە، کورە ئەرک ناسەکە، بەڕووتی لەسەر مێزێک، لە ژێرزەوییەکی ئیدارەی گیشتاپۆدا بوو. بۆ ڕۆژی دوایە ژەندرمەی ئەڵمان ماڵی دوکتور سامۆئێلی گرتە ژێر چاوەدێری.

ئەرنیست بو دۆزینەوەی کچی سامۆئێل زۆری حەولدا، هێندێک کچی جوان و شەنگیان لە شەقامەکان بردە ئیدارەی پۆلیس و پێناسەکانیان خستە ژێر لێکۆڵینەوە.

بەڵام ئەرنیست دەستووری نەدا کەلاکی"ژان"ە چکۆلە نیشانی دوکتور سامۆئێل بدەن و ئەم بابەتە دواتر لە لایەن سەرکردەکانییەوە ئیرادی لێ گیرا، بەڵام ئەرنیست وەڵامی داوە کە ئەگەر کەلاکی کورە چکۆلەکەم نیشان دابا، ئەم پیاوە دوای دیتنی کەلاکەکە، زۆرتر پێیدەچەقاند و زیاتر بێدەنگ دەبوو.

•••

دوای شەڕی ساڵی ١٨٧٠زایینی، (گلوکشتێن) باپیری سامۆئێل کە نزیک بە ٢٥ ساڵی تەمەن بوو لە شاری ئستراسبورگ هاتبووە پاریس، چونکە نەیدەویست لە ژێر دەسەلاتی ئەڵمانییەکاندا بژی و هەروەها یەکێ لە خزمەکانی لە پاریس نامەی بۆ نووسیبوو و بانگێشتنی کردبوو کە بێتە پێتەختی فەرەنسا و لە بازاڕوانی و مامەڵەدا یارمەتی بدا، ئەویش ئەو بانگێشتنەی قەبوول کردبوو.

ئەو تاجرە، مامی باپیری سامۆئێل بوو کە چەند ساڵ دواتر مرد و سامانێکی زۆری بۆ برازاکەی بەجێهێشت، برازاکەی کە ناوی یەعقووب بوو ژنی هێنا و خوا سێ منداڵی دایە.

یەعقووب کورە گەورەکەی بەناوی داود لەلای خۆی هێشتەوە، کوڕێکی بۆ کەنەدا و سێهەم کوڕی بۆ ڕووسیا نارد.

ئەو کوڕەی کە چوو بۆ ڕووسیا، لەشەڕەکانی شۆرشی ئۆکتۆبردا تێداچوو. کوڕەکەی دیکەی کە لە کەنەدا بوو لە شەڕی (مارێن) کوژرا و سێهەم کوڕی واتا (داود) هەر لەو شەڕەدا دەستێکی پەڕی.

داود کە دەستێکی خۆی لە شەڕی جیهانی یەکەم لە پێناوی فەرەنسا لەدەست

دابوو، ژنی هەبوو و کوڕێکی بە ناوی سامۆئێل هەبوو. پاش تەواوبوونی شەڕی جیهانی یەکەم یەعقووبیش مرد.

یەعقووب لە سەرەمەرگدا کوڕەکەی داود و نەوەکەی لە پەنای بوون و کاتی گیانەڵڵا دەستی نەوەکەی گرتبوو و پێیگوت:

- سامۆئێل. . . لەبیرتنەچێ فەڕەنسا وڵاتی ڕاستەقینەی ئێمەیە، هەر فیداکاری و تەقەلایەک لە پێناوی فەڕەنسادا بیکەی کەمە، چونکە بوونومانی ئێمە پەیوەندی بە فەڕەنساوەیە.

سامۆئێل لە قوتابخانەدا قوتابییەکی زەحمەتکێش بوو و تەواوی مامۆستاکان لە خوێندنی وی ڕازی بوون و تەنیا ئیرادێک کە لێیان دەگرت ئەوەبوو کە دەیانگوت زۆر شەرمێونە و تەنیایی پێباشترە هەتا هاوڕێیەتی هاوپۆلەکانی.

ئەو گۆشەگیری و شەرمێونی و بەحیابوونە بەڕای هێندێک لە قوتابییەکان وەک لووتبەرزی و خۆبینی دەنواند. بەتایبەت چونکە سامۆئێل بابی سامانداربوو و هەموو ڕۆژێ بە ئۆتۆمبێل دەهاتەوە قوتابخانە و بە ئۆتۆمبێل دەگەڕاوە. لەودەمیدا هەبوونی ئۆتۆمبێل بەرچاوترین نیشانەی دەوڵەمەندی و دەسترۆیشتوویی دەژمێردرا.

ڕۆژێک لە نێوان هێندێک لە قوتابییەکانی قوتابخانە و سامۆئێل شەڕ ڕووی دا، هۆی شەڕەکە ئەوە بوو قوتابییەکان هاتبوون و لە سامۆئێلیان پرسیبوو کە بابی ئەو هەمووە پارەی لە کوێ هێناوە؟

سامۆئێل سەرەتا وەڵامی نەدابۆوە، یەکێ لە قوتابییەکان بە ناوی (گاتان) هاتە پێشێ و گوتی: بابی تۆ شەو و ڕۆژ خەڵکی ئەو وڵاتە تاڵان دەکا و سامانێکی زۆری وەدەست هێناوە و نەچۆتە شەڕێ. کەچی باوکانی ئێمە، هەموو لە بەرەی شەڕدان و هێندێکیان کوژراون و داهاتی ئەوان ناگاتە سەدیەکی داهاتی بابی تۆ. دەبێ ڕوونی کەیەوە بابە تاڵانکەر و دزەکەت ئەو هەمووە پارەی چۆن وەدەست هێناوە.

سامۆئێل لەجیاتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە شەقەزلەیەکی توندی لە بنگوێی گاتان دا و گاتان کە لە سامۆئێل باڵابەرزتر و بەهێزتر بوو، زۆر بە توورەیی خۆی بە سامۆئێل دادا و قژەکانی سەری گرت و سەری بە توندی لە عەرزدا.

یەکێک لە منداڵەکان گوتی:

– ئاگادار بە . . . مەگەر نابینی بێهۆش بووە.

هەرواش بوو. ساموئێل کە سەری وە بەرد کەوتبوو بوورابۆوە، منداڵەکان کە ئەو دیمەنەیان دیت تۆقان، یەکیان گوتی:

– دەبێ هەڵێین.

گاتان کە خۆی بە بەرپرسیاری ئەو ڕووداوە دەزانی زۆر ترسا و داوای لە منداڵەکان کرد نەکا ئەم ڕووداوەی ئاشکرا بکەن و بڵێن کاری ئەو بووە، ئەوانیتر خاترجەمیان کرد کە شێت نین ئەم ڕووداوە ئاشکرا بکەن. دواتر هەموویان هەڵاتنیان لە مانەوە بە باشتر زانی.

کاتێک ساموئێل چاوەکانی هەڵێنا دیتی لە ژوورێکی نامۆدایە، سەر و سینگی دەهێشێ و پیرەپیاوێکی سمێڵ سپی کە یەخەی ئاهاری بڵێندی لێداوە لە تەنیشتی ڕاوەستاوە.

پیرەپیاوەکە کاتێک دیتی ساموئێل چاوی هەڵێناوە گوتی:

شوکر بۆ خوا وەهۆش هاتیەوە و چاوەکانت هەڵێنا. پێم وانەبوو وەهۆش بێیەوە. ئێستا چونکە بێتاقەتی پێویست ناکا قسان بکەی . ئێستا پێمبڵێ دەتوانی شتێک بخۆیەوە، ئەگەر دەتوانی بە چاو وەڵامم بدەوە.

ساموئێل چاوەکانی جووڵاندەوە و بەم شێوەیە گوتی دەتوانێ شتێک بخواتەوە.

پیرەپیاوەکە گوتی:

– زۆر باشە، نەخۆش هەتا ئەوکاتەی ئیشتیای هەیە و دەتوانێ شتێک بخوات هیوای ڕزگاربوونی زۆرە. دوایی کچێکی لاوی بانگ کرد و گوتی (ژاکلین) برۆ لیوانێک شیر و کاکائۆی خەست و خۆڵ بێنە، بەڵام زۆر گەرم نەبێ.

ژاکلین چاوێکی لە ساموئێل کرد و پێکەنی و لە ژوور چووە دەرێ.

دوایئەوەی کچە عازەبەکە لە ژوورەکە چووە دەرێ پیرەپیاوەکە ڕووی کردوە و گوتی:

– ئەوە نەوەی منە و حەڤدە ساڵانە ڕەنگە ناشیرین نەبێ، بەڵام لەپێشدا با خۆم بناسێنم. ناوی من دوکتور"سەریزی"ە، کاتێک توانیت قسان بکەی پێمبڵێ

لەوێ، لە ژێر دارەکە، چیت دەکرد و بۆچی سەرت شکابوو.

ئەودەمەی سەگەکەم"تام"تۆی دۆزییەوە، من سەرەتا پێموابوو مردووی، چونکە ڕەنگت سپی هەڵگەڕابوو، بەڵام دوای پشکنین بۆم دەرکەوت دڵت لێدەدا. بە یارمەتی خەڵکی ئاوایی تۆم هێنا ئێرە و برینەکەی سەرتم شۆردەوە و دژگەنیم کرد، بەڵام پێموایە یەک دوو پەراسووت شکابێ، هەربۆیە ناتوانی بەهاسانی هەناسە بکێشی. ئەگەر لە عومر و تەمەنی مندا بای هیوایەکم بە چاکبوونەوەت نەبوو، بەڵام چونکە لاوی و پازدە شازدە ساڵت تەمەنە، هیوادارم پەراسووەکانت دەرمان بکەم. سبەینێ وێنەی پەراسووەکانت هەڵدەگرمەوە و دەست دەکەم بە چارەسەریت.

سامۆئێل دەیویست زاری بکاتەوە و قسان بکا، بەڵام دوکتور سەریزی نەیهێشت قسە بکا و گوتی:

– تەنیا بە چاوەکانت قسان بکە. چونکە لەو بارودۆخەی تێیدای قسەکردن بۆ تۆ مەترسیدارە.

ژاکلین کچە عازەبەکە بە لیوانێک کە شیر و کاکائۆی تێدابوو هاتە ژوورەکە و سامۆئێل توانی بیبینێ، هەر کە دیتی هەستی بە دڵخۆشی کرد.

ژاکلین کچێکی جوان بوو بە قژی زێرین و هەوریشمیەوە بە نێوچاوانی پان و چاوی شین و کەپۆی شووش و چەنەی ڕێکوپێکیەوە هەرکەس بیبینیایە، هەستی ڕێز و خۆشەویستی لەدڵ دەگەڕا. هەرچەندە تەمەنی بۆ ئەویندرابوون نەدەبوو، بەڵام لە بەردەم ئەو کچەدا هەستی بە شادی و خۆشی دەکرد. هەر ئەو کچە لە ئاخردا بوو بە هاوسەری سامۆئێل و پاش ئەوەی کچێکی بوو، بۆ هەمیشە مێردەکەی تازیەبار کرد.

***

لە دووهەم ڕۆژی دەسبەسەر کرانی سامۆئێلدا، ئەرنێست هێنایە ژووری کارەکەی خۆی و گەنجەی کردەوە و کڵاوێکی ئاسنی لێدەرهێنا و نیشانی سامۆئێلی دا، دوایە دەستی بە ڕوونکردنەوە کرد و گوتی:

– ئەو کڵاوەئاسنە جوان و بریقەدارە دەبینی کە چەندە باش ساز کراوە؟ ئەو

پێچانه له دەوری کڵاوەکه دەبینی؟ ئیمه ئەو کڵاوه له سەری زیندانی دەنێین، زیندانی هەست دەکا لەوانەیه کاسەی‌سەری بتەقێت، بەڵام چونکه کەللەسەر زۆر قایمه، کاسەسەری زیندانی ناتەقێت، دیسان پێچەکان توندتر دەکەین، ئەودەم زیندانی جۆرێک هەست بە ژان و کزانەوه دەکا کە دەڵێی ئاسنێکی سوورکراوەیان لە سەر لاجانگی داناوە، ئیمه دیسان پێچەکان زیاتر بادەدەین، ئەودەم پێی‌وایه مشارێکیان له سەر تەپڵی سەری داناوه و دەیانهەوێ کاسەی‌سەری ببڕنەوە. بەینێک لەمەوبەر، ئەو کڵاوەئاسنەم لە سەری یەکێ لە زیندانییەکان داناوه و پێچەکانم بادا. حەزم دەکرد تۆش لەوێ بای و بتدیبایه چۆن هاواری دەکرد و لە سەر عەرز خۆی دەتلاندەوە. کاتێک بۆ جارێکی دیکه پێچەکانم بادا کوڵکوڵەی خوێن له کوونەکانی لووتیەوە فیچقەی کرد و تەواوی جلەکانی منی خوێناوی کرد. پاش‌ئەوەی کڵاوه ئاسنەکەم لە سەری لابرد زانیمان شێت بووه. سەرەتا پێم‌وابوو دەیهەوێ فریوم بدا و بەو فێڵه دەیهەوێ له چنگ ئیمه ڕزگار بێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژ بۆمان دەرکەوت بەڕاستی شێت بووه. هەر کاتێک ئەو شێته منی دەدیت دەستی دەگرتم و دەی‌بردمه قەراخێک و دەیگوت دەمهەوێ زانیاری نهێنی و زۆر گرینگت پێ بڵێم. کاتێک لێم‌پرسی ئەم زانیارییه چیه؟ سەری هێنایه بن گوێم و گوتی: (هیتلێر دەیهەوێ هەواڵی شەڕمان پێ بدا) . ئەوڕۆژەی ئەم شێتەمان دەگەڵ دەستەیەک لە زیندانییەکان تیرباران دەکرد، چونکه نەیدەزانی دەمانهەوێ ئیعدامی بکەین ئاین‌وئۆینی سەربازانێکی دەردێنا کە کارگێڕی ئیعدام بوون و زاری لێ خواردەکردنەوه و سەرباز و فەرماندەکان پێدەکەنین و ئەویش پێدەکەنی.

کاتێک ڕوونکردنەوەی ئەرنێست سەبارەت بە کڵاوەئاسنەکه تەواو بوو، کەرستەیەکی دیکەی لە گەنجە دەرهێنا و پێشانی سامۆئێلیدا و گوتی:

– جوولەکه گڵاوەکەم، ئەو گازه جوانکیله و بریقەدار دەبینی چەنده جوان ساز کراوە؟ ئەوگازه بۆ دەرهێنانی نینۆکی دیلەکان دەبێ دوای هەر تاقیکارییەک بە ئەلکۆڵ دژەگەنی دەکەم، نەوەکوو میکرۆبی هەبێ. دڵنیابه قەت بەو گازه پیسه لە میکرۆب وەرنادرێی. کاتێک بمهەوێ نینۆکەکانی تۆ بێنمەدەرێ، دەستت لە کورسی دەبەستمەوه، دوایه سەری نینۆکت بەو گازه

دەگرم ئەوجار بە تەکانێک نینۆکت دینمەدەرێ. کارەکە ئەوەندە خێرایە هەتا تاوێک دڵۆپێکی خوێن لێنایە.

ئێستا جوولەکە پیسەکەم، پێم دەڵێی پێرێ لە ماڵەخۆت چت دەکرد؟ ئەو کتێبەی لە ئاگرت هاویشت و سووتاندت ناوەڕۆکەکەی چ بوو و ئەو تەلگرافانەی کە بۆ لەندەنت دەناردن یان لە وێ وەرت دەگرتن باسی چییان دەکرد؟

سامۆئێل بە بیستنی ئەو قسەیە خۆشحاڵ بوو و بە خۆی گوت بەخاترجەمی کارناسەکانی ئەڵمان نەیانتوانیوە کلیلی ڕەمزەکانی ئێمە بدۆزنەوە، دەنا پێویستی نەدەکرد ئەم پیاوە بە پێداگری بیهەوێ مانای تەلگرافە ڕەمزێکانی پێ بڵێم.

ئەرنێست بە چاوە شین و سارد و سڕەکانی تەماشای سامۆئێلی دەکرد و چاوەڕێی وەلام بوو، بەلام سامۆئێل وەلامی نەدەداوە. بۆ ئەوی نەوەکوو بە هۆی ئەشکەنجە کلیلی ڕەمزەکانی کە ژمارەی "١٩٢٨٥"بوو لە زاری دەرپەڕێ. بیری خۆی تەنیا لە سەر گازەکە خڕکردبۆوە و پەیتا ـ پەیتا وشەی گاز. . . گاز. . . لە ژێر لێویەوە دووپات دەکردەوە

ئەرنێست گوتی:

– ئاخری کلیلی ڕەمزەکە ئاشکرا دەکەی یان نا؟

سامۆئێل زانی ئەودەمە ترسناکەی هەمیشە لێی دەترسا نزیک بۆتەوە و بەزووترین کات ئەرنێست دەیخاتە ژێر ئەشکەنجە. وەک تەواوی داماوەکان، کە هیوایان لە هەر لایەکەوە بڕاوە لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەی خودای لێقەوماو و چەوساوەکان کە کوڕی خۆشەویستی خۆت، حەزرەتی عیسا، لە ڕێگای ڕزگاری بەشەردا فیدا کرد. ئەی خودای گەورە هێز و توانایم پێ ببەخشە هەتا بتوانم لە بەرامبەر ئەو شکەنجانەدا خۆڕاگرم. تۆش ئەی ژاکلین، هاوسەری خۆشەویستم کە لەژێر خاک خەوتووی، بە ڕۆحی خۆت یارمەتیم بدە کە نهێنی خۆم و ئاوالانم بپارێزم.

ئەرنێست کە بێدەنگی سامۆئێلی دیت گوتی:

– زۆر باشە، ئێستا کە هیچ ناڵێی، دەست پێدەکەم .

پاشان ڕووی لە ژنە تایپیستەکە کرد، کە باسمان کردبوو، گوتی بڕۆ والتێر بانگبکە.
ژنە زەلامە ئەڵمانییەکە لە جێی خۆی هەستا و والتێری بانگ کرد، والتێر لەکاتێکدا کە ڕووپۆشێکی سپی دەبەرکردبوو هاتە ژوورەکە.
ڕۆژی ڕابردوو کاتێک والتێر یەکێ لە دیلەکانی جەزرەبە دەدا کەمێک خوێن ڕژابووە سەر جلەکەی، هەر بۆیە ئەو ڕۆژە پارێزی کردبوو و ڕووپۆشێکی سپی دەبەر کردبوو هەتا هەردەمێک خوێنی سامۆئێل کولکولەی کرد جلەکانی پیس و خوێناوی نەبن.
ئەرنێست بە والتێری گوت کە توند ڕایبگرێ. والتێریش دەستەکانی لە دەوری سینگی سامۆئێل توند کرد، ئەرنێست بە فرێدای گوت تۆش دەفتەرچەکە بەدەستەوە بگرە هەرچی ئەو جوولەکەیە گوتی زوو بینووسە کە دوایە تایپ بکرێ.
ئەودەم گازەکەی لە سەرمێزەکەی هەڵگرت و لە سامۆئێل نزیک بۆوە، دەستی چەپەی گرت و دوولکی گازەکەی لە سەرنینۆکی قامکی ئەسپێکوژەی دەستی چەپەی دانا.
سامۆئێل لە دڵی خۆیدا گوتی ئەیخودایە، نەتەوەی من واتا جوولەکەکان کوڕی خۆشەویستی تۆ مەسیحیان لە خاچ دا. خودایا دەزانم بە کەفارەی کردەوەی نەتەوەکەم شیاوی ئەم سزا و ئەشکەنجەیەم، بەڵام لە بەرت دەپاڕێمەوە هێزێکم پێ ببەخشی هاوار نەکەم.
ئەرنێست گازەکەی بۆلای خۆی کێشا. سامۆئێل لە تاوی ئێش و ژان هەستا سەرپەنجە، بەڵام والتێر توند گرتبوی و نەیدەهێشت لە باوەشی بێتەدەر. کاتێک خوێن لە قامکە زلەی سامۆئێل هەڵقوڵی و نینۆکی هەڵکەندرا، سامۆئێل گوێی لێبوو کە ئەرنێست بە والتێری دەگوت، کار تەواو بوو بەریبدە.
سامۆئێل کە ئیدی پاڵپشتێکی نەبوو، کەوتە سەر عەرز، بەڵام ڕووناکاییەکی شادیهێنەر لە دڵی دا. چونکە لەبەرامبەر ئەم جەزرەبە ترسناکەدا نە هاواری کردبوو و نە قسەیەکی لە زار هاتبۆدەرێ.
ئەرنێست چوو بۆلای دەستشۆری کە لە گۆشەی ژوورەکە بوو و شێرەکەی

کردەوە و خوێنی گازەکەی شۆردەوە و دوایی چرا ئەلکۆلیەکەی هەڵکرد و گازەکەی لە سەر چراکە ڕاگرت کە دژگەنی بکا.
پاشان لە پشت مێزەکەی خۆی دانیشت و بە سامۆئیلی گوت:
- هەست دەکەم تۆ ئینسانێکی قینەبەری، بەڵام ماوەیەک لەمەوپێش دە گەڵ کەسێک بەرەورووبووم کە زۆر لە تۆ ڕکەبەرتر بوو، لە سەرەتادا دە نینۆکی دەستی و دوایی دە نینۆکی لاقیم دەرهێنا، ئەو پیاوە نەزانە کاتێک دیتی دوایین نینۆکی لاقی هاتەدەر، دەستی بە قسە کرد. منیش هەموو ڕۆژێ دەتهێنمە ئێرە و بە ڕێکوپێکی هەر ڕۆژەی نینۆکێکت دەردێنم. بە شێوەیەک کە شەوێ گەڕایەوە زیندان، بەئاسوودەییەوە دەتوانی بیر لەو نینۆکەی بکەیەوە کە سبەی دەبێ هەڵکەندرێ.
ئینسان کاتێک لە زیندان تەنیایە، دەتوانی بیر لە زۆر شتان بکاتەوە. تۆش هەر شەوەی لە بیری نینۆکێکی دیکە دادەبی کە بۆ سبەینێ هەڵدەکەندرێ و نینۆکەکەت پێت دەڵێ کە سبەینێ لە کاتی لێپرسینەوە هەرچی لێیان پرسی وەڵام بدەوە و مەهێڵە من لە گۆشت جودا بکەنەوە. دەبینی کە دمەتەقەی شەوانە زۆر شوێن دادەنێ و ڕۆژێک ناچارت دەکا تەواوی نهێنییەکان بدرکێنی.
ئەگەر ئەو بیرە کە لە ئەمشۆ بە دواوە دەبێ لە زیندان بیکەیەوە، کە دەبێ لەبیری نینۆکەکانی خۆت دابی، لە ڕۆژی یەکەمەوە دەتکردەوە هەرگیز نەدەچوویە ناو بزوتنەوەی نیشتمانپەروەران و ئەگەر ئەوانی دیکەش ئەقڵیان هەبا نەدەچوونە ناو ئەم جووڵانەوەیە. ئێوە داماو و نەزانەکان پێتانوایە چونکە ئەندامی بزووتنەوەی نیشتمانپەروەرانن، خەڵک ڕێز و بایەختان بۆ دادەنێن، کەچی وانییە. لەو شارەدا کە پەنجا هەزار نەفەری حەشیمەت هەیە، ئێوە لە دە- بیست - سی و لانی زۆر پەنجا کەس تێناپەڕن، کەوابوو لە هەر هەزار نەفەر دانیشتووی ئەم شارە، تەنیا نەفەرێک هاتۆتە ناو جووڵانەوەی نیشتمانپەروەرانی ئێوە و پاشماوە کە چلونۆهەزارونۆسەدوپەنجا نەفەرن، ژیانی ڕەحەت و ئاسوودەیان پێخۆشە و چونکە خاترجەمن کە ئێمە سەرکەوتوو دەبین حەز دەکەن لەگەڵمان بسازێن. هەرجارەی کە فڕۆکەیەک دێت و بۆمبێک بەردەداتەوە توورەونزاتان لێ دەکەن، چونکە دەزانن ئێوە

خەبەر بە لەندەن دەدەن کە دەبێ چ جێگایەک بۆمباران بکرێ، بەڵام وایدادەنێین کە گومانی تۆ ڕاست دەرهات و هاوپەیمانەکان توانیان لەو شەڕەدا سەرکەون، تازە تۆی یەهوودی داماو و لیقەوماو پێتوایە دەگەیە پلەی بەرزتر و دەبی بە خاوەن ڕێز و شەرەف. ئەگەر ئاوا بیر دەکەیەوە زۆر لە هەڵە دای، با وایدانێین کە هاوپەیمانەکان سەربکەون دیسان تۆ و پەنجا کەس لە هەڤاڵانت لە بەرامبەر پەنجا هەزار نەفەری دانیشتووی ئەم شارەدا کە هەموویان هاوکارییان کردووین و نایانهەوێ کە ئێوە لە مەقاماتی باڵا و پۆستەکانی هەستیاردا ببینن، لەناو دەچن. چونکە لە دونیادا هەمیشە یاسای ژمارە حکوومەت دەکا و لە پەنجا نەفەر نیشتمانپەروەر لەگەڵ پەنجاهەزار کەس کە هاوکاری ئێمەیان کردووە، هیچی پێناکرێ.

لەبەرئەوەی ئەتۆ ئێستا قسەت نەکردووە و وەڵامت نەداوەمەوە، بیست زەربەی قەمچیت لێ دەدەم یەک بۆ ئەو نینۆکەی کە لە قامکی تۆم هەڵکەندووە ونۆزدەی دیکەش . . . بۆ نۆزدە نینۆکی دیکەیە کە لە ڕۆژەکانی دیکەدا دەریان دێنم، بەڵام دڵنیابە سبەینێ سی زەربە قامچیت لێدەدەم و دووسبەی چل قامچی دەخۆی. بریا بتزانیبایە چل زەربە لەو قامچییەی من لێتدەدەم چۆنە. زۆر کەس بەر لەوەی دوایین قەمچییان وێکەوێ دەمرن.

پاشان قەمچیە درێژ و تایبەتەکە کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو بە دەستەوە گرت و کەمێکی بە تاقی کردەوە و گوتی:

– ئەو دەمی منداڵ بووم زڕبابێم هەبوو کە بە قامچی لێی دەدام. ئەگەر هاوارم کردبا بەو ڕادەی کە هاوارم کردبوو زۆرتری لێ دەدام دوای تەواوبوونی لێدان ناچار بووم دەستی ماچ کەم و سپاسی بکەم. دڵنیام تۆش دوای تەواوبوونی کارەکە، دەستخۆشیم لێ دەکەی.

ئێتر یەکەمین قەمچیی لێدا و گوتی:

– ئەوە یەک. . . ئەوە دوو دانە. . . ئەمە سێ دانە. . . و. . .

هەرجارەی کە ئەرنێست قامچی لە پشتی دەدا قامچییەکە تەواوی پشتی دەگرتەوە و ئەرنێستیش وەک دارشکێنەکان کە بیور(تەور)ی دادێنن هەموو جارێ نرکەیەکی لێ دەهات.

سامۆئێل بۆوەی هاوار نەکا بێپسانەوە لە دڵی خۆیدا داوای یارمەتی لە خودا دەکرد و دەپاڕاوە، بەڵام زەربەکانی قەمچی دوعا و پاڕانەوەی دەبڕی.

کاتێک ئەرنێست دە قەمچیی لە پشتی سامۆئێل دا، وەریسووڕاند و دە زەربەی دیکەی لە زگی دا.

برژانەوە و ئێشی ئەو قەمچیانەی لە زگی دەکەوت زۆر زیاتر بوو لەوانەی لە پشتی دەدرا. سامۆئێل سینگی خۆی دەهێنا پێشێ و زگی دەبردەوە ژوورێ بەشکوو قامچی لە سینگی کەوێ و لە زگی نەکەوێ. کاتێک بیست قەمچییەکە تەواو بوو، ئەرنێست گوتی ئێستا سوپاس بکە و بڵێ مەمنوونم!

سەرتاپێی سامۆئێل برینەدار و خوێناوی ببوو و لە تەواوی ئەو جێیانەی قەمچیی وێکەوتبوو خوێن دەچۆڕاوە.

ئەرنێست گوڕاندی: بڵێ سپاست دەکەم، سامۆئێل بیری کردەوە ئەگەر بەو پیاوە خوێنمژە بڵێ سپاست دەکەم هیچ نابێ و هیچ کام لە نهێنیی هاوولاتییەکانی ئاشکرا ناکا و بە یەک وشەی"مەمنوون" لەوانەیە ئەو پیاوەی لە خۆبایی بکا، بەڵام دوایی بە خۆی گوت، من دەیناسم و ئەگەر تەنیا وشەیەکت لە زار بێتەدەر لەناو دەچی و ناچاری تەواوی نهێنییەکان بدرکێنی.

ئەرنێست کە بێدەنگییەکەی سامۆئێلی دیت گوتی:

– هۆی جووی پیس، سەگە گلاو. ناتەوێ دەستخۆشیم پێبڵەی.

ئەو دەمی قەمچییەکەی بە دەوری سەریدا سووڕاند، هێندە بە توندی لە دەموپەلی سامۆئێلی دا کە ڕوومەت و لێوەکانی سامۆئێل هەڵدڕان و خوێنی تازە بە سەر لەشیدا هاتە خوارێ.

دوای ئەو زەربەیە، ئەرنێست بەوپەڕی تووڕەییەوە قەمچییەکەی بۆ لایەک فڕێدا، قامچی وەک مار لەسەر زەوی خڕبۆوە و لە جووڵە کەوت. ئەرنێست گوڕاندی ئێستا کە هیچ ناڵێی لە ئاوی ساردت هەڵدەکێشم.

ئەودەمی بانگی فریدای کرد و گوتی:

– ڕووپۆشەکەم بدەیە.

فریدا ڕووپۆشێکی کائۆتشۆکی و جووتێک چەکمەی جێری لە خەڵوەتی دەرهێنا و دای بە ئەرنێست. ئەویش لەبەری کردن و "سامۆئێل"یان بەرز

کردەوە و بردیانە ژووری دیکە.
پیاوی چارەڕەش کە لە سەرتاپێی خوێن و ئارەقە دەتکا، نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوا، بەزۆری بە سەر زەویدا ڕایاندەکێشا و دەیان برد.
ژووری دیکە بریتی بوو لە دیوی حەمام کە لەگەنی گەورە لە سووچێکی دەبیندرا . بە دەستووری ئەرنێست، والتێر شێرەی ئاوەساردەکەی کردەوە و لەگەن پڕ بوو پاشان ئەرنێست قاچ و دەستی سامۆئێلی بەستەوە و لە لەگەنەکە نزیک بۆوە و دەستی لە ئاوە ساردەکە نا و گوتی:
- ئەو ئاوە ئەوجۆرەی کە پێویستە سارد نییە. بڕۆ لە دەرێ هێندێک سەهۆڵ بێنە و تێیهاوێ با ساردتر بێ.
والتێر فەرمانی بالادەستی خۆی بەڕێوەبرد و کەمێکی سەهۆڵ لە دەرێڕا هێنا و لە ئاوەکەی هاویشت. ئەرنێست گوتی شووشەیەک شامپانی لە سەهۆڵدان بێنەدەرێ، زۆرم تینوو بووە.
سەهۆڵدان لە تەنیشتی دیوی حەمام بوو، والتێر دەسبەجێ شووشەیەکی شامپانی لەگەڵ دوو پەرداخ هێنا. ئەرنێست پەرداخێکی شامپانی خواردەوە و پەرداخێکی دیکەی دا بەدەست یارەکەی خۆی و گوتی:
- بە ڕاستی ئێمە ئیشێکی پڕزەحمەتمان هەیە و زۆر دەبێتە هۆی ماندوو بوون و تینوویاتی ئێمە.
دوایە بە سامۆئێلی گوت دیسان دەرفەتت دەدەمێ. ئەگەر هەرچی دەیزانی پێم‌بڵێی، لە سەهۆلاوت هەڵناکێشم.
کاتێک بێدەنگی سامۆئێلی دیت بە هاوکارەکەی گوت با دەست بەکار بین.
پاشان ئەو دوو کەسە؛ یەکێکیان سەری سامۆئێل و ئەویتر دوو قاچی گرت و لەپڕتاو لەناو سەهۆلاوەکەیان هاویشت و والتێر قژی سەری سامۆئێلی گرت و سەری لە ژێر ئاوەکە خست و هەرکات قاچەکانی سامۆئێل لە ژێر ئاو دەهاتنەدەرێ ئەرنێست قەمچیێکی لێدەدان.
دوای خولەکێک ئەرنێست بە هاوکارەکەی گوت:
- ئێستا لە ئاوێ بیهێنەدەرێ، نامهەوێ پێش ئەوەی شتێکی لێ‌ببیستم، ئەو جوولەکە پیسە لە چنگمان دەرچێ.

***

ئیمه باسی سامۆئیلمان له دەوری منداڵی و سەرەتای لاویدا، لەجێیەک بەجێهێشت که له ماڵی دوکتور سەریزی لەجێگادا کەوتبوو و سامۆئیل ماوەی پێنج حەوته له وێ بەجێوبان کەوتبوو.

دوکتور سەریزی هەموو ڕۆژێ له بەیانییەوه تا نیوەڕۆ له نووسینگەی خۆی نەخۆشی موعاینه دەکرد و دوایه خێرا نانی نیوەڕۆیەی دەخوارد، دوانیوەڕۆیان و ئێواران به دوای ئەو نەخۆشانەدا دەڕۆیشت که له ماڵان کەوتبوون و تەنیا بۆ خواردنی شێو دەهاتەوه ماڵێ، کاتێک دەهاتەوه ماڵێ به تەواوی ماندوو دەبوو و ژاکلین به میهرەبانی و پێکەنینەوه کەرەسەی حەسانەوەی ئامادە دەکرد، پێڵاوەکانی له بەر دادەکەند و دەمپێیی (نەعل)ی له پێ دەکرد و دوایی ژێر باسکەکانی دەگرت و بۆلای دیوی چێشتخواردنی دەبرد.

ئەودەم، دەوری یەکەمی شەڕی نێودەوڵەتی بوو و تەواوی پزیشکه لاوەکانیان بۆ بەرەی شەڕ بردبوو. بۆیه دوکتور سەریزی ناچار بوو له بەیانییەوه تا شەوێ خەریکی چارەسەری نەخۆشەکان بێ، که دەگەڕاوە ماڵێ دەیگوت من زۆر پیر بووم و ئەم کاره گرانانەم بۆناکرێن، بەڵام بۆخۆشی دەیزانی که بەڕاستینییه و ئیشی دژوارتر لەوانەشی لەدەستدێ.

بابی سامۆئیل به ناوی داود که به تەلەفۆن له نەخۆشی و برینداربوونی کوڕەکەی ئاگادار ببوو، هەر ئەو ڕۆژە هاته ماڵه دوکتور سەریزی، و هەرچی له سامۆئیلی پرسی که بۆچی پەراسووکانی شکاوه و بۆچی وای لێ هاتووه، سامۆئیل وەڵامی نەداوه و دەیگوت هیچم لەبیر نەماوه و نازانم بۆچی ئاوام لێهاتووه.

هەر بۆیه باوکی چووه لای بەڕێوەبەری قوتابخانه و ویستی بۆی ڕوونکاتەوه چۆن ئەم ڕووداوه ناخۆشه بۆ کوڕەکەی هاتۆته پێش.

بەڕێوەبەری قوتابخانه به پێی داخوازی بابی، لێکۆڵینەوەی له قوتابییەکان کرد، بەڵام چونکه قوتابییەکان بڕیاریان دابوو که له دەربڕینی ڕاستی خۆبپارێزن هیچ شتێکیان نەدرکاند و گوتیان ئێمه ئاگامان لێنییه.

بەڵام (داود) بابی سامۆئیل ساویلکه نەبوو و دەیزانی که ڕووداوێکی گەوره بۆ کوڕەکەی هاتۆته پێش و ئەوان ئاشکرای ناکەن.

***

مشکەکە، کە بە هۆی بۆنی خوێن ئارەزوویان بزووتبوو، لە ژوورەکەدا هەڵات و خۆی گەیاندە گوێی سامۆئێل، ویستی قەپاڵێک لە گوێی بگرێ، بەڵام لەو دەمەدا سامۆئێل بە ئاستەم جووڵاوە و جرجە مشکەکە، کە بە قەرای کەروێشکێک دەبوو هەڵات.

لە چەند شەو پێش لەمەوبەرەوە، مشکەکە وایدەزانی کە کەلاکێکی مردوو و بێ جووڵە لەو بەندە کەوتووە، بەڵام هەر دەمێ بۆ قەپلێدان لەو کەلاکە نزیک دەبۆوە، هەستی دەکرد ئەو لاشە بێ جوولەیە زیندوویە و دەجووڵێتەوە بۆیە دەترسا و هەڵدەهات.

سامۆئێل بە ددانی مشکە، وەهۆش هاتەوە؛ دەسبەجێ تەواوی ئەندامی لەشی دەستی بە ژان کرد. لە پشت ئەو شووشە پیس و خۆڵاویە کە لەسەر دەرکەی بەندەکە دایان‌نابوو تاڵەتیشکێک دەهاتە ناو بەندەکە. جارێکی دیکە دوکتور سامۆئێل خەم دایگرتەوە کە بۆچی شەو ئاوا زوو تەواو بوو و بەیانی هاتووە.

ئەوجار بە هێوری، قامکی لە برینی قامکەگەورە و قامکی‌شادە و زەڕنەقووتە و براتووتەی دەستی چەپەی نزیک کردەوە و دیتی ئەوچوار قامکە بێ‌نینۆکن، تەنیا قامکە تووتەی دەستی چەپەی نینۆکی پێوە مابوو.

پاشان حیسابی کرد و بەخۆی گوت چونکە چوار نینۆکی منیان دەرهێناوە، ئەشکەنجەی منیش لە ڕۆژی دووهەمی گرتنمەوە دەستی پێکردووە، کەوابوو ئێستا شەش ڕۆژە گیراوم.

سامۆئێل بە دەنگی بەرز ئەم قسانەی کرد. هەرکاتێک لە ژوور بە تەنیا دەبوو بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد، بەڵام لەلای ئەرنێست بەهیچ شێوەیەک قسەی نەدەکرد. چونکە دەیزانی هەر قسەیەک، تەنیا قسەیەک بکا، ئیدی ناتوانێ بەرگری لە قسەکردنی خۆی بکا و هەرچی لە دڵی دایە دەبێ بیڵێ.

ڕووناکایی بەیانی ئەرنێستی وەبیر سامۆئێل هێناوە و بە دەنگێکی بەرز، ڕووی قسەی لە ئەرنێست کرد و گوتی:

– تۆ زۆر نەفام و نەزانی چونکە باشترین کات بۆ قسە دەرکێشان بەیانی و کاتی لەخەوهەستانە، ئەگەر بزانی کە دەمی بەیانی ئینسان چەندە لاوازە! هەر

ئێستا دەهاتی و لە سەر تەختێک دەتخەواندم و بە ئارامی و بێتوندوتیژی پرسیارگەلێکت لێدەکردم، منیش هەرچی دەمزانی پێمدەگوتی.
لەو دەمیدا لەو دیوی دیوارکە کوتەکوتێک گوێی سامۆئێلی زرینگاندەوە و بیستی کە زیندانی تەنیشتی بە شتێکی ئاسن پەیتا ـ پەیتا لە دیوارەکە دەدا.
سامۆئێل دەیزانی کە ئەو لێدانانە ئاساییترین رێچارەی ئەلف و بێن و زیندانی تەنیشتی بۆ پیتی"ئەلف" قەمچییەک، بۆ پیتی"ب "دوو قەمچی و بۆ پیتی"پ"سێ قەمچی و هتد. بەو ئەلف و بێیە لێی دەپرسی کە تۆ کێی؟
لە رۆژانی سەرەتادا کە سامۆئێل ئەو قەمچییانەی گوێ لێ دەبوو، دەیویست بە هاوار کردن وەڵامی ئەو زیندانییە بداتەوە و خۆی بناسێنێ. چونکە دەست و قاچی بەستراببوو و نەیدەتوانی لە وەڵامدا لە دیوارەکە بداتەوە ، بەڵام زیندانی تەنیشتی لەو شتە ئاگادار نەبوو و هەموو رۆژێ کاتی لەخەوهەستان تەپەتەپی خۆی دەست پێدەکردەوە و کاتێک وەڵامی نەدەبیستەوە لە کۆتاییدا پێلاقەیەکی توندی لە دیوارکە دەدا، سامۆئێل مانای ئەم پێلاقەیەشی دەزانی و دەیزانی کە زیندانی هاوسێ بەو پێلاقەیە دەیهەویست بڵێ تۆ چەندە نەفامی و بۆچی وەڵام نادەیەوە؟
هەموو شەوێ دوای جەزرەبە، هێنریخ، زیندانەوان سامۆئێلی دێناوە ناو بەندەکەی خۆی و لە سەر زەوی فڕێیدەدا و بۆ چەند ساتێک دەستوقاچی دەکردەوە کە شۆرباوەکەی خۆی بخوا، دوایە دیسان دەستولاقی دەبەستەوە و بەرەڵای دەکرد و دەرکەی بەندەکەی دادەخست و دەڕۆیشت.
دوای ڕۆیشتنی زیندانەوانی ئیدارە و بڕیارێکی کە لە تەواوی ڕۆژدا سامۆئێلی ڕاگرتبوو لاواز دەبوو و لەبەر ماندوویی و ئێش و بێتاقەتی دەبووراوە.
جاری وابوو لە نیوەشەودا ژانی ماسوولە و ئێسکان وەهۆشی دێناوە و بێ ئەوەی بیهەوێ دەکەوتە ناڵەناڵ و دەنگی هاواری بە گوێی تەواوی زیندانییەکان دەگەیشت و ئەو ناڵە و نووزەیە هێندە شووم و دڵتەزێن بوو کە تەنانەت زیندانییەکان مچوڕکیان پێدادەهات.
هەر وەکوو کەسێک لە دەریادا، نوقمبێ دەستولاق لێدەدا دەسەودامێنی بچووکترین پووشوپەڵاش دەبێ کە ڕەنگە خۆی ڕزگار بکا، سامۆئێل لەوحاڵە

تەنیایی و چارەڕەشیەدا زۆرتر بیری لە ژاکلین، هاوسەرە جوانەمەرگەکەی دەکردەوە، چونکە دەیزانی بەو بیرە دەتوانێ بۆ شەووڕۆژی دوایە هێز و گوڕ و تین وەدەست بێنێ.

ئەوشەوەش وەک شەوانی ڕابردوو، سامۆئێل، ژاکلینی وەبیر هاتەوە و ڕۆژانی سەرەتایی ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ ئەو کچە شەنگە لە ماڵە دوکتور سەریزی کەوتەوە بیر.

داود باوکی سامۆئێل، دوای ئەوەی لە ماڵە دوکتور سەریزی سەردانی کوڕەکەی کرد و ژاکلینی بینی، دیتی سامۆئێلی کوڕی چۆن چاوی لە ژاکلین بڕیوە. زانی کوڕەکەی ئاشقی ئەو کچە بووە، بەڵام کاتێک سامۆئێل دەرمان کرا و لە ماڵە دوکتور سەریزی ڕۆیشت، قەت ناوی ژاکلینی نەدەهێنا. داود کوڕەکەی باش دەناسی و دەیزانی کە زۆر شەرمێون و حەیابەخۆیە بۆیە پێیسەیرنەبوو و بە خۆی دەگوت: سامۆئێل ئێستا چکۆلەیە و کاتی زەماوەندی نەهاتووە، ئەو دەمەی کاتی زەماوەندی بگاتێ، دڵنیام ئەوەندە شەرمێونە کە ناتوانێ خوازبێنی لە ژاکلین بکا و ئەوە منم کە دەبێ لەباتی ئەو خوازبێنی بکەم.

ماوەیەک دوای ئەم ڕووداوە، سامۆئێل بە بابی گوت کە حەزدەکا زانستی پزیشکی فێربێ و ببێتە پزیشک.

داود لەم وتەیە سەری سووڕما، بەڵام دژایەتی لەگەڵ کوڕەکەی نەکرد چونکە بڕیاری دابوو کوڕەکەی ئازاد بێ هەتا هەر وانەیەکی پێیخۆشە درێژەی پێبدا، بەڵام کاتێک بیستی سامۆئێل داوای لێدەکا لە کاتی خوێندندا نیشتەجێی گەڕەکی (لاتین) واتا گەڕەکی خوێندکارانی پاریس بێ ناڕازی بوو، چونکە دانیشتوانی گەڕەکی لاتین بە گشتی خوێندکارانی نەدار و هەژار بوون.

سامۆئێل داوای لە بابی کرد کە ڕازی بێ ئەو ژوورێکی بچووک لەو گەڕەکە بەکرێ بگرێ و بە پارەیەکی کەم کە بابی دەیداتێ درێژە بە خوێندنەکەی بدات.

داود گوتی:

– ئەرێ وەبیرت دێ ماوەیەک لەمەو پێش هەر لەو دیوەدا پێکەوە قسەمان کرد و من پێموتی ئاواتی من بۆ تۆ چیە؟

سامۆئێل گوتی:

- بەڵێ لە بیرم ماوە، دەتگوت بەئاواتی کاتێک بوومە لاوێک و چوومە ناو کۆمەڵ، لە باری مادی هیچ گیروگرفتم نەبێ و بتوانم بە خۆشی و ڕەحەتی بژیم. لە بیرمماوە دەتگوت تەواوی ئەم کەلوپەل و کەرەسانەم بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئاواتە دابین کردووە.
داود گوتی:
- نازانم ڕازی دەروونت چیە و بۆ چ مەبەستێک دەتهەوێ ژیانی ڕەحەت و ئاسوودەی ئێرە بەجێبێڵی و بڕۆیە گەڕەکی لاتین. بەهەرحاڵ چونکە بڕوام بە ئازادی تۆیە، لەگەڵ گەلاڵەی تازەت پێکدێم. هیوادارم ڕۆژێک بێ کە تۆ نهێنی ناودڵت بەمن بڵێی، بەڵام دەمهەوێ بزانم کە ئەمنت خۆشدەوێ یان نا؟
سامۆئێل گوتی:
- ئەرێ تۆم خۆشدەوێ. ڕێزیشت بۆ دادەنێم.
ئەو قسەیە بە شێوەیەکی هاودڵی و خۆشەویستی گوترا، بە جۆرێک کە داود بە تاقە دەستەکەی منداڵەکەی کێشا پێش خۆی و ماچیکرد.
بەڵام چارەنووس ئیزنی نەدا داود بە ڕازی دەروونی کوڕەکەی بزانێ. سێ ڕۆژ دوای ئەم وتوویژە، داود بۆ کارەکانی سەرافی و بازرگانی چوو بۆ نیویۆرک و دوای سێ حەوتە ئیبراهیم باپیری سامۆئێل، لەدایکەوە، نەوەی خۆی بانگ کرد و تەلگرافێک کە لە نیویۆرکەوە هاتبوو نیشانی دا و دەرکەوت کە داود بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێل لە نیویۆرک کوژراوە.
ئیبراهیم بە سامۆئێلی گوت:
- واویدەچوو باوکت پێش ڕۆیشتن بۆ نیویۆرک بە ئیلهامێکی دەروونی، زانی کە لەو سەفەرە ناگەرێتەوە چونکە ئەوشەوەی دەیویست بۆ سبەینەکەی سەفەر بکا، هاتە لای من و سەبارەت بە تۆ، باسێکی تێروتەسەلی بۆ کردم؛ گوتی کە تۆ دەتهەوێ ببی بە پزیشک، ئەگەر چی نازانم کە بۆچی دەتهەوێ ئەو ئیشە هەڵبژێری، بەڵام منیش وەک بابت دژایەتی لەگەڵ ئەو کارەت ناکەم.
پاشان ئیبراهیم درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، دەزانم کە خەرجی خوێندنی تۆ کەمە و خۆت ویستووتە بەخەرجێکی کەم درێژە بە خوێندنەکەت بدەی، بەڵام تەواوی ئەو بەشەی کە هی بابتە، لە شەریکە بۆ تۆ دەمێنێتەوە و دڵنیا بە

تـەواوی حـەول و تەقـەلای خـۆم دەدەم کـە بەرژەوەنـدی تـۆ هەمیـشە لـەم شەریکەیەدا بپارێزرێ.

قسەی ئیبراهیم تەواو بوو، سامۆئێل دەیویست هەستێ و بڕوا، ئیبراهیم کە دیتی دەیهەوێ بڕوات گوتی باوکت پێش ڕۆیشتن بۆ نیویۆرک سەبارەت بە بابەتێکی دیکە قسەی دەگەڵ کردم و گوتی کیژێک هەیە کە ئەتۆ خۆشتدەوێ و ئەم کچە شایانی ئەوەیە ببێتە هاوسەری تۆ.

بە بیستنی ئەو باسە سامۆئێل سوور هەڵگەڕا، ئیبراهیم گوتی:

– من کەسێکی جوولەکەم و وەفادارم بە بنەماکانی مەزهەبی خۆم و پێم باشتر بوو کە تۆ دەگەڵ کچێکی جوولەکە زەماوەند بکەی، بەڵام لەوانەیە من بەساڵاچوو و کۆن بم و مێشکی من بۆ وەرگرتنی بیر و باوەڕی تازەی لاوەکان توانایی نەبێ.

لەهەرحاڵ دا، بابت قایل بەو پێکگەیشتنە بوو و دەیگوت دڵنیایە کە تۆ دوای ئەو پەیوەندییە بەختەوەر دەبی، منیش وەک بابت ڕازی بە ئەم خزمایەتییەم.

ساڵی ١٩٢٣زایینی ئیبراهیم کۆچی دوایی کرد و دوکتور"سەریزی"ش مرد و سامۆئێل و ژاکلین خۆیان ئامادە دەکرد کە زەماوەند بکەن.

پێش زەماوەند، قەشەیەک کە قەشەی بنە ماڵەی ژاکلین بوو تکای لە سامۆئێل کرد بچێتە دیتنی، کاتێک سامۆئێل قەشەی بینی، قەشە گوتی:

– ژاکلین بە منی گوتوە تۆ دەتهەوێ ئایینی باب و باپیرانت وەلا بنێی و دینی مەسیح قەبووڵ بکەی، بەڵام ئەو کچە کە مەسیحیەکی دمارگرە، پێیخۆشە تۆ نەک لەبەر ئەشقی ئەو، بەڵکو لە ڕووی ئاقیدە و خۆشەویستیەوە ئایینی مەسیح قەبووڵ بکەی. چونکە ئاگام لە پێداگری ژاکلین لە بیروبڕوای مەزهەبیدا هەبوو ویستم بە هەردووکتان ڕاسپێرم کە نەکا بە هۆی زێدەڕۆی لە پێداگری، ببنە هۆی دڵهێشانی یەکتری و خۆتان چارەڕەش بکەن. ئەوەی بزانن کە حەزرەتی مەسیح سەرەتا لە ناو جوولەکەکان وەدیهات و بڕیار بوو ئەو زاتە، پێغەمبەر و ڕزگارکەری جوولەکەکان بێ. هۆزی جوولەکەش ماوەیەک پێش هاتنی حەزرەتی عیسا چاوەڕێی کەسێکی نەجاتدەر و مەسیح بوون، بەڵام کاتێک حەزرەتی عیسا هات چونکە ئەویان بەکەسی جێیچاوەڕوانی و ئارەزووی

خویان نەدی تووڕەبوون.

جوولەکەکان وایان دەزانی مەسیح و ڕزگاریدەری ئەوان وەک پاشایەکی بەهێز سەرهەڵدەدا و هۆکاری بەهێز بوون و گەورەیی قەومی جوولەکە دابین دەکا و ئاڵای جوولەکەکان لە سەرانسەری دونیای ئەوزەماندا دەشەکێنێتەوە، بەڵام دیتیان کە حەزرەتی عیسا شازادە ومیراتگری تەخت و تانجی پاشا نییە، بەڵکو پیاوێکی هەژارە کە لە بنەماڵەیەکی نەناسراو سەریهەڵداوە و لە باتی ئەوەی بیری داگیرکردنی دونیای ئەودەمی دابێ و ئەسپاپ و ئامرازی مەزنایەتی و دەسەڵاتی هێزی جوولەکە ئامادە بکا، بەپێچەوانە لەهەموو دەمێکدا باسی لە خاکەساری و ملکەچی دەکرد و بە خەڵکی دەگوت کەخۆبەزلزانی و لووتبەرزی وەلا بنێن. لە بیری خوێنڕێژی و جیهانگریدا مەبن و ئەگەر کەسێک زللەیەکی لە لایەکی ڕوومەتتاندا، لایەکەی دیکەشی بۆ ڕاگرن. ئەوانیش نەیاندەویست ئەو بیروبڕوا و هەستە قەبووڵ بکەن، ئەوانەیان دژ بە سەربەرزی و شانازی خۆیان دەزانی، بەڵام من لە زمانی"ژاکلین"م بیستوە کە تۆ لاوێکی شەرمێون و خاکەسار و ئاکارجوان و مرۆڤدۆستی و هەرچەند کە لە بنەماڵەیەکی سامان‌دار هاتوویە دونیا و تەواوی کەرەسە و ئەسپاپی مادی بۆ دابین کردنی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە ئامادەیە، بەڵام بەخاترجەمی ژیانی سادە و تەنانەت تێکەڵاو بە"دەروێشی"ت لەو ژیانە بەباشتر زانیوە. بە تەواومانا تۆ خاوەن خووڕەخدەیەکی کە حەزرەتی مەسیح بەئاواتیەوە بوو کە مرۆڤ خاوەنی ئەو خوورەخدە و تایبەتمەندیانە بن. کەوایە لە ئاکار و لە دەروونەوە تۆ کەسێکی مەسیحی. لەو جۆرە کەسانە کە خاوەنی خووڕەخدە و ڕۆحیاتی مەسیحییەکی ڕاستەقینەن لە سەر زەوی زۆرن و بۆخۆیان نازانن کە لە ئاکاردا و لە دەروونەوە کەسێکی مەسیحین، بەڵام دڵنیام خودای مبارەک و پایەبەرز ئەو کەسانە کە لە کردەوە و لە دەروونەوە مەسیحین، لەو کەسانە کە لە مەسیحیەت تەنیا خاوەنی ناو و نیشانن بەباشتر دەزانێ.

بەم شێوەیە چونکە بۆخۆت پێت‌خۆشە و بڵێنیت بە ژاکلین داوە مەزەبی خۆت بگۆڕی، من بەپێی دابونەریتی باو دەتهێنمە سەر ئایینی مەسیحیەت و دوای ئەوە مەراسیمی زەماوەندی ئێوە جێبەجێ دەکەم، بەڵام دوای هاتنە ناو

مەزەبی تازە، هەروەک گوتم حەول مەدەن بە هۆی زێدەڕۆیی و ویشکەمەزەبی ببنە مایەی دەرد و کەسەر بۆ یەکتری.
دوایە سامۆئێل و ژاکلین بوونە ژن و مێرد و دوای زەماوەند، سامۆئێل بەشێکی زۆری پارەکەی کە لە بانکدا هەیبوو بۆ داماوان و لێقەوماوان تەرخان کرد و تەنیا کەمێکی لە پارەکە بۆ پێداویستییەکانی بنەماڵە ڕاگرت.

***

ڕۆژی ٢١ مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٢زایینی، دوو پیاو، بەرامبەری فێرگەی نیزامی پاریس و نزیک کۆتەڵی مارشاڵ (ژۆفێر) بەدەم قسەکردنەوە ئارام پیاسەیان دەکرد. یەکێ لەوان بە ئەوی دیکەی گوت نا، من دڵنیام ئەو ڕازی ئێمە نادرکێنێ و قسان ناکا.
ئەویدیکە لێیپرسی تۆ لە کوێوە دەزانی کە نهێنی ئێمە ئاشکرا ناکا؟
پیاوی یەکەم کە سەری ڕووت بوو و کڵاوی لە سەر نەبوو و لە جۆری ڕێگا ڕۆیشتن و قەڵافەتی ڕێک و نەواری"لێژیۆن دۆنوور" کە لە قەمسەڵەی خۆی دابوو، دیار بوو لە پێشدا نیزامی بووە، وەڵامی داوە کە ئێستا شەش ڕۆژە"مامە"یان دەس بە سەر کردووە و لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژەدا هیچ کەس کاری بە ئێمە نەبووە وهیچ کام لە ناوەندە نهێنییەکانی ئێمەیان نەخستۆتە ژێر چاوەدێری و ئێمە دڵنیاین کە کەس وەدوامان نەکەوتووە و ناکەوێ. ئەگەر مامە لە ماوەی ئەم شەش ڕۆژەدا قسەی دەکرد و نهێنییەکانی ئێمەی وەدەر دەخست بێگومان ئێستا ئێمە هەموو لە زیندان بووین.
لە لایەکی دیکەوە ڕەسمی ئەڵمانییەکان ئەمەیە کە کاتێک کەسێک دەگرن لە بیست‌وچوار سەعات و چل و هەشت سەعاتی سەرەتادا ئەشکەنجەی دەکەن کە بتوانن زووتر نهێنی لە زاری دەربکێشن. چونکە دەزانن هەر کە یەکێ لە ئێمەیان گرت ئەوانی دیکە نیگەران دەبن و حەولدەدەن خۆیان بشارنەوە و پێش ئەوەی ئەوان بتوانن خۆیان حەشار بدەن ئەڵمانییەکان پێیانخۆشە هەموویان قۆڵبەست بکەن، هەر بۆیە بەخێرایی زیندانییەکان جەزرەبە دەدەن هەتا ڕاستی بڵێن و هاوڕێکانی نەتوانن هەڵێن.

بەڵام لە ماوەی ئەم شەش ڕۆژەدا کە مامە لە ژێر ئەشکەنجە دایە هیچی نەگوتووە و ڕازی ئێمەی ئاشکرا نەکردووە.
پیاوەکەی دیکە کە کڵاوی لە سەربوو گوتی:
- ئەگەر مامە قسەی دەکرد و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکرد، زیانێکی گەورە هەڕشەی لە ئێوە دەکرد و لەوانە بوو کەسێکی گەورە و خۆشەویستی وەک تۆمان لە دەست چووبا.
پیاوە سەر ڕووتەکە گوتی:
- من پیاوێکی گەورە و خۆشەویست نیم و چاوم لەوانی دیکە ڕەشتر نییە، چونکە لە ڕێکخراوەی ئێمەدا هیچ کەس لە کەسی تر سەرتر و خاس تر نییە و هەموو بێ جیاوازی لە ئەندامانی بنەڕەتین و پێویستیان بە یەکتری هەیە. بۆ نموونە ئەم کرێکارەی کە لە قۆرخانەی هێزی دەریایی کاردەکا و هەتا ئێستا دوو جار زانیاری بەنرخی لە بارەی چۆنییەتی چاک کردنەوەی ناوی شەڕکەری (شارنهۆرێستی) ئەڵمانی داوە بە ئێمە، ئەگەرچی بەڕواڵەت لە ڕێخراوەی ئێمەدا کەسێکی نەناسراوە، بەڵام بەبێ بوونی ئەو نەماندەتوانی ئەو زانیاری بە بایەخە کە ئەوهەمۆ دۆستانی ئینگلیزی ئێمە دڵیان پێی خۆشە وەدەست بێنین.
بەڵام هەر ئەو کرێکارە، کە لە ڕێکخراوی ئێمەدا هۆکاری بنەڕەتیە بەبێ سندوقی پۆست نەیدەتوانی ئەو زانیاریە سەرنجڕاکێشە بگەیێنێتە ئێمە و ئەگەر بۆخۆی بیویستایە ئەو زانیاریە بدا بە ئێمە بە خاترجەمی دەگیرا و تیرباران دەکرا. کەوایە (سندوقی پۆست) کە بە ڕواڵەت شتێکی بێ بایەخە ئەویش لە کارگێرە بنەڕەتیەکانی ڕێکخراوی ئێمە دێتە ئەژمار، چونکە بەبێ بوونی ئەو، کرێکاری ناوبراو نەیدەتوانی کارێک بکا و زانیارییەک کە پێویستی ئێمە بوو نەدەگێشتە دەستمان.
کەوایە ئێوە کە زانیاریەکانی دەوروبەر خڕدەکەنەوە و ئامادەیان دەکەن هەتا بە کاربەدەستی رادیۆ بگات، یەکێکن لە هۆکارە بنەڕتیەکانی ڕێکخراوی ئێمەن. ئێوە زانیاری خڕدەکەنەوە و پۆلێنبەندییان دەکەن، واتە بێ خڕکردنەوە و پۆلبەندی بە کاری دۆستانی ئینگلیزی ئێمە نایەن. کاربەدەستی ڕادیۆ و فڕۆکەوانێک کە مسافیرەکان لە ئینگلیستان بۆ فەڕەنسا دێنێ و دیانبا و

کاربەدەستانی گەمی و لۆتکەکانی ئێمە و تەنانەت ئەو ژنەی کە پێری بەیانی لە بەردەم زیندان ڕاوەستابوو و قاپێکی بە دەستەوە گرتبوو و دەیویست سۆاڵ لە چێشتی زیندان بکا هەموو لە هۆکارە بنەڕتییەکانی ئێمەن. چونکە ئێمە لە سۆنگەی ئەو ژنە کە خۆی وەک هەژار و نەداران لێکردبوو زانیمان کە دوکتور "سامۆئێل"یان خستۆتە ژێر ئەشکەنجە و ئەو ژنە کاتی بردنەدەرێی سامۆئێل لە زیندان دیتبووی کە تەواوی لەشی بریندار و خوێناویە.

پیاوەکەی دیکە گوتی:

– دوکتور سامۆئێل هەمیشە ژەهری پێ بوو و روون نییە بۆچی ژەهرەکەی نەخواردووە و خۆی لە ناو نەبردووە.

ئەویدی گوتی:

– دوکتور سامۆئێل دەرفەتی نەبووە کەڵک لە ژەهرەکە وەرگرێ. چونکە بە قسەی خزمەتکارەکەی، ئەڵمانییەکان هەر کە چوونە ژوورەکە، خۆیان پێدادا و دەستیان لە پشتەوەڕا بەست.

پاشان پیاوە سەر ڕووتەکە، کە ئەویدیکە بە ناوی سەرۆک بانگی دەکرد ڕووی کردەوە و گوتی:

– خزمەتکاری دوکتور سامۆئێل ژنێکی میهرەبان و گیانفیدا بوو، ئەگەرچی ئەڵمانییەکان لەو ماڵە دابوون، لە پشت تەلەفۆنەکە بە کچی ئاغاکەی گوت کە ئەڵمانییەکان لە ماڵێن و ئەو نابێ بێتەوە ماڵێ، بە هۆی ئەو هەواڵە، کچی سامۆئێل توانی هەڵێ و لە چنگ ئەڵمانییەکان خۆی ڕزگاربکا. دوایە، ئەرنێست کە ئەفسەرێکی ئەڵمانییە، لێیدا و شەوێکی زیندانی کرد و خزمەتکارە داماوەکەیان لە ناوی سارد هەڵکێشا، بەڵام خزمەتکارەکە ئاگای لە زاری خۆی بوو و ئەو زانیارییەی کە هەیبوو ئاشکرای نەکرد.

ڕۆژی دوایە ئەرنێست لە زیندان هێنایەدەرێ و ناردییەوە بۆ ماڵە دوکتور سامۆئێل و ئێستا ژنە خزمەتکارەکە دەگەڵ دوو ژاندرمەی ئەڵمانی لە ماڵێیە. ئەڵمانییەکان دەیانهەوێ کاتێک دۆست و ئاشناکانی دوکتور سامۆئێل هاتن، بتوانن بە بوونی ئەو خزمەتکارە بیانناسن و قۆڵبەستیان بکەن.

ئەویدی پرسی:

- تۆ ئەو زانیارییەت لە کوێ بە دەست هێناوە؟

سەرۆک گوتی:

- یەکێ لە هاودەستانی ئێمە نامەبەرە و بۆ خۆی نامەیەکی ڕاسپێراوی بۆ خزمەتکارەکەی نووسی و کاغەزەکەی هەڵگرت و چۆ بەردەرکەی دوکتور سامۆئێل و لە زەنگی دا. یەکێ لە ئەڵمانییەکان هات و دەرکەی کردەوە و پۆستەچی گوتی کە نامەیەکی ڕاسپێراوی بۆ خزمەتکارەکە پێیە و دەبێ خودی خزمەتکارەکە کاغەزی وەرگرتنەکە واژۆبکا.

فەرمانبەری ئەڵمانی، پۆستەچی هێنا ژوورێ و خۆی بۆلای دەستشۆری چوو و لە نهۆمی سەرەوەی ماڵ، فەرمانبەرەکەی دیکە نامەبەرەکەی قەبووڵ کرد و نامەکەی لێوەرگرت و بە تەلەفۆن لە بالادەستی خۆی پرسی کە ئاخۆ دەبێ پاکەتەکەی بدا بە خزمەتکارەکە یان نا، ئەوانیش گوتیان بەڵێ.

لەوکاتەیدا کە پۆستەچی دەیویست کاغەز لە خزمەتکارەکە وەرگرێ لەدەرکەیاندا و چونکە فەرمانبەری یەکەم لە دەستشۆری بوو، فەرمانبەری دووهەم بۆخۆی هاتەخوارێ و دەرکەی کردەوە و پۆستەچی ئەم هەلەی قۆستەوە و چەند قسەی لەگەڵ خزمەتکارەکە کرد و بۆی ڕوون بۆوە کە سامۆئێل پێش ئەوەی بیگرن کتێبی کۆدی سووتاندووە، چونکە خزمەتکارەکە دەگەڵ ئەڵمانییەکان ڕۆیشتبۆ دیوی دوکتور سامۆئێل، بەلام کتێبی ڕەمزی نەدیت و بیستی کە ئەڵمانییەکان دەیانگوت بەڵگە و سەنەدەکان لە کوورە هاویشتراون و دیتی ئەڵمانییەکان هەرچەندی حەولیاندا نەیانتوانی کتێبی ڕەمز لە سۆبەکە دەربێنن.

سەرۆک هێندێک بێدەنگ بوو، دوایە درێژەی پێدا. من زۆر لەو ڕووداوە ڕەزامەندم کە کتێبی ڕەمزەکە وەدەست ئەڵمانییەکان نەکەوتووە، دەنا لە تەواوی تەشکیلاتی (مەڵبەندی سێهەم) ئاگادار دەبوون و دەیانتوانی دەستەیەکی زۆر لە نیشتمان پەروەران قۆڵبەست بکەن.

بە کورتی، ئەو دوکتور سامۆئێلە هەرچەند کە یەهوودیە، بەلام بەڕاستی پیاوێکی بوێر و بە ورەیە و ئەوە دووهەم جارە کە کەسێکی جوولەکە لە ڕێکخراوەی ئێمە قۆڵبەست دەکرێ و لەبەرامبەر تەواوی ئەشکەنجەکاندا

خۆڕادەگرێ و ڕازەکان ئاشکرا ناکا.
پیاوەکەی دیکە گوتی:
- ئاغای سەرۆک ئیزن دەدەی من خۆشحاڵی تۆ بە دوکتور سامۆئیل بگەیەنم چونکە سامۆئیل تۆی دیوە و دەتناسێ. ئەگەر خۆشحاڵی تۆ بەوی بگا لەو حاڵە داماوی و زیندانیبوونەدا، بۆ ئەو دەبێتە هۆی سوکنایەکی زۆر باش.
سەرۆک گوتی:
- شتێکت هەیە بتوانی ڕەزامەندی منی لە زیندان پێبگەیێنی؟
ئەویدی گوتی:
- بەڵێ، یەکێ لە زیندانییەکان کە هەموو شەوێ نان بۆ سامۆئیلی لێقەماو دەبا و ناوی ئاناتوولە لەوانەیە بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی لێوەرگیرێ؛ چون ئەو کەسە ئەوەندە بێ ورەیە کە ئەگەر بەستە سیغارێکی پێبدەن هەمووکارێک دەکا و سڵ لە هیچ کارێک ناکا.
سەرۆک گوتی:
- پێموایە کە کەڵکوەرگرتن لە ئاناتوول باشنییە، چونکە کاتێک ئینسان ئەوەندە تەرەس بێ کە بۆ وەدەستهێنانی پاکەتە سیغارێک هەمووکارێک بکا، ئێوە بەستە جگەرەیەکی دەدەنێ کە بچێ هەواڵێک بە زیندانی ئێوە بگەیێنێ، دەیجا ئەگەر ئەڵمانییەکان دوو بەستە سیغاری پێبدەن بەخاترجەمی خەبەری ئێوە بە ئەڵمانییەکان دەگەیێنێ. سەرەڕای ئەوەش بەپێی یاسای هەمیشەیی ئێمە کەسێک کە بە دیل گیرا و کەوتە دەستی دوژمن، ئێمە دەبێ بە مردووی حیساب بکەین و ئەو کەسە نابێ بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوان بێ کە لە لایەن ئێمەوە یارمەتی و هاوکاری پێبکرێ، دوکتور سامۆئیل خۆبەخشانە هاتە ناو ڕێکخراوەی ئێمە و ئەم مەرجەی قەبووڵ کردووە، دیارە ئەوەندەی ئەقڵ هەیە بزانێ ئێمە ناتوانین کە یارمەتی و هاوکاری بکەین.
پیاوەکەی دیکە گوتی:
- بەوحاڵەش ئێمە دەبێ تەواوی حەول و تەقەلای خۆمان بدەین کە نەهێڵین کچەکەی وەدەست ئەڵمانییەکان بکەوێ چونکە سامۆئیل زۆری کچەکەی خۆش دەوێ.

سەرۆک گوتی:
- ئێستا ئەو کچە لە کوێیە؟
پیاوەکەی دیکە گوتی:
- ئەو کچە ئێستا لە یەکێک لە نشینگە کاتییەکانی ئێمەیە و لەکن فێرکاری مۆسیقای پێشووی خۆیەتی، بەڵام ئەڵمانییەکان ڕۆژێک دوای گیرانی سامۆئێل چوونە ماڵە ئەو فێرکارە وئەوێیان پشکنی و بەختەوەرانە کچی سامۆئێل لە ئاپارتمانەکەی دیکە بوو. دوور نییە دیسان بچنەوە ئەو ماڵە. هەروەها لە کۆڵان و شەقامەکانی ئەو شارە چکۆلە، هەرکچێکی لە کچی سامۆئێل بچێ لێپرسینەوەی لێدەکەن. وادیارە خاترجەم بوون کە کچی سامۆئێل نەیتوانیوە لەو شارە چکۆلە بچێتە دەرێ.
مـن بیرێکم بۆ ڕزگاری ئەو کچە و بردنەدەری لەم شارە کردۆتەوە، بەڵام نەمدەویست بێ ڕەزامەندیی تۆ کارێک بکەم.
سەرۆک گوتی:
- چیت لە خەیاڵدایە؟
پیاوەکەی دیکە گوتی:
- شۆفێر کامیۆنێک کە زۆرتر خواردەمەنی دەباتە ئەو شارە و تەواوی پاسەوان و ژاندەرمەکان دەیناسن لەگەڵ من دۆستە و کەسێکی جێمەتمانەیە. ئێمە دەتوانین کچی سامۆئێل بە سۆنگەی وی لەو شارە بەرینەدەر.
سەرۆک گوتی:
- پێتان گوتوە کە دەتانهەوێ ئەو کچە بە کامیۆنی ئەو لە شار بەرنە دەرێ؟
پیاوەکەی دیکە گوتی:
- ئەمن ئەو بابەتەم بە ڕاشکاوی پێ نەگوتوە، بەڵام گوتم دەمهەوێ بەستەیەکی گەورە بە سۆنگەی ئەو لەو شارە بەرمە دەرێ.
سەرۆک گوتی:
- من پێم باش نییە کچی سامۆئێل بەو شۆفێر کامیۆنە لەو شارە دەرباز بکەن چونکە ئەگەر ئەو پیاوە قۆڵبەست بێ، دەسبەجێ جەزرەبە دەدرێ و ئەڵمانییەکان دەست لەو شتە هەڵناگرن حەول دەدەن بزانن چ کەسانێک لەگەڵ

ئەو شۆفیرە هاودەست بوون.

ئەگەر بەڕاستی ئەو شۆفیر کامیۆنە بە شێوەیەک جێمتمانەی ئێوە بێ کە بزانن لەژێر ئەشکەنجەدا هیچ نالێ، باشتروایە لەوەها کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ هێنان و بردنی چەک و تەقەمەنی کەڵک وەرگرین و جارێ گرفتاری ئەڵمانییەکانی نەکەین.

پیاوەکەی دیکە گوتی:

- ئەی ئاخری بۆ ئەوکچە چ بکەین.

سەرۆک گوتی:

هیچ کارێک، تەنیا کارێک کە ئێستا بۆ ڕزگاری ئەو کچە لە دەستمان دێ ئەوەیە لە دەرگای خودا بپاڕێینەوە ئەو کچە ڕزگار بکا.

چونکە ئەگەر کچی سامۆئێل لە ماڵە ژنە فێرکارەکەی مۆسیقای بەرنە دەرێ و بۆ هەرکام لە نشینگە کاتییەکانی ئێمەی بنێرن، مەترسی مردن بۆ هەموو هاودەستانی ئێمە سازدەبێ. هەروەها دەبێ پێتان بڵێم کە ئیدی نابێ پەیوەندیی بە خزمەتکارەکەی دوکتور سامۆئێلەوە بکەین، دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ پۆستەچییەکە دوور کەینەوە و مووچەی سێ مانگی بدەینێ و خۆی لە نەخۆشی بدا و لەو شارە بڕوات . ڕەنگە زۆر زوو ئەڵمانییەکان ئاگاداری ئەو کەسە بن و قۆڵبەستی بکەن و بیخەنە ژێر ئەشکەنجەوە. ئێمە لەگەڵ کەسانێک ململانێ دەکەین کە جیا لە بێڕەحمی و بێبەزەیی، لە باری سەرنجدان بە وردەکارییەکان بەڕاستی لێهاتوون ودڵنیام کە هاتوچۆی نامەبەر بۆ ماڵی دوکتور سامۆئێل لە چاوی مووشەی گێشتاپۆ شاردراوە نامێنێتەوە. بەڕاشکاوی پێتبڵێم ئەو قەمسەڵەی لەبەرت کردووە بیگۆرە، ئەگەر ناشتوانی ڕەنگێکی دیکەی لێبدە، چونکە بەو قەمسەڵەیە زووتر دەتوانن بتدۆزنەوە.

***

هەموو ڕۆژێ بەیانی، هێنریخ گرووبانی ئەڵمانی دەهاتە ناو بەندی دوکتور سامۆئێل و دەست و قاچی دەکردەوە هەتا بتوانێ کاروباری سروشتی خۆی جێبەجێ بکا.

هەموو ڕۆژێ هێنریخ دوای ئەوەی دەستوقاچی زیندانی دەکردەوە ماوەی دە خولەک بەجێیدەهێشت و دوایە کالفاکتۆر واتا ئاناتوول دەهات و پیسایی لە دەفرێکی گەورەدا بەتاڵ دەکرد و بە عارەبانەی دەستی دەیبرد. ئەوەدەمی هێنریخ دیسان کەلەپچەی لە دەستەکانی سامۆئێل دەداوە، بەڵام جارجارە دە خولەک یان چارگە سەعاتێک لە لێدانی کەلەپچە خۆی دەپاراست و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەرنێست دەستووری پێدەدا دە یان پازدە خولەک سندمی نەکا و سامۆئێل لەو دە پازدە خولەکەی کەڵک وەردەگرت و قاچەکانی درێژ دەکرد.
ئەوڕۆژە کاتێک کە هێنریخ هاتە ژووری سامۆئێل گوتی:
– جوولەکە، ئەوڕۆ، ڕۆژی جێژنی نوئێلە. دوێنێ شەو مەسیحی تۆ لە دایک بوو، بەڵام ڕۆژێک دێ کە چوارمێخەی دەکێشن.
پاشان کە پێیوابوو شۆخێکی باش دەکا، گوتی:
–ئێستا بڵێ بزانم کە ئەگەر ئەوڕۆ لەو ئێنفرادییەدا وێلت کەم و فەرمان بدەم کە بە بۆنەی جێژنی نوئێل سەروپێ و ئاووجۆ و شەرابت بۆ بێنن چ دەڵێی؟
سامۆئێل کە ئەو قسەی گوێلێ بوو لە خۆی ڕانەدی باوەر بەو قسەیە بکا، قامکەکانی دەستی چەپەی بە ئارامی نینۆکی قامکی ئەسپێکوژەی دەستی ڕاستەی دادەماڵی کە دەبوو ئەو ڕۆژە هەڵکەندرێ.
هێنریخ زوو لەو بیرەهەڵەشەی هێنا دەرێ و گوتی:
– بەڕاستی تۆ زۆر شادمان دەبی کە ئەوڕۆ لەو ژوورەدا ئاسوودە بمێنیەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەڵمانییەکان ئاوا خولقاوین کە کارەکانمان لە هەموو شت بە سەرتر بزانین و ڕۆژی پشوودان و جێژنیش کار دەکەین. هەروەها من هەڵەیەکی بچووکم کردبوو و دەمویست پێت بڵێم کە ئەمشۆ شەوی جێژنی نوئێلە نە ئەوڕۆ، ئێستا خێرابە گوکاری خۆت تەواو بکە بەو مەرجەی زۆرتر لە دە خولەک نەخایێنێ. ئەرنێست چاوەڕێی تۆیە خۆشت دەزانی ڕقی لە چاوەڕوانییە.
دوایە قاقا پێکەنی و لە ژوور چۆدەرێ و سامۆئێل گوێیلێ بوو کە لە ڕاڕەوەکە سروودێکی شەری ئەڵمان دەڵێتەوە.
دە خولەک دوایە "سامۆئێل"یان بە ئۆتۆمبێل لە زیندان بردەدەرێ و بردیان بۆ

نووسینگەی ئەرنێست .
ئەرنێست بە سامۆئێلی گوت:
- بەڕای من، تۆ ئێستا دیو و دامەزراوەکانی ئێمەت لێرە نەدیوە و تەنیا چاوت بە حەمام کەوتووە. ئێستا دەمەوێ ئەوانەت نیشان بدەم و دوایە نینۆکت دەرهێنم.
- پاشان سامۆئێلی وەپێشدا و بردی بۆ دیوەکان کەچەند خەلۆەتی تێدا وەبەرچاو دەهات، بە سامۆئێلی گوت:
حەتمەن دەلێی ئەم"خەلۆەتی"یانە بەکاری چی دێن، من زوو بۆت ڕووندەکەمەوە و دەلێم ئەو"خەلۆەتی"یانە بریتین لە ژوور و زیندانی تایبەت و ئینفرادی.
دوایە ئەرنێست دەرکی خەلۆەتییەکانی کردەوە و چەند پیاوی وەبەرچاو هاتن کە وەک شێتان هیچیان نەدەدی وا وێدەچوو کە هۆش و بیر و هزریان نییە. دەستوقاچی تەواوی ئەو داماوانە بە کەلەپچە وسندم بسترابۆوە، یەکێ لەوان هەر کە دەرکەی گەنجە کراوە پانەوپان لە تەختی ژوورەکە کەوت .
چونکە خەلۆەتییەکان ئەوەندە تەنگ بوون کە زیندانییەکان نەیاندەتوانی پاڵ دەنەوە و بخەون و ئەوەندە نەوی بوو کە نەیاندەتوانی تێیدا ڕاوەستن.
کاتێک ئەو زیندانییە لە سەر زەوی کەوت والتێر هاوکار و جێگری ئەرنێست هاتەپێش و چەند شەقی لێدا، بەلام ئەو پیاوە داماوە هەر جوولەی نەکرد، پاشان پێلوی چاوی هەلێنا و چاوە بێجوولەکانی دیت و گوتی:
- پێموابێ مردووە.
ئەرنێست کە ئەو دیمەنەی دیت هێندێک لۆمەی هاوکارەکەی خۆی کرد و گوتی:
-پێمگوتبووی جۆرێکی وا لە زیندانییەکان مەدە کە بمرن، چونکە کاتێک زیندانییەکان هێزی قسەکردنیان نەبێ، من ناتوانم زانیارییان لێ وەدەست بخەم ئێستا ئەو کەلاکە گلاوە بەرە دەرێ.
جا ڕووی لە سامۆئێل کرد و گوتی:
- ئەوانە چەند تیرۆریستێکن و دەیانویست شەوی ڕابردوو کۆلەکەی ناوەندی کارەبا بتەقێننەوە و چەند ڕشتە کارەبا لە کار بخەن و یەکێ لە گوندنشینەکان

کە نەیدەویست زەحمەتێکی بۆ سازبێ، ئەوانەی بە ئێمە ناساند. ئێمە ئەشکەنجەمان کردن کە زانیاریی دیکەیان لێ بەدەست بێنین. ئەو چارەڕەشانە ئەوەندە نەزانن پێیانوابوو ئەگەر دارتێلێکی ناوەندی کارەبا سەراوبن بکەن، ئێمە شەڕەکە دەدۆڕێنین. ئێستا دەمهەوێ شتێکی چکۆلە و باشت نیشانبدەم کە بە تایبەت بۆ کەسێکی دەروونناس زۆر سەرنج ڕاکێشە، چونکە بیستوومە تۆ ماوەیەک لە دەروونناسیدا لێکۆڵینەوەت کردووە.

ساموئێل نەیدەزانی بۆچی ئەرنێست دەیهەویست تەشکیلاتی ئەوماڵەی نیشان بدات، بەڵام خوودی ئەو ماڵەی دەناسیوە و دەیزانی کە ماڵی یەکێ لە ساماندارەکانی شار بووە و ئەڵمانییەکان دوای ئەوەی ئەو ماڵەیان بۆ دانیشتن هەڵبژارد و ئەسپاپ و کەرەسەکانیان بۆ شوێنێکی دیکە گوێستەوە و لە جیاتی ئەو شتانە، مێزی نووسین و سندووقی زۆریان لە ژوورەکان دانا، هەر کەس دەهاتە ئەو ماڵە چاوی بە هێندێک کارمەندی نیزامی و مەدەنی دەکەوت کە دەهاتن و دەڕۆیشتن و دەستەیەک لە ژنەکان لە پشت ماشێنی نووسین دادەنیشتن و دەیاننووسی، لە شاردا دەنگۆ سازبوو کە لەو باڵەخانەیە ڕووداوی گرینگ ڕوودەدات و کردەوەی سەیر و سەمەرە دەکرێ.

کەسێک کە دەهاتە ناو ئەو باڵەخانەیە لە پێشدا وایدەزانی ئەوێ بریتیە لە ڕێکخراوەیەکی گەورەی ئیداری و کاغەزبازی و نەیدەزانی بۆچی لە قەراخ مێزەکانی نووسین دەزگای ڕووشۆیی و لە پەنا دیوەکانی نووسین حەمامیان داناوە، بەڵام ساموئێل بە باشی مانا و هۆی بوونی ئەو حەمامانەی دەزانی و جارێک بە خۆی گوتبوو کە کاتێک ئەرنێست دەچێتە ناو لەگەنی حەمام کە خۆی بشوا ئاخۆ چەق و چۆی نایێتێ، بەڵام دوایە زانی کە ئەو بیر و خەیاڵە چەندە هەڵەیە.

دوایئەوەی بۆ دیوی ئەرنێست گەڕانەوە، ئەرنێست گوتی:

– ئەو تەشکیلاتە کە دەیبینی ئێستا ناتەواوە و هەتا سێ مانگی دیکە تەواو دەبێ و ئیتر هیچ یەک لەو ڕووداوانەی کە لەو هەرێمە ڕوودەدن لە چاوی من شاردراوە نابن و من نەتەنیا هەر جۆرە دژایەتێک کە بکرێ تێکیدەشکێنم بەڵکو دەبمە کۆسپ بۆ ئەوەی تەنانەت بیری دژایەتی لە مێشکی هاووڵاتییەکی تۆ لە

دژی ئیمە پەیدابێ. ئەوە کارێکە ئێمە لە وڵاتی خۆمان کردمان و لێرە باشتری بەڕێوە دەبەین، چونکە هێزی خۆراگری و ڕاوەستانی هاووڵاتییەکانی تۆ وەک هاووڵاتیانی من نییە. ئێمە لە وڵاتی خۆمان، نە تەنیا بیری دژایەتی و خۆڕاگریمان لە مێشکی هاووڵاتییەکان دوور کردۆتەوە بەڵکو لە نێو هاوڕێیانی خۆشماندا پێشمان لە دەربڕینی ئەو بیرانە گرتووە.

ئەرێ ناوی (هاینی)ت گوێلێبووە یان نا؟ بزانە کە هاینی دوای فۆڕ خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی وڵاتی ئێمەن و ئێمە لە وڵاتی خۆمان ئەوانەی ناویان"هێنریخ"ە، بە شێوەیەکی خۆمانە پێیان دەڵێین هاینی، بەو مەرجەی خۆشمان بوێن. ئەورۆ تەنیا کەسێک کە لە تەواوی ئەڵمان پێیدەگوترێ هاینی (هێنریخ هیملێرە) کە سەرۆکایەتی دەستەی بە ناوبانگی هەڵمەتی بە ئەستۆوەیە.

تۆ کاتێک ئەو پیاوە دەبینی پێتوایە پیاوێکی بچووک و ناشیاوە و یەکێ لە کارمەندانی ئاسایی ئیدارەکانی دەوڵەتی ئەڵمانە کە هەزاری وەک وی بە قەرا مەرێکی ئیرادە و کەسایەتی و مشووری نییە، بەڵام کاتێک لە پشت مێزی خۆی دانیشت و دەستی بەکار کرد ئەوددەمی دەزانی کێیە و چییە؟ ئەو دەمی بۆت دەردەکەوێ ئەم پیاوە چ کەسایەتییەکی پسپۆر و لێهاتووە؟ ئەم پیاوە تەواوی نەیارانی (فۆڕ) لە ناو دەبا و ئەگەر ئەورۆ بنەمای ناسیۆناڵ سووسیالیسم (سووسیالیستی نەتەوەیی) لە ئەڵمان مسۆگر و سەقامگیر بووە بە هۆی پێداگری و لێهاتوویی ئەو کەسەیە کە تەواوی نەیاران و ئەو کەسانەی کە تەنانەت بیری دژایەتیان هەبوو بۆ گرتووخانەی داخۆ و بۆخنواڵد و شوێنی دیکە ناردوون. تۆ لێرە ناڕازی کە تۆ ئازار دەدەم، لەکاتێکدا ئەگەر بچی بۆ گرتووخانەکانی داخۆ یان بۆخن واڵد دەبینی ئێرە لەچاو ئەوان بەهەشتی بەرینە. کارمەندی وا لەو گرتووخانانەن کە جلی ڕەشیان دەبەر دایە و جلەکەیان وێنەی ئێسک و کەللەسەری پێوەیە. ئەگەر ڕۆژێک رێگات لەوێ کەوت قەبوولی دەکەی کە ئەرنێست لاوێکی زۆر باش بوو. تۆ پێتوایە من بە جەزرەبەدانی تۆ و ئەوانیدیکە کەیفخۆش دەبم، کەچی وانییە و تەنیا مەبەستی من وەرگرتنی بەهرەیە، هەرچەند کەسانێک هەن کە دێنەئێرە

بێئەوەی قەمچی بخۆن ئیمە ئازادیان دەکەین و تەنانەت سیغار و خواردنەوەشیان دەدەینێ. هەروەها من ئیمان و بڕوام بە ئەو سیستمە و ڕەوشتە هەیە، چونکە دەزانم لە ڕەوتی مێژووی بەشەردا، ئەم ڕەوشتە بەتاقی کراوەتەوە و سەلماندویێتی کە بە سوود و کاریگەرە، چونکە ئەگەر ئەو ڕەوشتە نەدەبوو هەرگیز شارستانییەتی یۆنان و ڕۆم کە ئەورۆ قارەی ئۆرووپا ئەوەندەی شانازی پێوەدەکات بەدی نەدەهاتن.

ڕۆمییەکان و یۆنانییەکان دەیانزانی ئەگەر بەهێز و بێڕەحم نەبی هەرگیز کارێکت پێ ئەنجام نادرێ و ئەو گورگانەی لە لێرەوارەکانی تەنیشت ئەورووپای ناوینەوە دێن دەتخۆن. ئەوان دەیانزانی لە سایەی بەهێزی و بێبەزەییەوە دەتوانین کاری گەورە بکەین. تۆ کە پزیشکی ڕەنگە لە سەر سەرینی ژنی دووگیان ئامادە بووبی و بۆ منداڵبوونیان یارمەتیت کردبێ، ئێستا بڵێ ئەرێ قەت وابووە ژنێک بێتاووژان لە منداڵ بێتەوە؟ !ئێستاش تەواوێ قارەی ئۆرووپا ئاوسی ڕووداو و لەدایکبوونی گەورەیە و بێژان و ئێش ئەم زارۆیە بەدی نایە، ئەگەرچی ئەورۆ قارەی ئۆرووپا لە زۆری ژان هاوار دەکا و شکاتمان لێدەکا، بەڵام سبەی کە منداڵەکەی لە دایک بوو و هەڵیدا و جوانی وی دیت، سپاسی ئیمە دەکا . ئیمە ئەورۆ دەمانهەوێ لە ئۆرووپا ڕەگەزێکی تازە بەدیبێنین کە سبەی گشت دونیا دەگرێتەوە و یان دەبێتە فێرکار و مامۆستای تەواوی دونیا و بەخاترجەمی تۆ چاوەڕێنی کە کارێکی وەها گرینگ بە باس و خواسی فەلسەفی و گێرەوکێشەی شێعری و ئەدەبی ئەنجام بدرێ. ئیمە لەحەولی ئەنجامدانی گەلێک کاری گەورەین کە قۆچەکەکانی میسر لەبەرانبەریاندا چکۆلە و بێبایەخن و ئەو کردەوە گەورانە وەک دیارە کەرەسە و ئامرازیان دەوێ.

ئەورۆ کاتێک بەرامبەر قۆچەکەکانی میسر ڕادەوەستی و چاویان لێدەکەی گەورەیی و تەکووزی وان ستایش دەکەی، قەت بیر لەوە ناکەیەوە کە سەدان هەزار کەس لە کوێلەکان و گیراوانی شەڕ گیانی خۆیان فیدا کرد تا بینایەکی ئاوا گەورە و نەمر لە دونیادا ساز کرا.

فیرعۆنەکانی میسر، سەدان هەزار کەس لە کۆیلەکانی خۆیان ناچار دەکرد

ئەم هیرەمانە سازکەن و ئیمە سەدان ملیۆن کەس لە بنیادەمەکان لە ئوورووپا و ئاسیا و ئەفریقا و وشکارۆکانی دیکە بو کار هەڵدەپێچین هەتا شارستانییەتێکی گەورە بەدیبێنین. هەزاران ساڵی دیکە کە شارستانییەتی ئەڵمان دونیای ڕووناک کردەوە، ئیدی هیچکەس سەرکۆنەی ئیمە ناکا کە بۆچی توندوتیژ بووین بەڵکو بە پێچەوانە، هەموو ستایشمان دەکەن و پێمان هەڵدەڵێن کە ئەو شارستانییەتە بێ پیشینەیەمان لە جیهاندا خوڵقاندووە، بەلام چونکە تا پەنجا ساڵی دیکە ڕەگەز و جۆرەکان بە حەول و هیمەتی ئیمە لە سەر زەوی لە ناو دەچن ئیدی نەوەکانی تۆ نامێنن کە درەوشانەوەی شارستانییەتی ئیمە ببینن.

کاتێک کە ئەرنیست قسەی دەکرد سامۆئیل چاوی لە دەرێ بوو و دەیڕوانییە کلکەهەڵتەکێنەیەک کە هەموو ڕۆژێ لە سەر لقی داری تەنیشت پەنجەرەکە هەڵدەنیشت.

لەو ڕۆژەدا، کلکەهەڵتەکێنە بەهۆی برسێتی لەسەر لقی دار هەڵفری و هاتە پشت پەنجەرەکە . فرێدا دیتی، ڕۆیشت و پەنجەرەکەی کردەوە، کلکەهەڵتەکێنەکە ترسا و هەڵفڕی.

بەهۆی ئەو جوولەیە، پیاهەڵگوتنەکەی ئەرنیست بڕا، قسەکەی گۆڕی و بە سامۆئێلی گوت:

–ئێستا لەبەرانبەر تۆدا لەو زیندانیانەی کە دوێنێ شەوێ گرتوومانن پرسینەوە دەکەین.

دوایە بەپێی دەستووری ئەرنیست، پێنج زیندانیان هێنا ژوورێ. دەستوقاچی دیلەکان بە کەلەپچە و سندم بەسترابۆوە بەشێوەیەک کە بەزەحمەت شەقاویان هەڵدیناوە و هەرکامیان کە چاوی بە سامۆئێل دەکەوت ڕادەچڵەکین. سامۆئێل زانی کە قەلافەت و بارودۆخی وی بەڕاستی ترسناکە بۆیە ئاوا دەبێتە هۆی پەژارەی زیندانییەکان.

بەپێی دەستووری ئەرنیست دیلەکانیان لە ریزێک ڕاگرت و ئەرنیست قەمچیی خۆی بەدەستەوە گرت و لەکاتێکدا کە لەبەرامبەر وان دەهات و دەڕۆیشت گوتی:

– ئێوە چونکە دارێکی کارەباتان سەراوبن کردووە و گەڕیانی کارەباتان

برپوه پێتانوایه له قارەمانان و بوێرانن و ناوی ئێوه له مێژووی فەرەنسادا بۆ هەمیشه دەمێنێتەوه ئیدی نازانن که بەو کاره گەوجانه، زیاتر لـه هـەموو کـەس زیانتان به فەرەنسییەکان و هاوولاتییـەکانی خۆتـان گەیاندووه و ئـەوانتان لـه ڕووناکایی و لـەم وەرزه زستانه لـه گـەرما بێبەش کـردووه، دەنـا ئـێمه ئەگـەر تـەواوی سـیمەکانی فەرەنـسا هەڵبڕیـن دیـسان بـۆ پێداویـستییەکانی خۆمـان دەسەوسان نامێنینەوه و به کەرەسەی دیکه که له دەستمان دایه پێویستییەکانی خۆمـان چارەسـەر دەکـەین. ئەگـەر ئـێوه وه دەسـت شـارەوانی و دادگـەی فەرەنسییەکان دەکەوتن به هۆی ئەو زیانەی که لێتانداون زۆریـان ئـازار دەدان و تووشـی سزای قـورس دەبوونـەوه، بـەلام مـن تـەنیا بـه ئـەدەبکـردنی شـەوی ڕابردوو قنیات دەکەم و زۆرتـر لـەوه تونـد و تیـژیتان لەگـەڵ ناکـەم و ئازادتـان دەکەم که لەو شەوی جێژنی نۆئێلەدا، بچنەوه ماڵه خۆتـان و بەخۆشـی و شـادی داب و نـەریتی جـێژن بەڕێـوەببەن، بـەلام مەرجەکـەی ئەوەیـه پـێمبڵـێن مـادەی تەقینەوەتان بۆ سەرنخوون کردنی داربەرقەکه له کـوێ هـێناوه، چـونکه بۆمـان دەرکـەوتووه مـادەی تەقینـەوه سـازکراوی کارخانـەکانی ئینگلیـزه و بـه پەڕەشووت (چەتری هەوایی) هاتۆته خاکی فەرەنسا.

پێنج زیندانی که هەموویان لاو (و زۆر کەم تەمەن) بوون، سەریان داخستبوو و تەختی ژوورەکـەیان چاولێدەکـرد و وەلامیـان نـەدەداوه. ئەرنێـست ئاشـیرەی بەسامۆئێل کرد و گوتی:

- ئەو پیاوه یەهوودیه که لێرەیه پێتان دەڵێ پێداگریی ئێوه سـوودی نییـه و کەرەسـەی زۆر کاریگـەرمان هەیـه کـه وەقـسەتان بـێنین، کەوایـه باشـتره نەبنـه هۆی ئازار و عەزیەتی خۆتـان و هەرچـی دەیـزانن بیڵـێن هـەتا ئازادتـان بکـەم و بێڵم بڕۆن و شەوی جێژن لەگەڵ بنەماڵەی خۆتان خۆش بن.

یەکێ له زیندانییەکان که کوڕێکی لاو بوو سەری هەڵێنا و گوتی:

- (ئێمیل) له کوێیه؟

سامۆئێل که ئەو دەنگەی بیـست لـه دڵـی خۆیـدا گـوتی چـونکه ئـەو زیندانییـه زمانی کردەوه و قسەی کرد بـێگومـان لـه نـاو دەچـێ، واتـا توانـایی ڕاگـرتنی نهێنی نابێ.

ئەرنێست گوتی: ئێمیل کێیه و چ کارێکت پێیەتی؟
لاوەکە گوتی:
- ئێمیل برای منه، لەگەڵ ئێمه گیرا، نازانم بۆ لە نێو ئێمەدا نییه؟
ئەرنێست گوتی:
- ئەری براکەی خۆت خۆش دەوێ؟
لاوەکە گوتی:
- بەڵێ من کە"ئالفۆنس"م بێجگە لە براکەم ئێمیل هیچ کەسم نییە و دەمهەوێ بزانم لەکوێیه؟
ئەرنێست گوتی:
- ئەگەر پێمبڵەی مادەی تەقینەوەت لە کوێ وەرگرتووە، پێت دەڵێم براکەت لە کوێیه؟
یەکێ لە زیندانییەکان وەدەنگ هات وگوتی:
- ئالفۆنس زمانت بسرەوێ و قسانمەکە . من دیتم ئێمیلی برات مرد.
ئەرنێست تەکانێکی خوارد و بۆلای ئەو زیندانییە چوو کە بە قامچی لێیدا، بەڵام خۆی ڕاگرت و گوتی ڕاستە، براکەت شەوی ڕابردوو لە گەنجەدا مرد و ئێمه ئەورۆ کاتێک دەرکەی خەلۆەتیمان کردەوە پانەوپان کەوتە سەر تەختی ژوورەکە.
بەڵام بەرپرسی مەرگی براکەی تۆ کەسانێکن کە تۆ و براکەی تۆیان هێنا ناو ئەم ڕووداوە.
ئالفۆنس کەمێک بێ دەنگ بوو، ئەژنۆکانی دەلەرزین، لە ناکاو بێدەسەڵات بوو و دای لە قوڵپەی گریان.
ئەرنێست کە ئەم گریانەی دیت گوتی:
- تۆ دەبێ تۆڵەی براکەت لە وانە بکەیەوە. چونکە ئەوان براکەی تۆیان کوشت.
کوڕە لاوەکە بە دەنگی بەرز دەگریا، ئەرنێست بە واڵتێری گوت کەلەپچەکەی بکەنەوە و پاشان لە سەر کورسییەک دایئنیشاند و گوتی:
- باوەڕم پێبکە من لە خەم و پەژارەی تۆدا خۆم بە خەمبار دەزانم.
یەکێ لە زیندانییەکان کە گەورەتر لە ئەوانی دیکە بوو گوتی:

- پێویست ناکا هاودەردی خۆت دەربڕی و کەس هیچی لە تۆ ناوێ.
ئەرنێست چاوێکی لەو زیندانییە کرد و گوتی:
-لەوەی کە بێئیزن قسەت کرد و خۆت لە کارێک وەردا کە پەیوەندی بە تۆوە نەبوو، وەدەر دەکەوێ سەرۆکی ئەو دەستەی. وا نییە؟
زیندانییەکە وەڵامی نەداوە ئەودەم بەپێی ئاشیرەی ئەرنێست، والتێر لێی نزیکبۆوە و دەستبەندەکەی کردەوە هەتا جلەکانی دابکەنێ.
هەر کە دەستەکانی زیندانی ئازاد بوون، ویستی هەڵێ، بەڵام لە بیری چووبوو کە سندم کراوە، پێش ئەوەی شەقاوێک هەڵێنێ بەربۆوە.
ئەرنێست بێ ئەوەی پێبکەنێ گوتی هەستە و جلەکانت دابکەنە.
زینـدانی هەسـتا و جلـەکانی داکەنـد و دوایـە والتـێر دیـسان لـە پـشتەوەڕا کەلەپچەی لە دەست دا.
ئەودەمی سندمەکەی کردەوە کە شاڵوارەکەی دابکەنێ. دوای داکەندنی شاڵوار دیسان قاچەکانی بەستەوە.
ئەرنێست دوای کەمێک بێدەنگی دەستووریدا کە دیلە داماوەکە چۆک دابدا. دوای چۆک پێدادان، قامچیلێدان دەستی پێکرد و چونکە دیلە لاوەکە، لەشێکی بارهاتوو و ڕێکوپێکی هەبوو (فریدا) لە پشت ماشێنی تایپیست هەستا تەماشای لەشی بکا.
ئەرنێست بە زیندانی گوت:
- تۆ دووجار بێئیزن قسەت کرد و ئێستا کاتی ئەوەیە دەبێ بەئیزن قسان بکەی و بڵێی چ کەسانێک مەوادی تەقانەوەیان دەدا بە ئێوە.
کاتێک قامچی لە پشتی ئەو زیندانییە داماوە دەکەوت هەوڵیدەدا هاوار نەکا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. دوای چەند زەربە، هاوار و ناڵەی بەرز بۆوە.
لەکاتێکدا ئەرنێست بە لەباری زەربەی قەمچیی لە پشتی دەدا ساموئێل ئاگای لێبوو و دەیدیت کە ئەرنێست پێدەکەنێ، دیار بوو ئەو وەرزشەی پێخۆشە.
لەناو زیندانییەکاندا لاوێکی بە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی تێدابوو کە بە وردی چاوی بڕیبووە ڕوخسار و لەشی ئەو زیندانییەی کە قەمچیی وێدەکەوت. ساموئێل دیتی کە دوو جار ئەو لاوە بە سەر ئاشیرەی بە دیلە چارەرەشەکە

کرد کە هیچ نەڵێ.

تویژتویژ پێست و گۆشتی لەشی زیندانی لێقەوماو جیا دەبۆوە، سەرتاپێی خوێناوی بوو و لە چاوەکانی نیشانەی داوای بەزەیی و بەخشش هەست پێدەکرا و بەزمانی بێزمانی بە زیندانییەکەی دیکە کە لەوانەبوو سەرۆکی بێ دەگوت ئیدی چی دیکە ناتوانم خۆڕاگرم. لێمگەڕێ هەرچی دەیانهەوێ بیڵێم.

بەڵام بۆ سێهەم جار ئەو لاوە بە سەر ئاماژەی نای کرد و تێیگەیاند کە نابێ هیچ بڵێ.

ئالفۆنس کە ئەو دیمەنەی دەدیت پەیتا پەیتا دەگریا و فرمێسکی هەڵدەوەراند. ئاخری ئەرنێست لە قەمچیلێدان ماندوو بوو و قەمچیەکەی بۆ لایەک فرێدا و بۆخۆشی چوو بۆ لای دەستشۆری و نەختێک ئاوی ساردی بە دەموچاوی داکرد.

دوایە لە ئالفۆنس نزیک بۆوە و دەستی گرت و گوتی:

- ئەوەندە مەگری، وەرە بچینە دیویکی دیکە.

پاشان لاوکە، کە تازە دەوری منداڵی تێپەڕاندبوو لە جێی خۆی هەستا و بە چاوی فرمێسکاوی سەیری هاوڕێیەکانی کرد و لەگەڵ ئەرنێست لە ژوورەکە چوو دەرێ.

سێ زیندانی دیکە کە بەپێوە ڕاوەستابوون ڕوویان وەرنەسووڕاند، چونکە دەیانزانی کە بە خاترجەمی ئەرنێست هەرچی بیهەوێ بزانێ لەو کورە لاوەی دەردەکێشێ و زیندانی دیکە کە چۆکی دادابوون چەند جار، وەک سەرخۆشان تەکانی خوارد و لەناکاو بووراوە و لە سەر عەرز کەوت.

دە خولەک دواتر، ئەرنێست بە تەنیایی گەڕاوە و بە زیندانییەکانی گوت:

- بە گشتی دەمزانی کە ئێوە هەمووتان گەوجەن، بەڵام بیرم نەدەکردەوە ئەوەندە نەزان بن کە مێرمنداڵێکی وا بێئەزموون و ترسەنۆک بۆ هاوکاری خۆتان هەڵدەبژێرن. چونکە من لەماوەی چەند خولەکدا هەرچی دەمویست بزانم، زانیم و ئێستا دەزانم چ کەسانێک مادەی تەقینەوەیان دەدانێ و ئەو مادە لەکوێ بە هۆی (پاراشوت) دەهاویشترا و کام گوندنشین لەگەڵ ئێوە هاودەستن.

ڕاستە ئێمە نەیارەکان بە دوژمنی خۆمان دەزانین، بەلام ئەگەر لەگەڵ دوژمنێکی بەورە و بەهێز بەرەوڕوو بین، ڕێزی بۆ دادەنێین .

لەو دەمە دا، ئەرنێست ئاماژەی بۆلای سامۆئێل کرد و گوتی وەکوو ئەم پیاوە، کەسێکی بوێر و بە ورەیە، ئەگەر جوولەکە نەبا، هەرچەند دوژمنی ئێمەیە ڕێزم بۆ دادەنا، چونکە لەبەرامبەر ئەو شکەنجانەی کە هەتا ئێستا کردوومانە دەنگی لێدەرنەهاتووە، بەلام ئێوە بەڕاستی منداڵن، ئەویش ئەو منداڵە بەدفەڕانەی کە لەباتی تۆپێن و کایەکردن بە کۆلارە دەتانهەوێ کایە بە بۆمب و مەوادی تەقینەوە بکەن، هەربۆیە دەتاننێرین بۆ گرتووخانەی بۆخن واڵد یان (مۆتۆزن) کە لەوێ بەرد بشکێنن و کانگا دەرهێنن. ئێستا دەمهەوێ نیشانتان بدەم دەگەڵ کەسانێکی ناشیاو و بێمشووری وەک ئێوە چۆن هەڵسوکەوت دەکەم.

ئەرنێست دوای ئەو قسانە، واڵتێری بانگ کرد و گوتی:

– واڵتێر ئەوانە لەو دیوە بەرەدەرێ و بیانبە حەوشە، سەرەتا ناچاریان بکە بە شێوەی ساکسۆنەکان سلاو بکەن دوایە قاوەڵتوون و"فراوێن"یان بدەیە هەڵبەت دەزانی کە قاوەڵتوون و فراوێن چییە؟

واڵتێر بە خۆشحاڵی گوتی:

– زۆر باشە.

ئەوانی لە ژوورەکە بردە دەرێ . ئەرنێست بە سامۆئێلی گوت:

– نازانی ئەو قاوەڵتوونەی کە ئێمە دەیدەین بەو زیندانیانە چیە؟ دەزانی سلاوی ساکسۆن چۆنە؟

لە گرتووخانەی مۆتۆزن سەرجوخەیەکی بەناوی"کامپ"ی لێیە کە ئەم کایەی داهێناوە. چۆنییەتی وەدیهێنانی ئەو کایە ئەوە بوو کە قەشەیەکیان بۆ ئەو گرتووخانەیە هێنابوو. کامپ ناچاری کردبوو کە سلاوی ساکسۆن بکا.

سلاوی ساکسۆن بریتی لەویە کە دیل ناچار دەکەن چۆک دابدات و دەستەکانی بە پشت سەریەوە بگرێ بە شێوەیەک ئانیشکەکانی لە دوو لای شانەکانی جێ بگرن. ئەو کارە بەڕواڵەت ساکارە، بەلام دوای یەک یان دوو کاتژمێر، ئیدی زیندانی ناتوانێ خۆی ڕاگرێ، بەلام هەرکە ویستی دەستی بێنێتەخوارێ وەبەر قەمچیانی دەدەن، بەلام ئەو قەشەیە چونکە هەمیشە عادەتی وابوو کە بۆ

بەڕێوەبردنی مەراسیمی مەزەبی ماوەیەک لە سەر زەوی ئەژنۆ دابدا لەو کارە نارەحەت نەدەبوو و وەک کۆتەڵێک لە سەر زەوی ئەژنۆی دادابوو.

دوایە کامپ، بیرێکی تازەی بە زەین گەیشت. لە قەشە نزیک بۆوە شاڵوارەکەی کردەوە و میزی بە سەرتاپێی دا کرد، بەڵام دیسان قەشە لە جێی خۆی نەجووڵاوە، ئەوە بوو کە سام سووربوو قاوەڵتوون بدا بە کەشەی ناوبراو. هەڵبەت دەزانن کە نانی چێشتەنگاو واتا نانی بەیانی زۆرتر هێلکەی دەخۆن، بەڵام هێلکەیەک کە کامپ بۆ قەشەکەی کوڵاند لە جۆرێکی دیکە بوو، بەوشێوەیە چەند هێلکە کە زیاتر لە دەدانە دەبوو، ئەوەندە زۆری کوڵاندن هەتا توونـد بوون، ئەو دەمی کەشەی ناچار کرد کە بێئەوەی کە پشوو بدا، قووتیان بدات. ئەو چارەڕەشە تەنانەت ئیزنی نەبوو کە قەپ لە هێلکەکان بدات.

کامپ دەستووری پێدابوو هێلکەکان بە خڕی قووت بدا. کەشە چەندجار خەریک بوو بخنکێ. ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕا بەوحاڵەش ئەگەر لە قووتدانی هێلکەکان ڕاوەستابا قامچی وەپشتی دەکەوت تازە دوای ئەوە بوو کە گەدەی کاردانەوەی نیشاندا و نەخۆشی گیپاڵ چارەڕەشی کرد و هەتا چەند مانگان هۆرەی دەگەیشتە حەوا.

نازانم لە کوێ خوێندوومەتەوە کە لە ژیانی ئینساندا دڵ و گەدە هەمیشە دوژمنی ورە و بڕیاری بنیادەمن. کەسانێکی زۆر ئەگەر گوێڕایەڵی هەوا و هەوەسی دڵ و گەدە نەدەبوون دەگەیشتنە پلەی زۆر بەرز، تەنیا فەرمانبەری لە هەوا و هەوەسی دڵ و گەدە بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ژیاندا وەدواکەوتوو و تێکشکاو بن. بۆخۆم ئەو بابەتەم تاقی کردۆتەوە و تێگەیشتووم کە گەدە دوژمنی ورە و بڕیار و جوامێری ئینسانە. چونکە هێندێک زیندانی هەن کە بەرانبەر بە هەموو ئەشکەنجەیەک خۆڕادەگرن و نهێنی خۆیان ئاشکرا ناکەن، ئەودەمی ئێمە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ پارێزی ژیانیان دەگۆڕین و چێشتی خۆش و بەتامیان دەرخوارد دەدەین و سیغاری بۆن خۆشیان دەدەینێ. هێدی هێدی گەدەیان خوو بە خواردەمەنی خۆش و بەتام دەگرێ، سروشتی ئەوان ناسک و نازپەروەردە دەبێ و ئەودەمی ئەگەر ڕۆژێک، ئەرێ تەنیا ڕۆژێک برسییان ڕابگرین تەواوی نهێنی خۆیان دەڵێن و حەزی گەدە، بەگشتی ئیرادە و بڕیار و

جوامێری لەوان دەستێنێ.

پاشان ئەرنێست پاڵی وەکورسی خۆیدا و لەکاتێکدا کە جگەرەیەکی بۆ لێوی دەبرد بە سامۆئێلی گوت:

– ئێستا نۆرەی تۆیە. من ئەورۆ دەمهەوێ هەروا وێڵت بکەم و بە جۆرێکی جیاواز لە دەرهێنانی نینۆکی تۆ چاوپۆشی بکەم و ئێستا لە بابەت کتێبی رەمزیش قسان ناکەین، بەڵام بڵێ بزانم ماوەیەک لەوەی پێش کە چووبویە پاریس بۆ چ کارێک بوو؟ چونکە ئاگام لێیە ماوەیەک لەمەوبەر سەفەرێکت بۆ پاریس کردبوو.

***

شەو داهاتبوو و تاریکی بەسەر وڵاتدا کشابوو، بەفر بێوچان دەباری.

لەماوەی ئەو سێ حەوتەدا، هێزی هەوایی ئینگلیستان چەند جاری ئەو شارە چکۆلە بۆردومان کردبوو. چونکە ئینگلیزیەکان دەیانزانی یەکێک لە ناوە شەرکەرەکانی ئەڵمان لەو ئەسکەلەیە لەنگەری گرتووە و دیانویست نوقمی بکەن، بەم هۆیەوە لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمان دەستووری چڕوپڕ دەرکرابوو کە دەبێ شار بە تەواوی تاریک بێ و تەواوی دووکانەکان لە کاتژمێر پێنجی دوانیوەرۆ داخرێن هەتا ڕووناکایی چراکان لە دەرێ نەدات. هەرکات لە پەنجەرەی ماڵێک، ڕووناکایی لە دەرێ بدات کێشکچییە ئەڵمانییەکان ئەو پەنجەرەیە دەدەنە بەر دەسرێژی ڕەشاشەی دەستی.

شەوی جێژنی نۆئێلی ئەمساڵ، یەکێ لە خەمهێنەرترین جێژنێک بوو کە نەتەوەی فەڕەنسا بە درێژایی مێژووی خۆی مەراسیمەکەی بەڕێوەدەبرد. زۆربەی بنەماڵەکان تازیەبار بوون، زۆر بنەماڵەش یەک یان چەند کەسیان لە وڵاتی ئەڵمان دەسبەسەر بوو و نەیاندەزانی چیان بەسەرهاتووە تەنانەت ئەوەندەشیان خەبەر نەبوو کە بزانن مردوون یان زیندوون.

بەشێک لە بنەماڵەکان بە شێوەیەکی دیکە لێقەوماو بوون چونکە کاسبکاری ماڵ بە تاوانی چالاکی سیاسی لە زینداندا بوو یان باب و برای بنەماڵە وەک بارمتە گیرابوون و بۆ گرتووخانەکانی ئەڵمانیان بەرێ کردبوون.

ئەرنێست لەوشەوەدا تەنیا بوو و لە ژووری نووسینگەی خۆیدا بە ناقایلی قەدەمی لێدەدا، چونکە دوو مانگ بوو خەیاڵی هەبوو شەوی جێژنی نۆئێل لە پاریس تێپەڕ بکا، لەکاتێکدا کارەکەی ناچاری دەکرد ئەوشەوە لەم شارە بچووکە بێ. تەنیا شوێنێکی کات ڕابواردن کە لەو شارەچکۆلە دەست دەکەوت، باشگای ئەفسەرانی ئەڵمانی بوو کە پازدە ڕۆژ بەر لە ئێستا، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک، ئەویش لە شەوێکدا کە لەو باشگایە کۆڕی مێوانی ساز درابوو، بە تەواوی وێران بوو و ڕۆژی دوایە ئەرنێست کەلاکی کوژراوانی دەدیت کە لە ژێر تەپاوەکە دەریان دەهێنانەوە و دەیانبردن بیانێژن.

ئەرنێست لەو شارە بچووکە هاوڕێی نەبوو، هاوڕێکانی تەنیا کۆمەڵە کارمەندێک بوون کە کاریان لەگەڵ دەکرد و هیچ کام لەوان جێیسەرنجی ئەرنێست نەبوو و لە ڕاستیدا لەبەر ناچاری و بۆ بەرژەوەندی ڕۆژگار هاونشینی لەگەڵ دەکردن.

"فریدا"ش دڵبەندی ئەو، کە لە ئیدارەی گێشتاپۆ تایپیست بوو جێیسەرنجی نەبوو و هیچ گیرۆدەیی و خۆشەویستیەکی ئەو ژنە قەڵەوەی لە دڵدا نەبوو، ڕۆژێک کە چوو ماڵە دوکتور سامۆئێل و ئەو قوتوو چکۆلە و جوانە کە پڕلە نامەکانی خۆشەویستی بوو، دیت و بیری کردەوە کە پێشکەشی فریدای بکا و دواتر پەیوەندییەکەی لەگەڵ بپسێنێ.

ئەوڕۆژە، ئەرنێست پێیوابوو بە یەک دوو سەعات کاری سامۆئێل تەواو دەکا و ڕاستی لێدەردەکێشێ و ڕازی نیشتمانپەروەرانی لە زاری وی گوێلێدەبێ، بەڵام ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ و زیاتر تێپەر بوو و ئەم جوولەکەیە لەبەرامبەر تەواوی جەزرەبەکاندا خۆڕاگری دەکرد و متەقی لێوە نەدەهات. ئەو خۆپارێزییە کە لە سەرەتا بوو بە هۆی ڕابواردنی ئەرنێست، چونکە بە ڕای وی شتێکی تازە و جێیسەرنج بووە، هێندیهێندی نارەحەتی دەکرد و جەزرەبەیدەدا چونکە دەیدیت هەتا کاتێک کاری ئەو یەهوودیە تەواو نەکا ناتوانێ بچێتە مەرەخەسی و شەوی جێژن لە پاریس ڕابوێرێ.

بۆیە بەیانی ئەوڕۆژە ڕێچارەیەکی دیکەی لەبەرچاوگرت و لە سەرەتا ئەو شانۆ چکۆلەی لە بەردەم سامۆئێل بەڕێوە برد کە بیهاروژێنێ و قوڵفی زمانی بکاتەوە

و دواتر بڕیاری دا پرسیاری لێ بکا کە لەوە پێش بۆچی ڕۆیشبوو بۆ پاریس.
ئەرنێست دەیزانی وەڵامێک کە دوکتور سامۆئێل لەمڕ ئەوپرسیارە دەیداتەوە درۆیە، بۆوێنە دەڵێ چووبوومە پاریس بۆ سەیران و یا لە فلان کتێبخانە خەریکی خوێندنەوەی کتێب بم و یان فلان کەس ببینم و ئەو (واتا ئەرنێست) شتێکی بۆ ئاشکراکردنی درۆ و ڕاستییەکەی وی، دوای ئە ماوە دوور و درێژە (کە لە سەفەری پاریس تێپەڕیوە) پێنابێ.
بەڵام بیری دەکردەوە کە هەر جۆرە ڕوونکردنەوەی بێ مانا کە سامۆئێل لەمڕ سەفەری خۆی بۆ پاریس بیدا دیسان بۆ وی شتێکی باشە هەتا لەوشەوە جێژنەدا خۆی بگەیێنێتە پاریس. چونکە دەتوانێ لە هەمبەر پرسیاری باڵادەستی خۆی بڵێ کە من بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاست و درۆی وتەکانی دوکتور سامۆئێل چوومە پاریس، بەڵام ئەو یەهوودییە ئەوڕۆژەش وەک ڕۆژانی پێشوو لەبەرامبەر هەرجۆرە ئەشکەنجەیەکدا خۆی ڕاگرت و قسەی نەکرد.
بەڵێنی بە واڵتێر دابوو کە ئەگە ئەو ڕۆژە بتوانێ قسەیەک، تەنیا قسەیەک لە زمانی دەرکێشێ، شووشەیەک ئارەقی نەعنای بداتێ، چونکە دەیزانی واڵتێر زۆری پێخۆشە.
واڵتێر ئەوڕۆژە تەواوی کارامەیی و هێزی خۆی لەسەر سامۆئێل وەگەڕ خست، هەتا دەیتوانی وەبەر قەمچی و مست و پێلاقانیدا، بەڵام دەنگێک لە سامۆئێل دەرنەهات.
کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆ ئەرنێست کە ماندوو ببوو بە شەکەتی زۆرەوە گوتی:
– بیگەڕێننەوە بۆ زیندان.
کاتێک کە دەیانویست سامۆئێل بەرنەوە زیندان، واڵتێر کە لە وەرگرتنی شووشەیەک نەعنا بێبەش ببوو، بە قامچییەکی قورس کە لە کلکی مانگا سازکرابوو دوایین قامچیی لە لەشی سامۆئێلدا، بەڵام ئەو زەربەیە جۆرێک توند بوو کە دەتگوت لەشی دوکتور سامۆئێل پارچەپارچە بوو، سامۆئێل بەو قامچییەی دواییبەتەواوی لەهۆش چوو و هەتا سەتڵێک سەهۆڵاویان پێدانەکرد وەهۆش نەهاتەوە.

دوایە ئەرنێست هەستا. چونکە شەوی جێژن بوو و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بێجگە لە فریدا خۆشەویستی دیکەی نەبوو، بە نابەدڵی بانگهێشتی کرد هەتا ئەوشۆ پێکەوە شێو بخۆن و لە یەکێک لە چێشتخانەکانی نزیک لەنگەرگە کە تایبەت بوو بە ئەفسەرانی ئەڵمانی، شەوی جێژن تێپەڕ بکەن.

ئەرنێست دەیهەویست لە نووسینگەی خۆی بێتەدەرێ و بچێتە چێشتخانەکە و بە فریدا بگا، بەلاّم لەودەمەدا تەلەفۆنی تایبەتی ئەو، کە سیمی جیاوازی هەبوو زەنگی لێدا.

خێرا ئەرنێست زانی کە ئەوە سەرۆکی راستەوخۆی ئەو، جێگری سەرهەنگ (گریتزە) کە بەزمانی تازەی دەستەی هەڵمەت خاوەن پلەی"ئۆبراشتورم بان فۆر"ە.

گریتز هەر کە گوێی لە دەنگی بوو بەپێی داب ونەریتی تەواوی گەورەکان دەستیپێکرد و ویستی بە زمانێکی هێدی ئەرنێست لۆمەبکا. پێیگوت چ بووە کە لە ماوەی ئەو نۆ ڕۆژەدا نەتتوانیوە زانیاری لەو جوولەکەیە بەدەست بهێنی کە لە کاتی کار قۆڵبەست کرا. من هیواداربووم دوای سەرنەکەوتنی مانگی ڕابردوو (کە باشتر وایە ئاماژەی پێنەکەین) ئەوجارە بتوانی سەرکەوتنی باش بەدەستبێنی.

ئەو ئاماژەی کە سەرۆکی بالآدەست، گریتز، بە ڕووداوی مانگی پێشێی دەکرد ئەوە بوو کە لەو مانگەدا یەکێ لە نیشتمانپەروەران کە کارگێری بێتەل بوو، گرتبوویان و کاتی لێپرسینەوە والّتێر بە زەربەیگۆپالّ تەپڵەسەری قەڵشتەوە بە جۆرێک بێ ئەوەی زانیاری لێ وەدەستبێنن، مرد.

جێگری نەقیب (سەرهەنگ)، گریتز، دوای ئەوەی هێندێک بە زمانی خۆش لۆمەی کرد کە بۆچی هەتا ئێستا زانیاری لە سامۆئێل وەدەست نەهێناوە، هەر بەم شێوازە گوتی:

– پێموایە لەوانەیە ماندوو بیی چونکە بەڕاستی کارەکانی تۆ زۆر گرانە، جیا لەوەش ئەتۆ بڕوات وایە کە دەبێ بە ئامرازی دەروونناسی ناچاری بکەی کە ڕاستییەکان بڵێ. هەڵبەت بنەماگەلی دەروونناسی لە جێی خۆی شوێنەوار و کەڵکی هەیە، بەلاّم سەبارەت بەو جوولەکانە کە ئەرکی

سەرشانمانە لەناویان بەرین، هیچ ئاکامێکی نابێ. بە هەر حاڵ ئەگەر بە راستی ماندووبووی تکادەکەم لەڕوودا مەمێنەوە، چونکە من خۆم بە سەرۆکی تۆ نازانم بەڵکو وادەزانم کە یەکێ لەباشترین دۆستانی تۆم. لەوانەیە کەسێکی دیکە بنێرم کە باشتر بتوانێ دەرەقەتی ئەو کەسانە بێ، بەڵام بۆئەوە پێمناخۆشە کە ئەگەر بتهەوێ وچانبدەی ئیدی پەسەندی پلەوپایە و زیادبوونی مانگانەی تازەی تۆ وەدرەنگی دەکەوێ.

بەهەرحاڵ ئەگەر ماندوو نەبووی هیوادارم بتوانی زووتر لەو پەهوودیە زانیاری باش وەدەست بهێنی چونکە ئێمە ئەوشتەی دەیزانێ زۆرمان پێویستە کە پێمانبڵێ، چونکە هەرچەند کاربەدەستانی بێتەلی ئێمە تەلگرافەکانی ئەو جوولەکەیان تۆمار کردووە، بەڵام بەداخەوە کاربەدەستە ڕەمزناسەکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئەو تەلگرافانە بدۆزنەوە. ئەو تەلگرافانە کە لە مەڵبەندی ئێوە بۆ لەندەن دەنێردرێن زۆر گرینگن، چونکە هەمیشە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دوای ئەو تەلگرافانە هێزی هەوایی دوژمن پێگەکانی ئێمەی بۆردومان دەکرد. بەتایبەت هێزی دەریایی دڵەخورپەی زۆرە کە نەوک بەهۆی بۆمباران یەکێ لە ناوەشەڕکەرەکانی ئێمە زیان ببینێ. هەر بۆیە لە"بێرلین"یش ئەو بابەتە بۆتە جێسەرنج و دەیانهەوێ بزانن چۆن شوێنی ناوە شەڕکەرەکەی ئێمە لە درێژایی لێوارەکانی فەڕەنسا بە ئاگاداریی دوژمن دەگا.

هەر چۆنێک بێ، ئەو یەهوودیە لە ناوەڕۆکی ئەو تەلگرافانەی کە بۆ لەندەن دەنێردرێن ئاگادارە و من دڵنیام ئەگەر ئەو تەلگرافانەتان لێیبوێ و کلیلی ڕەمزی تەلگرافەکان بدۆزنەوە ئێمە تەواوی هاودەستەکانی ئەو قۆڵبەست دەکەین و بۆردومانەکە دەبڕێتەوە. ئێستا بڵێ کاری تازەت کردووە یان نا؟

ئەرنێست گوتی:

– ئێمە دوێنێ شەوێ شەش کەس لەو تێرۆریستانەمان قۆڵبەست کرد.

جێگری سەرهەنگ، گریتز، لەولای سیمەوە گوڕاندی، باسی تێرۆریستم نەکرد، دەمەویست بزانم لەمەڕ ئەو جوولەکەیە چتان کردووە. قۆڵبەستی تێرۆریستەکان ئەرکی ژاندەرمەکانە، تۆ ئەفسەری دەستەی هەڵمەتی و خاوەن پلەی (هۆپت ئۆشتۆرم فوڕر)ی دەبێ نیشانبدەی شیاوی وەها پلەیەکی، ئاخۆ

تێگەیشتی؟
ئەرنێست کە لەڕاستیدا لە خۆبەزلزانین و لووتبەرزی سەرۆکی خۆی بێزار بوو و لەبەر لۆمە و لەقەمانە تێکچووبوو بە شێوەیەک کە نیشاندەری ناقایلی بوو گوتی:
- بەڵێ گەورەم.
جێگری سەرهەنگ، گریتز، نەختێک هێور بۆوە و بە دەنگێکی هێدی گوتی:
- ئەرنێست خۆشەویستی من، ئەمشۆ، شەوی جێژنی نۆئێلە. هیوادارم سبەی بە بۆنەی ڕۆژی جێژن بتوانی دیارییەکی باشم بدەیەی و هیوادارم ئەم دیارییە ناوەڕۆکی تەلگرافەکان و کلیلی ڕەمزەکان بێ کە ئەو جوویە ئاگای لێیە.
فەڕەنسییەکان لەوشەوەدا پێڵاوەکانی خۆیان لە بەردەم سۆبە دادەنێن کە بەیانی ڕۆژی دیکە دیاری بابەنۆئێلیان تێدا بدۆزنەوە، منیش ئەمشۆ کەوشەکانم لەبەردەم کووره دادەنێم کە تۆ سبەی ناوەڕۆکی تەلگرافەکان و کلیلی ڕەمزەکانی تێبهاوێی. ئێستا خواحافیز و بەهیوای سبەینێ بەیانی.
کاتێک ئەرنێست بیستۆکی لەجێگەی خۆی داناوە، بە دەنگێکی بەرز ڕووی قسەی لە سەرۆکی نادیاری خۆی کرد و گوتی لە تەواوی دەستەی هەڵمەت لە تۆ ناکارامەتر و تەوەزلتری تێدانییە، ئەودەم دەڵێی من شیاوی پلەوپایەی خۆم نیم. تەواوی خەڵک دەزانن تۆ ئەو پلەوپایەت بە سۆنگەی خوشکەکەت کە گراوی سەرگەورە پلەبەرزەکانە بەدەست هێناوە، کەچی دەڵێی من بێمشوورم. گریمان من زەحمەتم کێشا و ناوەڕۆکی کلیلی ڕەمزەکانم دۆزیوە، جارێکی دیکە تەواوی شانازی بۆ تۆ دەبێ و هیچکەس ناڵێ کە ئەرنێستی داماو ئەو تەلگرافانەی دۆزیوەتەوە.
بەلام هەرچەند ئەرنێست ڕقی لە سەرۆکی راستەوخۆی خۆیبوو لە ئاگادارکردنەوەی ئەوشۆ ترسا و زانی ئەگەر ئەمشۆ کارێک نەکا و سامۆئێل ناچار بە دانپێدانان نەکا سبەی ئیشەکەی لەدەستدەدا و ڕێگای بەرزبوونەوەی دەبەسترێ. لەلایەکی دیکە دەیزانی ئەگەر ئێستا سامۆئێل لە زیندان دەربێنێ و بیخاتە ژێر ئەشکەنجە، دیسان قسەناکات. کەوابوو دەبێ بۆ قسە دەرکێشان لە سامۆئێل و وەدەستهێنانی زانیاری ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە.

ئەرنێست پاشان قاچەکانی لە سەر کورسی بەرانبەر دانا و لە ساموئێل تێفکری، بیریکردەوە کە ئەو ساموئێلە بەخاترجەمی لە ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەراندا دەورێکی گەورەتر لە کارگێڕی تەلگرافی هەبووە چون کۆد یان کتێبی ڕەمز بە کاربەدەستانی تەلگراف نادەن.

ئەرنێست دەیزانی کاربەدەستی تەلگراف لە ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەراندا کەسێکە کە زۆرتر تەلگرافی ڕەمز لە یەکی دیکە وەردەگرێ و بەڕێی دەکا بێ ئەوەی کە خۆی لە مانای ئاگاداربێ و کاتێک تەلگرافی ڕەمزیی وەرگرت، ئەویش ڕادەستدەکا بێئەوەی بزانێ ناوەڕۆکی چییە؟ و کتێبی ڕەمز هەمیشە لەدەستی بالادەستەکان یان کەسانێک دایە کە دەسبەجێ دوای سەرۆک ئیش بەڕێوەدەبەن. هەر ئەو جۆرەی کە جێگری سەرهەنگ، گریتز، شکی کردبوو ئەو پەهوودیە لە ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەراندا پلەیەکی بەرزتر لەوەی هەبووە کە بیری لێبکەنەوە.

پاشان بە بیری داهات لەو ڕۆژەی کە ساموئێل گیراوە هەتا ئەمشۆ، لەبەرامبەر تەواوی جەزرەبەکاندا خۆی ڕاگرتووە و قسەیەکی نەکردووە و تەنیا کاتێک کە لە ماڵەکەی خۆی نامە تایبەتییەکانی دەکردەوە زاری کردەوە و چەند قسەیەکی کرد.

ئەرنێست تەواوی نامەکانی خوێندبۆوە، بەڵام شتێکی جێسەرنجی (لە ڕوانگەی سیاسیەوە) تێدا نەدۆزیبۆوە، تەنیا دەربڕینی ئەشقێک بوو کە ساموئێل و هاوسەرەکەی سەبارت بەیەک دەیانکرد.

لە ڕووی ئەو بەڵگانەی ئەرنێست لە ماڵە ساموئێل بەدەستی هێنا زانی هاوسەری ساموئێڵ کەمێک دوای زماوەند مردووە، بەڵام کچێکی لاوی لەپاش بەجێماوە کە لەهەموو بارێکەوە لە دایکی دەچێ و سروشتییە ئەو پەهوودییە هەروەک دایکی خۆشدەویست، کچەکەشی خۆشدەوێ و ئەگەر بتوانێ ئەوکچە بەدەسبێنێ بە هۆی خۆشەویستی باوک لە هەمبەر کچەکەی، لەوانەیە وەقسەبێ و هەرچی دەیزانێ بیڵێ، بەڵام دۆزینەوەی ئەوکچە سەرەڕای بچووکی شارەکە، کارێکی زۆر دژوارە و ڕەنگە ئەوانەی ئەو کچەیان لە ماڵە خۆیان حەشار داوە هەموو ڕۆژێ لە شەقام ڕووبەڕووی ئەو تێبپەڕن و ڕەنگە هەر لەو ڕستوورانەی کە نانی لێ دەخوارد ئەویش نان بخوا، کەچی نە دەستی

بەوان ڕادەگا و نە بە کچەکەی سامۆئێل.

ئەرنێست بۆ دۆزینەوەی ئەو کچە زۆری تۆژینەوە کردبوو و سەری تەواوی ئەو کەسانەی دابوو کە لەوانەبوو ئەو کچە بناسن، بەڵام هیچ کەس نەیتوانی بڵێ کچی دوکتور سامۆئێل لە کوێیە؟

ئەرنێست کە هەر خەریکی بیرکردنەوە بوو لەناکاو دەستی لە ناوچاوانیدا و گوتی ئاخ ... من چەندە نەزان بووم کە خزمەتکاری سامۆئێلم لەبیرچوو و ئەگەر لە ڕۆژی یەکەمەوە لێکۆڵینەوەی وردم لێدەکرد لەوانەبوو کچی سامۆئێلم دیباوە.

ئەرنێست ئەوەندەی پەلە هەبوو لێکۆلینەوە لە سامۆئێل بکا کە ئیدی خزمەتکارە لاوەکەی لەبیرچوو نەبوو و بیری دەکردەوە چونکە ئێستا خوودی ئەربابی قۆڵبەست کردووە نابێ کاتی پربایەخی خۆی بە لێپرسینەوەی خزمەتکارەکەی خەسار بکا. چونکە ئەرنێست بیری نەدەکردەوە سامۆئێل ئەوەندە پێداگر و کەللەڕەق بێ و لەبەرامبەر تەواوی ئەشکەنجەکان خۆڕاگری بکا. لە لایەکی دیکەوە ئەرنێست لە واڵتێری بیستبوو کە خزمەتکاری دوکتور سامۆئێل، بەژنی جوان و ڕێک و پێکی هەیە و ئەگەر جلێکی جوان دەبەربکا و قژی برازێنێتەوە زۆر جوان دەبێ.

هۆی پێزانینی واڵتێر بە لەشی خزمەتکارەلاوەکە ئەوە بوو کە بۆکاتڕابواردن، نە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لە لەگەنی حەمامی هەڵکێشابوو و پێش ئەوەی بخنکێ لەوێی دەرهێنابۆوە. ئێستا ئەرنێست بیری دەکردەوە ئەو خزمەتکارەلاوە، بەو شێوەی بۆ یەکەم جار دیتیان سادە و ساویلکە نییە، چونکە توانی لەسۆنگەی تەلەفۆن کچی ئاغاکەی خۆی ئاگاداربکاتەوە هەڵێ و ئەوبابەتە نیشاندەری وەفاداری تەواوی خزمەتکار بە ئاغاکەی خۆیەتی و کەسێک ئاوەها هۆگری ئاغای خۆی بێ دیارە بەشێکی گرینگ لە نهێنی ژیانی ئەربابی خۆی دەزانێ و هەتا ڕادەیەکی زۆر ئاگادارە کە کچی ئاغاکەی ئێستا لە کوێیە؟

بۆیە بڕیاریدا ئەوشەوە بچێتە ماڵە دوکتور سامۆئێل و بەهەر شێوەیەک بێ لێکۆڵینەوە لە خزمەتکارەلاوەکە بکا و ناونیشانی شوێنی کچی ئەربابی

لێوەرگرێ. بۆیە بیستۆکی تەلەفۆنی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ فڕێ دا کرد و گوتی بە پێی فەرمانێک کە پێیان ڕاسپاردووە ئەمشۆ ناتوانێ لە چێشتخانە ئامادە بێ و بۆ ئەوەی مێزێک کە لە چێشتخانە گیراوەتەوە لەدەست نەچێ، باش وایە کە فریدا لەگەڵ والتێر بچێتە ڕستووران و شێو بخۆن.

دوایە سواری ئۆتۆمبێلی خۆی بوو و ڕێگای شەقامی گرتە بەر، چراکان خامۆش و دووکانەکان داخرا بوون و بەفر هەروا دەباری. ئەرنێست ماشێنەکەی لەبەرامبەر یەکێ لە دووکانەکان ڕاگرت و لەزەنگی دا.

ئەرنێست خاوەنی ئەو دووکانە بەقاڵیەی دەناسی و زۆرتر شتی لەوێ دەکڕی. خاوەندووکان کە لە سەرێڕا ئەرنێستی دیت و ناسی، خێرا لە سەر بیجامەکەیەوە چاکەتەکەی لەبەر کرد و هاتەخوار، دەرابەی دووکانی هەڵداوە و ئەرنێست هاتە ناو دووکانەکە و دیسان دەرابەی داداوە، چراکەی هەڵکرد و گوتی:

- چ فەرمایشێکتان هەبوو؟

خاوەندووکانەکە یەکێ لەو فەڕەنسیانە بوو کە بۆ کەڵک و قازانجیمادی ئامادەن کە هەموو کارێک بکەن و بەقاڵەکە ئەفسەرێکی گێشتاپۆ کە دەسەلاتی گیان و ماڵی خەڵکی هەیە هەرچەند ناتوانێ قازانجی زۆریشیان پێبگەیێنێ سەنگ و بایەخی زۆری هەبوو.

ئەرنێست گوتی:

- ئەوشۆ، شەوی جێژنی نۆئێلە و دەمهەوێ دەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانم شێو بخۆم زوو زەمبیلێک "خواردەمەنی"م بۆ دوو کەس بۆ ئامادە بکە.

بەقاڵ بەشادمانییەکی ڕاستەقینەوە، چوو بۆ خەلوەتی دووکان و پاش تاوێک مریشکێکی سوورکراوە و لەتێک جەرگی قەلەموونە و لەتێک کێک کە بە شوکلات و کرێم ساز کرابوو هێنای و گوتی:

چاولێکە، ئەو کەیکە ئەمرۆ لە تەواوی شار و بەڵکو لە تەوای فەڕەنسادا بێوێنەیە و من بەتایبەت بۆ تۆم هەڵگرتبوو کە ئەگەر تەشریفتان هێنا یان کەسێکت نارد پێشکەشت بکەم هەرچەند کە خەڵک ئامادەبوون کە بە دووهەزار فرانک ئەو کەیکەم لێ بکڕن نەمفرۆشت و هەرگیز بە مشتەرییەکانم نەگوت

شتێکی وامهەیە. بەڕاست خەڵک چەندە خۆشگوزەران و دەستبلاو بوون. ئیژی پارە بۆوان هیچ بەهایەکی نییە. هەر ئەوشۆ کەسێک هاتەئێرە و داوای شووشەیەک شامپانی لێکردم و دەیگوت ئامادەیە بە چوارهەزار فرانک بیکڕێ، بەلام من کە شامپانی خۆم بۆ تۆ هەڵگرتبوو نەمفرۆشت. بەڕاست چەندە باشبوو کە ئێوە هاتنە ئەو ولاتە و شێوەی ژیانتان فێری ئەو خەڵکە کرد و نیشانتاندان کە خۆشگوزەرانی و هەڵەخەرجی بێجگە لەوەی کە دەبێتە هۆی لەناوچونیان، ئاکامێکی دیکەی نییە، بەو شێوەش خەڵک پەندیان وەرنەگرت و پێیانوایە ئێستاش دەوری ئاشتییە.

ئەرنێست چونکە بۆخۆی زۆربڵە بوو لە چەقەسرۆیی دووکاندار وەڕەز نەدەبوو و جارجارە وەلامی دەداوە. ئاخری دووکاندار کاری تەواوکرد و خواردەمەنی خۆش و دوو شووشەی شامپانی لە زەمبیلەکە نا و بە دوو دەستان پێشکەشی ئەرنێستی کرد و ئەرنێست پارەی خواردەمەنی و خواردنەوەیدا و زەمبیلەکەی لە ئۆتۆمبێل هاویشت و ماشێنی وەڕێخست.

کاتێک ئۆتۆمبێلی ئەرنێست لەبەرامبەری ماڵە دوکتور سامۆئێل ڕاوەستا شەو ڕاشکابوو.

ئەرنێست لە زەنگیدا، یەکێک لە نیزامییەکان هات و دەرکەی کردەوە، بەلام بۆ خۆپارێزی شەشلوولەکەی بە دەستەوە بوو. هەر کە ئەرنێستی دیت بە شێوەی ئاگادار ڕاوەستا. ئەرنێست لێیپرسی:

– زیندانی لە کۆێیە؟

نیزامی وەلامی داوە:

– زیندانی لە دیوی خۆی لە نهۆمی دووهەم خەوتووە و هاوڕێیەکەی لە ژووری تەنیشت ڕاکشاوە و ئاگاداری ئەوە.

ئەرنێست گوتی:

– من ئەوشۆ لێرە کارم هەیە و دەبێ لێپرسی لە زیندانییەکە بکەم مەرەخەسی دەدەم بە ئێوە هەتا ئەوشەوە جێژنە بەخۆشی ڕابوێرن.

نیزامییەکان زۆریان ئەو مەرەخەسی چاوەڕواننەکراوە لەو شەودرنگییەدا و لە ئەو شارە نەناسیاوەدا و ئەویش لەکاتێکدا کە بەفر دەباری، پێخۆش

نەبوو، بەڵام بۆ گوێڕایەڵی لە فەرمانی باڵادەست خێرا جلەکانیان لەبەرکرد و وەدەرکەوتن. ئەرنێست قرتاڵەی خواردەمەنی لە ئۆتۆمبێل دەرهێنا وچوو ناو ماڵ و ڕۆیشتە دیوی خزمەتکارەکە.

خزمەتکارەکە، لە سەر تەختی خۆی نووستبوو و لە هاتنەژووری ئەرنێست ئاگادار نەبوو. ئەرنێست لەبەر ڕووناکایی گڵۆپ بە چاو هەڵیسەنگاند و بەخۆی گوت:

– واڵتێر هەقی بوو کە دەیگوت ئەگەر جلی باش دەبەربکا شۆخ و شەنگ دەبێ.

هەڵکردنی لامپەکە خزمەتکاری لەخەو هەستاند لە جێی خۆی هەستا و دانیشت.

ئەرنێست پێیگوت:

– هیچ مەترسە چونکە ئازار و عەزیەتت پێناگەیێنم تەنیا هاتووم چەند پرسیارت لێبکەم، ئێستا هەستە و ڕۆبدۆشامبری خۆت دەبەربکە.

بەڵام خزمەتکارەجحێلەکە لە جێی خۆی هەڵنەدەستا و بەترسەوە چاوی لە ئەرنێست دەکرد، بەشێوەیەک کە ئەرنێست ناچار بوو بۆخۆی هەڵیبستێنێ.

ئەو کچەلاوە جلێکی خەوی درێژی بەچەشنی ڕووپۆشەکانی مۆدیکۆن دەبەردابوو کە لە ژێر قوڕگەوە هەتا سەرپەنجەی لاقی دوگمەی هەبوو.

کاتێک لە تەختی خۆی هاتەدەر و دۆشامبرەکەی بە سەر کراسەکەوە لەبەرکرد. ئەرنێست وەپێش خۆی دا و لە دیوی چێشتخواردن لە پشت مێز دایئیشاند. شتەکانی ناو قرتاڵەکەی دەرهێنا و لە سەر مێز داینا.

کچە خزمەتکارەکە هەروا بە ترسەوە چاوی لە ئەرنێست دەکرد و ئەرنێست کە چاوە پڕلەترسەکەی دیت گوتی:

– پێمگوتی مەترسێ. من ئازارت نادەم، بەڵام چونکە برسیمە و لەبەر ئەوەی ئەمشۆ جێژنی نوئێلە، هێندێکم خواردەمەنی بۆ خۆمان هێناوە. ئێستا دەست بە نانخواردن دەکەین و کاتێک نانت خوارد گەرم دەبیەوە.

قسەی کۆتایی ئەرنێست لەبەر ئەوەبوو کە کچەلاوەکە دەلەرزی. دوایە زارکی شووشەی شامپانی کردەوە و پەرداخێکی پڕکرد و دای بە کچەکە و گوتی:

- ئەوەی بگرە و بیخۆوە، خێرا گەرم دەبیەوە.
کچەلاوەکە پەرداخەکەی گرت و لێوی پێ تەڕکرد و پەرداخەکەی لەسەر مێز دانا.
ئەرنێست گوتی:
- شامپانی بەمشێوەیە ناخۆنەوە.
دوایی هەستا و دەستی بە ناوچاوانی خزمەتکارەکەوە گرت و بە زۆری شەرابی نێو پەرداخەکەی لە قوڕگی کرد بە چەشنێک کە کچە لاوەکە وەکۆخەکۆخ کەوت.
کاتێک کۆخەکەی هێور بۆوە ئەرنێست گوتی:
- تەماشا بکە شامپانی چۆن دەخۆنەوە.
دوایە سێ پەرداخی بە دوای یەکدا تێکرد و خواردیەوە و گوتی:
- ئەگەر تۆش یەک دوو پەرداخ بخۆیەوە ئیدی ناتوانی چاوپۆشیی لێ بکەی.
ئەودەمی چەقۆیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دوولەت هەمبێرگەری جەرگی لێ کردەوە و گوتی:
- ئەو بەقاڵە نەزانە، لە بیری چوو نانم بداتێ و ناعیلاج ئەو هەمبێرگەرە بەبێنان دەخۆین.
خزمەتکارە لاوەکە دەستی لە سەر ئەژنۆ دانابوو و هیچ قسەیەکی نەدەکرد.
ئەرنێست گوتی:
- بە ڕای من تەواوی دانیشتووانی ئەو ماڵە وەک تۆ خوویان گرتووە لاڵ بن، بەڵام جێی داخە کە خۆت لە خواردنی ئەو هەمبێرگەرە بەلەزەتە بێبەش بکەی چونکە بە ڕاستی زۆر بەتام و بەهێزە.
لەوکاتەدا دەنگی زیڕەی (ئاژیر) بەرزبۆوە و ئاگاداریی دا بە دانیشتووانی ئەم شارە کە فڕۆکەکانی ئینگلیزی بۆ بوردومان نزیک دەبنەوە.
ئەرنێست کە خەریک بوو پەرداخێکی دیکە بۆ لێوی بەرێ گوتی:
- پەکوو خەڵکێکی کێوی و بێپارێزن! تەنانەت لە شەوی جێژنی نوئێلیش لە فەرەنسییەکان ناگەرێن.
دوایە بە خزمەتکارەکەی گوت:

- ئەگەر ئەمشۆ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان دێنە ئێرە و ئەگەر تەواوی خانوبەرەکانی ئەو شارە وێرانبوون و ئەگەر هێندێک لە دانیشتووانی ئەمشارە کوژران تەواوی تاوانی ئاغای تۆیە کە بە تەلگرافی ڕەمزی ئینگلیزییەکانی ئاگادار دەکردەوە هەتا ئەو شارە بۆردوومان بکەن.
ئینجا شەرابەکەی خواردەوە و لەتێکی لە سینگە مریشکەکە لێکردەوە و لەزاری نا و بە خزمەتکارەکەی گوت:
ئەرێ لەو مریشکەی ناخۆی؟ ڕانەکەت دەوێ یان سینگەکەی؟
خزمەتکار وەڵامی نەداوە و هەروا بێدەنگ بوو. تەقەی دژەفڕۆکە دەستی پێکرد. ئەرنێست چاوێکی لە دەرێ کرد و گوتی:
- پێموایە بەفرەکە خۆشی کردۆتەوە، بەڵام نابێ زراومان بچێ، چونکە فڕۆکەکانی دوژمن مەڵبەندی بەندەر و لەنگەرگە بوردومان دەکەن و ئێمە کە زۆر لە لەنگەرگە دوورین مەترسیمان لەسەرنییە.
ئێستا قسەی ئەرنێست تەواو نەبوو کە تەقینەوەیەکی سامناک شاری لەرزاندەوە و بە دوای ئەودا، تەقینەوەیەکی دیکە ڕووی دا و شار شڵەژا و ئەرنێست گوتی:
- مەترسێ، چونکە ئێستا گوللەهاوێژە دژە فڕۆکەکان و هێزی هەوایی ئێمە ئەوەندە بەهێزە کە فڕۆکەکانی دوژمن زیاتر لە پێنج خولەک ناتوانن لەسەر شار بمێننەوە.
دوایە دەنگ تەواو بوو و زیڕەی کۆتایی مەترسی لێ درا. و ئەرنێست کە بە هۆی دوور بوون لە مەترسی و گڕ و تینی شەرابی شامپانی وەجۆش هاتبوو گوتی:
- کاتێک هاتمە ئێرە زۆر خەمین بووم، بەڵام ئێستا خەمەکەم لاچووە. هەتا ئێستا بۆتهاتۆتەپێش کەسێک پێیگوتبی زۆر جوانی؟ واڵتێر بۆی باس دەکردم کە کاتێک تۆی لەناو هەڵدەکێشا دەیدیت لەش و لارێکی جوانت هەیە و بیری دەکردەوە کە ئەگەر جلی جوانت لەبەردا با و قژی سەرت داهێنابا، جوان دەبووی. تۆ لە تەواوی ئەوماوەی لە ماڵی ئاغای خۆت بووی و دەستوورەکانی (مادمازێل) کچی ئەربابی خۆت جێبەجێ دەکرد، قەت بیرت لەوە کردبۆوە کە بۆچی دەبێ مادمازێل خاوەن جلی جوان و دیوی جوان بێ و هەموو ڕۆژێ

بچێتە ئارایشگە و قژی بە باشترین شێوە برازێنێتەوە کەچی بەپێچەوانە، تۆ دەستوورەکانی ئەو بەڕێوەبەری و لە چێشتخانە خەریکی کار بی و ئارەزووی جلێکی جوان و ئارایشگەیەک و شانۆیەک لە دڵتدا بمێنێتەوە. بیرت کردۆتەوە ئەگەر تۆش بە هەمان شێوە بە تەرپۆشی و رازاوەیی ژیابای وەک ئەو شۆخ و شەنگ دەبووی و ئەوینداری زۆرت دەدۆزییەوە؟ باشە ئێستا پێم بڵێ ئەو مادمازێلە یەهوودییەی تۆ لە کوێیە؟ و لەچشوێنێک خۆی شاردۆتەوە؟

خزمەتکارەکە هەروا بە ترسەوە چاوی لە ئەرنێست دەکرد. ئەرنێست گوتی:

من دەزانم تۆ لە جێگەی خۆشاردنەوەی کچی ئاغای خۆت ئاگاداری و دەزانی ئەو لەکوێ خۆی حەشارداوە. ئەگە بە تەلەفۆن ئاگادارت نەکردباوە کە هەڵبێ ئێمە تۆمان ئازار نەدەدا. ئێستا دەمهەوێ بەشێوەی خۆمانە پێت بلێم خۆشم دەوێی. چونکە من لەو شارە بەتەنیام، دەمهەوێ تۆ خۆشەویستی من بی، جل و کراسی جوانت بۆ دەکرم و هەرچەندەی پارەت بۆ خەرجی خۆت بوێ دەتدەمێ، بەڵام مەرجی یەکەمی خۆشەویستی ئێمە ئەوەیە، پێمبڵێی کچی ئاغاکەت لە کوێیە؟

کچۆڵەکە وەک جاران بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدەداوە. ئەرنێست کە هیچی لێنەبیست [illegible] و گوتی:

– ئەم بێدەنگییەت تەواوکە، ئیدی بەسە.

ئەوجار، لەناکاو دەستی گرت و خزمەتکارەکەی هەستاند و ڕایگرت.

کچەخزمەتکارکە بەژنێکی کورتی هەبوو و نەدەگەیشتە شانی ئەرنێست. ئەرنێست، لەباوەشی گرت و بە تەکانێک بۆلای تەختیخەوی برد و بە زۆری کچەلاوەکەی لەسەر تەخت درێژ کرد، دوایە هەر دوو دەستی گرت.

لەودەمەدا لایەنی پیاوبوونی ئەرنێست بەسەر لایەنی پۆلیسبوونیدا زاڵ بوو و بێسەرنجدان بەوەی کە کچەخزمەتکارەکە لە ژێر لەشی قورس و گرانیدا پەلەکوتەیەتی، دەیویست ئیشتیای خۆی دامرکێنێ. گڕوتینی شەرابی شامپانی هیچ بیرێکی لەمێشکیدا نەهێشتبۆوە، دوای چەند چرکە کە کیژەکە پەلەقاژەی دەکرد لە ئاکامدا توانی بە قاچی پێلاقەیەکی توندی لە زگی ئەرنێست بدات بە جۆرێک کە ئەو

لە زۆری ئێش و ژان هاواری کرد و لەسەر تەخت هەستا و زگی خۆی گرت.
کیژەکە لەو چەند ساتە خافڵانەی ئەرنێست کەڵکی وەرگرت و لە سەر قەرەوێڵەکە هاتە خوار و بە هەموو تین و هێزی خۆیەوە هەڵات.
شەو تاریک بوو و ئەرنێست ئاگاداری کەلێن و قوژبنی ماڵەکە نەبوو، کەسیش لە ماڵ نەبوو یارمەتیی بدات و سەرخۆشی هۆشی لێ بڕیبوو و نەیدەتوانی بە باشی وەدوای کچە خزمەتکارەکە بکەوێ.
کیژەکە دوای ئەوەی لە دوو ژوور تێپەڕی دەرگای یەکیانی لە پشتسەری داخست و هەتا ئەرنێست ویستی دەرگاکە بشکێنێ، کچە لاوەکە مەودایەکی زۆری پێوابوو و دوور ببۆوە.
ئاخری ئەرنێست دەرکەی شکاند و خۆی گەیاندە ژوورێک کە لە پێشدا سامۆئێلی لێ قوڵبەستکردبوو، بەڵام دیتی پەنجەرەی ئەوژوورە کراوەتەوە و کورسییەکیان لەبەرانبەری پەنجەرە داناوە، دیاربوو قەرەواشەکە لەو کورسییە چۆتە سەر و لە ڕێگای پەنجەرەوە دەرباز بووە.

***

ژانت هاوسەری زیندانەوانەکە لەلای منداڵەکانی خەوتبوو کە لەناکاو لە دەنگی زەنگ وەخەبەر هات.
ژانت بە بیستنی زەنگەکە زراوی چوو، چونکە زانیی ئێستا شەش سەعات لە نیوە شەو تێپەڕنەبووە هەتا هاتوچۆ ئاسایی بێتەوە، هەروەها ئێستا کاتێک نییە کە بۆ لێپرسینەوەی بەندییەکان بێنە زیندان.
لەپێشدا، واتا بەر لە شەڕ کە شەوانە هاموشۆ ئازاد بوو جاریوابوو هەژاران بە هەڵە لە زەنگی دەرکەی زیندانیان دەدا، وایاندەزانی ئەوێ ڕێکخراوەی خێرزومەندانی خوشکانی تەرکەدنیایە، بەڵام ئێستا کە شەوانە هاتوچۆ یاساخە، دیارە هەژاران و نەداران ناتوانن لە ماڵی خۆیان بێنەدەر و لە ڕێکخراوەی خێرومەندی خوشکانی دوورەپەرێز کە هەر لەو نزیکانە بوو بۆ قابیلە یان دەرمان و شتی دیکە یارمەتیان بوێ.
ژانت دەیزانی جارجارە لەنیوەی شەودا ڕۆحی مردووکان (بەپێی بڕوای

دانیشتوانی ناوەچە) دینەوە لایخزم و دۆستان و لە دەرکی ماڵان دەدەن. بیری کردەوە رەنگە ئەوەش یەکێ لە رۆحەکانی بنەماڵە بێ کە لەو ساتەدا بە شوێن ئەوان داهاتووە.

بەڵام بۆ جاری دووهەم و سێهەمیش دەنگی زەنگ بەرز بۆوە و ژانت کە دەترسا لەجێ هەستێ و دەرگای زیندان بکاتەوە، مێردەکەی جووڵاندەوە و لە خەوی هەستاند.

پرۆسپێر مێردی ژانت، لەخەو هەستا. چونکە خەوئاڵوو بوو بۆڵەبۆڵی کرد و گوتی:

– بۆچی لە خەوت هەڵستاندم ؟

ژانت گوتی:

– نازانم کێیە کە بەم وەختەی شەو لە دەرکە دەدا، هەستە و دەرکەی بکەوە. من دەترسم دەرکەی بکەمەوە.

جارێکی دیکە دەنگی زەنگ هات. پرۆسپێر گوتی:

– کێیە بەو ناوەختە لە دەرکەی دەدا ؟

دوایە بن تەختەکەی گەڕا هەتا شەمچەکەی ببینێتەوە، چونکە ئەوزیندانە بە شێوەیەک کە باسمانکرد گلۆپ نەبوو.

ئاخری پرۆسپێر شقارتەکەی دیتەوە و لەنتەر(فانۆس)ـەکەی هەڵکرد و بۆلای دەرکی زیندان چوو. ژانت گوێی لێ بوو کە کلیلی قورس لە قوڵفی دەرکەدا سووڕا و دەرکەی زیندان کراوە و کەسێک هاتە ناو زیندان و دیسان دەرکەیان داخستەوە.

ئیتر ژانت دەنگی پێی مێردەکەی گوێلێبوو کە گەڕایەوە. هەروەها بیستی کە شوویەکەی کەسێکی هێنا ژوورەکە و گوتی:

– مادمازێل فەرموو بچووە ژووری، من ئێستا چراکە هەڵدەکەم.

– ئەودەمی چۆ ژووری خەو و بە ژنەکەی گوت:

– دەزانی کە ئەو کەسە کێیە؟

ژانت گوتی:

– نا. . . چۆن دەکرێ بزانم کە ئەوە کێیە؟

پرۆسپێر گوتی:
- ئەو کەسە مادمازێلە.
ژانت گوتی:
- کامە مادمازێل؟
پرۆسپێر گوتی:
- کچی دوکتور سامۆئێلە، کە ئێستا لێرەیە و لە بەندی ژمارە ۱۰ زیندانییە.
ژنەکە بە حەپەساوی لەجێ هەستا و گوتی:
- بۆچی هاتۆتە ئێرە و چی لە ئێمە دەوێ؟
پرۆسپێر گوتی:
- نازانم، بەڵام دەڵێ دەیهەوێ لەگەڵ من قسان بکا. ئێستا هەستە و دەگەڵ ئێمەبە کە ئەو هەرچی دەیڵێ بەئاگاداری تۆش بێ.
ژنەکە هەستا و لەگەڵ مێردەکەی چوونە ژوورەکەی دیکە و چراکەیان هەڵکرد و ژانت خێرا میریام کچی دوکتور سامۆئێلی ناسیوە.
میریام لەبەر ترس و سەرما سپی هەڵگەڕابوو، بەڵام سەرەڕای ترس و سەرما، جوانی وی وەک هەمیشە خۆی دەنواند.
ژانت هاوسەری زیندانەوانەکە، هەر کە میریامی دیت وەگریان کەوت. میریام گوتی:
- من ناتناسم، بەڵام دەزانم ئەتۆ کەسێکی فەڕەنسیت و فەڕەنسییەکی ڕاستەقینەیت، هەر بۆیە ئەوشۆ هاتوومە ئێرە هەتا قسەتان لەگەڵ بکەم. ژۆرژێتی بچکۆلەی ئێوە کاتێک لە قوتابخانە بوو لە لای من دەرسی دەخوێند، من یارمەتیم دا کە تاقیکارێکانی ئاخری ساڵ بەسەرکەوتوویی تێپەربکا.
ژانت کە فرمێسکی لە چاو دەهاتە خوار بەو کچەی گوت:
- بەڵێ مادمازێل هەروایە، ژۆرژێت زۆری لەبارەی تۆ قسە بۆکردووم. ئەیەڕۆ بریا بتزانیایە ئێمە بۆ لێقەوماوی تۆ چەندە بە داخین.
میریام گوتی:
- بیستوومە باوکم زۆر جەزرەبە دەدەن. ئەرێ وانییە؟
ژن و مێرد (زیندانەوان) بێدەنگ بوون و سەریان لە ڕووی پەژارەوە لەقاند.

میریام گوتی:
- ئێستا بابم لە کوێیە؟
پرۆسپێر گوتی:
- لێرەیە و لە ژووری ژمارە ١٠ دایە، بەڵام ئەڵمانییەکان بە گشتی قەدەخەیان کردووە. هیچ کەس نابێ بیبینێ و تەنانەت ئێمە بە هیچشێوەیەک هەقمان نییە بیبینین.
ژانت بە مێردەکەی گوت:
- ئارام قسان بکە نەوک هێنریخ لەخەو هەستێ.
میریام گوتی:
- ئاگادارم کەسێکی ئەڵمانی لەو زیندانەیە و بەرپرسیەتی زیندان بەئەوە و دەشزانم هاتنی من بۆ ئێرە دەبێتە هۆی زەحمەتی زۆر بۆ ئێوە، بەڵام ئەمشۆ هاتوومە ئێرە بەڵکو بتوانم بابم ببینم، ماوەی هەشت ڕۆژە لەماڵێکدا وەک زیندانی وام، چونکە لە ترسی ئەڵمانییەکان نەمدەتوانی لەوێ بێمە دەرێ.
خۆزگا وەک باوکم دەیانگرتم، ئەگەر ژان و جەزرەبە دەچێژین هەردوو لەلای یەکبایین.
لەو چەند ڕۆژەی کە لەو ماڵە بووم، هەموو ڕۆژێ لاوێک دەهاتەوێ و سەبارەتبە بابم زانیاری دەدامێ، بەڵام ئێستا دوو ڕۆژە ئەو لاوەی نابینم، ڕەنگە ئەویشیان دەسبەسەر کردبێ.
پرۆسپێر گوتی:
- لەو کاتەوە باوکی تۆیان هێناوەتە ئێرە، ئیدی کەسێکی تازە نەهاتۆتە ئێرە، ئەولاوەی کە دەفەرمووی گرتوویانە، ئەگەر گیرابێ بەخاترجەمی لە ئیدارەی گێشتاپۆیە. چونکە زۆرتر گیراوەکان یەک دوو ڕۆژ لەوێ ڕادەگرن و دوایە دەیانێنن بۆئێرە؛ نازانی کاتێک بۆ ئێرەیان دەنێرن چ حاڵێکیان هەیە؟ !
میریام گوتی:
- ئەرێ بڵێی بتوانم بابم ببینم؟
پرۆسپێر گوتی:
- بەداخەوە کلیلی ژوورەکان لە لای من نییە و تەنیا کلیلی دەرگای دەرێم

پێیە، کەوابوو ناتوانم بتبەمە لای بابت.
هاوسەری زیندانەوان گوتی:
- مادمازێل ئیزن بفەرموو کەمێکت شیر بۆ گەرم بکەمەوە، بەوحاڵەتەوە ئەگەر کەمێک شیر بخۆیەوە بەهێزت دەکا . من تاقیم کردۆتەوە کە لەکاتی خەم و دڵەڕاوکێدا هیچ شتێک وەک شیری کوڵاو ئینسان بەهێز ناکا.
میریام گوتی:
- لەچاکەی ئێوە مەمنوونم و پێویستیم بە شیر نییە.
بەڵام ژانت ڕازینەبوو و بۆلای چێشتخانە کە لە تەنیشتی ئەو دیوە بوو چوو هەتا بە دار ئاور بکاتەوە.
میریام گوتی:
- نەتگوت دەتوانم ئەوشۆ بابم ببینم ؟
پرۆسپێر گوتی:
- بەداخەوە کلیلی چاوەکان لەلای ئاناتوولە.
میریام گوتی:
- ئەی دەبێ چ بکەین؟
هاوسەری زیندانەوان کە لە بەردەرگای چێشتخانە قسەی ئاخری گوێلێبوو، گوتی:
- بەتایبەت داوات لێدەکەم بە هیوای ئاناتوول نەبی و متمانەی پێنەکەی چونکە ئەو کوڕە هەرچەند چارەڕەش و لێقەوماوە، بەڵام نابێ هیوات پێیبێ.
میریام گوتی:
- هەر ئەو لاوەیە کە دەڵێن زۆری هۆگری بە جگەرەیە؟
ژانت گوتی:
- بەڵێ.
میریام جانتا چکۆلەکەی کردەوە و چەند بەستە سیغاری لێ دەرهێنا و گوتی:
- تکا دەکەم ئەوەی بدەن بە ئەولاوە.
زیندانەوان گوتی:

- مادمازێل، ئێستا ئەڵمانییەکان لە هەر کون وقوژبنێک لە تۆ دەگەرێن. ئەرێ دەزانی ئەگەر لێرەت بدۆزنەوە چ دەبێ؟

میریام گوتی:

- ئەم بابەتە ئەگەر بایەخێکی هەبێ بۆ ئێوەیە نە بۆمن. جیا لەوەش، چۆن دەکرێ ئەڵمانییەکان لەم بابەتە بگەن و بزانن من لێرەم.

لەودەمەدا، ژانت لەکاتێکدا دەفرێکی گەورەی شیری لەدەست دابوو هاتە ژوورەکە و دای بە میریام و گوتی:

مادمازێل تکادەکەم فەرموو ئەو شیرەی بخۆوە. براکەم کە چەند مانگای هەیە، هەموو رۆژێ لە دەرەوە بۆمان دێنێ و بەپێچەوانەی شیری جیرەبەندی، کەرە و سەرتوێی لێنەگیراوە. دڵنیابە ئەگەر بیخۆیەوە لە بەشی ئێمە کەم نابێتەوە.

پرۆسپێر پاکەتە سیغارەکانی لەبەرامبەر خۆی لە ریزێک دانا و گوتی:

- نازانم ئەو سیغارانە بدەم بە ئاناتوول یان نا؟

لەناکاو دەنگێک لە پشت سەریان بیسترا کە دەیگوت:

- بۆچی ناتهەوێ ئەو سیغارانە بدەی بە ئاناتوول؟

ئەو دەنگە بە جۆرێک چاوەڕواننەکراوبوو کە زیندانەوان و ژنەکەی و میریام بە دڵەڕاوکێوە ئاوڕیان داوە و چاویان بە ئاناتوول کەوت.

بە چاوی خەواڵوو و حاڵی ئاناتوولدا دیاربوو تازە لە خەو هەستاوە. ژانت هەر کە ئەوی دیت:

- ئاناتوول، مادمازێل تەواوی ئەو سیغارانەی بۆ تۆ هێناوە.

ئاناتوول هەر کە کچی دوکتور سامۆئێلی دیت ناسییەوە چونکە خەڵکی ئەو گەڕەکە بوو گوتی:

- بە ڕاستی هاتووە بابی ببینێ.

میریام گوتی:

- بەڵێ.

ئاناتوول گوتی:

- مەمنوونم کە لەم شەوی جێژنەدا جگەرەت بۆهێناوم .

پرۆسپێر گوتی:

- داخۆ ئێستا مادمازێل دەبەیە ژووری بابی کە بیبینێ یان نا؟

ئاناتوول گوتی:

- هەڵبەت من مادمازێل بۆ بەندی بابی دەبەم، بەڵام وای دادەنێین کە لەو جەنگەدا، هێنریخ لە دیوی خۆی هەستا، ئەودەمی چارەی من چیە؟ چۆن دەتوانم گیانی خۆم لەدەس ئەم بەشەرە ڕزگار بکەم، مەگەر بۆ خۆت نەبووی کە دەتگوت ئەگەر من لە ناو بەرن بۆم ناگری و فرمێسک نارێژی؟

پرۆسپێر گوتی:

- زۆری لێ مەڵێ، مەبەستی خۆت بڵێ. مەگەر نابینی کات تێپەڕ دەبێ و بەزوویی بەیانی دێ؟

ئاناتوول گوتی:

- ڕاستییەکەی ئەوەیە من ماوەیەکی دوورودرێژە لەم ژیانە بێزار بووم ودەمهەوێ هەڵێم، بەڵام هەتا ئەورۆ ویستەکەم وەدوا خستووە چونکە پارەم نییە.

کەنیشکە لاوەکە گوتی:

- ئەگەر پێویستیت بە پارەیە من کەمێکم لەگەڵ خۆم هێناوە و ڕەنگە بیدەم بەتۆ.

ئاناتوول گوتی:

- چەندت پارە پێیە؟

میریام گوتی:

- ئەو ڕۆژەی باوکمیان قۆڵبەست کرد ئیدی من نەچوومەوە ماڵەخۆمان. حەوت هەزار فرانکم پارە پێبوو و پێنج هەزار فرانکیشم لە هاوڕێکەم وەرگرت (زیاتر لەوەی پێنەبوو). ئێستا دوانزە هەزار فرانکم پێیە، بەداخەوە ئێستا بە هیچ شێوەیەک بۆم ناگونجێ کە زیاتر لەوە ئامادە بکەم.

ئاناتوول گوتی:

- بەر لە شەڕ دوازدە هەزار فرانک پارەیەکی زۆر بوو و پیاو دەیتوانی ساڵێک بەباشی پێی بژی، بەڵام ئەورۆ دوانزە هەزار فرانک بایەخی هەزار فرانکی پێشووی نییە.

میریام گوتی:

- چ بکەم لەوە زۆرتر ناتوانم پارە دابین بکەم.

زیندانەوانەکە گوتی:

- ئاناتوول ئەوە تۆ نامری! دەتهەوێ پارە لە مادمازێل وەربگری و لەباتی ئەوە بابی نیشان بدەی؟

ئاناتوول گوتی:

- من ئێستا شاییەکم نییە، کاتێک لێرە هەڵێم چۆن بژیم. ناچار دەبێ هێندێکم پارە هەبێ کە خۆم بشارمەوە.

پرۆسپێر گوتی:

- دەتهەوێ لە کوێوە هەڵێی؟

ئاناتوول گوتی:

- بەو کلیلەی کە پێتە دەرکە گەورەکەی زیندانم بۆ دەکەیەوە منیش هەڵدێم.

پرۆسپێر گوتی:

- ئەگەر من دەرکی زیندانت بۆ بکەمەوە، ئەی نالێی هێنریخ چم دەگەڵدەکا؟

ئاناتوول گوتی:

- چۆن بیر لە حاڵی خۆت دەکەیەوە، بەڵام لەبیری مندا نی کە ئەگەر بزانن مادمازێلم بردۆتە بەندی بابی، چم لێ دەکەن؟ ئێستا کە مەترسی لە پێش دایە چۆن بوو کە لەناکاو خۆت دۆڕاند؟ مەگەر تۆ هەر ئەوکەسە نەبووی ئەمنت لۆمە دەکرد کە بۆچی نامەیەک کە دەبوو بیدەم بە دوو کەس لە نیشتمانپەروران، داومە بە ئەڵمانییەکان، کەچی من تاوانێکم نەبوو و کاتێک کە لەبەرامبەری دەرکەی ئەو ماڵە لە پاسکیل دادەبەزیم خافڵاندیانم. مەگەر وەبیرتنایە چەندین جار ئەمنت لە سەگ بەسپڵەتر دەزانی کە بۆچی ئەو دوو کەسەم بە ئەڵمانییەکان ناساندوە؛ کەچی تۆ ئەگەر قەمچییەک، تەنیا قەمچییەکت لە کلکی مانگا وێکەوتبایە ئەستەمبوو بتوانی خۆت بپارێزی . هەرچۆنێک بێت کاتێک لە زیندان هەڵاتم تەنافێک لە سەر دیوار دادەنێم هەتا هێنریخ وابزانێ من بە دیواردا سەرکەوتووم و هەڵاتووم، با تۆش بەرپرسیار نەبی.

میریام کە دیتی ئەو دوو کەسە خەریکی چەلەحانێن گوتی:

- ئاناتوول هەرکاریک دەیکەن زووبن، چونکە ئیستا ڕۆژ دەبێتەوە.
ئاناتوول دەستی دریژکرد و گوتی:
- پارەکەم بدەیە هەتا دەسبەکاربم.
میریام دوانزە هەزار فرانکی لە کیفی خۆی دەرهێنا و دای بە ئاناتوول، ئاناتوول گوتی:
- زۆر باشە، من ئیستا دەڕۆم بزانم داخۆ هێنریخ کە سەرخۆش و بێعەقڵ خەوتبوو، بەڕاستی خەوتووە یان نا؟ ئەگەر لەخەودابوو دەرکەی لە دەریڕا لەسەر دادەخەم و دوای ڕۆیشتنەدەری من لە زیندان، پرۆسپێر دەتوانێ بچێ و دەرکەی لێ بکاتەوە. دوایئەوەی دەرکەی ژووری ئەوم داخست دەتبەمە لایباوکت لە بەندی ژمارە ١٠، بە مەرجێک زۆرتر لە دە خولەک لەوێ نەبی.
کچەلاوەکە بڕێک بێدەنگ بوو، دوایە گوتی:
- ئاناتوول ئێمە دۆستانێکی ساماندارمان هەیە کە هەرچەندی پارەمان بوێ دەماندەنێ، ئیستا کە تۆ دەتهەوێ هەڵێی باش وایە باوکیشم بە هەڵاتن بدەی. بڵێنت پێ دەدەم هەرچەندی پارەتان بوێ دەتاندەمێ تەنانەت ئەگەر یەک ملیۆن"فرانک"یش بێ.
بیستنی وشەی (یەک ملیۆن) ئاناتوولی تووشی بیرکرنەوە کرد، بەڵام دوایی گوتی:
- نا، مادمازێل من ناتوانم باوکت بە هەڵاتن بدەم چونکە ئاستەمە ئەڵمانییەکان بڕوابکەن ئەو بە دیواردا هەڵاتووە. بێجگە لەوەش، هەردوو لاقی سندم کراوە و قاچەکانی بە زنجیر لە دیواری قایم کراوە و کلیلی وی هەمیشە لە گیرفانی هێنریخ دایە. سەرەڕای ئەوانەش ئەڵمانییەکان بە شێوەیەک بابی تۆیان ئازارداوە تەنانەت ناتوانێ شەقاوێک هەڵێنێتەوە، چۆن دەتوانین بێ کەرەسەی گواستنەوە لەگەڵ خۆمانی بەرین؟
بێجگە لەوە ئەگەر من هەڵێم، ئەڵمانییەکان زۆر حەول بۆ دۆزینەوەم نادەن چونکە جێسەرنج نیم و پرۆسپێریش بە ئاسانی دەتوانێ پاکانە بۆخۆی بکا، چونکە لەو زیندانەدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە و دەڵێ ئاناتوول ئازاد بووە و بە ئازادی بۆ هەر جێیەکی زیندان کە پێیخۆشبووە چووە، تاوانی وی نییە، بەڵکو

تاوانی هینریخه که ئاوا ئازادی کردبوو.

بەلام بابی تو لەگەڵ من جیاوازی هەیە و دڵنیات دەکەمەوە لەوەی کە ئەڵمانییەکان پێویستی تایبەتیان بەئەوە. وایدانێ ئێمە بتوانین لە زیندانی بەرینەدەرێ. هەر جۆرێک بێ دەیدۆزنەوە، جیالەوە پرۆسپێر بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لەبەرامبەر ئەڵمانییەکاندا پاکانە بۆخۆی بکا و بڵێ ئاگام لە چوونەدەری نەبووە.

میریام سەری بەرز کردەوە و چاوێکی لە زگی هەڵمساوی هاوسەری زیندانەوان کرد و دیتی ئەو ژنە داماوە چاوەڕێی کۆرپەیەکی تازەیە.

چاوێکی دیکەی لە مێردەکەی کرد و دیتی ئەگەر بۆ دەربازکردنی باوکی پێداگری بکا، ئەوپیاوە زۆرلێکراو و بێتاوانە لەناودەچێ، بۆیە گوتی:

- باشە، من لە هەلاتنی بابم چاوپۆشی دەکەم ئێستا زوو بن و بابم نیشانبدەن.

ئاناتوول بە قەرای دوو خولەک ون بوو، کاتێک گەڕاوە، دیتیان دووربینێکی وێنەگری لەدەست دایە. ئاناتوول گوتی:

- هێنریخ خەوتووە و دەرکەی ژوورەکەشم قوفڵ کرد. ئەوەش کلیلی ژوورەکەیەکە دەیدەم بە پرۆسپێر. هەروەها دووربینی وێنەگری ئەوم دزی با لانیکەم یادگارێکم لەو پیاوە نەزانە هەبێ.

میریام بە ترسەوە چاوێکی لەسەرتاپێی ئاناتوول کرد و چونکە تاقە ڕێچارەی بوو هیچی نەگوت، ئاناتوول دەستە کلیلێکی لە گیرفانی دەرهێنا، وەپێش کەوت و میریام بە دوایدا وەڕێکەوت.

ئاناتوول دەرکی بەندی ژمارە ١٠ی کردەوە و میریام چوو ژوورێ، خێرا بۆنی ناخۆشی تەڕایی و هەوای ساردی ژوور کە وەک هەوای قەبرێک دەچوو بەردەکەیان لابردبێ ناڕەحەت و بێزاری کرد.

لە ڕاڕەو، چرایەکی نەفتی کەمسۆما هەڵواسرابوو کە ڕووناکایی کەمی لەناو بەندەکە دەدا، میریام لە شۆقی ئەم ڕووناکاییە بەژنی بابی دەدیت کە لە گۆشەیەکی بەندەکە کەوتووە و بە زنجیر بە دیواری بەستراوەتەوە.

***

دوای ڕۆیشتنی میریام و ئاناتوول، پرۆسپێر بە ژنەکەی گوت:

- ئێستا کە هەستاوین باشوایە شتێک لە پێڵاوی منداڵەکان باوێین.

لەو ساڵەدا، ١٩٤٢ی زایینی، پرۆسپێر بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو توانای کڕینی لەیستۆکی جوانی بۆ منداڵەکانی نەبوو و ناعیلاج چەند بووکی مقەبایی و دارینی کڕیبوو، ئەو بووکانەی لەکەوشی ئەوان هاویشت هەتا دوای ڕووناکبوونی هەوا کە لەخەو هەستان وا بزانن بابە نۆئێل جێژنانەی بۆ هێناون.

ژنی زیندانەوان دوای ڕۆیشتنی میریام و ئاناتوول نوستەوە، بەڵام پرۆسپێر خەوی لێ نەدەکەوت و هەر لەبیری سبەینێ دابوو کە کاتێک هێنریخ لەخەوێ هەستا دەڵێ چی. دوایی وەبیری هاتەوە کە کلیلی ژووری هێنریخی لێوەرگرتووە ولە گیرفانی خۆی ناوە، سبەینێ کاتێک کە هێنریخ لەخەو هەستا ناتوانێ دەرکەی دیوی خۆی بکاتەوە، لەوانەیە لێی دوودڵ بێ.

بۆیە هێدی و بەسەر پەنجە خۆی گەیاندە پشت دیوی هێنریخ و گوێی ڕاگرت . زانی هێنریخ خەوتووە و دەنگی پرخەی ڕێکوپێکی کە نیشانەی مەستبوونی بوو دەهاتە بەرگوێ و ئەوی دیکەش (واتا خوشکی ئاناتوول) بە ڕواڵەت نووستووە و دەنگی لێ نابیسترێ.

پرۆسپێر بە وشیارییەکی زۆرەوە دەرکەی ژووری هێنریخی کردەوە و دیتی ژوورەکە تاریکە، بەڵام شۆقێکی کەم کە لە دەرێڕا وەژوورەکە کەوتبوو، تەختی خەو و مێزی بەردەست و شووشەکانی مەشرووب کە لە سەری بوون ڕووناک دەکردەوە.

پرۆسپێر کلیلی لە کونی قوڵفەکە ناو بەهەمان وشیارییەوە دەرکەی ژوورەکەی داخست و لەسەر پەنجە گەڕاوە. دوایە بیری کردەوە کە بزانێ ئاناتوول چیکردووە و چۆن بۆ هەڵاتنی خۆی ڕواڵەتکاریی کردووە. چونکە لەو زیندانە تەنافی لێنەبوو هەتا ئاناتوول نیشان بدا بە تەنافی هەڵاتووە. تەنیا پەیژەیەک بوو کە دەیتوانی کەڵکی لێ وەرگرێ. بەڕێکەوت ئاناتوولیش هەر ئەو بیرەی کردبۆوە. پرۆسپێر دیتی پەیژەی بە دیوارەوە ناوە و هەرکەس ببینێ وادەزانێ ئاناتوول بەسەر نەردیوانەدا دەرباز بووە.

***

میریام دوای هاتنەدەر لە زیندان، لەو کۆلانانە پڕ لەبەفرەکان هەنگاوی هەڵدێناوە، جاری وابوو قاچەکانی وەبەرد دەکەوت، دووجار خلیسکا و هەستاوە. بێوچان فرمێسکی لە چاوان دەهاتە خوار. چونکە لەو دەمەوە باوکی لە ئینفرادی دیتبوو نەیدەتوانی بەری گریانی بگرێ.

میریام کاتێک چوو ناو بەندەکە، بابی لەباوەش گرت و لە تاریکیدا دەستی بەبرینەکانی داهێنا. بابی کە بێهۆش بوو هەتا تاوێک بوونی کچەکەی هەست پێنەکرد. پاشان کە وەهۆش هاتەوە و کچەکەی خۆی (میریام) ناسییەوە بە دەنگێکی خەمینەوە گوتی:

– بۆ هاتوویە ئێرە؟ زوو برۆ. . . زوو برۆ. . .

میریام لەبەر خەم و گریان نەیدەتوانی قسەیەک بکا، لە تاریکیدا برینەکانی بابی ماچدەکرد و بە فرمێسکی چاوی تەڕی دەکردن. سامۆئێل گوتی:

– میریام، بۆچی هاتوویە ئێرە. . . هەستە برۆ، ئەگەر ئەوان بزانن تۆ لێرەی زۆرت ئازاردەدەن.

ماوەی دە خولەک خێرا تەواوبوو، ئاناتوول هاتە ناو ژوور و بەتوندی میریامی لە بابی جودا کردەوە و لە چاوەکەی دەرکێشا و دەرکەی بەندی داخستەوە. دوای هاتنەدەر لەزیندان دەستەکلیلەکەی لەبن دیواری زیندان برداوە و لەگەڵ میریام لە زیندان دوور کەوتن.

میریام لە پێشێ دەڕۆیشت و ئاناتوول کە دووربینی وێنەگری هێنریخی بە بالای خۆیدا هەڵواسیبوو بەدوایدا دەڕۆیشت، و لەبەرئەوەی هەر کراسێکی کەتانی زەردی لەبەر دابوو، لە سەرمانا دەلەرزی.

کاتی تێپەڕبوون لە کۆلانەکان، ئاناتوول دیتی میریام چۆناو کلیسایەک، وەبیری هاتەوە لەبەر شەوی جێژنی نۆئێل کلیساکان هەتا بەیانی ئاواڵەن.

میریام دوای ڕۆیشتنە ناو کلیسا، بەرانبەر بە مێحراب چۆکی دادا و دوای کەمێک پاڕانەوە و گریان لە کلیسا چۆدەرێ. ئاناتوول هەروا بەدوایدا دەڕۆیشت.

دوایە گەیشتنە شەقامێک کە لەنزیک دەرەوەی شار بوو. میریام لەبەر دەرکیماڵێک ڕاوەستا، لە زەنگیدا. ئاناتوول دیتی میریام دەیهەوێ بچێتە ئەوماڵە،

گوتی:

- مادمازێل، من بەم جۆرە ناتوانم هەڵێم . چونکە جلوبەرگم پێنییە و بەوجلەوە هەمووکەس دەمناسنەوە، تکا دەکەم قەمسەڵەیەکم بدەیە هەتا بتوانم خۆم حەشار بدەم.

پیرەژنێک هات و دەرکەی کردەوە. میریام ئاشیرەی بە ئاناتوول کرد کە بێتە ژووری، پیرەژنەکە گوتی:

- مادمازێل، نازانی کاتێ دیارنەبووی چەندەت نیگەرانبووم؟ ! شوکر بۆخوا گەڕایتەوە.

میریام گوتی:

- تکادەکەم هەرچی زووتر قەمسەڵەیەکی پیاوانەم بدەیە کە لەبەر ئەو کەسەی (ئاماژە بە ئاناتوول) بکەم، چونکە ئەگەر بەوبارودۆخە هەڵێ خێرا دەیگرن.

پیرێژن کاتێک چاوی بە ئاناتوول کەوت لە میریامی پرسی:

- ئەوە کێیە؟

میریام گوتی:

- کەسێکە کە یارمەتی دام بابم ببینم، بۆخۆشی لە زیندان هەڵاتووە و ئێستا ناتوانێ بەو جلوبەرگەوە لەو شارە بچێتەدەرێ، قەمسەڵەیەکی دەوێ کە بەسەر جلەکانیدا لەبەری بکا.

پیرێژن گوتی:

- خۆت دەزانی من قەمسەڵەی پیاوانەم نییە بیدەم بەو پیاوە.

میریام گوتی:

- لە ئاپارتمانی پەنات قەمسەڵەیەکی پیاوانەم دیت، تکا دەکەم ئەوی بێنە و بیدە بەو پیاوە با بڕوا، دوایی نرخەکەی دەدەم بە خاوەنەکەی.

پیرێژن ڕۆیشت و قەمسەڵەکەی هێناو دای بە ئاناتوول، ئەویش قەمسەڵەکەی کە کەمێکی بۆ فش بوو، لەبەرکرد و لە ماڵەکە چوودەرێ، کاتی ڕۆیشتنەدەر لە ماڵەکە ژمارەی دەرگا کە ۳۳ بوو لەبەر کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی زۆر باشە. . .

هەوا ڕووناک ببوو، ئاناتوول چوو ناو یەکەمین قاوەخانەیەک کە کرابۆوە، دەستووریدا قاوەی بۆ بێنن، دیسان ماڵی مادمازێل میریامی وەبیر هاتەوە و

گوتی زۆر باشه.
قاوه‌چی ده‌فرێکی قاوه‌ی ده‌سکرد و دوو کلۆقه‌ندی ده‌سکردی (ساخارین) بۆهێنا، که‌ به‌قه‌رای حه‌بی ئاسپرین بوو، له‌ پێشی دانا. ئاناتوول ساخارینی له‌ قاوه‌ هاویشت و لێکی دا، کاتێک قاوه‌ی بۆلێوی ده‌برد دیسان ماڵی مادمازێل میریامی وه‌بیرهاته‌وه‌ و گوتی زۆرباشه‌. دوایی ده‌ستووری دا په‌رداخێکی گه‌وره‌ی شه‌رابی ئه‌ڵکۆڵی (کالوادۆس) بۆ بێنن. مه‌شرووبه‌که‌ی یه‌کبێن خوارده‌وه‌ و گڕ و تینی ئه‌ڵکۆڵ گه‌رمی داهێنا. ئه‌مجار زانی بۆچی له‌ دیتنی ماڵی مادمازێل میریام هه‌ستی به‌ خۆشی و شادی کردووه‌، دوایی داوای کاغه‌ز و پاکه‌ت و قه‌ڵه‌م و مه‌ره‌که‌بی له‌ قاوه‌چییه‌که‌ کرد. له‌سه‌ر کاغه‌زه‌که‌ ئاوای نووسی :
- جه‌نابی سه‌رۆکی گێشتاپۆ. . . مادمازێل میریام کچی دوکتور سامۆئێل که‌ باوکی له‌به‌ندی ژماره‌ ١٠ی زیندانی شاردا زیندانییه‌، له‌ ماڵی ژماره‌ ٣٣ هه‌ڵکه‌وتوو له‌ شه‌قامی پاستۆر نیشته‌جێیه‌ و"پیرێژن"ێکیش خاوه‌ن ماڵی ئه‌وه‌.
ئاناتوول که‌سێک نه‌بوو که‌ ئه‌ڵمانییه‌کانی خۆش بوێت و بۆ خاتری خۆشه‌ویستی ئه‌وان ڕاپۆرت بدا، ئه‌و کاره‌ ئه‌و قازانجه‌شی نه‌بوو که‌ وایدانێ ئه‌گه‌ر کچی دوکتور سامۆئێل ڕاده‌ستی ئه‌ڵمانییه‌کان بکا پاره‌ی ده‌ده‌نێ.
ئه‌م لاوه‌ نارێک وناحه‌زه‌ ته‌نیا بۆئه‌وه‌ی هه‌ستی تۆڵه‌ساندنه‌وه‌ی خۆی له‌به‌رامبه‌ر کۆمه‌ڵگادا دامرکێنێ، ئه‌و کاره‌ی ده‌کرد و وایده‌زانی که‌ به‌و کرده‌وه‌یه‌ ده‌توانێ کۆمه‌ڵگایه‌ک که‌ ناهه‌قی ده‌گه‌ڵ کردووه‌ تۆڵه‌ بستێنێته‌وه‌.
دوایه‌ ئه‌سکه‌ناسێکی هه‌زار فرانکی دا به‌ قاوه‌چی و باقێکه‌ی لێوه‌رگرته‌وه‌، هه‌ستا و له‌ قاوه‌خانه‌که‌ ڕۆیشته‌ده‌رێ و کۆڵانه‌ چۆڵه‌کانی هه‌ڵبژارد و کۆڵانبه‌کۆڵان خۆی گه‌یانده‌ به‌رامبه‌ر ئیداره‌ی گێشتاپۆ. له‌به‌رده‌م ئیداره‌ی گێشتاپۆ، سه‌ربازێکی ئه‌ڵمانی که‌ کڵاوی ئاسنی له‌ سه‌ربوو و چه‌کی به‌شانه‌وه‌ بوو قه‌ده‌می‌لێده‌دا و بێئه‌وه‌ی ئاوڕی لێ بداته‌وه‌، ده‌رفه‌تی به‌ ئاناتوول‌دا بچێته‌ ناو ئیداره‌.
ئاناتوول ڕۆیشته‌ ناو حه‌وشه‌ و دیتی که‌سی لێ نییه‌، ته‌نیا شۆفیرێک به‌ پێستی گاکێوی خه‌ریکی خاوێنکردنه‌وه‌ و دره‌وشاندنه‌وه‌ی ئۆتۆمبێله‌ .
ئاناتوول به‌باشی ئه‌وماڵه‌ی ده‌ناسی و ئاگای له‌ بارودۆخی ئه‌و خانووبه‌ره‌یه‌ بوو

و یەکسەر بە پلیکەکانەکاندا چووەسەرێ و پاکەتی خۆی لە ژێر دەرکەوە لەناو ژوورەکە هاویشت و گەڕاوە. ڕۆژی دوایی کاتی ڕۆژئاوابوون، ژاندرمەی ئەڵمان لەگەڵ پۆلیسی مەڵبەند، ئاناتوولیان کە لە زیندان هەڵات بوو لە یەکێک لە ماڵۆچکە دارینەکانی قەراخ دەریا دۆزیوە.

***

هەر ئەو ڕۆژە بەیانی، کە ئاناتوول نامەکەی خۆی بۆ ئیدارەی گێشتاپۆ برد، ئەرنێست لە ماڵی خۆی حەمامی کرد، ڕدێنی بە جوانی تاشی، یونیفۆرمی تازەی خۆی لەسندووقەکە دەرهێنا و لەبەریکرد و لەماڵ چۆدەرێ.

بەفر بەتەواوی لێی کردبۆوە، بەلام هەواکەی هەر هەورو هەلا بوو. خەڵک پێشبینییان دەکرد کە هەر ئەوڕۆژە یان شەوی دوایە بەفر دەبارێ.

بە بۆنەی ڕۆژی جێژن، نزیک بە تەواوی خەڵک لەماڵی خۆیان هاتبوونەدەرێ و بۆلای کلیسا دەچوون. ئەرنێستیش بۆ لای کلیسا ڕۆیشت و چووەناو ماڵیخودا.

هێندێکی زۆر لە کلیسا خەریکی هەڵکردنی شەم یان پاڕانەوەبوون. هاتنی ئەرنێست لە سەرەتادا سەرنجی کەسی ڕانەکێشا، دوایە کە دیتیان، بەسەرسووڕماوی چاویان لەیەک دەکرد چونکە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد ئەفسەرێکی ئەڵمانی (ئەویش لە دەستەی هەڵمەت) بێتە کلیسا.

ئەگەر ئەفسەرێکی ئەرتەشی ئەڵمان هاتبا کلیسا، خەڵک زۆریان پێ‌سەیرنەدەبوو. چونکە لەناو ئەفسەرانی ئەرتەشی ئەڵماندا ئێستاش کەسانێک پەیدا دەبوون کە باوەڕیان بە خودای بوو، بەلام ئەفسەرێک کە لە گرووپی هەڵمەتی حیزبی نازی بێ جۆرێک بارهاتووە کە بێجگە لە (فۆڕ) هیچ خودایەک ناناسێ و سەیرە بنیادەمێکی وا بێتە کەنیسە.

ئەرنێست بێ ئەوەی چاو لەخەڵک بکات، بۆلای ڕاست ڕۆیشت و لە شوێنێک کە مۆمی بڵێندی مێوی و"گەچی"یان دەفرۆشت، ڕاوەستا و چوار شەمی بڵێندی مێوی کڕی و لە کلیسا چووە دەرێ. خەڵک کە دیتیان ئەو ئەفسەرەی دەستەی هەڵمەت مۆم دەکڕێ زیاتر سەریان سووڕما.

دوای هاتنەدەر لەکلیسا ئەرنێست چوو بۆلای دووکانی گوڵفرۆشی کە هەر لەو نزیکانە بوو. چوو ناو دووکانەکە و بە کچە گوڵفرۆشەکەی خاوەنی دووکانی گوت:

- دەستەگوڵێکی سپی هەڵبژێرە و بمدەیە.

ئەرنێست دوای ئەوەی نەرخەکەی دایە، لە دووکان ڕۆیشتە دەر، ئەوانەی لە شەقام دەیاندیت تووشی سەرسووڕمان دەبوون چونکە ئێستا کەس نەیدیتبوو ئەفسەرێکی ئەڵمانی لە ڕۆژی جێژنی نۆئێلدا مۆم و دەستەگوڵ بکڕێ و بیهەوێ دام و دەستووری جێژن بەڕێوە ببا.

ئەرنێست بە مۆمەکان و دەستەگوڵەکەوە ڕۆیشتە دووکانی بەقاڵێ.

بەڕێوەبەری دووکان کە شەوی ڕابردوو دیبووی، هەر بە دیتنی ئەرنێست هاتە پێش و سلاوی کرد و گوتی:

- هیوادارم دوێنێ شەو خۆشت ڕابواردبێ.

بەم شێوەیە دەیویست بزانێ کە داخوا ئەرنێست لە خواردەمەنی و خواردنەوەی دوێنێ شەوی ئەو ڕازییە یان نا؟

ئەرنێست کە تاقەتی قسەکردنی نەبوو دەستووریدا سێ بتڵی کۆنیاک لەو کۆنیاکانەی مارکی ئەستێرەیان پێوەیە بۆبێنێ؛ خاوەن دووکان خێرا سێ شووشەی کۆنیاک هێنا و لەبەردەم ئەرنێست لە سەرمێز دانا و گوتی:

هەڵبەت دوور لە پێگەی تۆیە ئەو شووشانە هەڵگری، تکا دەکەم ئادرێسی خۆت بفەرموو هەتا بە یەکێک لە کارگەرەکانی خۆماندا بۆت بنێرینەوە.

ئەرنێست گوتی:

- نا من خۆم ئەو بتڵانە دەبەمەوە.

دووکاندار بۆ ئەوەی نیشان بدا لە هەموو دەمێکدا گوێڕایەڵی ئەرنێستە سەری بەرداوە و گوتی:

- هەر چۆنێک ئێوە پێتانخۆشە.

ئەرنێست بە بتڵێکانی کۆنیاک و مۆمەکان و دەستەگوڵی سپێ چەند شەقامی تێپەڕ کرد و چوو بۆماڵی دوکتور ساموئێل.

لەبەردەمی ماڵ دوو کەس کێشکیان دەکێشا. ئەرنێست فەرمانی پێدان کە بگەڕێنەوە

بۆ سەربازخانە یان هەر شوێنێکی کە حەزدەکەن بچن. دوایە چۆ ژووری.

ئەرنێست دوایئەوەی هاتە ناومال، بە شێوەیەکی ناڕوون بیری کردەوە کە زۆر سەیرە، کاتێک کەلاکێک لە مال دابنێن و هیچ کەس لەومالەیدا نەبێ، بێدەنگێکی خۆفناک و قوول بە سەر ئەومالەدا زال دەبێ.

ئەرنێست قەمسەلەکەی لە سالۆن داکەند و کلاوەکەی لەسەری لابرد پاشان چۆ ئەودیوەی کە شەوی ڕابردوو نانی لێخواردبوو.

پاشماوەی خۆراکی شەوی ڕابردوو هەر لەسەر مێز بوو؛ ئەرنێست کەمێکی لێ خـــوارد، دوایـــی بـــۆ لای ژووری سامۆئـــێل چـــوو، چـــونکە کـــەلاکی خزمەتکارەجحـێلەکەی لـەوێ دانـابوو کـە دوێـنێشـەوێ کـاتی دەرپـەڕین لـە پەنجەرە مردبوو.

دوێشەو، کاتێک ئەرنێست گەیشتە بەردەم پەنجەرە و کورسی دیت وایزانی کچە قەرەواشەکە لەوێوە دەرباز بووە . دوایە سەری لەپەنجەرە بردەدەر هەتا بزانێ لە کوێوە هەلاتووە، لە ژێر پەنجەرە شتێکی ڕەش سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

ئەرنێست ڕۆیشتەخوارێ و کچە قەرەواشەکەی لە سەر بەفر هەلگرتەوە و هێنایە ژوورەکە و کاتێک دەیهێناوە سەرێ، بیری دەکردەوە کە ئەوکچە چەندە سووکە. لەبەر ڕووناکایی، دەموچاوی ئەو خزمەتکارە چارەڕەشەی دیت، زانی بەهۆی کەوتنە خوار لە پەنجەرە مردووە.

چاوەکان و زاری کچە چارەڕەشەکە ئاوالە بوون واوێدەچوو کاتی مەرگ ویستوویەتی هاوار بکا، بەلام زاری هەر بەو شێوە مابۆوە.

ئەرنێست کەلاکی خزمەتکارەکەی لە دیوی سامۆئێل دانا و دوایی بە پێیان چۆوە مالەکەی خۆی.

ئەورۆ بەیانی کاتێک هاتە دیوی سامۆئێل، دیتی هەروەک دوێنێشەو چاوەکان و زاری ئەو کچە ئاوالەیە و بۆئەوەی کەلاکەکە داپۆشێ سەری داداوە، دوایی بەزەینیدا هات بالنجەکەی میریام لە ژێرسەری دابنێ.

کاتێک بالنجەکی لە ژێر سەری کەلاک دەنا، چاوی بە قژە ئالۆزەکەی ئەو کچە کەوت. هەر ئەو دەمە چاوی بە کراسەکەی کەوت کە بەهۆی کەوتنە خوارێوە خوێناوی ببوو. لەو کاتەدا بیریکردەوە کە دەبێ ئەو کراسە بگۆڕێ و قژی

خزمەتکارەکە داهێنێ.

لەدیوی میریام قوتوویەکی ئارایشی لێبوو کە شانە و مەقەستی تێدابوو، ئەرنێست لەو شتانە بەهرەی وەرگرت و کراسی خزمەتکارەکەی بە مەقەست بڕی و کراسێکی ئەرخەوانی میریامی لەبەر کرد و قژی بەئاو داهێنا.

کاتێک قژی ئەو کچە چارەڕەشەی بە ئاو شانە دەکرد چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسک، بەڵام پێی سەیربوو کە بۆچی دەگری چونکە لە دڵی خۆیدا، بەرامبەر بەوکچە، هەستی بەدڵسۆزی نەدەکرد.

دوایئەوەی داهێنانی زوولفەکانی تەواو بوو، نەختێکی عەتر لە قوتووی ئارایش هەڵگرت و لەشی ئەوی بۆنخۆش کرد و چوارشەمی لە هەردوولای کەلاکی خزمەتکارەکە هەڵکرد و گوڵدانە دەستەگوڵی سپی لە سەرەوەی کەلاکەکە دانا و بۆ ئەوەی دۆخی شانۆکاری و هوونەری ئەو دیمەنەی تەواوکردبێ وێنەی ئەو ژنە جوانەی کە لەپێشدا هاوسەری سامۆئێل بوو لە قەراخ کەلاک دانا، هەتا خەندەی ئەو ژنە دەگەڵ چاو و زاری کراوەی ئەو کچە قەرەواشە دوو شتی دژبەیەک سازبکەن و بەسەلیقەی ئەو تەواوکەری یەکتر بن.

وەختێک ئەوئیشانەی تەواو کرد بۆلای دەرکەی ژوور چوو، ڕاوەستا کە بزانێ ئاخۆ ئەو دیمەنەی بەدی هاتووە شانۆکاری و هونەرییە یان نا؟

زاری کراوەی ئەوکچە کە بۆ هەمیشە دەنگی چارەڕەشی تێدا بێدەنگ ببوو و ئەو چاوەکراوانەی کە بێجووڵە، لە نهێنییەکانی دنیای دیکەیان دەڕوانی. بە تەواو مانا دیمەنی چارەڕەشی و مەرگیان وەبەرچاو دەهێنا، بەپێچەوانە پێکەنینی ئەو ژنە شەنگە، مزگێنیدەر و ڕۆحپەروەر و نیشانەی هیواداری و ژیان و ئەوین و خۆشەویستی بوو.

ئەرنێست لە شاکاری هوونەری خۆی ڕازی بوو، دوایە لە تەنیشت کەلاک دانیشت و شوشەیەک کۆنیاکی هەڵپچڕی و پەرداخێکی گەورەی پڕکرد و هەڵیقوڕاند.

ساتەکانی ڕۆژ تێپەڕ دەبوون، ئەرنێست لەو ژوورەدا دانیشتبوو و دەیخواردەوە و ساتبەسات سەرخۆشتر دەبوو.

هەر ئەوشەوە، نزیکەی کاتژمێر هەشتی دوا نیوەڕۆ، فرێدا خۆشەویست و

تایپیستی ئەرنێست توانی ئەو لە ماڵە دوکتور سامۆئێل بدۆزێتەوە.

ئەرنێست بە تەواوی سەرخۆش بوو و ئێستاش پەرداخێکی کۆنیاک لەدەستدا بوو، شەمە بڵێندەکانی دەوری کەلاک تووابوونەوە یەکیان نەبێ کە دووسانتیمیترێکی مابۆوە.

کاتێک فریدا هاتە ژوورەکە، دیتی رادیو هەڵکراوە و رادیۆ لەندەن لە بەرنامەی زمانی فەرەنسادا دەڵێ ئێستا بۆ لێخۆشبوویی نیشتمانپەروەران کە لە پێناو ڕزگاری و وڵاتدا گیانی خۆیان بەخت کرد، دەپاڕێینەوە.

***

کاتێک میریام لە ژوورەکە چووە دەرێ، ئیدی سامۆئێل وەهۆش هاتبۆوە و نەیدەتوانی بخەوێتەوە، لە ڕاستیدا دیسان بێهۆش بێتەوە. زەبری توندی قەمچیەکەی دوێنێ کە لە ئاخری لێپرسینەوەدا والتێر لە لەشیدا وای نارەحەت دەکرد کە وایدەزانی کە مشارێکیان لە درێژایی شوێنی قەمچیەکە داناوە.

هەتا ئەو کاتە سامۆئێل پێی وابوو دەتوانێ لە بەرامبەر هەموو ئەشکەنجەیەکدا خۆڕاگرێ و دەنگی لێ‌دەرنەیە، بەلام ئەو زەربە سامناکە، ئەویش بە دوای جەزرەبەی ئەو چەند ڕۆژەدا جۆرێکی وەئامان هێنابوو کە دەیزانی کە ئەگەر ڕۆژ بێتەوە و دیسان بۆ لێپرسینەوەی بەرن و زەربەیەکی دیکەی لەم چەشنەی لە لەشی بدەن ئیدی ناتوانێ زمانی خۆی ڕاگرێ و ناچارە ئەوەی لەدڵی دایە بیڵێ. و ئەو هەمۆ خۆپارێزی و خۆڕاگرییە لەبەرامبەر جەزرەبەکاندا، بێ‌سوود دەبێ.

پێشتر سامۆئێل لەو ساتەی دەترسا کە ئەرنێست گازە ژیکەڵەکەی لە گەنجە دەردەهێنا و دەیویست نینۆکی لە گوشتی جۆدابکاتەوە، بەلام لەوشەوەدا لە کاتێک دەترسا کە والتێر قامچی ڕەشەکەی کە لە کلکی مانگا ساز کرابوو بەدەست دەگرێ و بەتەمایە بە هێزی خۆی لێی ڕاکێشێ و دڵنیابوو کە لەودەمیدا ئەستەمە کە بتوانێ زمانی خۆی بپارێزێ و ناچار دەبێ تەواوی ڕازی نیشتمانپەروەران ئاشکرا بکا.

بیری ئەوەی ئەوهەمو سەبر و خۆڕاگرییە بێ‌کەڵک بووە بەچەشنێک پەشێو و

بێهیوای کرد کە بەسەر عەردی تەڕ و شێداری بەندەکەدا خۆی تلاندەوە و بەهۆی ئەو خۆتلاندنەوە ژانی ماسوولەکانی لەشی بەسۆتر بوو و نەیتوانی لە هاوار و ناڵە خۆبپارێزێ و ناڵەناڵەکەی لە دالانی زینداندا دەنگی داوە.

کاتێک دوایین نیشانەکانی هاوار و ناڵەی سامۆئێل لە زیندان کپبوو لە دەرەوە دەنگی ناقووسەکان هات و زانی ئەوناقووسە دەنگی کلیسای تەنیشتە و بەزوویی ڕۆژ دەبێتەوە و هێنریخ دێتە ناو زیندان و دوایە لە ئۆتۆمبێلی دەهاوێن و دەیبەن بۆ ئیدارەی گێشتاپۆ، والتێر بە تەکانێک کراسەکەی کە بە برینەکانیوە نووساوە لەبەر دادەکەنێ.

لە ئەوپەڕی بێهیوایی و خەفەتدا بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- خودایە هەرجۆرێک کە خواست و ویستی تۆیە دەبێ هەروابێ و من ڕازیم بە ڕەزای تۆ.

دوایە لەشی سستبوو و وەک شەوانی دیکە بەژنی ژاکلین هاوسەرە بێمرادەکەی هاتە بەرچاو.

سەعاتێک لەمەوبەر، کاتێک میریام هاتە ناوبەند و سەری بەرزکرد و بە سینگی خۆیەوە نووساند، سامۆئێل پێیوابوو ئێستا کاتی مەرگیەتی، هەربۆیە ڕۆحی ژاکلین لە سەری ئامادە بووە هەتا دەگەڵ خۆی بۆ دنیای دیکەی بەرێ.

سامۆئێل پێش ئەوەی کچەکەی بناسێتەوە لەفکری ڕۆژانی پێشوودابوو و ئەو دەورەی وەبیردەهاتەوە کە ژاکلین بۆ بوونی میریام لە زایینگە ڕاکشابوو و نەشتەرگەر لە دیوی نەشتەرگەری هاتەدەر و بە سامۆئێلی گوت کە هاوسەرەکەی مرد، بەلام منداڵەکەی ساخ و سلامەتە.

سامۆئێل دەنگی منالەکەی لەو دیوە گوێلێدەبوو، بەلام پێیخۆش نەبوو بیبینێ چونکە ئەو منداڵەی بەهۆکاری مردنی هاوسەری خۆی دەزانی.

ئەوشەوەی ژاکلین مرد، سامۆئێل هەتا بەیانی وەک شێتان لە شەقامەکانی پاریس خولاوە و نزیک بەیانی لە وێستگەیەکی هێلیئاسن لە سەر نیمکەتێک کە بۆ گەشتیاران داندرابوو خەوت.

ژاکلین هەر ئەوکچە بوو کە سامۆئێل چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک کە وەهۆش هاتەوە، دیتی ئەوکچە جوانە لەسەر تەختیخەوی ئەو داهاتبۆوە هەتا

خواردنەوەیەکی بەهێزی بداتێ. ژاکلین هەر ئەو کچە بوو کە چەندمانگ دواتر ڕۆژێک وەڵامی خۆشەویستی وی داوە و دوایە هەڵات و لەپشت گوڵێکی هێرۆ خۆی حەشاردا. ژاکلین هەر ئەوکیژە بوو کە بە سامۆئێلی دەگوت:

- کاتێک منداڵەکەم بەدونیاهات، ئەگەر کوڕ بوو ناوی دەنێین داود و ئەگەر کچ بوو میریام.

ژاکلین کچێک بوو کە وەختێک بۆ لای دیوی نەشتەرگەریان دەبرد بۆ دوایین جار دەستی سامۆئێلی گرت و بەو چاوانی کە لەبەر زۆری ئێش و ژان چکۆلە ببوونەوە گوتی:

- سامۆئێل ئەگەر مردم گەردنم ئازادبکە.

سامۆئێل لەوبارەوە دڵخۆش بوو کە ئەگەرچی ژاکلینی لەدەستچووە، بەڵام لانیکەم لە دەربرینی پەژارە و گریانی ڕواڵەتی دۆست و ئاشناکان ڕزگار بووە و لە پاریس هیچ کەس نییە بێتە لایئەو و جەندەکی هاوسەرەکەی.

سامۆئێل بە تاقیتەنیا لەدوای عارەبەیەی هەڵگری جەندەکی خێزانی وەڕێکەوت و لە گۆڕستان ناشتی.

دوای گەڕانەوە لە گۆرستان ئیدی نەچۆوە بۆ زاییگە چونکە بیری دەکردەوە هێزی ڕۆیشتنی بۆ زاییگە و دیتنی شوێنێک نییە کە ژاکلینی خۆشەویستی لەوێ مردووە.

ئەوەبوو نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەری زاییگە نووسی و داوای لێکرد کچەکەی نێو بنێن (میریام) و منداڵەکە ڕادەستی یەکێک لە داینگەکانی بەناوبانگ و جێمتمانە بکەن کە خاوەنی تەواوی ئامراز و کەرەسەی ڕاهێنان و ڕاگرتنی منداڵانە، هەروەها زڕباب و زڕدایکێکی بۆ بدۆزنەوە کە ئاگاداری بن نەکا لە ڕاهێنان و بارهێنانیدا کۆتایی بکرێ.

کاتێک میریام بوو بە هەشتساڵان، دوکتۆرسامۆئێل بەپێی ڕاسپێری زڕباب و زڕدایک ڕازی بوو کچە چکۆلەکەی بچێتە پەرستنگایەک و لەوێ لەژێر چاوەدێری خوشکانی تەرکەدنیا و فێرکارانی ڕێکخراوەکە ڕاهێنان و بارهێنانی پێویست فێربێ. لەمەوبەدوا پەیتا - پەیتا هەر سێ مانگ جارێک دوکتور سامۆئێل خەرجی کچە چکۆلەکەی بە چەکێک بۆ بەڕێوەبەری

ڕێکخراوەکە دەنارد.
لەم ماوەیەدا، دوکتورسامۆئیل لەو شارۆچکەیە کە باسمان کرد مەتەبی کردەوە و خەریکی پزیشکی بوو و زۆرتر نەداران و هەژارانی تیماردەکرد، و هەرکاتێک کە سەری نەخۆشێکی هەژاری دەدا نە تەنیا هەقی دەرمانی لێوەرنەدەگرت بەڵکو لەگیرفانی پارەیەکیشی بۆ پارەی دەرمان و خۆراک دەدایە.
بێجگە لە پزیشکی و خوێندنەوەی کتێبی پەیوەندیدار بە پزیشکی و نەشتەرگەری، دوکتورسامۆئێل کەرەسەیەکی خۆخافڵاندنی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە وەختی بێکاری خۆی بە بێتەل تێپەڕدەکرد و بە دەزگایەکی چکۆلەی کە خۆی سازی کردبوو دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر قسەی دەکرد و دەگەڵ کەسانێک کە وەک خۆی ئاماتۆر بوون و بۆ کاتڕابواردن خەریکی بێتەل دەبون قسەی دەکرد.
میریام کچی دوکتورسامۆئێل هەر حەوتەی نامەیەکی بۆ بابی دەنووسی، بەڵام دوکتور وەڵامی نەدەداوە، وەختێک کە میریام هێندێک گەورەتر بوو دوکتورسامۆئێل کاتێک خەرجی سێ مانگەی وی بە چەک بەرێکرد، لەبەر گیرفانپووڵی، بڕێک زیاتری نووسی.
میریام دەسبەجێ نامەیەکی بۆ دوکتور سامۆئێل نووسی و لەوەی کە هەندێ پارەی بابەتی گیرفانپووڵی بۆ ناردووە سپاسی کرد، بە شێوازی نووسینی نامەکە دیاربوو کچەکە بەپێی وتەی مامۆستاکانی خۆی و سەرپەرستانی قوتابخانە ئەو نامەیەی ناردووە.
دوانیوەڕۆیەکی مانگی ژوئێنی١٩٣٦زایینی، لە دەرکەی ماڵە دوکتور سامۆئێل‌یان‌دا . خزمەتکار ڕۆیشت و دەرکەی کردەوە. کە گەڕاوە گوتی:
- دوو کەس لە خوشکانی دوورەپەرێز لە دیوی چاوەنوارین و دەیانهەوێ چاویان پێتبکەوێ.
دوکتورسامۆئێل وەریگرتن و خوشکانی تەرکەدنیا کە لە سەرپەرستانی قوتابخانە بوون گوتیان بەداخەوە نەخۆشی ئانفلۆانزای ئیسپانیۆلی لە قوتابخانەدا بڵاو بۆتەوە و ئەوان بەپەلە ناچاربوون تەواوی کچەکانی

شەوانەڕۆژی بۆلای بنەماڵەکانیان بگەڕێننەوە نەوەک دووچاری بن و بە ئەوپەڕی داوای لێبووردنەوە میریامیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە کە ڕادەستی بابی بکەنەوە.

خوشکانی دوورەپەرێز ئەوەیان گوت و میریامیان لە ژوور بەجێهێشت و ڕۆیشتن. دوکتورساموئێل کە ئەو حاڵەی دیت دوودڵبوو و بیریکردەوە کە خوشکانی تەرکەدنیا بە قەستی ئەو بەهانەیان داتاشی هەتا کچەکەی ڕادەست بکەنەوە واتا بەم شێوەیە کچەکەی بە بابی بگەیێننەوە. کاتێک خوشکانی دوورەپەرێز ڕۆیشتن، دوکتور ساموئێل کە هەتا ئەوکات کچەکەی خۆی نەدیتبوو، بۆیەکەم جار چاوێکی لە میریام کرد کە لە ناوڕاستی سالۆن ڕاوەستابوو، لەناکاو ڕاچڵەکی.

ئەو کچە بەجۆرێکی سەرسووڕهێنەر وەک دایکی دەچوو، بەتایبەت جۆری ڕوانین و شێوەی لێوەکانی و دەموچاوی خڕی و مژۆڵی درێژ و هەلگەڕاو و جۆرێک دۆخی هەژارانەی تێکەل بە شۆخی و گاڵتە کە لە دایکیدا هەبوو بە تەواوی لەو کچەدا خڕببونەوە.

میریام، ئێستاش چەمەدانە چکۆلەکەی کە کەلوپەلی تایبەتی تێدابوو بەدەستەوەبوو و بە کەمێک ترس و نیگەرانی چاوی لە ئەوپیاوە نەناسە دەکرد کە دەیانگوت باوکیەتی.

لەوکاتەدا میریام دوانزە ساڵانە بوو و کاتێک کە باوک چاوی بە کچەکەی کەوت لەبەر خەم و پەژیوانی ئەژنۆی لاوازبوو و کەوتە سەر قەنەفەیەک کە بۆچی ماوەی دوازدە ساڵ منداڵەکەی لە خۆی جودا کردۆتەوە.

دوایە بەهێمنی کچەکەی بانگ کرد، میریام کە هێشتا یونیفۆرمی شینی قوتابخانەی شەوانەڕۆژی پەرستنگای دەبەردابوو و کڵاوێکی شین و لێوداری لەسەر نابوو، هاتەپێش.

دوکتور ساموئێل بەهێوری چەمەدانەکەی لە دەستی ستاند و لە سەرعەرزی دانا، دوایە دەستی گرت و دیتی دەستی ویش وەک دەستی دایکیەتی و قامکی درێژ و ناسک و شلکی هەیە.

ساموئێل ڕۆژێکی وەبیرهاتەوە کە نزیک بە دەساڵی لە تەمەنی تێپەڕببوو و بۆ

یەکەمین جار بابی خۆی دەدیت. هەتا ئەودەم سامۆئێل لە قوتابخانەیەکی شەوانەڕۆژی دەرسی دەخوێند و نەیدەزانی قەلافەتی بابی چۆنە؟ کاتێک بۆ یەکەمین جار بابی دیت، تێگەیی کە پیاوێکی بەخۆوەیە و یەکێک لە قۆڵەکانی بە جلەکەیەوە چەسپاوە و دیاربوو دەستێکی نییە.

ئەورۆژە دوای ئەوی بابی سامۆئێل ماوەیەک کورەکەی بەچاو هەڵسەنگاند لەناکاو لەباوەشی گرت و گریا. چونکە زانی زوڵمی لە خۆی و کوڕەکەی کردووە لەبەرئەوەی لەوماوە دووروودرێژە ئەوی لەخۆی جیاکردۆتەوە.

ئەورۆژەش، دوای ئەوەی سامۆئێل دووسێ خولەک لە کچەکەی ڕوانی وەگریان کەوت و بۆ نەزانی خۆی بەداخ بوو کە بۆچی دەبێ لەو دوانزە ساڵەدا منداڵەکەی لەخۆی جودا کردبێتەوە.

میریام کە گریانی بابی دیت نزیکبۆوە و دەستی لە دەستینا، لەو دەست وێککەوتنە دڵی سامۆئێل ڕاچڵەکی، دوایە لەجێهەستا و میریامی هێنا بەرامبەر تابلۆیەک کە وێنەی ژاکلینی نیشان دەدا، گوتی:

- دەتزانی دایکت چەندە وەک تۆ دەچوو؟

لە ڕۆژەوە سامۆئێل ژیانێکی تازەی دەستپێکرد و بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوان و نەزانی ڕابردوو بڕیاریدا ئیدی کچەکەی لەخۆی جودا نەکاتەوە.

سامۆئێل باشترین ماموستای ئەو شارەی بۆ فێرکاری و ڕاهێنانی میریام هەڵبژارد و فێرکارێکی دامەزراند هەتا وەک دایکێک ئاگاداری پەروەردەکردنی کچەکەی بێ. ئەو سەرپەرستە خانمێکی بەڕێز و سی و پێنج ساڵە بوو کە مێردەکەی تازە مردبوو و زۆر ڕەزامەند بوو کە ئەم ئیشە بکات.

میریام لەماڵی بابی ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر و جوانتر دەبوو و بێئەوەی بچێتە مەدرەسە و خوێندنی فەرمی درێژە پێبدا، لە تەواوی ئەو زانست و لێزانییەی کە کچەکانی هاوتەمەنی لە فێرگە وەدەستیان دەهێنا بەشدار بوو.

دوایە شەڕی دووهەمی جیهانی ڕوویدا و سامۆئێل کە ئەفسەری پاشەکەوت بوو بە پلەی مولازمی(سیتوانی) و ئەرکی بژیشکی و نەشتەرگەری چوو بۆ بەرەی شەڕ و کاتێک دەیویست خواحافیزی لە کچەکەی بکا و بچێ بۆ بەرەی شەڕ، وەک ئەودەمەی کە دیتبووی گریا.

سالی ١٩٤٠ی زایینی ئەرتەشی فەرەنسا شکستی خوارد و لەمانگی نوامبەری ئەو ساڵەدا، دوکتور سامۆئێل کە ژمارەیەکی زۆری بریندار چارەسەر کردبوو لە خزمەتی نیزامی مەرەخەس کرا.

رۆژێک کە بۆ دوایین جار لە نەخۆشخانەی نیزامی هاتەدەر کە بچێتەوە ماڵی خۆی، یەکێ لە ئەفسەران کە پلەی سەرگوردی هەبوو و لە هێزی پیادەدا خزمەتی دەکرد و بەهۆی دیتنی لەپەستای یەکتر لەگەڵی ببوو بە هاورێ، کێشایە قەراخێ و گوتی:

- ئێستا ئێمە جلی"نیزامی"مان داکەند و چووینە ناو ژیانی رۆژانە و ئاسایی، بەڵام ئێستا شەڕ تەواو نەبووە و هۆی درێژە پێدانی شەڕ ئەوەیە ئەڵمانییەکان هەڵەیەکی گەورەیان کرد.

هەڵەی هیتلێر و سەرکردەکانی ئەرتەشی ئەڵمان ئەوەبوو کە لەجیاتی ئەوەی لەشکەری ناردراوی ئینگلیستان لە (دۆنکرک) لەناو بەرن و نەهێلن ئەو لەشکەرە بۆ ئینگلیستان بگەرێتەوە، تەواوی هێزی خۆیان بۆ لەناوبردنی ئەرتەشی فەرەنسا بە کار هێنا و لە ئاکامدا لەشکەرێکی دووسەد هەزار کەسی بۆ دەوڵەتی ئینگلیستان ماوە.

تەنانەت دوای ئەو هەڵە گەورەیە دیسان ئەڵمانییەکان دەیانتوانی بەرواڵەت کارییەکی لێهاتوویانە فەرەنسییەکان فریو بدەن و بە یارمەتی فەرەنسا ئینگلیستان لەناو بەرن.

بەم شێوەیە دوای شکستی فەرەنسا بە فەرەنسییەکانیان دەگوت، ئەگەرچی ئێمە، ئێوەمان شکستدا و ئەرتەشی ئێوەمان لە ناو برد، بەڵام ئەورۆ ئیدی قینمان لە ئێوەنییە، نە بژارەی شەڕ و نە بەرژەوەندی خاک و زەویمان دەوێ. و بۆئەوەی کە خاترجەم بن کە ئێمە لە وتەکانی خۆماندا راستین، تەنانەت لەشکری خۆمان لە فەرەنسا دەبەینە دەرێ و تەنیا داخوازییەکمان لە ئێوە هەیە ئەویش ئەوەیە قەبوولی بکەن کە لە لەنگەرگەکان و فرۆکەخانەکانی ئێوە دژی ئینگلیستان کەڵک وەرگرین، ئەوکات دەتاندیت بەشێکی گرینگی هێزی دەریایی فەرەنسا شانبەشانی ئەڵمان دژی ئینگلیستان دهاتە ناو شەڕ و زۆربەی ئەفسەرانی فەرەنسی ئامادە دەبوون لە ئەرتەشی ئەڵماندا کار بکەن و

هیتلیر بەخێرایی ئینگلیستانی لەناو دەبرد، ئەوکات دەرفەتی باشی هەبوو هەتا بە سەبر و خۆراگری بە هەر شێوەیەک کە پێیخۆشە تۆڵەی خۆی لە فەرەنسییەکان بستێنێتەوە، بەڵام ئێستا کات تێپەڕیوە و دەوڵەتی ئەڵمان نەدەتوانێ فەرەنسییەکان فریو بدات و نە لەشکەری بۆ ئینگلیستان بکێشێ. جیالەوەش ئەرتەشی ئەڵمان تووشی گرفتێکی گەورە بووە، ئەویش ئەوەیە کە تاڵی بێ و ترشی بێ ناچارە سبەی یان دوسبەی لە دوو بەرەی شەڕی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا شەڕ بکا و ئەوەش هەموو کات بە زیانی ئەرتەشی ئەڵمان تەواو دەبێ و لە ئاخریدا لەو شەڕەدا تێکدەشکێ. هەڵبەت ئەڵمانییەکان چونکە بەهێزن بەمزووانە نابەزن و ماوەیەک پێویستە هەتا شکست بخۆن. دەوماوەیەدا ئەرکی ئێمە ئەوەیە شکستی وان خێراتر بکەین.

هێندێک کەس هەن کە لە فەرەنسییەکانی ئەوڕۆ بێهیوابوون و دەڵێن ئەو بەرەیە گەندەڵ بووە و کارێکیان لە دەست نایە، لەکاتێکدا ئەگەر گەندڵ بووبا پیاوێکی وەک (دووگۆل) لە ناخی نەدەهاتەدەرێ، هەروەک ئەوڕۆ تەواوی ئەفسەرانی فەرەنسا دەگەڵ (دووگۆل) دوژمنن (چونکە ناتوانن تاقەت بێنن کەسێک پێیانبڵێ ئێوە لە کاروباری شەڕ و ئاکامەکانی سەرەندەر ناکەن) .

بەکورتی ئەو بەرەیە بەوشێوەی کە دەڵێن گەندەڵ نییە و لەوانەیە بۆ ڕزگاری فەرەنسا خەبات بکا. ئێمەش دەستەیەکین کە بڵێنمانداوە لەرادەی توانایی خۆمان بۆ ڕزگاری فەرەنسا شۆڕش بکەین واتا هەتا ئەوجێیەی دەتوانین و لەدەستمان دێت کارێک بکەین هەتا ئەڵمان زووتر شکست بخوا. من ماوەیەک ئاگاداری کارو باری تۆ بووم و بۆم دەرکەوتووە تۆ کەسێکی کە دەتوانی کارمان دەگەڵ بکەی و بە تایبەت شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ، شارێکە کە یەکێ لە لەنگەرگەکانی گرینگی فەرەنسایە و ئەڵمانییەکان هیوادارن زۆر لەو لەنگەرگەیە دژی ئینگلیستان کەڵکوەرگرن.

ئیشی پزیشکی تۆش دەبێتە هۆی ئەوە بتوانی دەگەڵ کەسانێکی زۆر دیدار بکەی و زۆر شوێن بچی بێ ئەوەی ئەڵمانییەکان لێت بەدگومان بن. هەرچونێکبێت، بە هۆی گرینگی ستراتیجی و شەڕی کە شاری ئێوە هەیەتی، ئەتۆ دەتوانی خزمەتی گرینگ بۆ ئێمە بکەی. دەی ئێستا ئامادەی کارمان لەگەڵ بکەی؟

سامۆئێل گوتی:
- بەڵێ، بەڵام چاک نازانم کە دەتوانم چ کارێک بکەم.
ئەفسەری ناوبراو لەتە کاغەزێکی لە گیرفان دەرهێنا و گوتی:
- ئەم ئادرێسە بخوێنەوە و لە بەری بکە و دوایە کاغەزەکە بسووتێنە، چونکە ئەگەر ئەو ئادرێسە وەدەستی سیخوڕانی دوژمن بکەوێ ئەوکەسە لەناودەچێ. تۆ کاتی گەڕانەوە بۆ شاری خۆت دەبێ بچی بۆ پاریس و لە پاریس دیدار دەگەڵ ئەو کەسە بکەی. ئەو دەتباتە لای سەرۆکی گەورە. سەرۆکی گەورەش یەکێ لە ئەفسەرانی پێشووی ئەرتەشە. ئەو پێتدەڵێ دەبێ چ بکەی، بەڵام بە گشتی کاری تۆ ئەوەیە وێڕای ئەوانی دیکە، پەیوەندی هەمیشەیی ئێمە دەگەڵ لەندەن ئامادە بکەی. بۆ خۆشم هەر ئەو دوو ڕۆژە دەچمە لەندەن وچەند ڕۆژێک لەوێدەبم، دوایە دەگەڕێمەوە.
دوکتور سامۆئێل بە سەرسووڕماوی پرسی:
- لەم هەڵلاوبگرەی شەڕدا کە تەواوی ڕێگاکان گیراون، چۆن دەتوانی بچیە لەندەن؟
ئەفسەری ناوبراو وەڵامی داوە:
- ئیزن بدە لەو بارەیەوە هیچ نەڵێم، نەک لەبەر ئەوەی متمانەم پێتنەبێ، بەڵکو لەو ئەرکەی کە وەئەستۆمان گرتووە هەرچەندی زانیاری ئینسان لە بارەی هاوڕێیانییەوە کەمتر بێ باشترە.
سامۆئێل چوو بۆ پاریس و چاوی بەو کەسەی کە دەبوو ببینێ، کەوت و کاتێک بۆ شاری خۆی گەڕاوە سرویسی زانیاری بە قازانجی نیشتیمانپەروەران پێکهێنا، بەڵام ئیدی هیچ باس‌وخواسێک لە سەرگوورد نەبوو. دوای چەند مانگ سامۆئێل زانی کە ئەڵمانییەکان ئەو نەقیبەیان قۆڵبەست و تیرباران کردووە.
سامۆئێل زۆری حەول دەدا کە (میریام) کچەکەی ئاگای لە کارە نهێنییەکانی نەبێ و بەتەواوی هێزەوە حەولیدەدا میریام نەزانێ کە ئەو چ زانیارێک بە نیشتمانپەروەران دەگەیێنێ و بە چ‌شتێک پێیان دەگەیێنێ.
میریامیش زۆرتر لە جاران گەورە دەبوو و هەتا دەهات جوانتر دەبوو و دوکتور سامۆئێل هەستی دەکرد کچەکەی لە داهاتوودا بەختەوەر دەبێت.

***

شەو تەواو ببوو و ڕۆژ هەڵاتبوو، سامۆئێل بەو بێهێزی و داماوییەش بە شێوەیەکی ناڕوون هەستی دەکرد ئەوڕۆ هێنریخ درەنگ هاتووە و ڕۆژەکانی پێشوو بۆ کردنەوەی دەرکی ژوور لەوە زووتر دەهات.

لە دوورەوە دەنگی لیدانی زیندانییەکانی دیکە لە دەرکی ژوورەکانیان بە گوێ دەگەیشت. سامۆئێل نەیدەزانی بۆچی زیندانییەکان بە پێلاقە لە دەرکی بەندەکان دەدەن. ئەو زەربە توندانە دەبوو هۆی نارەحەتی سامۆئێل، چونکە ئەوەندە بێهێز ببوو کە پێیوابوو لە مردن نزیکە و ژاننەکردنی ئەندامەکانی لەشی، بە نیشانەی نزیکبوونی مردنی دەزانی. دەیویست لەو ساتەدا کە پێیوابوو دەمرێ، بەتەواوی ئاسوودەبێ، بەڵام دەنگەکانی دەوروبەر نارەحەتی کردبوو.

سامۆئێل لەوکاتەدا وەک خنکاوێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ شەپۆلەکانی ئاودا بەربەرەکانی دەکا و دوایە خۆی ڕادەستی مەرگ دەکا، دەستی لە تێکۆشان بۆ پاراستنی ژیان هەڵگرتبوو و خۆی بەدەستی مەرگ سپاردبوو.

هەموو دەزانن قەڵافەتی ئەوانەی لە ئاودا خنکاون چەندە رێکوپێک و ئارامە. قەڵافەتی سامۆئێلیش لەوەدەمیدا (ئەگەر شایەت و بینەرێک هەبایە) بەتەواوی رێکوپێک و ئارام بوو و دەتگوت دوکتور سامۆئێل چۆتە دونیایەکی دیکەوە، شوێنێک جگە لە دونیای مرۆڤ.

مانگێک پێش ئەو ڕێکەوتە، کە هێشتا ئەو کارەساتە بۆ سامۆئێل ڕوووینەدابوو، میریام ببووە هەژدە ساڵ و دوکتور سامۆئێل بەبۆنەی سەرەتای هەژدەهەمین ساڵی تەمەنی میریام، جێژنێکی بچووکی لەماڵێ بەڕێوە بردبوو.

لە ڕۆژی جێژندا، دوکتور سامۆئێل میریامی لەگەڵ سەرپەرستی پێشووی (میریام ئیدی گەورە ببوو و پێویستی بە سەرپەرست نەبوو) بۆ شانۆ برد چونکە سەرەڕای شەڕ، جارجارە لەو شارەچکۆلە شانۆیان نیشان دەدا، بەڵام شانۆکان بەر لە کاتژمێر هەشتی دوانیوەڕۆ کە کاتی بێدەنگی و یاساخی هاتوچۆ بوو تەواو دەبوو.

دوای تەواوبوونی شانۆ، دوکتور سامۆئێل و کچەکی و سەرپەرستی پێشووی، هاتنەوە ماڵێ و خزمەتکارەکەیان کەیکی گەورەی لە سەر مێز دانا کە بە بۆنەی

سەرەتای هەژدەهەمینساڵی تەمەنی میریام هەژدە شەمی لە سەر هەڵکرد و ڕۆیشتە چێشخانە هەتا شێو بێنێ.

شێو ئامادەبوو، بەڵام میریام کە بۆ گۆڕینی جلەکانی ڕۆیشتبووە ژوورەکەی خۆی، نەگەڕاوە. سامۆئێل بۆلای ژووری کچەکەی چوو و دوو جاری لە دەرکەدا کە پێیبڵێ شێو ئامادەیە، بەڵام وەڵامێکی نەبیست دوایە دەرکەی ژوورەکەی کردەوە و دیتی میریام لەژوورەکە نییە، بەڵام جلەکانی لە سەر تەختی خەوەکەن. لەبەرئەوەی دەرکەی دیوی تەنیشت، کە دیوی حەمام بوو کرابۆوە سامۆئێل وایزانی کچەکەی لەوێ حەمام دەکا و لەوکاتەدا وێنەی بەژنی (میریام) کەوتە سەر ئاوێنەی باڵانوێن کە لەژووری ئەو بوو، بە دیتنی بەژن و باڵای جوان و ڕێکوپێکی کە دەتگوت نوسخە و بەرگی دووهەمی بەژنی هاوسەرەکەی ژاکلینە، ئەژنۆکانی دوکتور سامۆئێل شلبوون و ئارەقەیەکی سارد بە پشتی داهاتە خوار و ئیدی نەیتوانی لە ژوورەکە بچێتە دەرێ و کەوتە سەر کورسیەکە.

پاشتاوێک میریام کە جلی لەبەر کردبوو هاتە دیوی خۆی، چاوی بە بابی کەوت و لە دیتنی ڕەنگی بزرکاو و بێهێزی باوکی ترسا و گوتی:

- بابە بۆوات لێهاتووە؟

سامۆئێل بە زەحمەت لەجێ هەستاو گوتی:

- هیچ نییە. کەمێک بێهێز بووم.

میریام گوتی:

- بابە بۆچی ڕەنگت بزرکاوە؟ کاتێک تۆم دیت زۆر ترسام.

سامۆئێل دیسان کچەکەی دڵنیا کردەوە کە شتێک نییە . دوایە لە پشت مێزی چێشتخواردن دانیشتن و خەریکی خواردنی شێو بوون، بەڵام لەکاتی نانخواردندا سامۆئێل وشیار بوو کە چاوی بەچاوی میریام نەکەوێ.

دیوی خەوی میریام لە شوێنێک بوو کە بەهۆی دەرکەیەک ڕێگای بو دیوی خەوی دوکتور سامۆئێل هەبوو. و هەموو شەوێ کاتێک کە دوکتور سامۆئێل لە ژووری کارەکەیڕا دەچۆوە دیوی خەوی خۆی، خۆشحاڵ دەبوو کە میریام لە سەرتەخت لە کاتی خەوتندا ببینێ، بەڵام ڕۆژی دوایە کە میریام لە ماڵی ڕۆیشتبۆدەرێ، سامۆئێل ئەو دەرکەی داخست و کلیلی لە کونی قوڵفدا هەڵسووڕاند و کاتی

چونەدەر لەماڵێ، کلیلەکەی فڕێدا کە ئیدی ئەو دەرکەی کە لە نێوان ژووری خەوی ئەو و کچەکەی دایە ئاوەڵا نەبێ.

ئەوی دوایە میریام لە داخرانی ئەو دەرکە سەرسووڕما و داوای لە بابی کرد هۆیەکەی پێ بڵێ. سامۆئیل ویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاسان و بەڵکو منداڵانە میریام ڕازی بکا، گوتی:

من ئەورۆ بێ خواست و دەسەڵاتی خۆم ئەودەرکەم داخست و بە هەڵە کلیلەکەم لەگیرفانی ناو کاتێک کە دەچوومە سەردانی یەکێک لە نەخۆشەکان، نازانم چۆنبوو کلیلەکەم لێ ونبوو.

دوایە بۆ ئەوەی کچەکەی لە سەرسووڕماوی بێنێتەدەرێ گوتی:

- سبەی قفڵ سازێک دێنم کلیلێکی دیکەی بۆ سازدەکەم .

بەڵام میریام دیسان بە سەرسووڕماوی دەیڕوانێ بابی. سامۆئێل گوتی:

- کچە ژیکەڵانەکەم، ماشەڵڵا گەورە بووی و ئیدی منداڵنی کە لە تاریکایی بترسێی.

میریام گوتی:

- ڕاستەکە لە تاریکی ناترسم، بەڵام دەمویست هەرکات چاوم هەڵێنا لەو دیوەڕا تۆ ببینم.

بەڵام ئەو بابەتە گرینگتر لەوەی بوو کە میریام دوای شرۆڤەی بابی گومانیدەکرد، چونکە دوکتورسامۆئێل ماوەیەک بوو کە بەهۆی وێکچوونی سەرسووڕهێنەری میریام و ژاکلینی دایکی هەموو کاتێک لە بیری وی و بەختەوەری ئەو دابوو و نیگەرانی داهاتووی کچەکەی بوو و بە تەواوی ورە و هێزێک کە کاتی لێپرسینەوە لەخۆی نیشانیدەدا نەیدەتوانیلە داهاتووی کچەکەی نیگەران نەبێ.

ئەو کچە زۆر وەکدایکی دەچوو و لە هەر بارێکەوە ببوو بە هۆی نیگەرانی ئەو و بیروهۆشی شێواندبوو.

لە خەیاڵی ئەوەی کە لەشی جوانی کچەکەی لەژێر ئەشکەنجەدا چی لێدێ لەتووڕەییان پیشی دەخواردەوە و بەجیددی دەیویست میریام لەچالاکیەکانی خۆی دوور ڕاگرێ. بڵێی بەرامبەر کچەکەی زۆری هەستیاری نیشان دەدا ؟ ڕازی

بوو کە بە مێردی بدا؟ جاری وابوو ئێرەیی بە شووی داهاتوی کچەکەی دەبرد.
کاتێک دوکتور سامۆئێل بە پلەی سوتوان دووهەمی لە شەڕدا خزمەتی دەکرد ڕۆژێک کاتی خواردنی فراوێن لە یەکێک لە ئەفسەرەکانی بیست کە هەر ئەوڕۆژە پێش نیوەڕۆ لە دادگەیەکی نیزامیدا پلەی پارێزەری هەبووە و بەرەڤانی لە تاوانبارێک کردووە کە دەسدرێژی کردبووە سەر ژنێکی مەحرەمی خۆی.
لەوکاتەدا ئەو ئەفسەرانەی لەوێ بوون هەرکامیان بە شێوەیەک ڕای خۆیان لەسەر ئەو بابەتە دەردەبری هەتا لەئاخریدا سەرهەنگێک کە لەو دیوەدا لە تەواوی ئەفسەرەکان پلەی بەرزتر بوو وەقسەهات و گوتی:
- ئاغایان، من چوار کچی عازەبم هەیە کە بەختەوەرانە هەر چوارم بەمێردداون و ئەوڕۆ لەگەڵ مێردەکانی خۆیان کە زاوای منن دەژین. بەبێ خەجاڵەتی پێتان دەڵێم هەرکات یەکێ لە کچەکانی من گەورە دەبوون و بەتەمەنی بلووغ دەگەیشتن بێئیرادە و بێدەسەلات ئێرەییم بە دەزگیرانەکەی دەبرد. پێموایە هەموو باوکێک وەک من لە شەوی زەماوەند کەمێک هەست بە بەخیلی دەکات کە بۆچی دەبێ پیاوێکی لاو بێت و کچە لاوەکەی دەگەڵ‌خۆی ببات، بەلام هەرچەندە هەستی من لە هەمبەر کچە جحێلەکانم، بەپێچەوانەی ئیرادەی من بە جۆرێکی دیکەبوو، کەچی هیچ ڕووداوێکی خراپ ڕووی‌نەدا. ئێوە لاوەکان کە ئەوڕۆ کچتان هەیە یان لە داهاتوودا دەبنە خاوەن‌کچ، دەبێ بزانن دوور نییە هەستێکی ئاوا لە ئێوەش‌دا سەرهەڵبدا.
بەلام دەبێ بێبەزەییانە هەستی خۆتان بە نێوی داوێن‌پاکی و دڵپاکی و پاراستنی شەرافەتی باوک وفرزەندی پێشێل بکەن.
ئەوەبوو کە سامۆئێل لە بارێکەوە سوکنایی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە دەربڕینی ئەو هەستە لە خۆیدا تاوانێکی دوور لە بەخشین و خۆشبوون نییە، بەلام ئەرکی ئەو ئەوە بوو بەتەواوی هێزەوە ئەو هەستە بخزێنێتە دواوە و بەرگری لە بەهێزبوونی بکا.

***

ڕۆژی جێژن منداڵەکانی پرۆسپێر کاتێک لەخەو هەستان بۆلای پێڵاوەکانیان هەڵاتن هەتا بزانن بابەنۆئێل چی بۆهێناون، بەڵام هەموویان بێهیوا بوون، چونکە دیتیان ئەو کەرەستەی یاریانەی بابەنۆئێڵ بۆی هێناون لەگەڵ ئەوانەی بە ئاواتیەوەبوون جیاوازبوو.

پرۆسپێری زیندانەوان کاتێک کە لەخەوهەستا ئیدی نەنووستەوە و سۆبەکەی هەڵکرد و لەبەرامبەریدا دانیشت دوایە قاوەی ساز کرد و فنجانێکی لە قاوەی دەسکرد (کە بە وێنجەی بۆدراو ساز دەکرا، تازە ئەویش بەپێی یاسای جیرەبەندی بوو) خواردەوە و هەر لەبیری ئەوەدا بوو کاتێک هێنریخ لە خەو هەستا و زانی ئاناتوول هەڵاتووە چ دەڵێ؟

پرۆسپێر بیریکردەوە کاتێک هێنریخ لێپرسینەوەی لێکرد ئەو بە گیانی منداڵەکانی خۆی و تەنانەت بە خاچی حەزرەتی عیسا سوێند دەخوا کە هیچ دەستێکی لە هەڵاتنی ئاناتوولدا نەبووە.

دوایە بیری کردەوە ئەڵمانی نازییەکان کەسانێکن هیچ باوەڕیان بە حەزرەتی مەسیح نییە و هەرگیز بڕوایان بە هیچ شتێک نییە، کە وابوو هێنریخ باوەڕ بە سوێندەکانی ناکا.

هاتن و ڕۆیشتنی میریام لە شەوی ڕابردوودا ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو و خێرابوو کە ئەگەر ئاناتوول هەڵنەهاتبایە پرۆسپێر پێیوابوو خەونی دیوە. تەنیا شتێک کە ڕادەیەک لە نیگەرانی پرۆسپێری کەم دەکردەوە ئەوە بوو کە ئاناتوول بەهۆی پەلەیەک کە بۆ هەڵاتنی هەبوو لەبیری چوو ئەو بەستە سیغارانەی کە میریام بۆی هێنابوو هەڵیانگرێ و ئەو سیغارانە بۆ پرۆسپێر بەجێمان و زیندانەوان دەیزانی ئیدی ئاناتوول ناگەڕێتەوە جگەرەکانی بەرێ.

منداڵەکان کاتێک کە لەخەو هەستان و قاوەیان خواردەوە دەیانویست بۆ ئامادە بوون لە ڕێوڕەسمی شێوی ڕەببانی بچنە کلیسا، بەڵام پرۆسپێر گوتی:

– تا کاتێک هێنریخ لە خەو هەڵنەستێ نابێ لێرە بچنەدەرێ.

لە نێوان هەستانی هێنریخ لە خەو و ڕۆیشتنی منداڵەکان بۆ کلیسا هیچ پەیوەندییەک نەبوو، بەڵام پرۆسپێر پێیوابوو ئەگەر منداڵەکان لەلای بن، کاتی بەڕەورووبوون لەگەڵ هێنریخ بە هێزتر دەبێ. چونکە کام ئینسانی بێبەزەیی

وخوێنمژ هەیە کە بوێری لە بەردەم ژن ومناڵەکاندا، بابی بنەماڵە بخاتە ژێر لێدان و جنێوپێدان.

ژانت هاوسەری زیندانەوان، ئەوڕۆژە لە نێوجێگاکەی هەڵنەستا چونکە هەستی بە ژاندەکرد و پێیوابوو بەحەتمی ئەوڕۆ هەتا نیوەڕۆ یان هەتا ئێواری دەزێ. پڕۆسپێر لەکاتێکدا کە لە پەنا کوورە دانیشتبوو بیریدەکردەوە بۆچی هێنریخ لەخەوێ هەڵناستێ و بۆچی ئەوڕۆ خەوی ئاوا قورس وگران بووە، هەروەها نەقشەی بەرگریکردن لەخۆی تەواو دەکرد و بەخۆی دەگوت ئەوپیاوەچونکە گرووبانە ناعیلاج سەرکردە بالادەستەکانی (سەبارەت بە هۆی هەلاتنی ئاناتوول) لەحەولی لێکۆلینەوە دادەبن، ئەگەر دیتم هێنریخ دەیهەوێ من بەرپرسیار بکا لێی قبوول ناکەم و دەڵێم خۆی تاوانبارە چونکە کلیلی بەندەکانی زیندانی داوە بەوی و جیالەوەش بەپێچەوانەی یاسا هێنریخ ژنێکی هێناوەتە ئێرە و هەتا بەیانی لەگەڵی بووە کەچی ئێرە شوێنێک نییە کە ئەوکارانەی تێدا بکەن.

عەقرەبەی سەعاتی چەکوشداری۱ سەر تاقەی دیوی زیندانەوان سەعات دەی بەیانی نیشاندەدا. ئێستا هێنریخ لەخەو هەڵنەستابوو، منداڵەکان بێتاقەت بوون و دەیانگوت ئێستاکە شێوی ڕەببانی دەستپێدەکا و ئەگەر ئێمە لە کلیسا نەبین گوناحبار دەبین.

ئاخری ژانت بە مێردەکەی گوت:

- برۆ هێنریخ لەخەو هەستێنە چونکە ئەگەر ئەوان بە ئۆتۆمبێل بێن و هێنریخ لەخەو دابێ بەرپرسیار دەبێ. بێجگەلەوەش دەبێ منداڵەکان بچن بۆ کلیسا و زیاتر لەوەی وەدرەنگی بکەون.

پڕۆسپێرگوتی:

- دڵت بۆ بەرپرسیارێتی هێنریخ نەسووتێ بەڵکو دڵت بۆمن بسووتێ کە نازانم کاتێک ئەوپیاوە لەخەو هەستێ چمبەسەردێ.

، بەلام لە دواییدا بەهۆی وەبیرهێنانەوەی ژانت، پڕۆسپێر هەستا و بۆلای ژووری هێنریخ ڕۆیشت و بەهێمنی لەدەرکەی دا، بەلام کەس وەلامی نەداوە.

۱- شماگەدار

بۆجاری دووهەم و سێیهەم لە دەرکەی ژوورەکەیدا، وەڵامی گوێلێنەبوو و ئارام دەسگرەی دەرکەی داهێناوە، دەرکە کراوە.
ژوورەکە بەتەواوی بێدەنگ بوو و ئەو بەشەی ژوورەکە کە تەختیخەوی لێبوو لە تاریکایی دابوو. پرۆسپێر قەڵافەتی ئەوانەی لەسەر تەخت نووستبوون، نەدەدیت، بەڵام شووشەکانی مەشرووب و ئاوی خواردنەوەی بەباشی دەدیت و جلەکانی هێنریخ کە لە سەر زەوی کەوتبوون و هەروەها جلەکانی خوشکی ئاناتوولی دەدیت کە لە سەر کورسی داندرابوون، بەڵام قەمسەڵەی تەسکی خوشکی ئاناتوول لە تەختی ژوورەکە کەوتبوو.
پرۆسپێر بەهێوری دەرکەی داخست و بەخۆی گوت ئەو دوو کەسە چەندە دەخەون. بۆچی هەڵناستن؟
، بەڵام لەخۆیڕانەدیت بۆلای تەخت بچێ و ئەوان هەستێنێ و سەرەڕای پێداگری ژنەکەی، گوتی:
- منداڵەکان دەبێ ئەوەندە سەبر بگرن هەتا هێنریخ هەڵدەستێ، ئەودەمی بچنە کلیسا، ئەگەریش کات تێدەپەڕێ نزا و پاڕانەوەی خۆیان هەر لێرە بکەن .
ژانت هاوسەری زیندانەوان، گوتی :
- زۆر ناخۆشە ئەوڕۆ منداڵەکان نەچنە کلیسا، ئەوە دەبێتە هۆیچارەڕەشی، بەڵام سەرەتای نیوەڕۆیە کاتێک کە دیسان ئێش و ژان هێرشی بۆ هێناوە باسی کلیسای لەبیرچووە.
پرۆسپێر بیری دەکردەوە دوای ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو و هەڵاتنی ئاناتوول، لێ بوونەوەی ژنەکەی لەمنداڵ، لەوەها ڕۆژێکدا بەڕاستی بێجێیە، بەڵام چونکە بنیادەمێکی بەئیمان بوو، بیری دەکردەوە نابێ لەبەرامبەر ئیرادە و خواست و ویستی خوداوەند کە دەیهەوێ لە وەها ڕۆژێکدا منداڵی یازدەهەمی پێببەخشێ ناخۆشی دەرببڕێ، بەڵام نەیدەتوانی ئەو بیرەی لە خۆی دوور بکاتەوە کە هێندێک لە منداڵەکانی، بۆ هاتنە سەر ئەو دونیایە، ڕۆژانێکی سەیر هەڵدەبژێرن. وەکوو منداڵی یەکەمی ڕۆژێک بەدونیاهات کە دەیانویست ملی ئەو زیندانییە چارەڕەشەی بە گیۆتین بپەڕێنن و ئێستا منداڵی یازدەهەمی دەیهەوێ ڕۆژێک لەدایک ببێ کەجێژنی نۆئێلە و چارەڕەشییەکی

تازە بە هۆی هەڵاتنی ئاناتوول لەڕێیدایە.
دوێنێ کە مامانەکە هاتبوو و چاوی بە ژنەکەی کەوتبوو، دەیگوت کە ڕۆژی دوایە- واتا ئەورۆ- منداڵەکە دێتە دونیا و ئەویش کاتژمێر چوار یان پێنجی دوانیوەڕۆ دیسان دێتەوە و یارمەتی ژنەکەی دەدا کە لەمنداڵ بێتەوە.
لەوکاتەدا دەنگی لێدان و پێلەقە، کە دیلەکان لە دەرکەی ژوورەکانیان دەدا، سەرنجی پرۆسپێری بۆلای خۆی ڕاکێشا.
پرۆسپێر زانی دیلەکان برسین و بەو تەقەتەقە خواردەمەنیان دەوێ، بەڵام تەنیا هێنریخە کە دەتوانێ دەرکی بەندەکان بکاتەوە و نان بدا بە ئەوان، کەچی ئەو ئێستا لەخەو هەڵنەستاوە.
لەناکاو، پرۆسپێر وەبیری هاتەوە ئەو ئەڵمانیانەی کە هەموو ڕۆژێ دەهاتن و سامۆئێلیان دەبرد، ئەورۆ نەهاتوون و ئەورووداوەش بوو بەهۆی زیاببوونی سەرسامی ئەو. دوایە بیری کردەوە ڕەنگە شەڕ تەواو بووبێ و ئەڵمانییەکان خۆیان خڕکردۆتەوە کە بڕۆن، بۆیە ئەورۆ هیچ خەبەرێک لەزیندان نییە. هەروەها بیری کردەوە ئەگەر شەڕ تەواو بووە کە وایە هێنریخ کە ئەورۆ دیکتاتۆری زیندانە، سبەی بە نۆرەی خۆی زیندانی دەکرێ و ئەوکات هەرخۆی دەبێ لە بەند خۆراکی بۆ بەرێ، بەڵام چونکە لە نیوەڕۆیە تێپەڕیبوو بۆخۆشی برسیبوو و دەشیزانی منداڵەکانیشی برسین کەوتەبیری ساز کردنی چێشت و بە یەکێک لەمنداڵەکانی گوت بچێ هێندێک بەز بێنێ و لە تاوەکەی باوێ و دواتر پارەڵماسی کووڵاوەکان کە پێشتر ئامادەیان کردوون، لەپاڵ بەزی گۆشتی باوێ و بەنانەوە بیخۆن.

***

شەوی پێشوو، کاتێک ئەرنێست فریدای تایپیست و خۆشەویستی خۆی لەبەر ئیشی پێویست و بێ‌پێشوودان، مەرەخەس کرد، (فریدا) دوودڵ بوو و زانی ئەرنێست درۆ دەکا و ئەوشۆ دەیهەوێ لەگەڵ ژنێکی دیکە کاتڕابوێرێ، بەڵام هیچکەرەسەیەکی نەبوو بزانێ ئەرنێست لەکوێیە و خۆشەویستەکەی کێیە؟
سبەی بەیانی فریدا پێش ئەوەی بێتە ئیدارە (چونکە ئیدارەی گێشتاپۆ ڕۆژی جێژن و ڕۆژی یەکشەممۆش کاری دەکرد) چوو بۆ ماڵە ئەرنێست، وەڵامیان‌داوە کە ئەرنێست یونیفۆرمی نوێی خۆی لەبەرکردووە و لە ماڵ

چۆتەدەرێ.

دوایە فریدا ڕۆیشتە ئیدارە و هەتا کاتژمێر یازدەی بەیانی ئەرنێست بێهەواڵبوو.

کات ژمێر یازدە دەنگیزەنگی تەلەفۆنی تایبەتی هەستا کە دیوی ئەرنێستی بە ناوەندی سەرهەنگ گریتزەوە گرێدەدا و پێنج خولەک بێپسانەوە تەلەفۆن زەنگی خوارد، بەلام فریدا نەیوێرا بیستۆکی تەلەفۆن هەلگرێ و وەلامی بداتەوە، چونکە ئەرنێست قەدەخەی کردبوو کەهیچ کەس بە هیچ مەبەستێک نابێ بەو تەلەفۆنە قسەبکا یان وەلام بداتەوە و تەنانەت جارێک والتێر بە توندی لێیدرابوو کە بۆچی لەو تەلەفۆنە تایبەتییە کە سیمی جیای هەبوو کەلکی وەرگرتووە.

سەعاتێکی دیکە دیسان زڕەی زەنگی تەلەفۆن بەرز بووە لەوکاتەدا والتێر لە ژوورەکە بوو و فریدا چاوێکی لە والتێر کرد کە واتا گووشی هەلگرە، بەلام والتێر بە ئامازە حالی کرد کە زاتی ئەوکارەی نییە.

ئاخری فریدا گووشی هەلگرت، کاتێک دەنگی ڕکهەستاوی سەرۆکی گەورە سەرهەنگ گریتزی گوێلێبوو حەولیدا پاکانە بۆ خۆشەویستی خۆی بکا و بلێ بۆ لێکۆلینەوەیەکی گرینگ لە ئیدارە چۆتەدەرێ.

سەرهەنگ گوتی:

- بە ئێوەی نەگوت کەنگێ دەگەرێتەوە؟

فریدا گوتی:

- نا.

سەرهەنگ گوتی:

- دوێنێ شەوێ تەلەفۆنم بۆکرد و گوتم ئەو زانیارییەی کە پێویستمپێیەتی هەتا ئەورۆ بۆمبنێرێ کەچی ئێستا بۆی نەناردووم. شەوی ڕابروو دیسان ناوە شەرکەرەکەی ئێمە بۆمباران کراوەتەوە. بەهەر شێوەیەک بێ ئەرنێست بدۆزنەوە و لەلایەن منەوە پێی بلێن لانی زۆر هەتا سبەینێ بەیانی ئەو زانیارییەی گەرەکمە بۆم ئامادە بکا دەنا لەسەر کار لایدەبەم و دەسبەجێ بۆ شەرگەی ڕووسیای دەنێرم چونکە وەها کەسێک شایانی ئەوەنییە لە ژێردەستی

مندا کار بکا.

فریدا بیستۆکی لە جێگای خۆی داناوە و بە واڵتێری گوت کە بەهەر شێوەیەگ بێ دەبێ ئەرنێست بدۆزێوە.

پێش ئەوەی واڵتێر وەڵامێک بداتەوە لە دەرکەی ژوورەکەیاندا و ئەفسەرێکی پلەنزم کە چاویلکەی لە چاودابوو هاتە ژوورەکە.

کاری ئەو ئەفسەرە ئەوەبوو هەموو ڕۆژێ ئەو نامە بێواژۆیانەی کە دەگەنە ئیدارەی گێشتاپۆ بیانخوێنێتەوە و پۆلبەندیان بکا و هەڵیانبگرێ.

ئەرنێست کە ئەوکارەی بە ئەفسەری ژێردەست ڕاسپاردبوو، دەیزانی نەود ونۆ لە سەدی نامەکانی بێواژۆ، لەڕووی نەیاری و بۆ تۆڵەستاندنەوەی خۆیی دەنووسرێن و ئەو زانیارییەی کە تێیاندایە بێبنەمایە. بەوحاڵەش بەهیوای ئەوەی لە سەد نامە، ڕەنگە تەنیا یەک نامە خاوەن زانیاری ڕاست بێ، کاربەدەستێکی تایبەتی، ئەرکی خوێندنەوە و ڕاگرتنی نامەکانی پێسپێردرابوو.

ئەفسەری ژێردەست دوای هاتنە ژوور، گوتی:

– ئەورۆش لەنامەکاندا زانیاری شیاوی سەرنجی تێدانییە و هەروەک کە پێمگوتن، بڕوام وایە ئەو نامانە تیرۆریستەکان دەیاننووسن هەتا ئێمە وەدوای کاری پڕوپووچدا بنێرن و کاتی ئێمە بە فیڕۆ بدەن، چونکە زۆرتری نامەکان خراپەی کەسێک دەکەن کە دڵنیاین لە گیانفیدایانی ئێمەن، بەڵام نامەیەکی بێ تەمرمان بەدەست گەیشتووە، لەبەرئەوە بە پۆستدا ناردراوە پێموانییە زانیارییەکەی ڕاست بێ.

پاشان کاغەزەکەی ئاناتوول، کە هەر ئەورۆژە لەقاوەخانە نووسیبووی دای بەدەستی واڵتێر.

واڵتێر سەرەتا چاوێکی پێداخشاند هەر کە چاوی بە ناوی سامۆئێل کەوت دیسان کاغەزەکەی خوێندەوە و بەسەرسوورماوی و دڵخۆشی گوتی:

– شانس لە دەرگای داوین.

دوایە کاغەزەکەی دا بە فریدا و ئەویش کاغەزەکەی خوێندەوە . پاشان واڵتێر گووشی هەڵگرت و دەستووریدا کە دوو سەربازی چەکدار لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک ساز بکەن . بەخێرایی وەرێکەوتن هەتا میریام کچی سامۆئێل قۆڵبەست بکەن.

***

فریدا ڕووبەڕووی ئەرنێست ڕاوەستابوو و هەوڵیدەدا وەهۆشی بێنێتەوە، ئەرنێست کە سەرخۆش بوو وەڵامی بێ سەروبەری دەداوە، فریدا دەیویست حاڵی بکا کە کچی"ساموئێل"یان گرتووە و سەرهەنگ گریتز گوتوویە ئەگەر هەتا سبەی زانیاری پێویستی پێنەگەیێنێ لەسەر کاری لادەبا و بۆ ڕووسیای بەرێدەکا، بەڵام ئەرنێست هەر سەرخۆش بوو، لە هیچ شتێک حاڵینەدەبوو و نەیدەتوانی لەجێ هەستێ. .

بەپێی فەرمانی فریدا دوو سەرباز "ئەرنێست"یان هەستاند و بۆلای حەمامیان برد. لەوێ فریدا شێرەی ئاوی ساردی کردەوە و سەری"ئەرنێست"ی وەبەر شێرەدا و ماوەیەک ئاوی ساردی بە چڕوچاوی ئەرنێست داکرد. دوایە هێلنجی زۆریدا و هەرچی خواردبووی هێنایەوە ئەو ئێقکردنە بوو بەهۆی ئەوەی گەدەی بەتاڵبێ و وەهۆشی هێناوە.

دوایە فریدا دیسان بۆی ڕوون کردەوە کەچۆن سەرهەنگ گریتز تووڕەبووە و دەستووری داوە بەهەر شێوەیەک بێ هەتا سبەینێ بەیانی ئەو زانیارییەی دەیهەوێ پێی بگەیێنێ و چۆن کچی ساموئێلیان گرتووە و ئێستا کچی ساموئێل لە ئیدارەی گێشتاپۆیە، بەڵام واڵتیر چاوەڕێی ئەوە کە بێت و میریام بخاتە ژێر لێپرسینەوە.

ئەو ڕاڤە و ڕوونکردنەوە ئاخری ئەرنێستی ئاگاداری بارودۆخی خۆی کرد و زانی کە سەرەڕای بێهێزی کە لەمەستی بۆی ماوەتەوە دەبێ بێتە مایەی خۆشحاڵی سەرۆکی ڕاستەوخۆی، دەنا چارەڕەشدەبێ، چونکە خۆی ئەفسەری دەستەی هەڵمەت بوو، ئاگادار بەیاسای نیزامی ئەو لەشکەرە بوو و دەیزانی سەرۆکی ئەو کەسێک نییە کاری جیددی بە گاڵتە بگرێ.

ئەرنێست بە یارمەتی دوو سەرباز و فریدا لە ماڵە دوکتور ساموئێل ڕۆیشتنەدەرێ و سەربازەکان بەفری سەر شووشەی پێشەوەی ماشینی ئەرنێستیان خاوێن کردەوە و لەو هەوا ساردەدا بە هەرجۆرێک بوو ماشینەکەیان هەڵکرد. ماشین وەڕێکەوت.

کاتێک فریدا دیتی ماشین بۆلای ئیدارەی گێشتاپۆ ناچێت لە ئەرنێستی پرسی:

- دەتهەوێ بۆکوێ بچی؟

ئەرنێست گوتی:

- سەرەتا دەچمە زیندان هەتا ساموئێل لەوێ بێنمەدەرێ.

کاتێک ئەرنێست لە ئۆتۆمبێل هاتە خوارێ کە بۆلای زیندان بچێ، لاقی وەشتێک کەوت، داهاتەوە و هەڵیگرتەوە، دیتی دەستەکلیلێکە و کلیلەکانی بەدەستەوە گرت و لەزەنگیدا . پرۆسپێر، زیندانەوان، هات و دەرکەی کردەوە، بەڵام دەموچاوی لە زۆریگریان هەڵماسیبوو و چاوەکانی سوور ببوونەوە.

ئەرنێست بێئەوەی سەرنجێک بداتە سیمای گریاوی پرۆسپێر، گوتی:

- هێنریخ لەکوێیە؟

پرۆسپێر گوتی:

- لە دیوی خۆیەتی.

ئەرنێست گوتی:

- بڕۆ بانگی بکە بۆلای من.

پرۆسپێر خێرا بۆلای دیوی هێنریخ وەڕێکەوت چونکە بەبڕوای ئەو ئیدی ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو گرینگی خۆیان لەدەست دابوو. چونکە ئەومنداڵەی کە ئەوەندە چاوەنواڕی بوون مرد و چونکە ئەوە یەکەم جاربوو پرۆسپێر مەرگی زاڕۆکی خۆی دەدیت زۆرخەمباربوو و ماوەیەک گریابوو.

ئەو پیاوە سادە و ساویلکە دوای مردنی منداڵەکەی بیری کردەوە ژانت هاوسەرەکەی هەقی بوو کە دەیگوت ئەگەر منداڵەکان نەچن بۆکلیسا دەبێتە هۆیچارەڕەشی و ئەگەر منداڵەکان بۆ کلیسا بچوایەن، یازدەهەمین منداڵی ئەو دوای لەدایکبوون نەدەمرد.

پرۆسپێر بە خەمێکی زۆرەوە دەرکەی ژووری هێنریخی کردەوە و هاواری کرد:

- هێنریخ . . .

بەڵام کەس وەڵامی نەداوە.

بۆ جاری دووهەم هێنریخی بانگکرد، بەڵام دیسان وەڵامی نەبیستەوە و دەرکەی داخستەوە. چونکە بە هیچ نەرخێک ئامادەنەبوو بچێتە ژووری

هینریخ .

کاتێک پرۆسپێر گەڕاوە بە ئەرنێستی گوت:

- هینریخ نووستووە.

ئەرنێست پێی‌سەیربوو و لەگەڵ فریدا بۆ دیوی هینریخ چوون.

ئەرنێست کە فانۆسی بە دەستەوە گرتبوو لە تەختی‌خەو نزیک بۆوە و شۆقی فانۆسەکەی لە سەر چرۆچاوی ئەو دووکەسە ڕاگرت و بەبێ‌دەسەڵات گوتی:

- ئاخ.

هینریخ و خوشکی ئاناتوول هەردووکیان لە تەنیشت یەکتر، مردبوون و پەڵەیەکی ڕەش کە لە قورگی ئەوانەوە دەستی پێ‌دەکرد و بەشێکی زۆری تەختی‌خەو و زەوی ڕەش کردبوو، نیشانی دەدا هەردووکیان بە کێرد یان خەنجەر کەلە قورگیان داون کوژراون .

ئەرنێست کاتێک ڕووی خۆی وەرگێراوە لە پرۆسپێری پرسی ئەوانە چۆن کوژراون، ئەوژنەی کە لەپاڵ هینریخدا نووستووە کێیە؟ کەچی دیتی پرۆسپێر لەوێ نەماوە.

چونکە پرۆسپێر کە ئەودیمەنەی دیت چارەڕەشی خۆی لەبیر چۆوە و لەبەر ترس ڕۆیشتە ژووری ژنەکەی.

ئەرنێست فریدای بەدوای پرۆسپێردا نارد. فریدا کە ڕۆیشتە ژوورەکە. دیتی پرۆسپێر لە قەراخ تەختی ژنەکەی دانیشتووە و لەکاتێکدا کە دەگریا دەستی ژنەکەی گرتووە. وادیاربوو ژنەکەی هێز و توانایی نییە، چونکە لەبەر بێ‌هێزی و لەبەر ڕۆیشتنی خوێن (بەهۆی لێبوونەوە لە منداڵ) ناتوانێ چاوهەڵێنێ.

دە منداڵی زیندانەوان بەرامبەری تەختی دایکیان لەسەر زەوی دانیشتبوون و منداڵێک کە گەورەتر لە هەموویان بوو منداڵێکی شیرەخۆرەی بەرمەکانی لە باوەش دابوو.

زیندانەوان بە گریانەوە هەستا و بەدوای فریدادا ڕۆیشتە دیوی هینریخ. کاتێک بۆلای ئەودیوە دەچوو بیری‌کردەوە ئەوڕۆ کاتێک پێش تاوهەڵات، لە پشت دەرکەی هینریخ دەنگی پرخەپرخی وی گوێ‌لێ‌ببوو و گومانی تێدانییە کە ئەو پرخەپرخە نیشانەی گیان‌دانی بووە و ئەو وایدەزانی خەوتووە.

ئەرنێست لە زیندانەوانی پرسی:
- ئەو ژنە کێیە و لێرە چ دەکا؟
زیندانەوان گوتی:
- ئەو ژنە خوشکی ئاناتوولە و دوێنێشەوێ هێنریخ هێنایە ئێرە.
ئەرنێست پرسی:
- ئاناتوول کێیە؟
پرۆسپێر گوتی:
- ئاناتوول ئەو کەسەیە بۆ زیندانییەکان چێشت دەبا.
ئەرنێست گوتی :
- پێی‌بڵێ بێت هێندێک پرسیاری لێ‌بکەم.
پرۆسپێر گوتی:
- ئاناتوول هەڵات.
ئەرنێست بە سەرسوورماوی گوتی:
- چۆن هەڵات؟
پرۆسپێر بۆ لای نەردیوانێکی بردن کە بە دیواری زیندانیانەوە نابوو و گوتی:
- بەو نەردیوانەدا سەرکەوتووە.
ئەرنێست پرسیاری کرد:
- ئەو دوو کەسە کێ کوشتوونی؟
پرۆسپێر بە نیشانەی بێ‌ئاگایی دەستەکانی تەکان‌دا و گوتی:
- نازانم.
ئەرنێست بە فرێدای گوت:
- خێرا تەلەفۆن بۆ ئیدارە بکە چەند کەس بێنە ئێرە، دوایە دەستەکلیلێک کە لە دەرەوەی زیندان دۆزیبوویەوە نیشانی پرۆسپێری دا و گوتی:
- ئەوە چییە؟
پرۆسپێر گوتی:
بەو دەستەکلیلە ئاناتوول دەرکەکانی دەکردەوە و من هیچ دەسەڵاتێکم لە کردنەوە و داخستنی بەندەکان‌دا نەبووە.

ئەرنێست بە پرۆسپێری گوت:

- لەگەڵم وەرن دەمهەوێ سامۆئێل ببینم.

خودی ئەرنێست دەرکەی بەندی ژمارە ١٠ کردەوە و هاواری کرد هەستە کارمپێنتە.

پرۆسپێر گوتی:

- ناتوانێ هەستێ چونکە بە زنجیر لە دیواری بەستراوەتەوە.

ئەرنێست گوتی:

- کلیلی قوڵفی ئەو زنجیرە لەکوێیە؟

پرۆسپێر گوتی:

- لە گیرفانی هێنریخ دایە.

لەوکاتەدا فریدا کە تەلەفۆنی بۆ ئیدارەی گێشتاپۆ کردبوو گەڕاوە. ئەرنێست بە فریدا و پرۆسپێری گوت:

- ئێوە لێرەبن هەتا بچم کلیلەکە بێنم.

چەند خولەک دوایە ئەرنێست بە کلیلەوە گەڕاوە و زنجیری سامۆئێلی کردەوە، بەڵام کاتێک کە دەگەڕاوە دەنگی زیندانییەکان لە بەندەکانی دیکەوە بەرزبوو و هاواریان دەکرد کە دوێنێ شەو خۆراکتان نەداینێ، ئەورۆ نیوەڕۆیە نانتان نەداینێ، ئەوشۆش چێشتمان نادەنێ؟ پێتوایە دنیا هەروا دەبێ؟

زیندانییەکان وایاندەزانی دەگەڵ هێنریخ قسەدەکەن بۆیە وەبەر جوێن و قسەی سووکیاندا و ئەرنێست کە وایدەزانی دیلەکان جوێن بەو دەدەن، هاواری کرد بێدەنگ بن.

ئەرنێست دەستووری بە سامۆئێلدا هەستێ، بەڵام سامۆئێل لەبەر بێهێزی نەیدەتوانی بجووڵێتەوە و پرۆسپێر ژێربالی گرت و لەکاتێکدا کە دەگریا هەوڵیدا کە لەجێ هەڵیستێنێ و گوتی:

- دوکتوری داماوی من، پێتوانەبێ لەدنیادا هەرتۆ چارەڕەشی، بەڵکو هەریەک لە ئێمە بە ئەندازەی خۆمان لێقەوماوین.

لەوکاتەدا چوار سەرباز لەگەڵ گرووبانێک کە لە ئیدارەی گێشتاپۆ هاتبوون هاتنە ناوزیندان و خۆیان بە ئەرنێست ناساند.

ئەرنێست بە کورتی بارودۆخەکەی بۆ باسکردن و گوتی:

- بەهیچ شێوەیەک (جگەلە تەلەفۆن کردن) نابێ بچنەناو ژووری هێنریخ و نابێ دەست لە شتەکانی ژوور و کەلاکەکان بدەن، هەتا سبەینێ بەیانی کە پسپۆرانی لێکۆڵینەوە بێن و تۆژینەوە بکەن. دوایە دەستووری بە دوو کەسیاندا کە سامۆئێل بۆ لای ئۆتۆمبێل بەرن، هەروەها فەرمانیدا پرۆسپێری زیندانەوان، لە بەندی ژمارە ١٠ زیندانی بکەن، چونکە لە ڕووداوی کوژرانی ئەو دوو کەسە جێگومانە

پرۆسپێر لەو قسانە (چونکە بە زمانی ئەڵمانی دەگوترا) هیچ حاڵینەبوو بۆیە دوای ئەوەی کە"سامۆئێل"یان برد ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوگرووبانەی کە لەوساتەوە بوو بە بەرپرسی کار و باری زیندان، بە تەکانێک لە بەندی ژمارە ١٠ کرد و دەرکەی ژووری لە سەر پرۆسپێر داخست.

ئەرنێست لە دەرەوەی زیندان لە پشت فەرمانی ئۆتۆمبێل دانیشت و پێشئەوەی ماشێن وەجووڵەبخا بە گرووبانی تازەی گوت:

- چونکە زیندانییەکان سووکایەتیان بە من کرد و جوێنیان پێدام هەر یەکەی بیست زەربەی"قامچی"سازکراو لە کلکی مانگایان لێبدە و هەموویان لەزنجیر بکە.

***

لە ئیدارەی گێشتاپۆ، ئەرنێست، سامۆئێلی لە سەر مێز دانیشاند و دەستووری بە واڵتێردا کەلەپچەکەی ئەو بکاتەوە، هەروەها ئەمری کرد ڕادیۆ هەڵبکا و ئێزگەی بڵاو کردنەوەی مۆسیقا بگرێ. چونکە دوای ڕووداوی دوێنێشەوێ و ئەوڕۆ پێویستی بە وچان و حەسانەوە هەیە. چونکە ئەرنێست کە هەستی بە برسێتی کردبوو هێندێک خواردەمەنییان بۆهێنا کە بریتیبوو لە قاڵبێک کەرە؛ مریشکێکی سوور کراوە، دوو شووشە ئاوجو و کەمێک ساڵاد، ئەرنێست بەئیشتیاوە خۆراکی دەخوارد کە دیتی سامۆئێل چاوی لە چێشتەکان بڕیوە، گوتی:

- پێموایە برسیتە، ئەگەر پێتخۆشە نان بخۆی هیچ بەرگرێک نییە و بەومەرجەی ئەو زانیارییەی دەمانهەوێ ئاشکرای بکەی.

سامۆئێل کە بۆ تاوێک چاوی لە چێشتەکان بڕیبوو سەری داخست، ئەرنێست

گوتی:
- داخوا دەزانی بۆچی ئەوشۆ تۆم هێناوەتە ئێرە؟ هۆی هێنانی تۆ بۆئێرە ئەمەیە کە دەمویست شتێکی جێ‌سەرنج و تازەت نیشان بدەم کە لە ڕۆژانی جێژندا بێتە هۆی دڵخۆشی تۆ.
سامۆئێل هەر وا کە سەری داخستبوو بیری دەکردەوە ئەو پیاوە دەیهەوێ چ بڵێ.
ئەرنێست فەرمانێکی بە واڵتێردا دوای تاوێک پیرێژنێکیان هێنا ژووری، هەرکە سامۆئێل چاوی بەو ژنە کەوت، زانی چی ڕوویداوە و تێگەیشت کە کچەکەیان گرتووە، چونکە ئەوژنە فێرکاری مۆسیقای کچەکەی بوو.
هەرکە پیرێژنەکە چاوی بە سامۆئێل کەوت و بارودۆخی وی دیت دەستی لێکدان و بە لاڵانەوە گوتی:
- دوکتورە داماوەکە، چ بەڵایەکیان بەسەرهێناوی؟
برێک دواتر میریام هاتە ژوورەکە، کاتێک چاوی بە بابی کەوت و لەبەر ڕووناکایی چرادا بارودۆخی شپرزەی باوکی دیت، ڕەنگی بزڕکا.
ئەرنێست بە واڵتێری گوت:
- دوو کورسی بۆ ئەو خانمانە بێنە.
دوایە چونکە پیرێژنەکەش هەر کچ بوو گوتی:
- مادمازێلەکان لە بیرتان بێ پێم‌جوان نییە بێ‌ئێزن قسەبکەن و هەتا پرسیارتان لێ‌نەکەم نابێ وەڵام بدەنەوە.
دوایئەوی ژنەکان دانیشتن، ئەرنێست ڕووی لە مامۆستای مۆسیقا کرد و گوتی:
- تۆ ماوەی دە ڕۆژ بوو ئەو کچەت لەماڵە خۆتان حەشاردابوو؛ کەچی دەتزانی پۆلیسی ئەڵمان لەحەولی دۆزینەوەی دایە، بۆچی تووشی ئەم تاوانە بووی؟
فێرکاری مۆسیقا گوتی:
- مادمازێل قوتابی من بوو و پەنای بۆهێنام و زۆر سروشتیە کە من لەماڵە خۆم پەنای بدەم.

ئەرنێست گوتی:
- تۆ ئەوکارەی زۆر بە ئاسایی دەزانی، بەڵام نازانی کە دەبێ گوێڕایەڵی دەستووری پۆلیسی ئەڵمان بی؟
پیرێژنەکە گوتی:
- دەزانم پۆلیسی ئەڵمان لەو وڵاتەیە، بەڵام نازانم بەپێی چ یاسایەک دەبێ گوێڕایەڵی پۆلیسی ئەڵمان بم و دەستوورەکانی بەجێبێنم.
ئەرنێست گوتی:
- مەگەر تۆ گوێڕایەڵی کام یاسای؟
پیرەژنەکە گوتی:
- من گوێلەمستی یاسای وڵاتی خۆمم.
ئەرنێست گوتی:
- مەگەر نازانی وڵاتی خۆت شکستی خواردووە و ئێمە داگیرمان کردووە؟
پیرەژنەکە گوتی:
- ئەمە دەزانم، بەڵام ئەوەش دەزانم ئەو داگیرکردنە درێژخایەن نابێ؛ چونکە ئێستا شەر تەواو نەبووە.
ئەرنێست گوتی:
- بەمپێیە تۆ دوژمنی ئێمەی؟
پیرەژنەکە گوتی:
- چونکە ئێوە بێئیزنی نەتەوەی فەرەنسا هاتوونە ئەم وڵاتە و داگیرتان کردووە، خەڵکی فەرەنسا دوژمنی ئێوەیە.
لەوکاتەی ئەم وتووێژە بەردەوام بوو، فرێدا پەیتا پەیتا پرسیار و وەڵامەکانی دەنووسی. ئەرنێست پرسی:
- کەوایە تۆ تێدەکۆشی بە تەواوی هێزەوە ئێمە لە فەرەنسا وەدەر بنێی؟
پیرێژنەکە گوتی:
- بەڵێ.
ئەرنێست گوتی:
- ئەی ئەگەر لە تۆیان ویستبا دژی ئێمە خەبات بکەی بەحەتمی قەبووڵت

دەکرد؟

پیرەژنەکە گوتی:

- بەڵێ.

ئەرنێست گوتی:

- داوایان لێتکردووە دژی ئێمە تێکۆشان بکەی؟

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- بەڵێ ئاغا، داوایان لێکردووم.

ئەرنێست پرسی:

- چ کەسێک ئەم داخوازنی لێکردووی؟

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە.

ئەرنێست گوتی:

- بۆچی؟

فێرکاری مۆسیقا گوتی:

- چونکە ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بەمنەوە هەیە و پەیوەندی بە خەڵکیدیکەوە نییە.

ئەرنێست قاقا پێکەنی و ئەم پێکەنینە لەو بیرەوە سەرچاوەی گرت کە ئەم پیرێژنە، چەندە گەوج و نەزانە، پێیوایە دەتوانێ لەبەرامبەر ویدا خۆڕاگری بکا.

دوایە لێیپرسی :

- مادمازێل بفەرموو تەمەنت چەندە؟

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- ئەو پرسیارەی تۆ نیشاندەدا کە تۆ تازە هاتوویە فەرەنسا، چونکە لەوڵاتی ئێمە هەرگیز وەها پرسیارێک لە ژنان ناکەن.

ئەرنێست گوتی:

- تەمەنی تۆ لەوەندە تێپەڕیوە کە خەڵکی دیکە ئەم تێبینییە لەمڕ تۆ بکەن.

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- بەهەر حاڵ، من ژنم و لە وڵاتی ئێمە پیاوان هەموو کات ڕێز لە ژنان دەگرن.

ئەرنێست گوتی:

- پێموایە تۆ شێست و پێنج یان حەفتا ساڵت تەمەن بێ، لەوتەمەن و عومرەدا هیچ کەس نایەتە ناو بزووتنەوی ڕزگاریخوازی.

فێرکاری مۆسیقا گوتی:

-، بەڵام فەڕەنسا بۆ درێژەپێدانی ژیان و دەوامی خۆی پێویستی بە تەواوی ڕۆڵەکانی خۆیەتی.

ئەرنێست گوتی:

-، بەڵام ئەو فەڕەنسای ئێوە دوایئەوەی شکستی خوارد، دەگەڵ وڵاتی ئەڵمان گرێبەستی دەستهەڵگرتن لەشەڕی واژۆکرد ؛ لەودۆخەدا تۆ چۆن دژی دەوڵەتی ئەڵمان خەباتدەکەی؟

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- دەستێک کە ئەو پەیماننامەی واژۆکرد، دەستی گەلی فەڕەنسا نەبووە.

ئەرنێست گوتی:

- بەو تەمەنەی تۆوە، پێمخۆشنییە بە هێندێک کەرەسەی کاریگەر، ناچار بە قسەکردنت بکەم و دەمهەوێ چەن شتێکت لێبپرسم، باشتروایە خۆت بڵێی کە هاودەستانی تۆ چ کەسانێک بوون.

مامۆستای مۆسیقا گوتی:

- ئاغا بە خۆرایی خۆت ماندوو مەکە، چونکە من هیچ شتێکت پێناڵێم.

ئەرنێست گوتی:

- ئەرێ ئەم پەهوودیەکە لەبەرامبەرتدا دانیشتووە دەیبینی؟

فێرکاری مۆسیقا سەری بەرز کردەوە و گوتی:

- ئەو ئاغایە کە لێرەیە یەکێلە ڕۆڵە بەشەرفەکانی فەڕەنسایە و هەموو دەزانن کە ئەو دوکتور (سامۆئێل گلوکشتێنە)وئەفسەری ئەرتەشی فەڕەنسایە.

ئەرنێست گوتی:

- ئەم کەسە ئەندامی دەستەیەک لە خەڵکی فەڕەنسایە کە هەتا ئەورۆ زۆری زیان بە ئێمە گەیاندووە و لەوە بەدوایەش زیانمان پێدەگەیێنن. من بڕیارم

داوە یەکیەتی ئەوان هەڵوەشێنمەوە و چونکە ئەم پیاوە ئامادە نەبوو کە هاورێکانی بۆئێمە ئاشکرابکا، چاولێکە کە کەوتۆتە چ حاڵ ورۆژێک؟ ئێستا واباشە ڕەحم بەخۆت بکەی و پێمان بڵێی: یەک، هاورێکانت کێبوون؟ دوو ئەرکی تۆ لە ڕێکخراوەی ئەوانەدا چ بووە؟ سێ، لە ماوەی ئەوچەند مانگەدا چ دەستورگەلێکت بەجێ هێناوە؟

مامۆستای مۆسیقا بێدەنگ بوو.

ئەرنێست گوتی:

– وەڵام نادەیەوە؟ نابینی ئەو کەسە کەوتۆتە چ دۆخێک؟ داخوا تۆش دەتهەوێ وەک ئەوت لێبێ؟

پیرەژنەکە گوتی:

– بەڵێ ئاغا . . . دەبینم ئاغای دوکتور کەوتۆتە چ حاڵێک و چیان بەسەرهێناوە، هەر بۆیە هیچ شتێکتان پێناڵێم؛ چونکە دەزانم ئەگەر شتێک بڵێم دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانی دیکەش تووشی ئەو ڕۆژە ڕەشە بن. من هەتا ئێستا پێموانەبوو ئەڵمانییەکان خەڵک بەمشێوەیە ئەشکەنجەبکەن، وامدەزانی ئەوشتەی لەوبارەیەدا دەگوترێ زێدەڕۆییە، بەڵام ئێستا کە بارودۆخی ئەم پیاوە بەڕێز و چارەڕەشە دەبینم دڵنیام ئەوەی خەڵک لەو بارەیەوە دیانگوت نە تەنیا زیادەبێژی نەبووە بەڵکو ڕاستی ڕووداوەکە زۆر گەورەتر و دڵتەزێنترە لەوەی کە خەڵک دەیڵێن. ئاژەڵێکی درندە کاتێک دەیهەوێ ئینسانێک بکوژێ لەماوەی چەند چرکەدا دەیکووژێ، بەڵام هیچ ئاژەڵێکی درندە و کێوی بەوشێوەیە ئینسان ناخاتە ژێرئەشکەنجە، تەنیا بوونەوەرێکی بێبەزەیی و خوێڕی تووشی ئەوکردەوەیە دەبێ.

بە بیستنی ئەم جوێنە ئەرنێست بە ڕکهەستاوی لەجێ جووڵاوە و گوتی:

– وستبە. . . خۆ دەزانی هەتا ئێستا خۆمڕاگرتووە بۆیە ئاوا بێپەروا بووی.

دوایە ڕووی لە والتێر کرد و گوتی:

– ئەو جادووبازە بەرە حەمامێ و سەری لەئاوێ بنێ، تەنیا پێنج خولەکت مۆڵەتدەدەمێ ناوی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ بووە بزانی، تێگەیشتی یان نا؟

پێش ئەوەی والتێر پیرەژنەکە لە ژوور بەرێتەدەرێ، مامۆستای مۆسیقا لە جێگا هەستاو و بۆ لای سامۆئێل ڕۆیشت و دەستە بێنینۆکەکانی گرت و ماچی کردن، گوتی:

- دوکتور. . . مەگەر خودا بە فریات بگا.

پاشان والتێر قژی ژنە چارەڕەشەکەی گرت و لەژوور بردیە دەرێ.

میریام کچی سامۆئێل هەستا و گوتی:

- ئاغا ئەو خانمە تاوانێکی نییە، ئەوە من بووم داوام لێکرد لە ماڵەکەی خۆی پەنامبدا.

بەڵام ئەرنێست دەستووری پێدا کە دانیشێ، گوتی:

- پەلەیمەکە نۆرەی تۆش دەگاتێ.

سامۆئێل سەری داخستبوو و وەک هەمیشە بێدەنگ بوو. سەعاتێک پێشتر ئەویان لە بەندیخانە هێنا دەرێ و لەماشێنیان هاویشت و بۆ لای ئیدارەی گێشتاپۆیان برد، بە دڵەڕاوکێوە لە بیری ئەو قەمچیە ڕەشە گەورەیە دابوو کە لە کلکی مانگا ساز کرابوو.

سامۆئێل بیری دەکردەوە ئەگەر جارێکی دیکە بەوقەمچیە و بەوتوندییە لێیبدەن ئیدی توانای خۆڕاگری نابێ و هاوار دەکا. کە هاواریشی کرد ئیدی ناتوانێ لە قسەکردن خۆبپارێزێ و ئەو نهێنیانەی دە ڕۆژە لەسینگی خۆیدا پاراستوویە ئاشکرا دەبێ.

سامۆئێل پێیوابوو چارەڕەشی و لێقەوماوی ئەو گەیشتووتە ئەوپەڕی خۆی و ڕەنگە لەوە چارەڕەشتر نەبێ؛، بەڵام ئێستا دەیدیت کە تازە سەرەتای داماوییە. چونکە کچەکەیان قۆڵبەست کردووە و دەیزانی ئەو لاوە بێتاوانە جەزرەبە دەدەن و ئەشکەنجە کاریگەری زۆری لە سەر ئەو دەبێ چونکە هەتا ئێستا ئێش و ژانی نەچێشتووە و ئازاری نەدیتوە.

ئەوڕۆژەی سامۆئێل هاتە ناو ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەران، پێشبینی ئەو بابەتەی کردبوو کە ڕەنگە لەکاتی قۆڵبەست بوونیدا، کچەکەی ئازار بدرێ، بۆیە نیشتمانپەروەران و ئەندامانی یەکیەتی وی بڵێنیان دابوو بەهەرشێوەیەک بێ کچەکەی ڕزگاردەکەن.

لەو بێهێزی و داماوییە دا ئەوەبیرەش کە هاوڕێیان بە پێچەوانەی بڵێنی خۆیان کچەکەیان ڕزگاریاننەکرد، نارەحەتی کرد و لەدڵی خۆیدا دەیگوت خودایە من بۆ هەرچەشنە ئەشکەنجەیەک ئامادەم تەنانەت ئەگەر تەواوی ماسوولەکان و ئێسکی لەشم لەتلەت بکەن، بەڵام ڕەزامەند مەبە کچە بێتاوانەکەم کە ئاگاداری هیچ شتێک نییە بیخەنە ژێر جەزرەبە و ئازار .

سامۆئێل دەیزانی ئەرنێست و هاوکارەکەی واڵتێر لەهیچ ئەشکەنجە و توند وتیژیەک چاوپۆشی ناکەن و بۆئەوی ناچار بە دەربڕینی نهێنییەکانی بکەن لەوانەیە لە بەر چاوی ئەودا سەختترین کارەسات بە سەر کچەکەی بێنن.

دوێنێشەوێ کە سامۆئێل لە زیندان هەستی بە سوکنایی و ئارامی کرد زۆر خۆشحاڵ بوو کە کاتی مەرگی گەیشتوێ و بە زووترین کات ڕۆحی لە جەستەی هەڵدەفڕێ و بە ویژدانێکی ئاسوودە و بە سەربەرزییەوە دونیا بەجێدێڵێ.

بەڵام ئێستا دەزانێ کە ئەگەر بمرێ . کەسانێکی بێبەزەیی و بێویژدان دەست لەسەری کچەکەی هەڵناگرن و بەخەیاڵی ئەوەی کە خاوەنیزانیاریە بە هەموو شێوەیەک سزای دەدەن .

لەو کاتەوە سامۆئێل قۆڵبەست کرابوو، یەکەمجار بوو دەستوقاچیان ئازاد کرابوو، هەربۆیە سامۆئێل بیری کردەوە واباشە لەناکاو هێرش بکاتە سەر ئەرنێست هەتا کچەکەی بتوانێ هەڵێ، بەڵام زوو لەوبیرەی پەژیوان بووە چونکە ئەوەندە بێهێز بوو کە نەیدەتوانی لەجێ هەستێ و لە سەر لاقان ڕاوەستێ چ بگا بەوەی بتوانێ لەناکاو هێرش بەرێتە سەر ئەرنێست.

لەو کاتەدا واڵتێر گەڕاوە و لە ئەرنێست نزیک بووە و سەری بردە بنگوێی و هێندێکی سرتەکرد.

ئەرنێست بە نارەزایی گوتی:

– مەگەر شێت بووی؟ چەند جارم پێگوتووی جاری یەکەم بە توندی لەگەڵ زیندانییەکان هەڵسوکەوت مەکەن؟، بەڵام دیسان بێئەمریتان کرد.

دوایە بە سامۆئێلی گوت:

ئەو ژنەتیوە چونکە ددانی دەسکردی هەبووە، کاتێک لە لەگەنی حەمامیان هاویشتووە ددانەکانی قووت داوە و ئێستا خەفە بووە و دەیانهەوێ وەهۆشی

بیننەوە؛، بەڵام هیوادارنین زیندوو بیتەوە. منیش لە مردنی بەداخ نیم چونکە دەزانم ئەم جندۆکەیە، هیچی نەدەزانی و ئاگای لە نهێنی ئێوە نەبووە، دەنا ئەوجۆرە خۆی هەڵنەدەکێشا.

باشە ئێستا ئێوە دوو نەفەر جوان گوێ لەمن بگرن، من بڕیارم داوە کە ئەم بابەتە واتا کێشەی دۆزینەوەی ڕەمزی یەکیەتی ئێوە هەر ئەمشۆ کۆتایی پێبێنم و ئەو گرفتە تەواو کەم. مادمازێل ماوەی دەڕۆژە بابی تۆ لەبەرامبەر تەواوی ئەشکەنجەکاندا خۆڕاگری کردووە و لە درکاندنی ڕەمزی یەکیەتی ئێوە خۆی پاراستووە، ئەگەر ئەو قسەیەت پێخۆشە دەتوانم بڵێم باوکی تۆ پیاوێکی بوێر و بەورەیە. هەرچەند ئێمە بە جوولەکاندا هەڵناڵەین و ئەوە یەکەمجارە ئەمن بە یەهوودییەک هەڵدەڵێم. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر زانیاریکت هەیە خێرا پێم بڵێ دەنا ناچار دەبم لە بەرچاوی تۆ بە قەمچی لە بابت بدەم.

میریام بە دەنگێک کە لەبەر ترس و پەژارە دەلەرزی، گوتی:

- من ئاگام لە هیچ نییە.

ئەرنێست گوتی:

- مادمازێل باش بیربکەوە و بزانە کە بابت زۆر لاواز بووە و ئەگەر دوو جاریدیکە لێپرسینەوەی لێبکەن دەمرێ؛ هەڵبەت تۆ ڕازینابی لەبەر قسەنەکردن بابت بمرێ.

میریام گوتی:

من هیچ زانیارییەکم نییە و هەر نازانم دەڵێی چی.

دوایە ئەرنێست، واڵتێری بانگ کرد و گوتی:

- کەلەپچەی لە دەستی سامۆئێل بدە و قامچی هەڵگرە.

واڵتێر گوتی:

- ڕووتی کەمەوە یان نا ؟

ئەرنێست گوتی:

- ئەرێ، ژێرکراس و کراسەکەی لەبەر داکەنە، بەڵام لە شاڵوارەکەی بگەڕێ، چونکە نامهەوێ لەبەرانبەر کچەکەی شاڵواری لەپێ داکەنم.

قامچی واڵتێر وەکار کەوت و سامۆئێل گوتی:

- خوایە جارێکی دیکە هێزم پێببخشە کە هاوارنەکەم.
کاتێک شریخەی زەربەی یەکەم و دووهەم هات میریام بەهاوارەوە خۆی بەزەویدادا کڕنۆشی کرد و گوتی:
- ئاغا قەستەم بە عیسا، مەسیح هیچ زانیارییەکم نییە.
سامۆئێل لەبەرامبەر زەربەکانی قەمچیدا خۆی ڕاگرت و جارێکیدیکە توانی پێشی هاواری خۆی بگرێ. ئەرنێست کە سوێندی میریامی گوێلێبوو بەواڵتێری گوت:
- بەسە ئیدی! قەمچیلێدانی بێ کەڵکە. لەوانەیە بێهۆش بێ و نەتوانێ دیمەنەکانی دوایی تەماشا بکا، مادمازێل دڵنیام تۆ ڕاست دەکەی و هیچ زانیارییەکت نییە، بەڵام چونکە ئاخری دەبێ هەر ئەوشۆ ئەو زانیارییەی دەمهەوێ وەدەستی بێنم ناچارم کچەکە لەبەر دەم بابیدا ئەشکەنجە بکەم.
پاشان ڕووی بۆلای سامۆئێل سووڕاندەوە و گوتی:
- قسەی ئەمنت گوێلێبوو؟
سامۆئێل گوتی:
- بەڵێ گوێملێبوو.
دوای ماوەی دە ڕۆژ ئەمە یەکەمین قسە بوو کە ئەرنێست لە سامۆئێلی گوێلێدەبوو و بەبیستنی زۆر خۆشحاڵ بوو. چونکە دیتی ئەمپیاوە بەهێز و ورەیە کە ماوەی دە ڕۆژە لەبەرامبەر تەواوی جەزرەبەکاندا خۆی ڕاگرتووە و قسەیەکی نەکردووە ئێستا کە ئازار و ئەزێتی کچەکەی هاتۆتە گۆڕێ، بەیدەست بووە و دوای دەجار لێپرسینەوەی دوور و درێژی تێکەڵ بە ئەشکەنجە، ئەمشۆ لەترسی ئەوەی نەوەک کچەکەی ئازار بدەن، وەقسە هات.
دوایە لەدڵی خۆیدا بە سەرهەنگ گریتز، بالادەستی خۆی پێکەنی کەدوێنێ دەیگوت:
- کەڵک وەرگرتن لە بنەماگەلی دەروونناسی سوودی نییە. پاشان بەخۆی گوت ئەو گەوجە نازانێ گەورەترین سەرکەوتنەکان دەکرێ لە سایەی زانیاری بنەماگەلی دەروونناسیەوە بەدەست بێت.
ئەرنێست لە تەواوی ماوەی خزمەتی خۆی لە ئیدارەی گێشتاپۆ و

گرتووخانەکانی ئەڵماندا دوژمنێکی مەترسیدارتر لەو جوولەکەی نەدیتبوو. تەواوی نیشتمانپەروەران کە وەچنگی کەوتوون ئەگەر لە دانیشتنی یەکەم و دووهەم و سێهەمی لێپرسینەوەدا گیانیان لەدەست نەدابا بەخاترجەمی نهێنی خۆیان ئاشکرا دەکرد، بەڵام ئەمیەهوودیە دەجار لێپرسینەوە لێکراوە و متەقی نەکردبوو.

ئەرنێست دەیزانی هەڕەشەی سەرهەنگ گریتز، بالادەستی بەهێزی ئەو بەخۆرایی نییە و زۆرن ئەو کەسانەی زۆرگەورەتر و بەبڕشتتر بوون، کەچی بە ئاشیرەیەک بۆ بەرەی شەڕی ڕووسیا ناردراون، کەچی ئەوان دڵنیا بوون هەتا کۆتایی شەڕی، ڕەحەت و ئاسوودە لە پاریس و برۆکسێل و لاهە و شوێنی دیکە نیشتەجێ دەبن. کەوایە دەبێ زۆر خۆشحاڵ بین دوکتور سامۆئێل وەها کچێکی هەیە و زۆر گیرۆدەیەتی و بۆخاتری ئەوکچە ئامادەیە قسان بکا و نهێنییەکان بدرکێنێ. شکی تێدانییە ئەوشتە هەموو نهێنییەک ئاشکرادەکا وئەویش (واتا ئەرنێست) کەسێک نییە دوای ئەوهەمو زەحمەتە، نهێنییەکان بدۆزێتەوە و بەدوو دەستان پێشکەشی ئاغای سەرهەنگ گریتزی بکا کە تەواوی شانازییەکان بەوی ببڕێن، بەڵکو ئەوجارە بۆخۆی دوای وەرگرتنی کلیلی ڕەمز، لە تەواوی تەلگرافەکان (لیستەکەیانی پێ بوو) حاڵیدەبێ و پاش ئەوەی تەواوی ئەندامانی یەکیەتی نیشتمانپەروەران گیران، و هەموویان دەزانن ئەرنێست ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێناوە و ئەو ڕێکخراوە گرینگەی هەڵوەشاندۆتەوە. دوای ئەوەی سامۆئێل زاری کردەوە و قسەیەکی کرد ئەرنێست دەستووریدا بۆ چەند خولەک میریام برنەدەرێ، دوایە سامۆئێلی لەسەر کورسییەکی ڕەحەت دانیشاند و گوتی:

– زۆر خۆشحاڵم دەبینم ئاخری تۆ بوویە پیاوێکی ئاقڵ و ئامادەی کە ئەوشتەی دەمانهەوێ بیڵێی و نهێنییەکان ئاشکرابکەی، بەڵام بۆ دڵنیایی تۆ دەڵێم کە تۆ لە باری ئەخلاقیەوە هیچ بە هاودەستان و هاوڕێیانت قەرزدار نی، چونکە ئەوان دەیانتوانی کچەکەت ڕزگاربکەن، بەڵام نەیانکرد و ئەویان لە ماڵە ئەو جندۆکەی دانا هەتا کاتێک کە قۆڵبەستمان کرد. کەوابوو ئیدی تۆش نابێ ئەوانت لە بەرچاوبێ و هەرچی لەدڵت دایە دەبێ بیڵێ، ئەمنیش لە جیاتی

ئەوە، کارسازی دەکەم کە گولەبارانت نەکەن و ژەهرێکی کاریگەر و خێرات دەدەمێ کە لە بەندی خۆتدا بیخۆیەوە و خێرا بمری . وا بیرمەکەوە خواردنی ژەهر لە ژووردا و مردن شتێکی خەراپە، چونکە ئەگەر تیربارانت نەکەن ڕنگە بۆ گرتووخانەی بۆخن والّد و"ئووش ویتز" و "بیرکنۆ"ت بەرێبکەن، ئەگەر بۆ یەکێک لەو گرتووخانانە بچی ڕۆژێ دەجار ئاواتدەخوازی خۆزگا سەروکارت لەگەڵ مـن بوویا، بەلام بۆئەو شوێنانە نەدەرۆیشتی. جیالەوەش مـن بە شەرافەتی ئەندامەتی خۆم لە دەستەی هەڵمەتدا سوێند دەخۆم ئەگەر ئەو نهێنیانەی ئێمە دەمانهەوێ ئاشکرای بکەی کچەکەت ئازاد دەکەین کەلێرە بڕوات و دوایەش بەهیچ شێوەیەک لەحەولی گرتنی دانابین و مـن ئیزن نادەم کەس دەستی لێدا. مـن هەر ئێستا ئیزن دەدەم کچەکەت بێتە لات، و ماوەی سەعاتێک لێرە بەجێیدێلم و دەرفەتت دەدەمێ تەواو بیری خۆتی لێبکەیەوە . ئەوەش بزانەکە ئێمە قەت ئیزن نادەین دوو زیندانی سیاسی بە تەنیایی یەکتر ببینن چونکە تۆ کەسێکی بوێر و بەورەی بۆیە ئیزن دەدەم کچەکەت بۆ سەعاتێک لەلات بمێنێتەوە. مـن هەرکەس نەترس و بەورە بێ ئەگەرچی دوژمنیشم بێ، خۆشم دەوێ .

سامۆئێل گوتی:

– ئێستا ئەگەر دوای ئەو سەرەتایە ئامادە نەبم نهێنییەکانی خۆم ئاشکرابکەم، ئەودەمی تۆ چدەکەی؟

بە بیستنی ئەو قسەیە ئەرنێست ڕاچڵەکا، دوایە گوتی: "

– پێویست ناکا کە پێت بڵێم چدەبێ، چونکە دڵنیام نهێنییەکانی خۆت ئاشکرا دەکەی.

سامۆئێل گوتی:

– بەمحاڵەش من حەزدەکەم بزانم ئەگەر نهێنییەکانی خۆم ئاشکرانەکەم لەگەڵ کچەکەم چدەکەن؟

ئەرنێست کورسییەکەی هێناپێشێ و گوتی:

– سێ چوار مانگ پێش ئێستا مـن لە پاریس بووم، شەوێک لەگەڵ یەکێک لە

ئەفسەرانی ورماخت[1] کە لە بەرەی شەڕی رووسیا گەڕابۆوە چووینە یەکێ لە کابارەکان، لەوێ هێندێک ژنی جوانی لێبوون کە تێدەکۆشان سەرنجی ئێمە بۆلای خۆیان ڕاکێشن.

ئەفسەری ناوبراو چونکە ژن ومندالّی هەبوو چاوی لە ژنەکان نەدەکرد و کاتێک ژنەکانی لە کابارە دیت پێیگوتم پێش هاتن بۆ پاریس ئەوزەمانەی لە شەڕگەی رووسیا دەگەڕامەوە شەوێک لە وەرشۆ پێتەختی لەهێستان مامەوە، لەبەر بێکاری یەکجار وەڕەزبووم، هاوڕێیان داوایان لێکردم شەو لە یەکێک لە قەحبەخانەکان کە بۆ سەرباز و ئەفسەرەکان ساز کراوە تێپەربکەم.

کاتێک چوومە رووسپیخانەیەک، دیتم لە هۆلێکی گشتی نزیکەی پەنجا سەربازی لێیە و هەرکام لەلای ژنێک دانیشتووە و خەریکی مەینۆشییە و هەرساتەی یەکێ لەوان لەگەلّ ژنێک لە سالۆنەکە دەچۆدەرێ و دەچوونە دیوەکانی دیکە، بەلاّم هەقیان نەبوو زیاتر لە پێنج خولەک لەو دیوە تایبەتیە بمێننەوە، چونکە سەربازەکانی دیکە چاوەڕێی نۆرە بوون . ئەو ئەفسەرە نەیدەویست لەگەلّ سەربازەکان تێکەلّبێ بۆیە داوای لە خاوەن کابارە کرد بۆ ژوورێکی تایبەتی رێنوێنی بکا و ژنێکی دیکەی بۆ بەرێبکا کە باشتر لە ژنەکانی تالاری گشتی بێ.

خاوەن کابارە بە خۆشییەوە ئەوداخوازییەی قەبوولّ کرد و ئەفسەرەکەی بۆ ژوورێکی تایبەتی بەرێکرد کە لەوێ کچێک بەتەمەنی سێزدە و لانیزۆر چاردەساڵە خەوتبوو، دوای هاتنە ژووری ئەفسەرەکە لە خەوهەستا. خاوەن کابارە گوتی هەتا بەیانی کەس کاری پێتان نابێ.

ئەفسەری (ورخامت) دەسبەجێ زانی ئەو کچە فەڕەنسیە و چونکە وەکوو وی زمانی فەڕەنسی دەزانی دەستی کرد بە قسەکردن لەگەلّی. روون بۆوە کە ناوی ئەو کچە فەڕەنسیە"ئاندرە"یە و تازە لەفەڕەنسا بۆ شەرگەی رۆژهەلاّت دوورخراوەتەوە هەتا لەو قەحبەخانەیەدا ببێتەهۆی کاتڕابواردنی ئەفسەر و سەربازانی ئێمە. لەو روونکردنەوانەی کە ئەفسەری ئێمە لەو کچەی ویست، تێگەیی بابی ئەو کچە لە رێکخراوەی نیشتمانپەروەرانی فەڕەنسادا کاریدەکرد و

---

[1] - ئەرتەشی ئاڵمان

وەک تۆ قۆڵبەستیان کردبوو هەتا نهێنییەکانی ئاشکرا بکا، بەڵام ئەو کەسە لە بەرامبەر تەواوی ئەشکەنجەکاندا خۆڕاگری کرد و نهێنییەکانی ئاشکرا نەکرد، ئەودەمی کچە سێزدە ساڵانەکەی کە دەچۆوە قوتابخانە گرتیان و بە باوکیان گوت ئەگەر نهێنییەکانت ئاشکرا نەکەی کچەکەت بۆ کاتڕابواردنی سەربازانی ئەڵمانی بۆ قەحبەخانەکانی شەرگەی ڕۆژهەلات دەنێرین ، بەڵام ئەو پیاوە وایزانی ئەو هەڕەشەیە پووچ و بێناوەڕۆکە؛ و بیریدەکردەوە چونکە کچەکەی بەناوی ئاندرە تەنیا سێزدە ساڵی تەمەنە، ئەو هەڕەشەیە بەڕێوە نابەن، بەڵام ئەو ئەفسەرەی لێپرسینەوەی لەو پیاوە دەکرد ئەو هەڕەشەیەی جێبەجێکرد و سەرەتا ماوەی حەوتەیەک ئەو کچەی بۆ خۆی تەرخان کرد و دوایئەوەی لێی تێربوو بۆ بەرەی شەڕی ڕۆژهەڵاتی نارد و دەستووریدا لە یەکێک لە کابارەکاندا ببێتە هۆی خۆشڕابواردنی سەربازەکان.

باسەکەی ئەرنێست کە گەیشتەئێرە، قوونچکە جگەرەکەی کە دەیکێشا، فڕێدا و گوتی:

– بەرەی شەڕی رووسیا شەرگەیەکی مەترسیدار و خۆفناکە و سەربازانی ئێمە کە لەوێ شەڕێ دەکەن زۆریان پێویست بە کات رابواردنە. ئێستا ئەگەر ناتهەوێ نهێنی نیشتمانپەروەران بدرکێنی، دوای ئەوەی لە پێش چاوی تۆ لە سەهۆڵاومان هەڵکێشا، ئەودەم بە تیروپشک دەیدەین بە یەکێ لە ئەفسەرانی ئیدارەی خۆمان و دوایئەوی بەتەواوی لێی بەهرەمەند بوو کچەکەت بۆ شەرگەی ڕۆژهەڵات بەرێدەکەین. ئەگەر دەڵێم بە بڕیاری پشک، بۆوەیە کچەکەی تۆ یەهوودیە. و ئەگەرچی میریام شەنگە، بەڵام پێمخۆشنییە لەگەڵ کچێکی یەهوودی تێکەڵاویم هەبێ، بەڵام لە قحبەخانەکانی شەرگەی ڕۆژهەڵات ناسنامە و بەڵگەی پێناسە لە کەس داوا ناکەن و سەربازە بە ڕەچەڵەک ئارياييەکانی ئێمە نازانن لە چ ڕەسەنێکە.

لەناکاو ئەرنێست چاوێکی لە سەعاتی خۆی کرد و گوتی:

– کات تێپەڕبوو و سەرم بە قسان گەرمبوو. ئێستا هەروەک گوتم کاتژمێرێک کچەکەت لەلای تۆ بەجێدێڵم هەتا بیری خۆتی لێبکەیەوە. دوای سەعاتێک چارەنووسی کچەکەت دیاری دەکرێ. و ئەوە تۆی کە دەبێ چارەنووسی کچەکەت

دیاری بکەی و هیوادارم ئەوەندە دوابین و تێگەیشتوو بی کە هۆکاری چارەڕەشی هەمیشەیی کچەکەت دابین نەکەی.

***

ئەرنێست ئەوەی گوت و لە ژوورەکە ڕۆیشتەدەرێ و پاش تاوێک میریام هاتەژوورەکە، لە باب و کچیان گەڕان و دەرکەیان داخست.
سامۆئێل ئەودیوەی بەباشی دەناسی چونکە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەومالّە یەکێ لە هاوڕێیانی هاودلّی ئەو بوو و چەند جار هەر لەو ژوورەدا لەگەلّ خاوەن مالّ قاوە و عەسرانەی خواردبوو.
سامۆئێل باشی وەبیر دەهاتەوە لە یەکێک لە ئێوارەکانی هاوینی ۱۹۳۹ی زایینی و بەرلە دەسپێکردنی شەڕ لەگەلّ خاوەنی ڕاستەقینەی ئەومالّە لەو ژوورەدا دانیشتبوو و پێکەوە قسەیان دەکرد و میریام لەگەلّ کچی خاوەن مالّ لە باخچە یاری تێنیسی دەکرد. ئەو دووکچە لاوە کە هەردووکیان کراسێک لە پارچەی"لورگاندی"یان لە بەردابوو دەستی یەکتریان گرتبوو هاتنە ئەوژوورە.
سامۆئێل لەبیری نەچووبۆوە کە لەوڕۆژەدا کاتێک ئەو دووکچە دەستی یەکتریان گرتبوو و لەلای باخچەوە بۆلای ژوورەکە دەهاتن ئەو و خاوەن‌مالّ چاوێکیان لەیەکتر کرد و هەردووک مانای ئەو نیگایەیان زانی و هەردووکیان بە زمانی حالّ بە یەکتریان دەگوت خودا بەختەوەری ئەوانی بە بوونی ئەو کچانە زیاتر کردووە. ڕووننەبوو لەبەرچی تەواوی دیوەکانی ئەو مالّەیان گۆڕیبوون و تەنیا ئەو دیوەیان بە تەواوی کەلو پەلیەوە وەکخۆی هێشتبۆوە.
بەلاّم کاتێک میریام هاتە دیوەکە و دەرکەیان لە پشت سەر داخست واوێدەچوو نەیدەزانی ئێرە هەمان ژوورە کە بەر لە شەڕ و کاتێک کە بەختەوەر بوون لەوێ دادەنیشتن و چایی و قاوەیان دەخواردەوە.
میریام چەند شەقاو لە بابی نزیک بۆوە و لەکاتێکدا کە دەستەکانی تێکدەهالاّند فرمێسک لە چاوەکانی هاتەخوار. سامۆئێل بەهۆی ئازار و ئەشکەنجە و ئاو نەخواردنەوە لەدوێنێ‌شەوێوە هەستی بە بێ‌هێزی دەکرد، بۆیە سەری لەسەر

باڵنجێک دانا کە لەسەر کورسی ڕەحەتیان دانابوو .

میریام بێهێزی بابی دیت، هاتەپێش، بەرامبەری دانیشت و برینەکانی بەدەستی داماڵین، دوایە قامکە بێنینۆکەکانی کە خوێنی سەریان مەیی‌بوو بۆلای لێوی برد و ماچی کرد، دوایە سەری لە سەر ئەژنۆی بابی دانا و دەستی بە گریان و هاوار کرد.

ساموئێل چاوی هەڵێنا، سەری کچەکەی خۆی لە سەر ئەژنۆی دیت پاشان زانی کە ئەوە تازە سەرەتای چارەڕەشی و داماوییەتی ئەوە. هەتا ئەوکاتە ساموئێل وەیدەزانی کە ئەوپەڕی چارەڕەشی و داماوی کە ئینسانێک دەتوانێ خۆی لەبەر ڕاگری، بەسەر ئەویان هێناوە، بەڵام لە بەرامبەر لێقەوماوی کچە خۆشەویستەکەی و ئەو چارەنووسە خۆفناکەی کە لەبەردەمی دابوو دەیزانی تەواوی چارەڕەشی رابردووی بێبایەخ بووە و دەرکێشانی نینۆکەکان، قەمچی و شەوەسارد وسڕەکانی ژوور و ئەشکەنجەی سەهۆڵئاو لە ناوەڕاستی زستاندا، هەموو لەبەرامبەر ئەو چارەڕەشیە نوێیە بچووک و نادیاربوون.

ساموئێل پێشتر بیستبووی یان لە کتێبێکدا خوێندبوویەوە کە ئینسان لە دەرد و ڕەنجی کەسانێک کە خۆشی دەوێن زۆرتر لە دەرد و ڕەنجی خۆی خەفەتبار دەبێ.

بەڕای ساموئێل نموونەی ئەم ڕاستیە لەوکاتەدا بە جۆرێکی زەق و بەرچاو دیاریکردبوو بۆیە بەئاواتەوە بوو دیسان بیخەنەوە ژێر ئەشکەنجە، دووبارە وەبەر قامچی بدەن و لە ئینفرادی سارد و تەڕی باوێن، بەڵام جگەرگۆشەکەی و کچەئازیزەکەی ڕزگار بکەن.

لەوکاتەدا ساموئێل و کچەکەی وەک دوو ئاوێنە وابوون کە لەبەرامبەریەک داندرابوون و هەر دوولا وێنەی ڕەنج و داماوی خۆیان لەیەکتردا دەدیت ئەموێنانە کە دەکەوتنە سەریەک وەک وێنەگەلێک کە دەکەونە سەر دووئاوێنە، لەبڕانەوە نەدەهات.

ساموئێل ئارام دەستی بە قژی کچەلاوەکەی دادێنا و لەکاتێکدا لە دەرەوەی ژوورەکە گوێیلە دەنگی پێی کێشکچی دەبوو لە ناخی دڵەوە لە خودای ویست لەوساتەدا گیانی هەردووکیان بکێشێ و ئەو دووانە لەچنگ ئەم خەم و ڕەنجە

تاقەتبەزێنە ڕزگار بکا.

سامۆئیل وەبیری دەهاتەوە کە لە سەردەمی لاوی و کاتێک ژاکلینی دیاری کردبوو شەوێک پێکەوە چوونە قەراخ دەریا، مانگ تیشکە زێرینەکانی بە ئاوەکانی دەریا بەشییەوە. هیچکەس لە قەراخ نەدەبینرا. ژاکلین سەری لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو و ئەو هەر بەمشێوەیە کە ئەمشۆ دەستی بە قژی کچەکەیدا دەهێنا دەستی بە قژی دایکیدا هێنابوو.

لەوشەوەدا سامۆئیل و دەزگیرانەکەی هێندە هەستیان بە بەختەوەری کردبوو کە هەردووکیان لەکاتێکدا کە چاویان لە دەریا دەکرد لە ناخی دڵەوە هیوایان دەخواست کە لەهەمانکاتدا خودا گیانیان لێبستێنێ چونکە دەیانزانی ئەگەر بمێنن قەت وەها بەختەوەرێکی بێدرۆودەلەسە و بێسنوور نابینن.

لەوشەوەشدا سامۆئیل لەبەر چارەڕەشی بێسنووری خۆی و کچەکەی لەخودای ویست ڕۆحیان لێبستێنێ و لەشکەنجە ڕزگاربن.

میریام ئاگای لەو باس‌وخواسە نەبوو کە چەند خولەک بەر لە ئێستا لەنێوان سامۆئیل و ئەرنێست کرابوو. دوایئەوی هاتە ژوورەکە و دەرکەیان لە سەرداخستن پێیوابوو ئەرنێست و بابی بەشێوەیەک پێکهاتوون و بابی لەبەر خاتری ئەو ئامادەبووە کە نهێنییەکان ئاشکرابکا، دەنا بۆ دەبێ ئەرنێست ئیزنی پێبدا لەگەڵ بابی تەنیابێ؟ !

میریام کە وەک پەپوولەیەکی تیژ و سووکبال، هاتبوو ناو بێستانی ژیانەوە، نەیدەزانی ئەرنێست و هاورێیانی لە جەزرەبەدان چەندە پسپۆر و لێزانن، و ئێستاش ئەم تاقیکارییە تاڵانەی ژیان، ئاواتی شیرنی لاوەتی ئەویان ژەهراوی نەکردبوو.

میریام نەیدەزانی ئەرنێست بەپێی بنەماگەلی دەروونناسی تێگەیشتووە ئەگەر سەعاتێک ئەم باب و کچە لەلای یەکتربن و هەریەک لەوان وێنەی چارەڕەشی و داماوی خۆی لە ڕوخساری ئەوی دیکەدا ببینێ، ڕەنگە ئیدی بابی هێزی ئەوەی نەبێ نهێنییەکانی نێوسنگی بپارێزێ، و کاتێک بیانهەوێ کچەکەی لێ جودا بکەنەوە؛ بەخاترجەمی هەرچی لە دڵی دایە دەیڵێ، بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکەی ئازار نەدەن و لە سیاچاڵ و چاڵی شوورەیی و نەهامەتی نەهاوێن. نا. . .

میریام لەو ڕاستییە تاڵە بێئاگا بوو؛ میریام دوای ئەوەی بە باوکی گەیشت، چونکە شەوی پێشێ نەنووستبوو و ئەو ڕۆژەش هەتا شەو لە یەکێ لەخەلوەتییەکاندا ڕاگیرابوو، لەبەر ماندوویی زۆر و دڵنیابوون لەوەی کە کار تەواوبووە، لەسەر سینگی باوکی خەوی لێکەوت.

دەنگی ڕێکوپێکی پێی قەرەوڵ لە دەرەوەی ژوورەکە دەبیسرا و ئەو کاتانەی کە دووایین کاتی ژیانی سامۆئێل پێش چارەڕەشی گەورە بوون تێپەر دەبوون.

سامۆئێل لەوپەڕی هەیەجاندا بوو، لەدڵی خۆیدا دەیگوت خوایا ڕەحمم پێبکەی .. خوایا ڕەحم بەو کچە لاو و بێمرادەم بکەی.

سامۆئێل دەیزانی ئەگەر ڕەمزی تەلگرافەکان و ناوی هاودەستانی خۆی ئاشکرا بکا بێگوومان کچەکەی ئازاد دەکەن چونکە بە پێشەوا و شەرافەتی دەستەی هەڵمەت سوێندی خواردبوو کە کچەکەی ئازاد بکا و دوای مەرگی ئەو، بە هیچ شێوەیەک کاری پێی‌نەبێ، بەلام بیری دەکردوە بە هۆی درکاندنی نهێنییەکان هێندێک نیشتمانپەروەر لەناو دەچن و مامۆستایەکی زانکۆ، کرێکارێکی کارگەی سازکردنی چەک و تەقەمەنی، ئەندازیارێکی هێلیئاسن، پزیشکێک و وێنەکێشێک دەسبەجێ دەخرێنە زیندان. جیالەوە ئەگەر تەنیا ئەوانەیان لە گرتووخانەدەکرد، قەیدی نەبوو، بەلام ئەو پێنج کەسە خاو و خێزان و ژن و منداڵیان هەبوو ژن و منداڵەکانیان دەگرتن و لەلای باوکیان ئەشکەنجەیان دەکردن هەتا نهێنی دیکەیان لێدەربکێشن چونکە کاتێک ئەوانە دەستیان بە کەسێک ڕابگا لە کۆڵی نابنەوە.

بێجگە لەو پێنجە، کەسانێکی دیکە لە ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەران کار دەکەن کە ئەندامی خوارووترن وەک کاربەدەستی پەیوەندی و ڕاگوێستنی نامە، ئەوانیش لە داو دەکەون. لێی ڕوونبوو لەبەر درکاندنی نهێنییەکان، پێنج خاوخێزان لەو شارە چکۆلە کە گەورەی بنەماڵەی وان ئەندامی بنەڕەتی ڕێکخراوەی نیشتمانپەروەرانن لە ناودەدەچن.

لەنەکاو سامۆئێل لەرزی؛ چونکە بیرێکی بە زەین گەیشت و لەترسان وەلەرزە کەوت بیرەکەی ئەوەبوو کە منداڵە خۆشەویست و جگەرگوشە بێمرادەکەی بە دەستی خۆی لەناو بەرێ و لە مەترسی بێئابڕوویی و چوونی بۆ جندەخانەکانی شەرگەی ڕۆژهەلاتی ئۆرووپا ڕزگاری بکا. دوای ئەو بیرە، سەری بۆ ئاسمان بەرز

کردەوە و گوتی ئەی خودای دلۆڤان کە لە ئاسمانەکانی، تۆ خودای جیهان و بەدیهێنەری ئینسانی، تەنیا ئەتۆی کە دەتوانی گیانببەخشی و گیان بستێنی و هیچ کام لە تاکەکانی بەشەر ئەو دەسەڵاتەی نییە بتوانێ ڕۆحی کەسێک بستێنێ.

دوایە سەری بەرداوە و چاوی بە بەژنی پاکی میریام کەوت کە بە دڵنیاییەوە سەری لەسەر سینگی بابی داناوە و خەوی لێکەوتووە. سامۆئێل دیمەنی یەکێ لە جندەخانەکانی شەڕگەی ڕۆژهەڵاتی ئورووپای هێنایە خەیاڵی خۆی کە سەربازانی سەرخۆش، پەیتا پەیتا دینەوێ و لەوێ دەچنەدەرێ، و جگەرگۆشەکەی خۆی وەک بێئابڕووترین ژنانی بەرەڵا، لە باوەشی ئەموئەودا دبێ.

ئەوین و ئەرک، ئەرک و ئەوین جارێکی دیکە، لەودیوە ڕووناکەدا، و لەمێشکی ئەو پیاوە چارەڕەشەدا کە ماوەی دە ڕۆژە لەبەرامبەر توندترین ئەشکەنجەدا خۆڕاگری کردووە و دەنگی لێ دەرنەهاتووە لەگەڵ یەکتر کەوتنە ململانێ، بەڵام ئەو ململانێیە زۆری نەخایاند و سامۆئێل بڕیاری خۆیدا و تەمای گرت کە منداڵی خۆشەویست وجگەرگۆشە بێمرادەکەی بە دەستی خۆی بخنکێنێ هەتاکوو هەم ئەو لە بێئابڕوویی و چارەڕەشی و تەمەنێک ژیانی خوێڕیەتی ڕزگاربێ و هەم گەورەترین، بەڵکو تەنیا کەرەسەی سەرکەوتنی"ئەرنێست"ی لە دەستی بستێنێتەوە. چونکە دڵنیا بوو دوای مردنی منداڵەکەی، هەرچی لەگەڵی بکا و هەرچەندی جەزرەبەی بدا ئەستەمە بتوانێ قسەیەکی لە زاری دەربکێشێ.

پاشان سامۆئێل دوو دەستی خۆی کە لەبەر برسێتی و ئەشکەنجەی دە ڕۆژە بێهێز ببوون بۆلای ملی جوانی کچەکە و جگەرگۆشەکەی درێژ کرد و لە دەوری ملی ئاڵقە کرد و ویستی کە گوشاری بدا، بەڵام دەسبەجێ تێگەیشت جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خەیاڵ و کردەوەدا هەیە، چۆن باوکێک دەتوانێ لەکاتی ئاسایدا و بێ ئەوەی هیچ تووڕەیی و قەڵسییەک ناچار بە کردەوەیەکی شێتانەی بکا، پەڕەی دڵی خۆی بە دەستی خۆی بکوژێ؟ چۆن باوکێک دەتوانێ لە کاتی ئاسایدا لەشی گەرم و زیندووی کچەجحێلەکەی بکاتە کەلاکێکی سارد؟ چۆن دەکرێ باوکێک کە دەنگی لێدانی دڵی کچەکەی گوێلێدەبێ کارێک بکا ئەودڵە لە لێدانبکەوێ؟ چلۆن بابێک کە هەناسەی گەرمی کیژە لاوەکەی لە سەر سینگی خۆی هەست پێدەکا دەتوانێ کارێک بکا ئەو هەناسەگەرمانە ببڕێنەوە.

لەو جیهانەدا باوکانێک هەبوون کە بە دەستی خۆیان منداڵی خۆیان کوشتووە، بەڵام ساموئێل هەرچەندی بیری دەکردەوە دیتی هیچ بابێکی خوداناس و جوولەکەمەزەب هەتا ئەورۆ کچی خۆی بە دەستی خۆی نەکووشتووە، سەرەڕای ئەمەش تەنیا خودایە کە مافی گیانبەخشین و گیانسەندنی هەیە دەیجا ئینسان چۆن دەتوانێ تووشی ئەو تاوانە بێت کە منداڵی خۆی بە دەستی خۆی بکوژێ؟ ڕەنگە ئەوەش یەکێ لە تاقیکارییەکانی خودا بێ و لەوانەشە کە خودا دیسان دەیهەوێ سەبر و لەسەرەخۆیی ئەو تاقیبکاتەوە.

ساموئێل زۆر زوو زانی ئەستەمە بتوانێ بە دەستی خۆی کچەکەی بکوژێ، گریمان دەیتوانی وەها بڕیار و تەمایەک بەڕێوەبەرێ، بەڵام دەستەکانی توانایی ئەوەیان نەبوو کچەکەی بخنکێنێ.

میریام لەخەوێکی قورس دابوو، ساموئێل کە زانی توانای لەناوبردنی کچە خۆشەویستەکەی نییە دەستی بەقژیدا هێنا.

لەوکاتەدا ئەرنێست دەرکەی کردەوە و گوتی:

- سەعاتێک تەواو بوو، دوایە ڕووی لە ساموئێل کرد و گوتی:

- بڕیاری خۆتدا ؟

ساموئێل دەنگی نەکرد.

ئەرنێست کە وایدەزانی هێزی خۆڕاگری ساموئێلی بەتەواوی تێکشکاندووە گوڕاندی:

- لەگەڵ تۆمە، بڕیاری خۆتدا یان نا؟

ساموئێل دیسان بێدەنگ بوو.

ئەرنێست گوڕاندی:

- واڵتێر. . . وەرە و ئەودوو نەفەرە بەرە بۆ دیوی حەمام. دەمهەوێ کچەکە لەبەر چاوی ئەو یەهوودیە لە سەهۆڵاو باوێم.

پاش تاوێک میریام و ساموئێلیان بردە دیوی حەمام. لەگەنی حەمام پڕ بوو لە ئاوی سارد. ئەرنێست گوتی:

- بۆ دوایین جار پێتدەڵێم:ئامادەی نهێنییەکان ئاشکرا بکەی یان نا؟

بەڵام ساموئێل بۆ دواینجار بڕیاری دابوو و بڵێنی بەخۆیدا بەهیچ شێوەیەک

نهێنی نیشتمانپەروەران ئاشکرا نەکا. کاتێک جگەرگۆشەکەیان ڕووت دەکردەوە کە لەئاوی باوێن، سامۆئێل چاوەکانی قووچاند و بڕیاری دا هەر ئەو جۆرەی کە زاری بەست و هیچی نەگووت، چاویش بنووقێنێ و هیچ نەبینێ.
لەناکاو دەست و قاچی میریامیان گرت و لە سەهۆڵاویان هاویشت. میریام هاواری کرد:
پاپا. . .
دوایە دەنگی لێوە نەهات.
سامۆئێل کە پێڵووی چاوەکانی بەستبوو لەدڵدا دەیگوت:
- ئەی خودای گەورە . . . گیانفیدایی و خۆبەخت کردنی من هەرچەند گەورەبێ، لە گیانبەختکردنی کوڕی تۆ عیسامەسیح گەورەتر نییە .
ئەی خودای گەورە . . . من کچەکەم لە پێناوی نیشتمان و لە ڕێگای ڕزگاری نیشتمانپەروەران و لە پێناوی هەق و دادپەروەریدا، کە کوڕی تۆ عیسا کوڕی مەریەم لەو ڕێگایەدا قوربانی بوو، بەخت دەکەم.
سامۆئێل جۆرێک لەگەڵ خودای خۆی تێکەڵ بوو کە هەر گوێی لە هاواری ئەرنێست نەبوو کە گوڕاندی:
- بەسە . سەری لەژێر ئاو بێنەدەرێ دەنا دەخنکێ.
ئەرنێست پێیوابوو ئەو پیاوە چارەڕەشە لە دیتنی ئەو دیمەنە ئازار دەبینێ. ئیدی نەیدەزانی کە لەوکاتەدا سامۆئێل لەسەر زەوی و دونیای مادی نەماوە و پەیوەندی بە دونیای سەروو و پەریان پەیداکردووە و لەگەڵ خودای خۆی تێکەڵبووە.

***

دوو ڕۆژ دوای ئەوشەوە، سامۆئێل لە بەندی سیاچاڵدا مرد و کەلاکەکەیان لە گۆڕێکی نادیاردا ناشت و ئیدی کەس نەیزانی میریام چی لێهات.
دوای کۆتایی شەڕ و ڕۆیشتنەدەری ئەڵمانییەکان لە فەڕەنسا نیشتمانپەروەران لەهەوڵی لێکۆڵینەوە دابوون کە بزانن چ بەسەر میریام هاتووە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەدۆزیەوە چونکە ناوی ئەو لە هیچ دەفتەرێکدا تۆمار نەکرابوو.

ئەو ڕۆمانە ئاوڕدانەوەیەکە لە داگیرکردنی فەڕەنسا لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە. لەو ڕۆمانەدا خۆڕاگری و گیانفیدایی "میریام" لە پێناوی نیشتیمانەکەیدا، کراوەتە هەوێنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە. میریام ئەگەر لەو ڕۆمانەدا کەسێکی گیان لەسەردەستە و لە پێناوی بیر و باوەڕی نیشتیمانپەروەرانەی خۆیدا ئامادەیە دەست لە گیان و ماڵی خۆی هەڵگرێ، نموونەیەکە لە هەزاران و بگرە ملیۆنان کەسی خۆڕاگر و ئازا کە لە زیندانی دیکتاتۆرەکاندا و لە بەردەستی جەللادەکانیاندا و لە ژێر تاقەتپرووکێنترین ئەشکەنجەکاندا، گیانیان دەرچوو، بەڵام وشەیەکیان بە زار و زمانیدا نەهات کە زیانی بۆ هاوبیر و باوەڕەکانیان و بۆ نیشتیمانەکەیان لێ بکەوێتەوە....

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی کتێب
ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی
MUKIRYANI ESTABLISHMENT
FOR RESEARCH & PUBLICATION
www.mukiryani.com

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری